KURDISTAN



# بەشێک لە وتوویژ و بابەتەکانی

## هاوڕێ د.کوێستان گادانی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست


١- پانتۆمیمێکی پڕ «دەنگ و هەرا» ........ ٤

٢- بۆ دەساڵەی کۆچی ناوادە و بێ گەڕانەوەت ........ ٨

٣- دیزەبەدەرخۆنەکردنی گێچەڵییە سێکسییەکان لە ئێراندا ........ ١٢

٤- چارەنووسی ناڕوونی لایحەی دەستەبەری ئەمنیەتی کۆمەڵایەتیی ژنان ........ ١٦

٥- پێگەی ژن لە خەباتی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ........ ٢٠

٦- ژنان و شوناسخوازیی نەتەوەیی لە کۆمار ڕا تا ئێستا ........ دیمانە: شەونەم هەمزەیی ........ ٢٥

٧- چەند وتەیەک لە سەر کارو زەحمەتی بێ وچانی هاوڕێ کاک رەحمان نەقشی ........ ٢٨

٨- د. قاسملوو، ئولگوویەک بۆ هەموو وەرزەکانی ژیان ........ ٣١

٩- جەلیل گادانی کەسێکی نەتەوەیی و پابەند بە پرینسیپەکانی دیموکراتەکان بوو ........ ٣٥

١٠- کۆمەڵگەی ئێران و شەرعییەتی نیزامی سیاسیی کۆماری ئیسلامی ........ ٣٧

١١- مافی مرۆڤ لە ئێران لە دەیەی هەشتەمی پەسند کرانی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ دا ........ ٤٢

١٢- شۆڕشی ٥٧ و پرسی ژن لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا ........ ٤٦

١٣- مامە جەلیل و ئەمن ........ ٥١

١٤- کارتێکەری یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ........ دیمانە ڕەحمان نەقشی ........ ٦١

١٥- شۆڕشی ژینا، هاوکێشەکانی شۆڕشێکی فێمینیستی لە ڕاپەڕینێکی سەرانسەری و مافخوازیدا ........ ٦٧

١٦- ژن، ژیان، ئازادی، میراتی خەباتی نەتەوەیەکی یەکسانیخواز، لە هەناوی کۆمارەوە هەتا شۆڕشی ژینا .......... ٧٢

١٧- خەبات و شۆڕشی ژنان لە ناوخۆ و دەرەوەی وەڵات لە ماوەی "شۆڕشی ژینا" ........................................ ٧٦

١٨- ژنانی کورد ئەو هێزەیان هەبووە شەقامەکانی شار بجووڵێنن ........................................................ ٨٤

١٩- بۆ دایکی خۆشەویستمان! .................................................................................... ٩٢

٢٠- کوێستان گادانی: دەبێت ژنان ڕۆڵی کاریگەرتر لە ریفراندۆمدا ببینن ......................... هیدایەت جان ....... ٩٥

٢١- بەشێک لە وتەکان لە ڕێورەسمی بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی یەڵدای دێموکرات. نۆروێژ ........................ ٩٩

٢٢- دێڕە نەدیتراوەکان لە پەروەردو بارهێنانی قوتابیان لە ئێران ..................................................... ١٠٠

٢٣- لە ئەزموونی رابردوو دەرس وەرگرینو خەسارناسییەکی وردی لێکدابرانەکان بکەین ............................... ٩٩

٢٤- باسێک لە سەر توندوتیژیی شاراوە ............................................................................ ١٠٣

٢٥- بیرت دەکەم وەک هەمیشە بابە گیان ........................................................................... ١٠٦

٢٦- هەڤپەیڤین بەبۆنەی ٨ی مارس ...................................................... ڕەحمان نەقشی ....... ١١٦

٢٧- کۆنفڕانسی دوهەمی ژنانی رۆژهەڵات کوردستان ................................ دیمانە: کوێستان فتوحی ....... ١٢٢

٢٨- ئێمە ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان .................... دیمانە: کوێستان فتوحی ..... ١٢٧

٢٩- ئامانج دروستکردنی پردی پێوەندی لە نێوان خوێندکارانی کورد لە دەرەوە و نێوخۆی کوردستانە ...........
............................................................................. دیمانە کوردستان .......... ١٣٤

٣٠- بەشێک لە وتەکان لە ٨ی مارس رۆژی نێونەتەوەیی ژنان لە وڵاتی نۆروێژ ........................................ ١٤٣

٣١- کورتەیەک لە ژیاننامە ......................................................................................... ١٤٦

# پانتۆمیمێکی پڕ «دەنگ و هەرا»

## (خوێندنەوەیەک بۆ وێنەیەک لە خۆپیشاندانەکەی ئەم دواییانە لە ئێران)

خۆپیشاندانە جیاواز و بەربڵاوەکەی مانگی بەفرانباری ٩٦ لە ئێران دوایین ناڕەزایەتیدەربڕین نابێ لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا. لە نیزیک بە چوار دەیەی ڕابردوودا ئێمە شاهیدی دۆخی ئاڵۆزی نێوخۆیی ئێران بووین و هاوکات دیتمان کە ئەم ڕێژیمە بە مەبەستی پەرەسەندن و سەپاندنی ئیدۆلۆژیی سیاسیی خۆی ئەم ئاڵۆزییەی بۆ وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گواستۆتەوە، بێ خەبەر لەوەی ئەم چاڵەی بۆ دەراوسیەکانی هەلکەندبوو خۆی و ئیدۆلۆژییەکەی خەریکن تێیدا نقووم دەبن و حوکمی مەرگ و نەمانی بە دەستی خەڵکی نێوخۆی ئێران بۆ واژۆ دەکرێ.

ئەگەر ئاوڕێکی خیرا بە نێوەرۆک، پێکهاتە و دروشم و بەربڵاویی خۆپیشاندانەکانی بەفرانبار بدەینەوە، دەبینین کە سێ هۆکاری گرێدراو و بنەڕەتیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری تێدا زەق و بەرچاو بوو. دیارە جێگای پرسیار نیە کە لە وڵاتێکی وەک ئێران کە لە سەر سیستمێکی ئیدۆلۆژیک دامەزراوە و سیاسەتی خۆی لە سەر پەرەپێدانی ئەم ئیدۆلۆژییە دادەڕێژێ، جیاکردنەوەی کەرتی ئابووری و سیاسی بۆ ئەم حکومەتە لە توانا و خواستی ئەو دوورە. دارشتنی هەر بەرنامەیەکی تۆکمە و پوختی سیاسی و ئابووری لە هەر حکومەتێکدا، ئەمنیەت و خۆشبژیویی بۆ کۆمەڵگەی لێ دەکەوێتەوە، شتێک کە خەڵکی ئێران بە گشتی لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا لێ بێبەش بوون. بۆیە ئەو ناڕەزایەتییانە نە چاوەڕەواننەکراو بوون و نە ناسروشتی، ئەوەش کە سەرنجی ڕاکێشام و بوو بە هۆکاری نووسینی ئەم چەند دێرە، ڕۆل و شێوەی دەربڕینی ناڕەزایەتیی ژنان بوو لە خۆپیشاندانەکاندا.

ژنانی ئێران لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا کەم و زۆر هەمیشە پشک و ڕۆڵیان لە ئاڵوگۆڕەکاندا هەبووە. لێرەدا باس لە باشی یان خراپی دەسکەوتەکان نیە، ڕەنگبێ لە ڕوانگەی هیندێک کەس ڕۆلی ژنان لە خۆپیشاندانەکانی پێش شۆڕشی مەشرووتە، دوای شۆڕشی مەشرووتە و هەروەها لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٣٥٧دا جێگەی ڕەخنە یان بەرزنرخاندن بێ، ئەوەی لێرەدا مەبەستی باسکردنە هاتنە سەر شەقام و دەربڕینی ناڕەزایەتی بۆ گەیشتن بە خواستەکانە لە ڕێگەی کەلکوەرگرتن لە مێتودی نوێ.

ناکرێ و ناگونجێ لە نووسینێکی ئاوا کورتدا هەموو نموونەکان بێنینەوە و شەن و کەویان بکەین، بۆیە تەنیا باسی وێنەیەک دەکەم کە بە قەرا بێدەنگیی وێنەکە پەیامی پێ بوو. وێنەی سەرنجڕاکێش، وێنەیەکی نامۆ نیە، وێنەیەکی نەدیتراو نیە و هەمان وێنەیە کە سێ ئێلێمێنتی چاوترسێن و تۆقاندنی بۆ کۆماری ئیسلامی لە خۆی گرتووە کە ئەویش بریتین لە: ژن، شەقام و شۆڕش. سێ وشە کە هەر وشەیەی خۆی بە دەیان پەیام و سیمبولی تایبەت بە خۆی پێیە.

ڕۆژی ٧ی بەفرانبار ڕاست لە گەرمەی دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان ژنێکی لاوی ٣١ساڵە، هەم دایک، هەم کچ و هەم نەسلی پێگەیشتووی دوای ئینقلابی ئێران بە ناوی «ویدا موحد» بە هەڵاوەسینی سەرپۆشی سپی، لە سەر شەقام، ئەویش لە شەقامی پڕ لە هاتوچۆی «ئینقلاب»ی شاری تاران بە نیشانەی ناڕەزایەتی بە حیجابی ئیجباری بۆ ماوەیەکی کەم بە خۆنواندنێکی «پانتۆمیمی» واتە بە بێدەنگی پەیامی خۆی و بە میلیۆن ژنی نارازیی دیکەی وڵاتی گەیاندە دەسەڵات و دنیای دەرەوە. بە هاتنی پیاوانی حکومەت بۆ سەر شەقام و دەستبەسەرکردنی ویدا پەردەی ئەم شانۆیە بە ڕواڵەت دادرایەوە، ناخافڵ لەوەی ویداکان لە شوێنێکی دیکە خەریکی نووسینەوەی شانۆیەکی دی بۆ نواندنن.

ئەم جۆرە هەڵوێستە هەڵگری چەند جۆر ئاماژە و پەیامی ڕوون و شاراوەی تایبەتییە:

**یەکەم**: ویدا دەیزانی چ چارەنووسێک و چ دژکردەوەیەک چاوەڕێیەتی، بەڵام دیسان دێتە سەر شەقام. ئەو ساغ بۆتەوە کۆرپەی ١٩ مانگەی خۆی بەجێ بێڵێ و بەرەوپیری مەرگ بچێ بۆ ئەوەی داهاتوویەکی باشتر بۆ نەوەی نوێ دەستەبەر بکا، یان لانیکەم بەو هیوایە گیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە.

**دووهەم**: ویدا بە هەڵاوەسینی سەرپۆشەکەی، ئەو سەرپۆشەی کە لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە شوناس و کەسایەتیی ڕەگەزیی دەستنیشان دەکا، ئەو بە وەلانان و هەڵاوەسینی ئەویش لە سەر شەقامی «ئینقلاب» بە بێدەنگی ئەو دەنگە هەڵدەبڕێ: کە سەرپۆش ناتوانێ کەسایەتی و شوناسی ئەمنی ژن دیاری بکا، کە بە کپکردنی دەنگی ئێمە ناتوانن درێژە بە سیاسەتی بێزارکەرانەی خۆتان بدەن، کە ژنان چیدی فریوی دروشمەکانی ئێوە وەک عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی سەردەمی شۆڕشی ٥٧ی سەر شەقامی «ئینقلاب»ی ئێوە ناخۆن، کە ئێمەی ژن، ئەمن وەک ژن ئەمرۆ لە سەر شەقامێک کە تۆ شانازی بە ناوەکەی دەکەی؛ ڕاست لە سەر ئەم شەقامە بەم شێوەیە ئینقلابت دەگەڵ دەکەم کە بزانی بۆ منی ژن هەموو سوچ و پەنایەکی ئەم وڵاتە پڕە لە نەفرەت و بێزاری. بە بێدەنگی ناڕەزایەتیی خۆم دەردەبڕم کە تابۆی نیزامەکەتم شکاندبێ، کە پێت بڵێم پێکهاتە و ڕوانگەی تۆ لە ئێران کۆتایی تەمەنێتی. هاتوومە سەر شەقام کە بە بێدەنگی و بێ هەست و خوست پێت بڵێم: نە بە بیانووی ئاژاوەگێری، نە بە بیانووی خەلک کۆکردنەوە، نە بە تۆمەتی لایەنگریی سیاسی،

نە بە تۆمەتی دەسکیسیی خەڵکی بیانی ناتوانی لە ناوم بەری؛ هاتووم پێت بڵێم کە تەنیا بە بێدەنگییەکی چەند دەقەیی دەتوانم ترس و زەندەق لە تۆدا ببینم، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە تۆ لە بەر هێزی خەڵک خۆ ناگری و تەنانەت لە بێدەنگیی من دەترسی؛ چونکە باشتر لە هەموو کەس دەزانی کە بنەمای نیزامەکەت وەها هەرەسی هێناوە و هڵۆڵ بووە کە بە شەکانەوەی سەرپۆشی سەرم وەلەرزین دەکەوێ. هاتووم بڵێم کە ئێمە نە چی دیکە دەترسین و نە هیچی زیاترمان هەیە تا لە دەستی بدەین، بۆیە هاتووم بە بێدەنگی پێت بڵێم کە ئیدی بەسە، چونکە بە میلیۆن ژنی پەراوێزخراوی ئەم نیشتمانە لێ بڕاون کۆتایی بە نەهامەتییەکانی خۆیان و تەمەنی تۆ بێنن.

خوێندنەوە و ئاماژەدان بە هیندێک پەیام و هۆکاری ئەم جۆرە هەڵوێستگرتنە تەنیا بەم وێنەیە سنووردار ناکرێ، هاوکات دەبێ چاوەڕوانی زیان و دەسکەوتەکانی ئەم جۆرە هەڵوێستانەش بین. لە مێژووی تۆمارکراوی بزووتنەوەی ژنانی ئێران و بەشدارییان، بۆ نموونە هەر لە ڕووداوی گریبایدوف و بزووتنەوەی تەنباکو ڕا بگرە تا ئەم خۆپێشاندانەی مانگی بەفرانبار؛ دەبینین کە ژنان زۆر جار لە پیش پیاواندا هەلوێست دەگرن ئەگەرچی مێتۆد و شێوەی نارەزایەتیدەربڕینیان جیاواز بێ؛ بەڵام گرینگتر لە بەشداربوون و هەڵوێستگرتن، هەبوونی بەرنامەو پلانێکی تۆکمەیە بۆ داهاتوو. ئەگەر باس لە سەرکەوتنی بزووتنەوەیەک بکەین، دەبێ سێ قۆناغی سەرەتایی خۆی تێپەڕێنێ کە ئەویش دەتوانێ بریتی بێ لە: هۆکار، دەربرین و بەردەوامی نارەزایەتی بۆ گەیشتن بە ئامانج.

خەڵکی ئێران بە گشتی و بزووتنەی ژنان بە تایبەتی قۆناغی یەکەم و دووهەمیان تێپەراندوە، بەڵام بۆ قۆناغی سێهەم (واتە بەردەوامی) تا ئێستاش بەرنامەدانانێکی باش، یان پلان و ئالترناتیوێک دیار نیە. ڕاستە دەزانین ئەم دەسەڵات و شێوە حکومەتکردنە جێگای پەسند نیە و قبول ناکرێ، بەڵام دەبێ لەسەر ئەوەش ساغ بووبیتنەوە کە بە دوای چیدا دەگەڕێین و چمان دەوێ و چۆنی بە دەست دێنین. کەواتە ئەگەر ویدا بە بێدەنگی خۆی سەدی بێدەنگیی شکاند و تابۆی پێناسەی ئۆلگۆی سێهەمی ژن (ژنێک نە شەرقی بێ نە غەربی، بەڵکوو ژنی موسلمانی ئێرانی) شکاند و بگرە بە سەدان ژنی دیکە گیانی خۆیان فیدای مسۆگەرکردنی ئازادیی نەوەی داهاتوو دەکەن، حەق وا نیە ژنانی دیکە لە پەراوێزدا بن و سەیرکەری گەمەکە بن. لەم هەلومەرجەدا ئەرکی ژن بە گشتی ئەوەیە کە پشتیوانی لەم جۆرە هەلوێستانە بکا، بەشدار بێ لە دارشتنەوەی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و سیکۆلار، ؛ بەرژەوەندیی تاک وەلا بنێ و کار بۆ هەموو کۆمەڵگە و بەتایبەتی چینی زوڵملێکراو بکا، بۆ ئەوەش کە لە ئاڵوگۆرێکی دیکەدا کەس خۆی لە پەراوێزدا نەبینێتەوە و هەموو پێکەوە ئەرکی بەڕێوبردنی وڵاتیان لە سەر شان بێ، دەبێ لە ئێستادا هەموو هەنگاوی بۆ هەڵبێننەوە و هەست بە بەرپرسایەتی بکەن.

شۆڕشێکی ژنانە تەنیا ژنی شۆرشگێری چەک لە شانی پێویست نیە، بەڵکوو بەشداریی بەرین و پشتیوانیی هەمەڕەهەندی

ژنانی دەوێ. لە ئێستادا هەموومان دەبێ لە دەرفەتەکان بە باشترین شێوە کەلک وەرگرین و هەوڵ بدەین لە نموونەی «ویدا موحد» و ویداکان پەروەردە بکەین کە کۆمەلگا شانازیی پێوە بکا و نەهێڵین سەرلەنوێ کەسانی فورسەتتەلەبی وەک طاهرە دباغ (مرضیە حدیدچی) نوێنەرایەتیی ژن بکا کە بە سزادان و ئیدیۆلۆژی ئیسلامگەرایی خۆی، ژن بوون و مرۆڤبوونی لە زاتیدا نەمابوو. ئەگەر شانۆی «پانتۆمیمی» ویدا کۆمەڵگەی هەژاند و لە بێدەنگی وەخەبەری هێنان، بەڵام زەبر و سزای «طاهرە دەباغ» دەنگی ژن، واتە دەنگی کۆمەڵگەی بۆ ماوەیەکی زۆر خەواند و کپ کرد.

لە کۆتاییدا ماوە بڵێم کە چاوەڕێ نەبین کەسێکی دی بێ و داهاتووی ئێمە چێ بکا، با هەر لە ئێستاشدا نەژین و بە ئەزموون لە وانەکانی ڕابردوو بۆ داهاتوو بنوارین و دادێی خۆمان بە دەستی خۆمان دابرێژین، بۆ ئەوەش تەنیا ڕێگا هاوبەشی و بەشداریکردنە لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا، کەواتە ئەگەر تا ئێستا وەخەبەر نەهاتووین با بە شانۆ بێدەنگە پڕ لە پەیامەکەی ویدا و ویداکانی دوایە وەخەبەر بێین و تا لەوە درەنگتر نەبووە لەم قافلەیەش جێ نەمێنین؛ ئەگینا ڕێگای کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ نەوەی داهاتووشمان دەبێتە خەون.

(لە ژمارەی ٧١٩ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠١٨

## بۆ دەساڵەی کۆچی ناوادە و بێ گەڕانەوەت



دوو شەممە ١١ی مانگی ٢ی سالی ٢٠٠٨ پاش دیداری رۆژانە و بۆ پشوویەکی کورت جێمانهێشتی، چەندە دڵخۆش بووین کە بابە بەرەو باشتربوون دەچێت. ڕەنگ و روو خۆشتر، بەکەیف تر و بە تواناتر دەهاتیە بەرچاو. تۆ مەڵێ ئەوە دوایین هێز و سۆمای چاوەپڕ محیبەتەکانت بوو کە بۆ دوا جار لە پشت پەنجەرە چکۆڵەکەی ئەو ژوورەڕا کە زیاتر لە دوومانگ بوو ببۆ ماڵی هاوبەشی تۆ و دایە، دەیڕوانیە ئێمە ئاخۆ چەند خۆزگە و ئاواتی وەدینەهاتوی دەگەڵ بوبێ..

بەیانی کە هاتینەوە لات هیچ حالت باش نەبوو، ئازار ئامانی لێهەلگرتبوی و ئیزنی نەدابوو بخەوی و پشوو بدەی. وردە وردە تەمی خەم بە سەر ژورە پڕ جۆش و خرۆشەکەی جاران دا زاڵ دەبوو. ژورێک کەشوێنی دیدار دەگەڵ دۆستان و خزمانی دور و نزیک بوو و دایم جمەی دەهات لە بەر هاتوچۆو و باس و خواس لە رووداوەکانی جێی سرنجت، ئێستا خەریک بوو ترس و دڵەڕاوکەی تەسلیم بوونی تۆ دەبەرانبەر دێوەزمەی مەرگ دا، جێی بە ئارامی و هیوا چۆل دەکرد. نیگەرانیەک کە ئێستاش بۆ هێچکاممان جێی باوەر نیە.

رۆژی چوارشەممە هەر دەهات و ماوەی ئەو ساتانە کە بە وشیاریت و دەگەڵ بوونمان ورە و هیوات پێدەبەخشین، کەمتر و کەمتر دەبۆوە. هەموو جارێکیش کە چاوە پڕ لەئاوات و تاسەکانت هەڵدەهێنا، خۆازیاری دیدار و بینینی کوران و کچانی

بنەماڵە جا چ ئەوانەی نزیک بون و چ ئەوانەی کە لێت دور بوون، بووی.تەسلیمی دێوەزمەی مەرگ نەدەبووی تا بتوانی دوایین ماڵئاوا بیت دەگەل ئازیزانت کردبێ. ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە بەشی هەرە زۆری خزمان و دۆستان و یارانی بەوەفات وەکوو ئەرکێک دەبەرانبەر هەموو دڵسۆزی و محیبەت و وفاداری و تێکۆشانت دا لە دەورت کۆبوونەوە.

هەرچەند بڕواناکەم کە بۆ هیچ کەس خۆشبێ ئەو کات و ساتانەی لێکدابڕانی ئەبەدی دەگەڵ عەزیزێک وەبیر خۆی بێنێتەوە، بەڵام ماڵئاوایی تۆ ئەوەندە جیاواز بوو کە زۆر جاری وایە حەسودیم پێبردوی کە بە چ دڵێکی گەورە و ئاواتێکی پیرۆزەوە بە جێتهێشتین. لە کۆری ماڵئاوایی تۆ دا نزیک بە ٣٠ کەس لە ئەندامانی بنەماڵە لە ژورسەرت بوون و لەسەر داوای خۆت بەخوێندنەوەی سرودی نیشتیمانی (( خوایە وەتەن ئاواکەی)) و بە ڕوانینت بەسەر تاک تاکی ئازیزانت دا و بە دوایین دیدارت دەگەڵمان داکۆتایی هات. زۆرکەس وەسیەتی دابەشینی ماڵی هەیە، هەن کەسانێک کە داوای گەردن ئازایی و دوعای بەخێریان هەیە. زۆرکەس بە دڵی پڕ لە کوڵ و چاوی پڕفرمێسکەوە ماڵئاوایی دەکات بەڵام تۆ بە بزەی سەرلێوو دڵی پرهومێد و نیگای پڕلە دڵسۆزی و ڕێ نیشاندەرەوە لە ١٦ی مانگی ٢ی ٢٠٠٨ ماڵئاواییت لێکردین.

ئەوەندەی بیرم بڕبکا، دوو چاوەڕوانیم لە نیگاکانت دا بەدی دەکرد. یەکەمیان دڵنیگەرانی سەبارەت بە هاوسەری لە پاش بە جێماوت ئەوی دیکەشیان درێژەدانی ڕێبازی پڕلە سەروەری کوردایەتیت تا وەدیهاتنی ئاواتەکانت. لە دوایین کات و ساتەکانی ماڵئاواییت دا هەستم بە خەمی پەنگخواردوی دەرونت دەکرد، بەڵام داخەکەم منیش وەکوو هەموو ئەوانەی کە وەک من لە دەورەت کۆ ببوینەوە، لە ئاست گۆڕینی ئەو چارەنوسە نەخوازراوەدا بێ دەستەلات بووم. چەندجارێک ویستم بۆ سوکنایی دڵی خۆم و بە خەیالی خۆم کەم کردنەوەی ئێش و ئازارت لاقەکانت بشێلم و پەنجەکانت داماڵم.بەلام هەموو جارێ بە ئاماژەی چاوەکانت تێدگەیاندم کەوازبێنە. وەکوو ئەوە وابوو کە بلێی "" کوێستان بەسە ئیدی، ئازارم ناشکێنێ و تەسلیمم، کات تەواوە و ئێوە دەبێ بە بێ من ئەو ڕێگایە درێژە بدەن.

دوایین هەناسەی پڕلە تاسەت لەو کاتەوە وبۆ هەمیشە وەک خەنجەرێکی لە ناکاو وبەژان لە سەر روح وجەستەم کاری کردوە و دلنیام ئەو ژانە تا دوایین هەناسەم دەگەلی دەژیم.

## ئازیزی هەرگیز لە بیر نەچوو!

دەزانم کە لێم دڵگرانی کە بۆ هەموو کاتێک دەگەل تۆ و کات و ساتی ماڵئاواییت دەژیم. هەموو رۆژێکم بە بەیانی و ئێوارە باش دەگەڵ تۆ و ئارامگا ئەبەدیەکەت دا کە لەسەر رێگای ماڵەکەمە، دەست پێدەکەم و کۆتایی پێدێنم. هەموو کاتێک و

بەبێ ئەوەی خۆم ویستبم، هەست بەنزیکبوون و دەگەڵ تۆ بوون دەکەم. من هەر قسەت بۆ دەکەم و دەیان پرسیارم لێت هەیە، بەداخەوە کە وەلامیک وەرناگرمەوە و دەنگت نابیسم. بەڵام من تۆ دەناسم و وەڵامەکانم لە ئاماژە و نیگاکان و رەفتارت را وەردەگرمەوە.. دەزانم ماندووم کردوی بەلام منیش تاوانبارنیم! بە دوریت ڕانەهاتوم و دلنیام تا هەم و بیرم بڕ دەکا هیچکات ناتوانم لە بیرت بەرمەوە و لە یادت کەم. بەدڵ ئارەزووم دەکرد کە مەرگم وەپێش مەرگت کەوتبا و هەرگیز خەمی لە دەستدانی تۆم توش نەبووبا.

دەزانم نابێ ئاوا بم و دەشزانم بە هەزارانی دیکە خزم و کەس و ئازیز و خۆشەویستی، نەک لە دەست داوە بەڵکوو تەنانەت تەرمی ئەو ئازیزانەشیان نەبینیوەتەوە! بەڵام وێڕای هاوخەمی و داوای لێبوردن لە هەر هەموویان، دەربرینی هەست و سۆز بۆ لە دەستدانی خۆشەویستان بەهەر شێوەیەک و لەهەرحالەتیک دابێ ناکرێ و ناتواندرێ بشاردرێتەوە. بەبروای من یاد کردنەوە و بیر هینانەوە و تاسەیان و یادگاریەکانیان ئەرکێکی بەجێ و پیرۆزە.

بابە گیان ئارەزو دەکەم لە وەی کە یادت دەکەمەوە لێم دلگران نەبی! ئاخر تۆ باوکی ئیمەی. لە هەرکوێ بی و لەهەمموو کات و زەمانەکان دا هەرباوکەدڵسۆز و میهرەبان و کوردپەروەرەکەی ئیمەی. هەر ئەو باوکەی کە لە شار و شاخ و لە هەندەرانیش فێرت کردین کە تەحەممول کەین، تێبکۆشین، تێبگەین و پێبگەین بۆ ئەوەی یارمەتیدەری رێگای خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بین. بەش بەحالی خۆم هیچ پەشیمان نیم کە درێژەدەری رێگای پیرۆزتم. هەرچەند رێگایەکی ئاسان نیە. بەلام ئەوەش هەر لەتۆ فێر بووم و وات پەروەدە کردوم کە ناتوانم کورد نەبم و ناشتوانم لە ئاست ڕێنوێنی و ئامۆژگاریەکانی تۆ دا روو هەڵگێڕمەوە.

بابە گیان ئەوەی بزانە ئاسۆ روونە. بۆیەش بە دڵ خۆزگەم دەخواست کەبەیەکەوە شاهیدی رووداوەکان و سەربەرزی و سەرکەوتنی میللەتەکەمان باین. دڵنیا بەبە پێی توانا دریغم لەئەرکە پێ سپێردراوەکان نەکردوە و ناکەم، بەڵام ئیستا دەزانم کە تۆ و دڵت چەند گەورە بوون!!! کەی من حەددم هەیە کە شایانی بوونی دڵێکی ئاوا گەورە بم!؟

بابە گیان دەزانی کە دڵم زۆر خۆشە کە کچی حەمەی گادانیم؟ من دەزانم کەلەکاتی مندالیم دا چەند جاران تۆ منت لەمەرگ رزگار کردوە، بەو پێیەش بایە من دەبوو قوربانی تۆ بام و ببامە خاکی بەرپێت، نەک تۆ بەمەرگی لەناکاوت داخی جەرگ هەژێنی نەبوونت بە دونیایەک ئاوات و ئارەزووەوە لە سەردڵی ئێمەدانێی. چاو لە ئاڵبۆمەکانی بنەماڵە دەکەم، وێنەکان خۆیان دەدوێن و ساتە خۆشوناخۆشەکان، بیرەوەریە تاڵ و شیرنەکان وەکووو فیلمێک بە بەرچاوم دا تێدەپەرن. یادەکان زیندوون، یادگاریەکان ماون و دەمێنن. دەفتەری یادداشتی رۆژانەت سرنجم ڕادەکێشێ! بە خوێندنەوەی دەرسی

تێکۆشان و ماندوویی نەناسی و پێڕاگەیشتن بە ئەرکە پێ سپێرداوەکان و وردبینی فێر دەبم. بەڵام داخەکەم هیچ یەک لەوانەتاسەی باوەشێکی باوکانەی تۆ ناشکێنێ کەسەکەم.

میهرەبانەکەم، یادت هەمیشە پیرۆز و روحت شاد و خەوی ئەبەدیت ئارام. نایشارمەوە کە یادی ١٠ ساڵەی کۆچی ناوادەت هەروەک ساتەکانی دوایین ماڵئاواییت بەژانە و ئەو ژانە کۆتایی نایەت تا خەرامان(نازناوی بابە بۆ من) دەبێتەمیوان و جیرانی تاهەتاییت. بەڵکوو ئەو کات تاسەی دیدارت بشکێ بابە گیان...

سەرچاوە: فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٦ی فێبریوێری ٢٠١٨

## دیزەبەدەرخۆنەکردنی گێچەڵییە سێکسییەکان لە ئێراندا

بابەتی دەستدرێژیی سێکسی مێژوویەکی دوورودرێژی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا هەیە و بێگومان تایبەت بە ناوچە و کۆمەڵگەیەکی تایبەتی نیە لە دنیادا، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم دیاردەیە بە گشتی لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا بەهۆی ڕوانگە و کولتووری داخراو و دواکەوتوو، بەهۆی ڕێژەی زۆری هەژاری و بێکاری و، لە ڕەچاونەکرانی مافی خەڵک و سەربەخۆنەبوونی دامودەزگای قەزایی و ونبوونی عەدالەتدا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە پەرەسەندن دایە. یەکێک لەم کۆمەڵگە و وڵاتانە ئێرانە. ئاماری ئاشکرا و نائاشکرا، ڕاگەیەندراو و ڕانەگەیەندراوی دەستدرێژیی سێکسی لەم وڵاتە لە ماوەی ٤٠ ساڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا ئەوەندە زۆرە کە لە گوتن نایەن و، کاتی باس لەو دیاردەیە دەکەین لە ئێراندا؛ ئیدی پێویست بە ئاماژە و نموونە ناکا، چونکی بە داخەوە ڕۆژانە ڕوو دەدەن ودووپات دەبنەوە.

دەستدرێژیی سێکسی لە ماوەی چوار دەیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە جینایەتەکانیان لە نێو زیندانەکاندا و بە دەستدرێژی بۆ سەر زیندانیانی سیاسیی ژن دەستی پێکرد، دوایەش کە بەردەوام لە نەبوونی پەروەردە و نیزامی فێرکردنی سەردەمیانە و زۆر هۆکاری دیکەدا ئەوە منداڵان بەتایبەت منداڵانی کار بوون کە لە کۆمەڵگەدا دەبوونە قوربانیی ئەم دیاردەیە. لەم ماوەیەشدا کە هەواڵەکانی دەستدرێژی بۆ سەر قوتابییان و فێرخوازان لە خوێندنگە و تەنانەت لە مەکتەبەکانی فێربوونی قورئاندا! بەردەوام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دێ و دەچن و ئێستاش چەند ڕۆژێکە کە هەواڵەکانی دەستدرێژیی سێکسی بە تاک و کۆمەڵ بۆ سەر کچان و ژنان لە شار و شارۆچکەکانی ئێرانە بۆتە مانشێتی ڕۆژنامە و تیتری ڕاگەیەنەکان.

خەسارناسیی ئەم دیاردەیە پێویستە، بەڵام ڕەنگبێ توانای ئەم چەند دێرە تەنیا گەڕان بە دوای چەند هۆکارێک بێ، کە وایکردووە ڕۆژانە گوێمان لەو ڕووداوانە بن. پرسیارەکان لەو پێوەندییەدا زۆرن کە ڕەنگبێ سەرەکیترینی ئەوە بێ کە ئاخۆ فەقری فەرهەنگی و هەژاریی ئابووری و بێکاری هەوسارپچڕاوە کە ئەم دۆخەی لە کۆمەڵگەدا خوڵقاندوە؟ ئایا هۆکارەکان ڕەگیان لە کولتوور و ئایین و دابونەریتدا داکوتاوە؟ یان هۆکاری بنەڕەتی بۆ نیزامی سیاسیی وڵات دەگەڕێتەوە کە دژی هەموو نۆڕمە جێکەوتووە جیهانییەکانە و وڵات بە پێی ئیدۆلۆژیی چەقبەستووی خۆی ئیدارە دەکا؟ یان خۆ هەموو ئەوانە لەتە جیاکانی پازیلێکن و پێکەوە بوار بۆ ئەم کارەساتگەلە خۆش دەکەن؟

هیندێک لەم فاکتۆرانە لە زۆر وڵاتی دراوسێی ئێرانیشدا بەرچاو دەکەون، بەڵام توندوتیژی دژی ژنان و پەرەسەندنی دیاردەی دەستدرێژی بۆ سەر ژنان و منداڵان لەواندا ئەوەندە زەق و پڕدیار نیە، بۆیە دەکرێ ئەمە ئێمە بباتە سەر گرێی سەرەکیی بابەتەکە، کە نیزامی سیاسی و بەڕێوەبەریی وڵات، واتە حوکمەتە. وڵات هەیە لە ئێران هەژارتر بە ڕێژەی بێکاریی زیاتر؛ بەڵام نەزمی کۆمەڵایەتیی تێدا جێگیرە و لە ئەگەری هەرچەشنە لادان و تاوانێک دەزگای داد ماف بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێنێتەوە و نیزامی پەروەردەییش هەوڵ بۆ بیچمگرتنی بایەخە مرۆڤتەوەرییەکان دەدا. تەنانەت لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا - کە توندوتیژی تێیاندا پاساوهەڵگرە - بەڵام دەستدرێژیی سێکسی بە سیستەم نەکراوە و ئەمە یانی ئەوەی ئیسلامیبوونی وڵات و تەنانەت داخراوبوونی بە تەنیا ناتوانێ هۆکاری بنەرەتی بۆ ئەم دیاردەیە بێ. لەو نێوەدا تەنیا نیزامی سیاسی دەمێنێتەوە کە دەبێتە فۆکووسی بخرێتە سەر، ئەوەش ڕوونە لە ئێراندا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە کۆمەڵگەی نوقمی قەیرانە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کردووە؛ هەموو کاتێ ویستوویەتی کە دەستدرێژیی سێکسی وەک چەکێک بۆ خوڵقاندنی خۆف و ترس و تۆقاندن لە پێناو بێدەنگکردن بە سەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێ.

هەر لە سەرەتاوە لە زیندانەکاندا دەستدرێژیی سێکسی بۆ دەکرایە سەر کچان و ژنانی بەندیی سیاسی و کێ ئەو جینایەتانەی دەکرد؛ سروشتییە هەر کاربەدەستان و بەرپرسانی حکومەتی دیانکردن و هەر لە زەمان بەشێک لە کاربەدەستانی ناسراوی حکومەت _حوسێنعەلی مونتەزیری لە نامەیەکدا بۆ خومەینی_ لەقاو درا. لە بەردەوامیی ئەو ڕەوتە سیستماتیکەدا و بیست دواتر و دوای ڕووداوەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری دیسانەکەش ئەوە کەڕووبی، یەک لە پاڵێوراوەکان و سەرۆکی پێشووی مەجلیسی ئێران بوو - کە ئێستا بەر غەزەبی ناوکی ئیستبداد کەوتووە - کە هەواڵی دەستدرێژی بۆ سەر گیراوەکان لە زیندانی کەهریزەکی ئاشکرا کرد. ئێستاش کە بەردەوام بەسەر ڕووداوی لەو چەشنەدا دەکەوین کە تازەترین نموونەیان دەستدرێژیی بەکۆمەڵ بۆ سەر 41 ژنە لە شاری ئیرانشەهر. ئەوەی لەو نێوەدا دەمانباتە سەر سەرەداوەکە ئەوەیە کە لە هیچ کام لەوانەدا تاوانبارانی سەرەکی سزا نەدراون و ڕوون دیارە کە ئەوانە - سەعید تووسی، مەداحەکەی سەر بە بەیتی ڕێبەری، وەک نموونە - مافیای دەسەڵاتیان لە پشتە.

خاڵێکی دیکە بوارەکانی خوڵقانی ئەم تراژیدییانە کە هەمووی بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە سۆنگەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە ئەوەیە لە بەشێکی بەرچاو لەو تاوانگەلە بە بیانووی یارمەتیدان منداڵانی سەرشەقام و کۆکردنەوەیان بە مەبەستی ئاگالێبوون و سەرپەرستی کردنیانە دەکرێ. دوایەش دەبینین کە مافیاکانی سێکس و بازرگانیی منداڵان کە هەموویان بەشێک لە ڕایەڵەی دەسەڵاتن، ئەو منداڵانە وەبەرکار دەنێن، موعتادیان دەکەن و دەستدرێژییان دەکەنە سەر. لەو نێوەشدا لە جیاتی ئەوەی قانوونێک هەبێ پشتیوانییان لێ بکا و دادیان بستێنێ، لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نیزام و ئیسلامدا!، هەوڵی دیزەبەدەرخۆنەکردنی تاوانەکان دەدرێ؛ بە تایبەت ئەگەر قوربانیش کەسانی

بێدەسەڵات و بێئەنوا بن، وەک منداڵانی چین و توێژە هەژارەکان، یان ئاوارە و پەناخوازەکان کە دەستیان لە هیچ بەند نابێ و دەنگیان ناگاتە هیچ کوێ.

## چارەسەر چین؟

ئایا شاردنەوەی تاوانە بۆ «سەعید تووسی»یەکان، چونکی سەر بە بەیتی ڕێبەرین؟ یان داوای جێبەجێکردنی حەددی شەرعی بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی تاران؟ یان تۆقاندن و ناچارکردنی قوربانییان بە بێدەنگەلێکردن لە ترسی لۆمە و تیروتوانجی کۆمەڵگە؟ یان لەقاودانی کارەساتەکان لە زمانی کەسانی وەک «محەممەد تەیب ملازحی»یەکان یان هاتنە سەرشەقامی ئیرانشەهرییەکان؟

ڕوون و ئاشکرایە کە پەردەپۆشکردن ناتوانێ چارەسەری دیاردەیەکی لەو شێوەیە بێ، پڕدیاریشە کە حکومەت نە ئیرادە و نە توانا و ویستی چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی هەیە و خۆی ماکە و سەرچاوەی ئەم کارەساتانەیە. لەولاش دەمێنێتەوە دەزگای قەزایی کە قەت سەربەخۆ نەبووە و دادی خاوەن ماف ئەویش قوربانییانی ئەو ڕووداوانەی نەداوە، پاڕلمانیش کە تا ئێستا نەیتوانیوە پرۆژەیاسای سەردەمیانە بۆ پشتیوانی لە قوربانییانی ڕووداوی لەو چەشنە پەسند بکا و، نیزامی پەروەردەییش کە ئیدۆلۆژیکە و توندوقایم بە بنەما نەریتی و پاشکەوتووەکان نووساوە و نایهەوێ پێست فڕێ بدا. دوای هەموو ئەوانە دیسان چارەسەر هەر خەڵکە و گەڕانەوەش هەر بۆ لای ئەوانە.

خەڵک بەر لە هەموو شتێک پێویستە هەڵوێستیان هەبێ و هان بدرێن کە ئەو حاڵەتانە ئاشکرا بکرێن، تاوانباران بناسێندرێن و هاوکات قوربانییان پشتیان بگیرێ و داڵدە بدرێن؛ ئەوەی ئەمڕۆ بە سەر ژن و کچێکی دراوسێ، یان لە شارێکی نیزیک یان دوور لە ئێمە ڕوو دەدا، لەوانەیە سبەی لە خۆمان بێ، بۆیە تاک بە تاکی کۆمەڵگە هەم بۆ پێشگیری، هەم بۆ بەرەنگاربوونەوە و هەم لە داکۆکی لە قوربانییاندا دەبێ خۆیان بە دەرەوەست بزانن و هەڵوێستیان هەبێ.

چارەسەری بنەڕەتیش پەروەردەی گونجاو و سەردەمیانە و بردنەسەرێی ئاستی تێگەیشتن لە سەر چەمک و پێوەندییە جینسییەکانە کە ئەو تابۆیە دەبێ بشکێ و هەموو دەبێ لە خۆیان ڕا دەست پێبکەن و بەو وشیارییە بۆشایی نەبوونەکەی لە سیستمی فێرکاری و پەروەردەیی وڵاتدا پڕ بکەنەوە.

با چاومان لەوە نەبێ وڵاتانی دی و خەڵکی دی داوای مافەکانمان بۆ بکەن و لە سەرمان وەجواب بێن، خۆمان دەتوانین بەشی بنەڕەتی لەو پرۆسەیە بین و هاوکات لاهێزی فشار بین بۆ لێپێچینەوە لە دەوڵەت و حوکمەت و دەزگا

پێوەندیدارەکانیان. نابێ ڕێگە بدرێ حوکمەت وەک تا ئێستا کردوویەتی یاری بە عەقڵ و بەها مرۆڤایەتییەکان بکا و بە پاساوی پاراستنی بنەما شەرعی و نەریتییەکانی کۆمەڵگە، بەستێن بۆ خوڵقاندنی تاوانگەلی لەو چەشنە خۆش بکا. حوکمەت لە خۆیدا هێز و دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نیە و ئەمە خەڵکە دەبێ بە دەسەڵات و هێزی خۆیان بزانن و بەرەنگاری سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم ببنەوە. ڕێژیم هەتا ئێستاش کەلکی زێڕینی لە بێدەنگیی کۆمەڵگە و بێتەفاوتبوونی خەڵک بە نیسبەت دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وەرگرتووە، ئەوەش دەزانێ لەگەڵ یەکەم درز کە بکەوێتە ئەم پێکهاتەیە هەر هەموو پێکهاتەکەی دەڕمێ و کۆتایی بە تەمەنی دێ. بۆیە تاکەڕێگا هەر هێز و وشیاریی خەڵکە کە دەتوانێ ئەم پرۆسەیە و ئەم کرانەوەیە پێش بخا. لە ئەگەری پێچەوانەی ئەمەدا ڕەنگبێ خەڵک پەنا بۆ دادەوەریی سەرشەقام و تۆڵەئەستێنی ببەن، کە ئەمەش خۆی جۆرێکە لە بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی و هێشتنەوەی دەمارگرژی و چەقبەستوو مانەوەی نیزامی پەروەردەیی کە ئەم بشێوییە زیاتر لە زیانی خەڵک دەشکێتەوە تا حوکمەت و دەسەڵات.

خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی ئەم وڵاتە شیاوی ژیانێکی دیکەی مرۆیین و ئەمەش تەنیا بە هەڵوێستگرتن و گۆڕینی ئەم دۆخە دێتە دی و یەکەم هەنگاو دەنگهەڵبڕین و تێپەڕین لە تابۆکان و یەکخستنی هێزیانە لە بەگژداچوونەوەی ئەم دۆخە کە بەرهەمی سیاسەتی دەسەڵاتێکی لە چەشنی چاخی بەردینە.

لە ژمارەی ٧٢٨ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٣ی جوونی ٢٠١٨

## چارەنووسی ناڕوونی لایحەی دەستەبەری ئەمنیەتی کۆمەڵایەتیی ژنان

پشتیوانی و پاراستنی حقوقی مادی و مەعنەویی هەموو چین و تـوێژێکی کۆمەڵگە یەکێک لە ئەرکە هەر سەرەکییەکانی حوکمڕانی و سیستمی بەڕێوبەریی هەر وڵاتێکە، کە لایەنی هەرە بەرچاوی سیستیمی سەربەخۆی عەداڵەتخوازییە کە بنەما و بنچینەی بنەڕەتیی ژیانێکی پڕ لە ئاسایش و ئەمنیەت بۆ تاکی کۆمەڵگە پێک دێنێ.

پێکهاتەی کۆمەڵگە بە ژن و پیاویەوە، کاتێک دەتوانن تەواو وزەی کاری و فکریی خۆی بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەکەی وەگەر بخا کە ئەمنیەتی تەواوی هەبێ و هەست بە نائەمنیی ڕووحی و جەستەیی نەکا. بە گشتی دەبینین کە لە سەدەی ۲۱دا ئەم ئەمنیەتە بە گشتی بۆ کۆمەڵگە و بە تایبەتی بۆ ژنان لە زۆر لە وڵاتەکانی جیهان نەک هەر بە تەواوی دەستەبەر نەکراوە بەڵکوو تا ڕادەیەکیش ڕوو بە گەڕانەوە بۆ داب و نەریتی دەستوپێگیر بووەتەوە، کە زیاتر ژنانی بۆ سەردەمی کۆیلەداری بەڵام لەشێوەی مۆدێرنی گەڕاندۆتەوە. ژنان کە نیوەی کۆمەڵگەن و هاوکات ئەرکی پەروەردە و بارهێنانی نیوەی دیکەی کۆمەڵگەیان لە ئەستۆیە، دەبێ لە هەموو بارێکەوە جێگای پشتیوانی و ئاگا لێبوون بن، چونکە کەسێک لە کۆمەڵگەدا ئەرکێکی قورسی ئاوای لەسەر شان بێت، دەبێ کەمترین کێشە و دڵەڕاوکێی هەبێ بۆ ئەوەی نەوەیەکی سالم بۆ کۆمەڵگە پەروەردە بکا. لە نەبوونی ئەم ئەمنییەت و پشتیوانییەشدا یەکەم ژنان خۆیان تێدا دەچن و پاشان زەبرێکی گەورە کە ڕەنگبێ کتوپڕ بەرچاو نەکەوێ، لە کۆمەڵگە و خێزانەکان دەدرێ؛ چارەنووسێک کە چەندین ساڵە بەرۆکی وڵاتی ئێرانی گرتووە. لە ئێستادا لە مەجلیسی ڕێژیمدا ڕەشنووسێک لەسەر دابینبوونی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتیی ژنان لە ئێران هاتووەتە بەر باس کە مێژووەکەی بۆ کۆن دەگەڕێتەوە و ساڵانێکە دەستاودەستی پێ دەکرێ و جێگا و شوێن و چارەنووسی وەک حکومەتە سەر لێشێواوەکەی ئێران ناڕوونە.

ئەو پێشنووسە کە ماوەیەک لەوەپێش و بۆ جارێکی دی لە مەجلیس هاتەوە بەرباس، دوای پێداچوونەوە، لێکدانەوە و دەستێوەردانێکی زۆر لە ڕوانگە جیاوازەکانی حقووقی، مەزهەبی و کۆمەڵایەتییەوە بۆ پێداچوونەوەی زیاتر بۆ دەزگای قەزایی نێردراوە و دوای زیاتر لە ٦ مانگ چاوەڕوانی ئێستاش ئەم ڕەشنووسە نەگەڕاوەتەوە بۆ مەجلیس هەتا دواقۆناغی پەسندکردنی ببێوێ. ئەوەی کە ئەم لایحەیە باسی چ دەکا و چەند ماددەیە و چەندی تا ئێستا لەلایەن دەزگای قەزایی ڕەت کراوەتەوە و هۆکار چ بوون، باسی ئەم نووسینە نییە، بەڵام باسی گنخاندن و جۆری ڕوانگەی سیستم بۆ ئەم جۆرە پرسانە دەتوانێ بەرچاوڕوونیی زیاترمان لە نێوەرۆک و بنەما هزرییەکانی ئەم ڕێژیمە پێ بدا.

لایحەی ئەمنیەتی ژنان لە ئێران بۆچی دوای ٤ دەیە لە تێپەڕبوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دیتە بەرباس؟ ئایا لە پێناو بەجێگەیاندنی بەڵێنەکانی دەوڵەتی تەدبیری ڕووحانییە یان وەک هیندێک لە دژبەرانی ئەم لایحەیە باسی دەکەن بۆ نیزیکبوونەوە لە دنیای ڕۆژاوا و خۆنواندنە؟ یان بەڕاست حاکمییەت هەستی بەم بۆشاییە گەورەیە، واتە نەبوونی ئەمنیەت بۆ ژنان لە ئێراندا کردووە؟ دەکرێ لە وەڵامدا بڵێین هەرسێک هۆکار دەتوانن ڕۆڵیان هەبێ: یەکەم ئەوەی ئەو شکستانەی دەوڵەتی ڕووحانی لە دوو دەورە دەسەڵاتی خۆیدا تووشی بووە، ڕەنگبێ ئەوی هیوادار بەوە کردبێ کە بتوانێ لانی کەم دەنگی ژنان و جێگەی و پێگەی لەنێو کۆمەڵگەدا بۆ دەستەبەر بکاتەوە. دووهەم ئەوەی کە لەنێو نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بۆ هەمووان ئاشکرایە کە هەر لایەنە ئەوی دیکە بە خەتابار لە کەمایەسی و لاوازییەکانی بەڕێوبەریی لە نێوخۆ و بگرە سیاسەتی دەرەوەش دەزانن و لە هێنانەبەرباسی هەر بابەتێکدا ئەوانە بە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی یەکتر دەست دەکەن بە نێونیتکە لە یەک هەڵدان.

بەڵام لایحەکە؛ چاوخشاندنێک بەسەر بڕگە و مادەکانی لایحەی دابینکردنی کۆمەڵایەتیی ژنان لە ئێران پێمان دەڵێن کە لە ئەگەری پەسندکران و جێبەجێکرانیدا - کە زۆر زەحمەتە - ئەوە هەنگاوێکە بەرەوپێش، بەڵام کاتێک کە هەڵوێستی زەهرا ئایەتوڵلاهی، بەرپرسی شووڕای بەرزی فەرهەنگی - کۆمەڵایەتیی ژنان دەبینین، باسەکە جۆرێکی تری لێ دێ. ناوبراو ئەم لایحەیە بە دەق وەرگرتنەوە لە سیستمی ولاتانی غەرب ناو دەبا و بە پێچەوانەی ئوسول و پرەنسیپی ئیسلامی و کەمدەسەڵاتکردنی پیاوان لە بنەماڵە و کۆمەڵگەی دادەنێ؛ هاوکات بە ڕەوتی پشتیوانی و پەیرەوی کردن لە بەندی ٢ی ئامانجەکانی ٥ی بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی گرێ دەداتەوە کە باس لە بەرابەریی جینسی و تواناسازیی ژنان دەکا.

لێرەدایە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەگەر ئاستی بیرکردنەوەی ژنێک و تێڕوانینی بۆ هاوڕەگەزەکانی و خودی کۆمەڵگە تا ئەو ڕادەیە بەرتەسک بێ و بایەخە دینی و مەزهەبییەکانی پێ لە ماف و ئازادی و ئەمنیەتی کۆمەڵگەکەی پێ گرینگتر بێ، دەبێ چ کارەساتێک بێ و ئیدی بۆمان دەردەکەوێ کە ڕەوتی بەدواداچوون و پەسەندکرانی ئەم لایحەیە لە خۆڕا نییە کە ئەوەندەی خایاندووە و ئێستاش چارەنووسی ناڕوونە.

لایەنێکی دیکەی ئەم بابەتە کە ئەم لایحەیە بۆ بە ئاکام نەگەیشتووە، یان ڕەنگبێ باشترە ئەم پرسیارە بێتە پێشکە بۆچی لە ئێستادا نوێنەرانی فراکسیۆنی ژنان لە مەجلیس و ڕاوێژکارانی سەرکۆمار لە بەشی کاروباری ژناندا ئەم باسانە دێننەوە و ناڕازین لەوەی ئەم لایحەیە تا ئێستا نەدراوەتەوە مەجلیس؟ لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە چەند هۆکار بکەین: یەکەم؛ خستنەبەرباس و پەسندکردنی ئەم لایحەیە - لە ئەگەری سەرکەوتنی پرۆسێسی پرۆژەیاساکە - بە دەسکەوتێکی باش بۆ

ئەو نوێنەرانەی مەجلیس و کابینەی یازدەهەمی دەوڵەت دادەنرێ. دووهەم؛ ڕوون و ئاشکرایە کە بەردەوامیی بێمافی و پێشێلکرانی مافی ژنان بە تایبەت لە کەشی نارەزایەتییەکانی ئێستادا هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونی ژنانی لێ دەکەوێتەوە. پرسی بەردەوامیی نەبوونی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتیش بۆ ژنان بەرەو تەقینەوە دەچێ و پەرە بە بێمتمانەیی لە کۆمەڵگەدا دەدا و بناخەکانی ئەم کۆمەڵگەیە هەڵدەتەکێنێ و ئەو تەوژمەش بەجۆرێکی دی بەرەوڕووی دەسەڵات دەبێتەوە؛ چونکی حوکمڕانی بەسەر کۆمەڵگەیەکی ڕووخاو، پڕ لە شکست و هەژاری و نائەمنیی کۆمەڵایەتی و بێهوایی و بێمتمانەیی تاکەکانی کۆمەڵ حوکمرانییەکی بیمانا و ناسەقامگیر دەبێ. کەواتە ئەو پەلەقاژەیەی دەوڵەتی ڕووحانی لە هەلومەرجی ئێستادا دووبەشی بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتێکە کە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ بەشیک لە خەڵکی پێ سەرقاڵ بکا و ئازارشکێنیکیش بێ بۆ ئەو هەمووە برین و کەلێنانەی لە خەڵکی کەوتووە. بەڵام شتێکی دی کە جیگای ئاماژەیە ئەوەیە کە فەرز بکەین و پرۆژەیاسایە پەسند کرا، تۆ بڵێی لە بنەڕەتدا جێبەجێکردن، بە مەیدانیکردنی و دەستەبەرکردنی ئەم ماددانە - کە بەشی هەرە زۆری هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا ئەگەر بەشێکیشی جێبەجێ بێ لە ژیانی ڕۆژانەی ژناندا شوێنکاری خۆی دەبێ - لەم بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ئێستادا لە توانای حوکمەتدا بێ؟ حوکمەتێک کە لە کولتووری سیاسیی خۆیدا تا ئێسقان دژی ژنە.

مێژوو سەلماندوویەتی کە ئاڵوگۆڕ لە بەستێنی فەرهەنگسازیدا پلان و کاری بەردەوامی دەوێ. فەرهەنگسازی دەبێ لە شوێنک ڕا دەست پێ بکا و هەر تەنیا پەسندکردن قانوون ناتوانێ دەستەبەری هەموو شتێک بێ. لە کۆمەڵگەی ئێستای ئێراندا نە سێکۆلاریسم و نە یاسا و ڕێسای دینی و نە دابونەریت و کولتووری خۆماڵی بەتەنیا ناتوانن دەستەبەری ئازادیی ژن و مافی یەکسانیخوازی بن. ڕوون و ئاشکرایە کۆمەڵگەیەک بە شارستانییە و کولتووری بەرەو مۆدێرنە دەروا و بە پێشکەوتوو دادەنرێ کە لەسەر بنەمای جیاوازییە ڕوون و ئاشکراکانی پێ بگا. واتە جیاوازییەکان لە حەوزەی گشتی و تایبەتیدا و لەڕووی سیاسی و کۆمەلایەتی، جیاوازیی سیکۆلاریزم و ئایین، ژنانە و پیاوان پێناسە دەکرێن و ئەم سنووربەندییە وەردەگیرێن و ڕێزیان لێ دەگیرێ. بەڵام لە کۆمەڵگەیەک کە ئەم سنوورانە ناناسرێن و هەموو شتێک تێکەڵ بە یەکتر دەکرێ، گۆڕانی بنەڕەتی و باسکردنی هیندێک شت بە تابۆ دادنرێ. کۆمەڵگەیەک کە تاقمێک دەسەڵاتدار بە شێوەی ئۆلیگارێشی بەڕێوەی ببا و خەڵکەکەی ڕێی هەناسەدانی لێ گیرابێ، نووسینی قانوون و جێبەجێکرانی بەسەقەتی ناتوانێ ئاڵوگۆڕ بەدوای خۆیدا بێنێ، هەتا دان بەم جیاوازییانە دانەندرێ و نەهادینەکردنی نۆرمە تازەکان دەبێ لە دەروونیدا، واتە لە ڕیشەی فەرهەنگدا پێک بهێندرێ.

بۆیە لە هەلومەرجی ئێستادا و بە سەرنجدان بە نێوەرۆکی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە پەسندکرانی لایحەی ئەمنیەتی ژنانیش - سەرەڕای باش و لەجێدابوونی زۆر ماددە و برگەکانی - خۆی لە خۆیدا ناتوانێ شتێکی ئەوتۆ لەو بابەتە بگۆڕێ. ئەو

نۆرمانەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ماوەی ٤٠ ساڵە جێیان دەخا و کاریان پێ دەکا، هەروەها ئەو بایەخانەی دەسەڵاتی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ ژن و مافەکانیان پێناسەیان بۆ دەکا و بەڕەسمیی دەناسێ، هەموو ئەوانە سەرەڕای شەڕی بەرژەوەندییەکانی قۆڵەکانی دەسەڵات کۆسپی بەردەم ئەم گۆڕانکارییانەن و بە چارەسەرنەکراوی دەیهێڵنەوە.

لە ژمارەی ٧٣١ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٨

## پێگەی ژن لە خەباتی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە تێگەیشتن لە مێژووی خەباتی هاوچەرخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەبێ تێگەیشتن لە ڕۆڵ و پێگەی ژنان لەم خەباتە دوورودرێژەدا تێگەیشتنێکی ناتەواوە. بۆیە کاتێک باسی خەبات و ڕۆڵی ژنان دەکەین ئەم ڕاستییەمان لەبەرچاوە کە ئەم دوو باسە، لێک گرێدراون. واتە خەبات بۆ ڕزگاریی کورد لە ژێر دەستەیی هاوشان لەگەڵ خەبات بۆ گشتگیرکردنی بەها دێموکراتیکەکان و یەک لەوان جێگیرکردنی چەمکی ئازادیی ژن لە جەرگەی خەباتەکە دایە. ئەمە بەو واتایەیە کە پرسی ئازادی و یەکسانیی ژن یەکێک لە ئەولەوییەتە سەرەکییەکانی خەباتی نەتەوەیی کورد بووە. بۆ زیاتر تیشک خستنەسەر ئەم بابەتە ڕای بەڕێزان دوکتور کوێستان گادانی، ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها خاتوو شنۆ مێهرپەروەر، چالاکی سیاسی و شارەزای بواری ئافرەتان وەردەگرین.

ژنان لە کوردستانی ئێران لە کەیەوە دەستیان پێکرد و هاتنە نێو بزاوتی سیاسی و مەدەنی و کاری ڕێکخراوەیی؟ خاتوو شنۆ مێهرپەروەر لەبارەی سەردەمی بەشداریی ژنان لە خەباتی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەڵێ: "گەلی کورد بە درێژایی مێژوو بە تایبەتی لە دوو سەد ساڵی ڕابردوودا بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی خەباتی کردووە و تێ کۆشاوە. لەو شۆڕشانەدا ڕۆڵ و پێگەی ژنان لاواز بووە و جێ پەنجەیان دیار نەبووە. بەڵام بۆ یەکەم جار کە ژنان توانییان لە ماڵ بێنەدەر و لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیەکدا خۆیان سازمان بدەن و ویستەکانی خۆیان بێننە بەرباس، لە سەردەمی زێڕینی کۆماری کوردستاندا بوو. هەرچەند چالاکییەکانیان سنووردار بوو، بەڵام هەنگاوێکی گەورە بوو کە هاوێشترا و ئەمە دەستپێکی خەباتی ژنان بووە بە شێوەیەکی ڕێکخراو."

د.کوێستان گادانیش لەبارەی ئەوەی کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ژنان لە چ قۆناغ و سەردەمێکەوە بەشداریی شۆڕشیان کرد؟ دەڵێ: "ژنان لە هەموو قۆناغەکان لەگەڵدا بوون بەڵام بەهۆی جێگە و پێگەی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەشێوەی بەرچاو و کاریگەر کە شیاوی تێکۆشانی ژنان بووە ڕەنگدانەوەی بەشدارییان کەمتر بووە لە پیاوەکان و بۆیان نەگونجاوە لە هەموو کات و ساتێکدا بە بەردەوامی و بە شێوەی ئاشکرا شانبەشانی پیاوان دیار بن. بۆیە دەتوانین بڵێن کە ڕەنگدانەوەی بەشداریی چالاکانەی ژنان لە قۆناغیکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە لە شۆڕشدا جیاوازی هەبووە؛ بەڵام وەک بەشداریکردن ئەگەر بەهەر هۆکارێک ڕێژەشیان کەم بووبێ هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لەگەڵدا بوون."

لە وەڵامی پرسیاری ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە خەباتی نەتەوەیی لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەڕێزیان دەڵێ: "لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاردا، بە داب و نەریتی تایبەتیی کوردەواری کە شوێنکاری مەزهەب و کولتووری وڵاتانی داگیرکەری کوردستانی بەتوخی بەسەردا زاڵ بووە، سرووشتیە کە پیاوان دەرفەتی دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی و فەرهەنگیان زیاتر دەبێ تا ژنانی نێو کۆمەڵگە. کاتێک کە پیاوان داڕێژەر و دامەزرێنەری ڕێکخراو و حیزبێک دەبن و هەموو بیروڕایەک بە بۆچوونی پیاوانە دێتەسەر کاغەز و دادەڕێژرێ، پرسی ژنان و یەکسانیخوازی دەکەوێتە دوای پرسی سیاسی و نەتەوەیی.

خەباتی کوردان بەگشتی لەسەر کۆڵەکەی ڕزگاری نەتەوەیی دامەزراوە و هیندێک ئێستاش لەو باوەڕەدان کە ئەگەر ڕزگاریی نەتەوەیی بە دەست بێنین، زۆر بە ئاسانی مافی یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکرێ. بۆیە ژنانی بەشدار لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا لە سەرەتاکانەوە زیاتر لە فیکری دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی دابوون و ئەگەر ڕۆڵ و نەخشیان هەبووبێ کە بەدڵنیایەوە کاریگەریی زۆریان لە سەر شۆڕش هەبووە، زیاتر لە پیناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەباتی نەتەوەییدا بووە. لێرەدا ئەولەوییەتی یەکەم کە ڕزگاری نەتەوەیی بووە مەجالی بە ژنانی کورد نەدەدا کە باسی مافی یەکسانیی خۆیان بکەن، بۆیە تەواوی وزەی خۆیان بۆ خەباتی نەتەوەیی تەرخان دەکرد و بگرە بەشێکیان لە نێو حیزبدا بە ئەرک جێبەجیکردن و تێکۆشانیان لە بوارە جیاوازەکاندا کاریان دەکرد بۆ خەباتی نەتەوەیی و هیندێکشیان لە ڕێگای ئەندامەتی لە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ژێر سیاسەتی حیزب بەڵام تارادەیەک دەست وبال کراوەدا لە بەڕێوبەریی ئەم ڕێکخراوەیەدا بۆ مافی یەکسانیی خۆیان هەوڵیان داوە. کەواتە دەتوانین بڵێین ژنانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوتەریب بەشداری و کاریگەریی خۆیان لەسەر خەباتی نەتەوەیی و یەکسانی خوازی کردوە و هەبووە بەڵام بە فوکوسێکی زیاتر و ڕەنگدانەوەی زیاتریان لە ئاستی خەباتی نەتەوەیدا هەبووە. دیارە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەم خەباتە زیاتر بەرەو بالانسکردنی خەباتی یەکسانیخوازی و نەتەوەیی هەنگاوی هەڵێناوەتەوە و ڕەنگدانەوەی خۆشی لە نێو حیزب و لە دەرەوی حیزبدا دیارە. دیارە ئەو ڕەنگدانەوەیە کەمە بەڵام هاوتەریبیی نێوان خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوازی بێ ئاکام نەبووە و لە درێژخایەندا وەک بنەما و ژێرخانێکی پتەو بۆ نەهادینەکردنی کۆمەلگەیەکی دێموکراتێک بەرز دەنرخیندرێ."

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ژنان بۆچی ئەم ئەولەوییەتەیان بۆ خۆیان داناوە و بۆچی ئەمەیان وەک شوناس بۆ خۆیان هەڵبژاردووە؟ خاتوو شنۆ مێهرپەروەر دەڵێ: "کورد لە مێژە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانیدا خەبات دەکا و قوربانیی زۆریشی بۆ داوە.ڕێ داگیرکەرەکانی کوردستانیش بە توندترین شێوە وەڵامی داخوازییەکانی کوردیان داوەتەوە و مافە ئینسانی و سروشتییەکانی کوردیان پێشێل کردووە و وەک هاووڵاتی دەرەجە دوو و خوارتریش سەیر کراوە، دیارە ئەم

ناعەدالەتییانە تەنیا ڕووی لە پیاوان نییە و ژنانیش دەگرێتەوە. کەوابوو دەستەبەرکردنی مافە ئینسانی و بەرحەقەکانی کورد ئەرکی تاک بەتاکی کوردە بە ژن و پیاو. بەڵام لێرەدا ژنان جگە لە زەوتکرانی مافە نەتەوایەتییەکانیان لەلایەن ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە، لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگەیشدا دەچەوسێنەوە. کەوابوو ئەرکی ژنان زۆر قورسە. لەلایەک خەبات بۆ مافە نەتەوایەتییەکەی و لەلایەکی دیکەشەوە دەرباز بوون لە ئاستەنگەکانی بەردەمی لە کۆمەڵگە.”

هەر لە پێوەندی لەگەڵ بەم بابەتەدا د.کوێستان گادانی ڕای وایە “لە مێژە بیستوومانە کە کۆمەڵگەیەک سەرکەوتوو و پێشکەوتووە کە دانیشتووانی ئەم کۆمەڵگەیە ڕازی و خۆشحاڵ بن و لە مافەکانیان بێبەش نەکرێن. کۆمەڵگە لە ژن و پیاو پێک دێ و پێکهێنەری ئەم کۆمەڵگەیە دەبێ باڵانسی ئەم یەکسانییە بپارێزێ و هەست بە بەرپرسایەتی لە ئاست پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەیدا بکا. هەر دووک ڕەگەز هەوڵی پێشخستنی ئەم کۆمەڵگەیەیان لە سەر شانە، کەواتە پێش ئەوەی باسی هۆکاری بەشداریی ژنان لە خەباتی نەتەوەییدا بکەین با باس لە ئەرکی ژنان بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی و مافی تاکایەتیی خۆیان بکەین. مادام ئەمن تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیەم کەواتە دەبێ بە ئەرکی خۆمی بزانم و تێ بکۆشم بۆ دەستەبەرکردنی ڕزگاری و ئازادی و مافی خۆم لەم کۆمەڵگەیەدا. لە ڕوانگەی منەوە یەکەم هۆکاری بەشداریی ژنان لە خەباتی نەتەوەیی ئەرکی ئەم ژنەیە کە دەبێ بەبێ دوودڵی، شان بە شانی ڕەگەزی دیکە بۆ نەهادینەکردنی کۆمەڵگەیەکی پڕ لە ئاسوودەیی و خۆشبژێوی هەوڵ بدا و مافی خۆی بۆ خۆی وەرگرێ نەک ئەوەی چاوەڕێ بێت کەسێکی دیکە مافی بۆ وەرگرێ. دووهەم هۆکار دەتوانێ ئەوە بێت کە بەشیک لە ژنان لەو بڕوایەدا بن کە دوای گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی، مافی یەکسانیشان دابین دەکرێ، کە چارەی مافە یەکسانییەکەی گرێدراوە بە دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکەی، کە ئەم ڕوانگەیە جیاوازە لە تاک بۆ تاکێکی دیکەی ژن. سێهەم دەتوانێ بەشداری لە خەباتی نەتەوەیی لە سەرەتاوە تەواو بە دڵخوازیی خۆی نەبێ و هەڵبژاردەی خۆی نەبێ. لەوانەیە ئەو کە لە کۆمەڵگەی داخراو و داگیرکراو بە نۆرم و یاسا و ڕێسای تایبەت وەزاڵەهاتووە و بۆ دەربازبوون ڕێکخراو و حیزبێک بە تەنیا ڕێگاچارەی خۆی دەبینێتەوە. ئەوەش کە ژنان ڕوو لە حیزبی دێموکرات دەکەن بۆ جێگەی بەرزی ئەم حیزبە لە خەباتی نەتەوایەتی و گوتار و بەرنامە پێشکەتووخوازانەکەی ئەم حیزبە دەگەڕێتەوە.

لێرەدا دەگەینە ئەم پرسیارە کە لەنێو ڕێزی حیزبە سیاسییەکاندا هەتا چەندە بواری ڕێکخستن و هەڵبژاردن بۆ بەشداریی ژنان لە خەباتی نەتەوەییدا ڕەخساوە؟ د.کوێستان گادانی بەمجۆرە وەڵام دەداتەوە “لەنێو حیزبی دێموکراتدا جیاوازییەک بۆ ئەندامەتی و بۆ تیکۆشان و هەڵسووڕان لەنێو ژنان و پیاواندا نییە. ئەم هەڵبژاردنە بە ئیختیاری تاکی کۆمەڵگەیە کە ئەم حیزبە بۆ کار و تێکۆشان هەڵدەبژێرێ یان حیزب و ڕێکخراوەیەکی دی. دیارە لە دە ساڵی ڕابردووشدا بۆ ئەوەی ڕێژەی ژنان لە ناوەندی بڕیاردانەدا زۆرتر بێ لە کاتی هەڵبژاردنی ڕێبەری یان بەشداری ژنان لە کۆنفراس و کۆنگرەکاندا لە میکانیزمی تەبعیزی موسبەت یان هەمان سیستمی کۆتا کەلکمان وەرگرتووە کە دیارە هەم بە باش و هەم بە ڕوانگەیەکی

ڕەخنەگرانەوە لێک دراوەتەوە. بۆیە هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە مەجال بۆ ژن و پیاو وەک یەکە و ڕەنگبێ لە زۆر شوێن و بۆنە تەنانەت مەجال بۆ دەرکەوتن و خۆ پێگەیاندنی ژنان زیاتر بووبێ."

خاتوو شنۆ مێهرپەروریش لەو بارەوە دەڵێ: "دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧هەتاوی قۆناخێکی نوێ لە خەباتی ژنان دەستی پێکرد بەتایبەتی لە کوردستان. ڕێکخراوکانی ژنان چالاک کرانەوە و توانییان تا ڕادەیەکی باش لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرن. ژنان نەک هەر لە ڕێکخراوە سینفییەکان بەڵکوو لە ڕێکخراوە سیاسییەکانیشدا خۆیان سازمان دا و بەشداریی چالاکانەیان لە گەمە سیاسی، کولتوری و ... کردووە و هەروەها بەشدارییان لە خەباتی چەکداریدا بووە و شانبەشان پیاوان بەرگرییان لە کوردستان کردووە و لەو پێناوەدا شەهیدی زۆریان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردووە و شەهید سۆیلا قادری و نەسرین حەداد تازەترینی ئەو شەهیدانەن.

ئەمجارە دێینە سەر ئەوە کە ژنان چەندە توانیویانە کاریگەریی خۆیان دابنێن؟ د.کوێستان گادانی ڕای وایە: "بۆ هەڵسەنگاندنی هەر کاریگەرییەک دەبێ شیوەی کارکردن، ڕێژەی کارگێڕانەکە بەپێی هەلومەرجی دیاریکراو هەڵسەنگێندرێ. ئەگەر ئێمە بێین مێژووی ٧٣ ساڵ تەمەنی حیزبی دێموکرات چاو لێ بکەین و کاریگەریی ژنان لە مێژوویەدا جێ بکەینەوە، دڵنیام هەڵسەنگاندنێکی باشمان نەکردووە؛ یان باشترە بڵێم ناعادیلانە ڕەنگدانەوەکانمان کاڵ کردووەتەوە. هەموومان دەزانین کە لە دوای ٧٣ ساڵ خەبات چاوەڕوانییەکی زیاتر لە ڕەنگدانەوەی سیاسیی حیزب بە گشتی دەکرێ. خۆ ئەگەر هەر بەو ڕوانینەوە هەڵسەنگاندن بۆ چالاکی و کاریگەریی ژنان لە نێو حیزبی دێموکرات و خەباتی نەتەوەیی بکەن بە پێی هەلومەرج و بارودۆخی ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا زۆر ناحەقیمان کردووە. بەپێی ڕێژەی بەشداری، مەجالی بەشداری و مەیدانی مانۆڕدان و کارکردن و هەروەها فاکتەرە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی نێو حیزب، هاوکات زاڵبوونی هێندێک خاڵی لاوازی داب و نەریت و کولتوورمان کە بەداخەوە گوێزراونەوە بۆ نێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانیش، بە هەموو ئەم موشکیلاتانە ئەمن پێم وایە ژنان بێ تەئسیر نەبوون لە خەباتی نەتەوەییدا و بگرە بە هەڵکشانی تەمەنی حیزبی دێموکرات ژن ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بە باوەڕبەخۆبوون و خۆ پێگەیاندن توانیویەتی کاریگەریی ئەرینی لە سەر نەوەی دوای خۆی هەبێت و ئاسۆی بەشداریی زیاتر و کاریگەری زیاتری ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دیارتر لە جاران دەبیندرێ. لە ڕوانگەی منەوە خەباتی نەتەوەیەک بە کۆی خەباتەکەی پێناسە دەکرێ کە فرە ڕەهەندییە و خۆی لە بوارەکانی خەباتی چەکداری، یەکسانیخوازی، دیپلۆماسی و مەدنیدا و هتد دەبینێتەوە و هیچ کام لەوان بەتەنیا ناتوانن گشتیگر بن و لەو دۆخەدا زیاتر هەست بە کاریگەریی بەشداریی ژنان دەکرێ. لە ئێستادا بڕوانە خەباتی مەدەنی و بەشداریی ژنان، بڕوانە خەباتی یەکسانیخوازی و بەشداریی ژنان، بڕوانە گەشەی خۆپێگەیاندن و پلەی خوێندەواریی ئاکادیمیکی ژنان، بڕوانە بەشداریی ژنان لە مەیدانی شۆڕش و ناوەندی سیاسی و بەڕێوبەریی و بڕیاردانددا... کۆی هەموو

ئەوانە بە ئێمە دەڵێ کە بە کردنەوەی دەرگای خەباتی فرەڕەهەندیی حیزبی دێموکرات بە ڕووی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، کاریگەریی و چالاکی و بەشداریی ژنان ڕۆژ بە ڕۆژە لە گەشە و پەرەسەندنی زیاتر دایە. نموونەی هەر زیندووش کە ڕووداوە خوێناوییەکەی ۱۷ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات و شەهید بوونی چاردە کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەودا دوو خاتوونی ڕێبەری شەهیدمان بوونە سیمبولی بەرخۆدان و لە شەقامەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بە بەرزکردنەوەی وێنەکانیان پەیمانی هاوخەباتی لەگەڵیان نوێ کرایەوە. دیارە ئەم خاڵەش نابێ لە بیر بکرێ کە بەهۆی دوور بوون لە زێد، پرش و بڵاوی ژنانی خەباتگێر و دژواریی بە ئۆرگانیزەکردنی ژنان، ڕەنگبێ هەڵسەنگاندنێکی ورد و هەمەلایەنە بۆ خەباتی ژنان سەخت بێ، بەڵام ئەمە هیچ لە بەشداری، تێکۆشان، شەهیدبوون و کاریگەرییان لەسەر خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوازی کەم ناکاتەوە هەر وەک هەمیشە تێکۆشان و کارتێکەرییان دەبێ جێگای ڕێز و پێزانین بێ.

دوا مژار بۆ تاوتێی ئەم بابەتە دۆخی ئێستای ژنانی کۆمەڵگە و چۆنیەتیی لەسەرهەستبوونی ئەوانە بەنیسبەت مافەکانیان. خاتوو شنۆ مێهرپەروەر لەو بارەوە دەڵێ "لەئێستادا ڕەوشی کۆمەڵگە و بارودۆخی ژنان زۆر گۆڕدراوە، ژنانی کورد زیاتر لە جاران بە مافەکانی خۆیان ئاشنان و لە هەموو ڕێگایەکی مومکین هەوڵ دەدەن خۆیان وەک تاکێکی زیندوو و چالاک بسەلمێنن. دیارە ئەزموونی چل ساڵ خەباتی سیاسی و کاری ڕێکخراوەیی ئەم دواییانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چ وەک کاریگەریی حیزبەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و هەروەها کاریگەریی ڕاگەیاندنەکان پێگەی ژنانی بەهێزتر کردووە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا کە لە کوردستان شاهیدی چەندی حەرەکەتی بەرینی جەماوەری دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بووین بە تایبەتی مانگرتنەکانی ئەم دواییانە دەرکەوت کە ڕۆڵی ژنان ئەگەر لە پیاوان زیاتر نەبووبێ کەمتریش نەبووە. ئەمە نیشاندەری گەشەی پێگەی ژنانە بۆ وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی خۆیان و نەتەوەکەیان". زۆر گۆڕانکاریش لە نێو بنەماڵە و هەناوی کۆمەڵگەدا پێک هاتووە کە دەکرێ بڵێین بەرهەمی خەباتی ڕوو لە گەشەی ژنان بووە. لەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوانەدا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش ڕوو دەدەن، دڵنیام ژنان دەبنە داینەمۆی گۆڕانکارییەکان."

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ۸ی ئۆکتۆبەری ۲۰۱۸

## ژنان و شوناسخوازیی نەتەوەیی لە کۆمار ڕا تا ئێستا

**دیمانە: شەونم هەمزەیی**

**شەونم هەمزەیی:** کاتێک کە کۆماری کوردستان دادەمەزرێ، نە لە ئێران و نە لە وڵاتانی دراوسێشدا بۆ نموونە ژنان مافی دەنگدانیان نەبووە، خوێندن بۆ ژنان نەک زۆرەملێ، بگرە لە ئاستێکی زۆر کەمیشدا بووە؛ ئێوە پێگەی ژن و مەیدانداریی ژن لە کۆماری کوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**کوێستان گادانی:** هاتنە دەرەوەی ژن لە ماڵ و کۆکردنەوەی ئەوان لە ساباتی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژناندا، یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتەکانی کۆمار و شوێندانەرترین دەسکەوت بووە لە سەر مێژووی بزووتنەی ژنانی کورد. هەبوونی ژن لە دام و دەزگای بەڕێوبەریی و ناوەندی بڕیاردانی هەر وڵاتێک بەستراوەتەوە بە جێگە و پێگەی ژن کە لە ناو کۆمەڵگەی ئەم وڵاتەدا هەیە. لە کوردستانی ئەو کاتی ئێمەدا، ژن جێگەوپێگەیەکی تایبەتی لە نێو کۆمەڵگەدا نەبووە، بێجگە لە ڕۆلی دایکێکی دڵسۆز، هاوسەرێکی بەوەفا و، خوشکێکی خانم و یان ژنێکی سەرسپی و جێگای ڕێز، بۆیە ئۆرگانیسەکردن و بەڕێکخراوەیی کردنی ژنان لە کەش و هەوای ئاوا داخراو نیسبەت بە ژنان کارێک و هەنگاوێکی ئاسان نەبووە، بەڵام پێشەوای نەمر بۆ جێخستنی ئەم دەستپێکە لە بنەماڵەی خۆیەوە دەستی پێکرد.

دەگەل ئەوەی کۆمار روخسارێکی پیاوانەی هەبوو، بەڵام دەبێ دان بەم ڕاستیە دابنێن کە کۆماری کوردستان دەرگای ڕووناکی بە رووی ژنی کورددا کردەوە و ژنی کورد دامەزراندنی یەکێتی ژنان و هەروەها گۆڕانی شێوەی ڕوانینی کۆمەڵگەی کوردەواری نیسبەت بە ژن وەک دەستپێکی ڕێگایەکی دوور و درێژ بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای خۆیان، بە دەسکەوتی کۆماری کوردستان دەزانن

**شەونم هەمزەیی:** گوتاری سەرەکیی کۆماری کوردستان شوناسخوازیی نەتەوەیی بووە کە بووەتە هەوێن و چرای بزووتنەوەی سیاسی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش. ژنانی نەوەکانی دوای کۆمار و لەبەەکانی دیکەی کوردستان چۆن لەگەڵ ئەم گوتارە هاتوون و چەندە پشکدران لەو خەباتەدا؟

**کوێستان گادانی:** کاتێک کە کۆماری کوردستان بە گوتاری شووناسخوازیی نەتەوەیی پارمەتیدەری دامەزراندنی رێکخراویی ژنان دەبێ بە دڵنیاییەوە هەر لە سەرەتایی دامەزراندنی ئەم رێکخراوەیەش شوێندانەریی ئەم گوتارەی نەک هەر پێوە، دیارە بەڵکوو بووەتە گوتاری سیاسیی ئەم یەکیەتییەش. بە بڕوای من هەر لە سەرەتای هاتنەدەرێی ژنی کورد لە ماڵ بۆ کاری رێکخراوەیی تا ئیستا دوو ئامانجی پێکاوە، یەکیان ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆی بەرێوە ببا بۆ گەیشتن بە رزگاری نەتەوەیی، ئەوەی دیکەیان دەستەبەرکردنی مافی یەکسانی لە نێو کۆمەڵگەدا. ئەم دوو ئامانجە ئێستاش سەرنجی ژنی کورد ڕادەکێشێ و درێژەدەری خەباتی پێگەیشتن بەو دوو ئامانجەن. بۆیە نەوەکانی دوای کۆماریش وەک هەموو ڕەوتی دیکەی ژیان لە هەلومەرجی تایبەتدا گۆڕانکارییان لە شێوەی تاکتیک بۆ گەیشتن بە ئامانج هێناوە، بەڵام لەم ئامانجە پیرۆزەیان دوور نەکەوتوونەوە. دەکرێ بڵێین کە بە هۆی هێژمۆنیی گوتاری سیاسی_نەتەوەیی و هەستی نەتەوەیی گشتی تاکی کورد، ئەم بیرۆکەیە زیاتر زاڵ بووە و بووەتە هۆکاری ئەوەی کە خەباتی یەکسانیخوازی لە برگەیەکەوە بۆ برگەیەکی دیکە لاوازتر لە خەباتی نەتەوەیی بەرچاو کەوتبێ؛ بەڵام ناتوانین حاشا لەم راستییە بکەین کە ژنی کورد لە ڕاستیدا هاوتەریب تێدەکۆشێ بۆ گەیشتنی بە هەر دوو ئامانجی رزگاریی نەتەوەیی و یەکسانیی رەگەزی.

**شەونەم هەمزەیی:** ژنان لە ئێستادا لە کوردستان چۆن باس لە شوناسی خۆیان دەکەن. شوناسی ژنان گرێدراوی کام چەمک و بایەخن، بایەخە نەتەوەییەکان، یان بەها ڕەگەزی و فیمینیسم؟

**کوێستان گادانی:** دەگەڵ ئەوەی ژنی کورد لە ناوەندی بڕیارداندا کەمن، دەگەڵ ئەوەی هەبوون و بەشداربوونیان لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی، زانستی و ڕاگەیاندن لە پیاوان کەمترن، بەڵام ژنی کورد خۆی پێگەیاندووە، ژنی کوردی ڕووناکبیر، ئاکادێمیسێن، سیاسی، ناسیۆنالیست، فێمێنیست، سێکۆلار و بەرێوبەر هەیە؛ کەواتە دەکرێ بڵێین ئەگەر ئەمڕۆ ژنی کورد لێدوان دەدا و لە سەر باسێک ئانالیزەو لێکۆلینەوە دەکا، نە فێرکراوە و نە کۆپی دەکا؛ بەڵکوو لە ئاست توانایی و پێگەیشتنی خۆیدا قسە دەکات. ژنی کورد، پێش هەموو شتێک ئەگەر خۆی بە کورد پێناسە کرد و شانازی بە کوردبوونی خۆی کرد، ئەرکێکی تایبەتی لە پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەی نوێ دەکەوێتە سەر شان. شوێندانەری گوتاری نەتەوەیی کۆماری کوردتسان هەر بۆ نیوەی کۆمەل واتە ڕەگەزی پیاو نەبووە، بەڵکوو بۆ هەموو کۆمەڵگە بووە، بۆیە ژن لە دەربڕین و هەستپێکردنی ئەم گووتارە نەتەوەییە بێبەش نەبووە. شووناسی ژنی کورد شوناسی کوردی ڕەسەنە، بەلام هاوکات خۆی لە تێگەیشتنی چەمکە زانستییەکانی دیکەی گرێدراو بێبەش نەکردووە و ژنی کورد زۆر باشتر لە پیاوانی کورد توانیویەتی چەمکی بایەخداری وەک ناسیۆنالیزم، فێمێنیسم و سێکۆلاریزم لە شۆناسی خۆیدا بە یەکەوە ببەستێتەوە.

**شەونەم هەمزەیی:** ئەمڕۆکە پرسی کورد لە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستان بە ئاکام نەگەیشتووە. گوتاری شوناسخوازیی

**نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان گوتاری زاڵ و سەرەکییە. بەڵام فیمنیزیمیش وەک گوتارێک لە کوردستان گەلێ قۆناغی بۆ پێشێ بڕیوە. جێگە و پێگەی گونجاوی ژنان لەو هاوکێشانەدا دەبێ کوێ بێ؟**

**کوێستان گادانی**: خەباتی بزووتنەوەی ژنان و خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دوو خەباتی لێکگرێدراون، لانیکەم لەو چەند ساڵانەی دواییدا ئەم هەڵسەنگاندنە زۆر زەق و ڕوون دەرکەوتووە. خەباتی کوردان بەگشتی لەسەر کۆڵەکەی ڕزگاریی نەتەوەیی دامەزراوە و هێندێک ئیستاش لەو باوەڕەدان کە ئەگەر ڕزگاریی نەتەوەیی بە دەست بێنین، زۆر بە ئاسانی مافی یەکسانی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکرێ. زۆر لە ژنانی نێو ڕیزی شۆڕشیش لە سەرەتاکانەوە زیاتر لە فیکری دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی دابوون و ئەگەر ڕۆڵ و نەخشیان هەبووبێ کە بەدڵنیایەوە کاریگەریی زۆریان لە سەر شۆڕش هەبووە، زیاتر لە پیناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەباتی نەتەوەییدا بووە. لێرەدا ئەولەوییەتی یەکەم کە ڕزگاری نەتەوەیی بووە مەجالی بە ژنانی کورد نەدەدا کە باسی مافی یەکسانیی خۆیان بکەن، بۆیە تەواوی وزەی خۆیان بۆ خەباتی نەتەوەیی تەرخان دەکرد و هیندێکیشیان لە ڕێگای ئەندامەتی لە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان بۆ مافی یەکسانیی خۆیان هەوڵیان داوە. بەڵام ئەوەی کە دەبێ ژنان لە ئەمرۆرا و بەو ئەزموونەی وەدەستیان هێناوە دەبێ لەو هاوکێشەیەدا چ جێگە و پێگەیەکیان هەبێت، ڕاستی ئەوە دەکەوێتە سەر ئەو جیاوازییەی کە لە ڕووی تاکتیکی بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان کە تاکی ژنی چالاک هەیەتی. بە بڕوای من ژنی کورد کاتێک جێگە و پێگەی دروستی لەم هاوکێشانەدا دەبێ کە بالانسی بەینی ئەم دوو گووتارە ڕاگرێ و هاوتەریب دەگەڵ یەک هەولیان بۆ بدا کە لە درێژخایەندا وەک بنەما و ژێرخانێکی پتەو بۆ نەهادینەکردنی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتێک بتوانێ کەڵکی لێ وەرگرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٩

---

## چەند وتەیەک لە سەر کارو زەحمەتی بێ وچانی هاوڕێ کاک ڕەحمان نەقشی لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا

**د. کوێستان گادانی: ئەم بەرهەم و کۆکراوەکانە تەنیا هەر جەنبەی ئارشیو و زانیاری نەبووە بەڵکوو وەک ڕاگەیاندنێکی بەرۆژ و بە بەرهەم یارمەتی کۆمەڵگا کردووە...**

هەرچەند ناسیاوی من و کاک ڕەحمان نەقشی دەگەڕێتەوە بۆ نیزیک ٣٠ سال لەمەوبەر، بەڵام دەبێ دان بەو ڕاستییە دابنێم کە لە ڕێگای دەستپێکی نوێ لەشێوەی کار کردن، زیاتر دەگەڵ بەرێزیان ئاشنا بووم، لە سەر داوای خۆیان ئیزن بە خۆم دەدەم لە چەند خاڵێکدا ئاماژە بە گرینگی شێوەی کاریان بکەم هەرچەند دەزانم قابیلی زەحمەتی بێ وچانی بەرێزیان نابێت.

لە سەرەتاکانی سالی ٢٠٠٩ بوو کە من و چەند هاورێکی دیکەی حیزبی ئەرکی کاروباری ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتمان بۆ ماوەی ٢ تا ٣ سال لە دەرەوەی ولات لە سەر شان بوو کە بەوپەری بێ ئیمکاناتی پێرسونێل و ماڵی دەبوو ئەم کارە ڕاپەڕێنین، لە کاتێکدا کە هەم پرسە سیاسیەکان و هەم لە دوای لەت بوونی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات فشارێکی یەکجار زۆری ناوخۆیی و دەرەکی لە سەر ئەم ئۆرگانە بوو بەگشتی، بۆ کەسانێک کە لەم بوارەدا کاریان کردووە ئەگەر مەرکەزو شوێنێکی گشتی ڕاگەیاندن نەبێت، دەزانن کە بە وەخت بە جێ گەیاندنی کاروباری ڕاگەیاندن لە پرش و بلاوی نیروی کاری نیشتەجێ لە ئورپا بۆ ئەم بەشە کارێکی زۆر ئاسان نەبوو. بەلام گەلی کورد و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب کەسانی زۆر بە ئەزموون و تێکۆشەریان تێدا هەلکەوتووە کە لە وەختی ئاستەمدا زۆر خۆ بەخشانە شان دەدەنە بەر کارێک و بە بێ ئەوەی بەرنامە ریزی و پلانی بۆ داندرابێت کار کردنیان و هەلسورانیان ئوتوماتیک یارمەتیدەرێکی زۆری لە بەرەوپێشچونی کارەکان بە خۆیەوە دەبینێت. کاک ڕەحمان نەقشی یەکێک و شایەد بلێم تەنیا کەسێک بوو کە لەو کات و ساتەدا بە دەرکردنی نامیلکە، کۆبەند، وتوێژ و گۆڤار یارمەتیدەری لانی کەم بەشی ئارشیو و زانیاری و هەلسەنگاندی کاروباری بەشی ڕاگەیاندنی ئێمە لە دەرەوەی ولات کردووە.(تێکرای بەرهەماکان ئارشێوێکی پرلە زانیاریە). زۆر جاری وا هەیە لە ئۆرگانێکدا بەرپرسانی بەش یان وێرا ناگەن، یان ئەم سەلیقە کارییان نیە، یان فوکوسیان لە سەر کارو ڕۆتینی ڕۆژانەی خۆیانە، بەڵام کەسێک وەک کاک ڕەحمان هەلدەکەوێت و ڕەنگ بێت بە بێ ئەوەی خۆشی بزانێت کە کارەکانی چەندە یارمەتیدەر بووە وەک ئەوە وایە کە مەنبەعێک لە زانیاری بە بێ بەدواداچوون و وەخت سەرف کردن لە بەر دەستت حازرو ئامادە دەبێت و کەلکی لێوەردەگری. بە بڕوای من لە دەساڵی ڕابردوودا بەرهەم و زەحمەتەکانی کاک ڕەحمان نەقشی

یارمەتیدەرێکی باشی هەم لە باری دەسترەسی بە زانیاری و هەم ئارشیو کردن و کۆ کردنەوە کردووە بووە کە جێگای پێزانین و سپاسێکی یەکجارە زۆرە.

بەرهەم و کۆکراوەکانی کاک رەحمان تەنیا هەر جەنبەی ئارشیو و زانیاری نەبووە بەلکو وەک راگەیاندنێکی بەرۆژ و بە بەرهەم یارمەتی کۆمەلگا کردووە، کەمتر وا هەیە بۆنە و موناسبەت بووبێت و کاک رەحمان پێشتر بەرنامە ریزی نەکردبێت و داوای وتوێژ یان وتاری لە کەسانی شارەزاو پسپۆر نەکردبێت، بەرێزیان بەوەخت هەنگاوی لەم بارەوە هەلێناوەتەوە و بە راگەیاندنی کردوون و دلسۆزی و بەرپرسیایەتی و ئەرکی نەتەوەیی بوونی خۆی لە چوارچیوەی کاری راگەیاندنی دەتوانین بلێن سەربەخۆ و هاوکات ئۆرگانیزە کراو و جێکەوتوو بەجێ گەیاندووە. بەقیە کار کەتووتە سەرشانی ئێمە کە چەندە بە هانایەوە چووین، و چەندە بابەتەکان و زەحمەتاکانی ئەوامان پیشوازی لێ کردووە و یارمەتیدەری ئەم تریبوونە تایبەتیە بووین کە بە حەق دەتوانین بلێین جێگای هەموو دلسۆزانی گەل و حیزب بووە بە بێ جیاوازی بەو مەرجە خۆیان ویستبێتیان.(وتووێژەکان و کۆبەند)

خالێکی دیکە کە بە گرینگی کارو زەحمەتی چەند سالەی کاک رەحمانەوە دیارە، تێما یان وروژاندنی بابەتەکانە،

جا بۆنەی حیزبی یان خەیرە حیزبیەکان بێت. بەرێزیان بە پێ توانای خۆیان ئەم باسانەیان وروژاندووە و بگرە زۆر جار زیاتر لە راگەیەندراوی حیزبی چۆتە ناو ناخی باسەکان، بۆ نموونە لە وەبیرهێنانەوە و لێکگرێدانی نەزەر و بۆچوونی کەسانی شارەزا لە سەر بۆنەو بابەتێک لە ماوەی ١٠ سالّ، بە جۆرێک کار ئاسانی لە سەر روانگەی کەسایەتیەکان و باسەکان بۆ ئێمە ئامادە کردووە کە بتوانین هەلسەنگاندنێکی دروست و ودەقیق و بە دوکۆمێنت کراو لە سەر بابەتەکان و تەنانەت ئالو گۆری بیروڕای کۆمەلگاکەمان لە سەر بابەت و تێمای رۆژ بکەین (رەنگدانەوەی لە وتووێژەکان و بابەت و نووسراوەی هاورێیان)

تریبونێک بۆ دەنگی ژن و یەکسانی خوازی، بەرهەم و کۆکراوەکانی کاک رەحمان، نموونەیەک لە کاری یەکسانی و تریبۆنێک بۆ دەنگی بێ دەنگی ژنان بووە لە ماوەی رابردوودا و هیوادارم کە هەر بەردەوام بێت. شەرت نیە لە سایتێکی تایبەت و راگەیاندنێکی تایبەت دا مەقالە و وتوێژ بلاو بکرێتەوە، ئێمە لە کۆمەلگای کوردەواریدا کەسانی زۆر ساحێب نەزەر و وردبینمان هەن کە شی کردنەوەی هیندێک بابەتیان بەلاوە بۆ گرینگ و ئاسانە بەلّام ئەم جۆرەی دەبێت توانای دارشتن و وەختی دارشتن و رێک و پێک کردنی ئەم جۆرە کارەیان نیە یان سەلیقەی ئەم کارانەیان نیە، گرینگی کار ئەوەیە کە خەلکانی موخاتیب بتوانن بیرو بۆچوونی جیاواز لە سەر بابەتەکانی رۆژ ببینن و بیبیسن، لێرە دایە کە کاک رەحمان

بە شێوەی تایبەت و بەرۆژ و ماندوویەتی خۆی هەمیشە یەکێک لەو کەسانە بووە کە تریبوونێکی بۆ ژنان نەک هەر لە سەر مەسائیلی مەربوت بە پرسی ژن بەلکو لە سەر ئالو گۆرە سیاسیەکانی ناوچە بەگشتی و هەروەها لە بابەتە "سیاسەکان و پیاوانەکانیشدا" مەجالی بۆ ژنان تەرخان کردووەو بە سەری کردوونەو ئەرزشی بۆ بیرو رای ئەوان داناوە کە جێگای پیزانینە (وتوویژەکان، بابەتەکان)

لە ئاست زەحمەتە خۆبەخشەکانی کاک رەحمان نەقشی زۆر خالی دیکە هەن کە جێگای ئاماژە بن بەلام بۆ ئەوەی نووسراوەکەم زۆر دورودرێژ نەبێتەوە لە کۆتاییدا وێرای دەستخۆشی و تەمەندرێژی و سەرکەوتنی زیاتر بۆ کاک رەحمان ئاواتەخوازم کە کۆمەلگای کوردەواری بە گشتی و دۆستان و هاورێیانی کاک رەحمان بە تایبەتی ریز و سپاس و پێزانینی خۆیان بۆ کارەکانی ئەم جۆرە کەسانە بە شێوەی هاوکاری جواروجۆر دەرببڕن و بتوانین بە هەمووەمان لە داهاتوویەکی نیزیک دا سەرو سامانێک زیاترو ئۆرگانیزە کراو بدەین بەم جۆرە کارو کەسایەتیە پر وزەو و بەسەلیقانەی کاری راگەیاندن کە هەم داهاتووی پر لە رووناکی ئەوان مسۆگەر بێت و هەم خۆمان لە بەرهەمی ئەو هاورێیانەمان زیاتر بەهرەمەند بین.

هەر بژی و سەرکەتوو بی کاک رەحمانی بەرێز و نموونەتان زۆر بێت، بە پێ پێویستی ئێوە، بە قەلەمی کولی خۆم تا ئەو جێگایە توانایی نووسین و لێکدانەوەم هەبێت لە داهاتووشدا بۆ هاوکاریتان لە خزمەتدام.

دەگەڵ رێز

کوێستان گادانی

٤ - ٣ - ٢٠١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٩

## د. قاسملوو، ئولگوویەک بۆ هەموو وەرزەکانی ژیان

زۆر کارێکی دژوارە کە پێنووسی کولی من بیهەوێ لەسەر کەسایەتییەک بدوێ کە دەرفەت و شانازیی کاری ڕۆژانەم دەگەڵی نەبووبێ، لە ناوەندی بڕیاردان و کاری ئۆرگانیدا شانازیی ئەوەم نەبووە لە خزمەتیدا بم، بەڵام هاوکات هەر لە دەستپێکی کاری سیاسیمدا ئەم کەسایەتییە ڕێبەرەم بە یەکێک لە ئۆلگووەکانی خۆم هەڵبژاردوە. دژوارتر لەوە ئەوەیە کە بتهەوێ لەسەر کەسێک بدوێی کە لە کات و زەمانی خۆیدا ڕێبەر و کەسایەتییەکی خەڵلاق بووە و، منی قوتابیی قوتابخانەی شۆڕشی ئەوکات دوای ٣٠ ساڵ لە شەهید بوونی بمهەوێ کاریگەریی ئەم کەسایەتییە لە ژیانی حیزبیمدا دەرببڕم. هەموو منداڵ و لاوێک تا دەگاتە کات و ساتی بڕیاردان و هەڵبژاردنی ڕێگای ژیانی خۆی دەکرێ بڵێین کە لەژێر کاریگەریی شێوە ڕوانینی بنەماڵەی خۆیدایە. بە تایبەتی لە کومەڵگەی کوردەواریی خۆماندا و ئەویش ٣٠- ٤٠ ساڵ لەمەوبەر کە ئەم کاریگەرییە بەرچاوتر بوو لەچاو سەردەمی ئێستا. کەواتە ناسین و خۆشەویستیی ڕێبەری شەهید و هەروەها کاریگەریی لەسەر ژیانی من هەر لە سەردەمی منداڵیمەوە واتە لە تەمەنی ٦ - ٧ ساڵیدا لەژێر تەئسیری خۆشەویستی و تێکەڵاویی بنەماڵەمان دەگەڵ ڕێبەری شەهید؛ دوکتور قاسملوو دەستی پێکردوە. ئەم هەست و سۆز و خۆشەویستییە لەم کاتەوە تا ئێستا و لە داهاتووشدا بۆ یەک ساتیش لە ژیاندا نە کەم بۆتەوە نە کەمیش دەبێتەوە. بە نیشانەی ڕێزلێنان لە کەسایەتیی بەرزی شەهید قاسملوو، لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا هەوڵ دەدەم لە چەند خاڵدا باسێک لە کاریگەریی بەڕێزیان لەسەر حیزبی بوونی خۆم بەکورتی بکەم؛

### یەکەم، کۆمەڵایەتی بوون و ڕووخۆش بوونی

لە کۆمەڵگەی کوردەواریی ئێمەدا باوە کە ئەگەر کەسێک لە هەر بوارێکەوە لە کۆمەڵگەی خۆیدا لێهاتووییەک، خوێندەواری یان دەسەڵاتێکی مادی و مەعنەویی بەرچاوی هەبێ، بە شێوەیەک بەرخوردی دەگەڵ دەکەن کە ئەگەر ئەم کەسە کۆمەڵگەی خۆی بە باشی نەناسێ و ژیرانە ئاگای لە خۆی نەبێ ئەم گەورەکردنەوە و ڕێزلێگرتنە تایبەتییە، بە زەرەری کەسایەتییەکە و بگرە کۆمەڵگەش تەواو دەبێ. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەورانی ڕێبەری شەهیدمان، کۆمەڵایەتی بوونی ئەو، تێکەڵاوی و هەڵسوکەوتی دەگەڵ خەڵک هیچکات ڕێگای بەوە نەدا کە ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە، ئەو بکاتە کەسێکی جیاواز و دوور لە خەڵکەکەی خۆی. هەرچەندە ئەو ئێلێمانانەی کەوا دەرەنجامی ئەم دیاردە ناشیرینەی لێ دەکەوتەوە بەڕادەیەکی زۆر لە دوکتور قاسملوودا هەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەی د.قاسملوو لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و بە ناوبانگ گەورە ببوو، بە وەرگرتنی بڕوانامەی دکتورا لەو کاتەدا کە بە دەگمەن خەڵکی لای خۆمان تەنانەت هەتا وەرگرتنی

لیسانسیش هەڵکشابوون، گەڕانەوەی لە ئورووپا و زانینی چەند زمانی بیانی و هتد؛ بەڵام دیموکرات و عەداڵەتخواز بوونی ئەو مەجالی بۆ چەسپاندنی ئەم دیاردەیە نەهێشتەوە.

ماوەیەک لە دەورانی منداڵی مندا بەڕێزیان بە ناوێکی موستەعار لە ماڵی ئێمە ژیاون، بەڵام هەر ئەوکات گەورەیی ئەوم لە ئاکاریدا هەست پێدەکرد کە هیچ کات خۆی لە ئێمە بە زۆرتر نەدەزانی و لە ساڵانی دواتریشدا، زیاتر سەلماندی کە ئەم شێوە ئاکارە کارێکتێری بەرزی بەڕێزیان بوو کە یەکێک لە دەرسەکانی بووە بۆ ئێمە.

## دووهەم. خوێندنەوەی تاکەکان و ڕێز لێگرتنیان

لە کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنە ڕەسمییەکانی حیزبیدا، کە ئێمە دەمانتوانی تێیدا بەشدار بین یان لە سەردانی بەڕێزیان بۆ قوتابخانە و لە میوانداریی تایبەت، ئارامی و لە سەرەخۆییەکی تایبەتم لە ڕەفتاری ئەم ڕێبەرەدا دەدیت. ئەوەندەی مەجال هەبا گوێگر بوو و هەوڵی ڕێنوێنی کردنی دەدا و ئەگەریش وڵامێک نەبا یان شوێنەکە بۆ باسەکە گونجاو نەبا زۆر جار دەمانبیستەوە کە بەدواداچوونی بۆ کردوە. ڕەنگبێ زۆر جار چارەی کێشەکانیش نەکرابێ، بەڵام گرینگ ئەوە بوو بەهەر شێوەیەک لێپرسینەوە و بەدواداچوونی دەکرد جا لە ڕێگای ئۆرگانی پەیوەندیدار یان بە شێوەی ڕاستەوخۆ بووبێ. ئەم گوێڕاگرتن و گرینگی پێدانە کارێکی وای کردبوو کە تەنانەت لە لایەن ئەو کەسانەوە کە چارەسەری کێشەکەشی بۆ نەدەکردن، یان دەگەڵیان بە ڕێککەوتن نەدەگەیشت بە ڕێزەوە باس دەکرا. لەم ڕێبەرە مەزنەوە فێر بووین کە دەبێ ئارامیی خۆمان لە کات و ساتی تایبەتدا بپارێزین و بە زمانی ڕێزەوە دەگەڵ خەڵک بدوێین کە هەستی متمانە لە نێواندا پێک بێ. فێر بووین لە هەر کاتێک و لە هەر دۆخێکدا ڕۆحی ئاریکاریمان هەبێ.

## سێهەم. گرینگی دان بە پەروەردە

پەروەردەی ئاکادێمیک ئەزموونی زۆری بە دوکتور قاسملوو لە ڕێگای فێربوون و خۆ پێگەیاندن بەخشیبوو، ڕێبەری ئێمە دەگەڵ ئەوەی لە زانکۆی فەرمیی دەوڵەتیی بەبۆنەی خەباتەوە وانەی نەدەگوتەوە، بەڵام لە کەمترین ئیمکاناتدا هەوڵی پەروەردەی بەرەی داهاتووی لە شاخەکان و لە زانکۆی سیاسیی حیزبدا هەر دەدا. ئەو ئێمەی فێر کرد کە خوێندن هەر بۆ ناو و ماڵ نییە، بەڵکوو پەروەردە و فێرکردنی نەوەی نوێی کۆمەڵگە بۆ ئاوەدانی دوارۆژی نیشتمان پێویستە. یەکێک لە وانەکانی لەم بوارەدا ئەوە بوو کە بەبێ چاوەڕوانی، زانست و تێگەیشتنەکانمان لەنێوان هاوڕێیانماندا بەش بکەین.

ڕێبەری شەهیدی ئێمە پێداگر بوو لەسەر ئەوەی ئێمە بە جیاوازییەکانمانەوە جوانین و ڕەنگاوڕەنگی، نەخشێکی جوان

دەخـولقێنی و، تەمـرینێکە بـۆ دێموکراسـی. ئەم شـێوە پەروەردەیە لە ڕوانـگەی مـنەوە، هەم وەک قوتــابی، هەم وەکــوو پێشمەرگە و کـادرێکی ئەم حیـزبە و چـالاکی مـافی ژنـان و ... کـاریگەرییەکی زۆری لەسـەرم هەبـووە. هەروەهـا دەبـێ بڵێم بەگشتی نەسلی ئێمە هەموو کارتێکەریی ئەم وانانەمان لەسەر بووە؛ کە بەدڵنیاییەوە لە هەندێکماندا ڕەنگدانەوەی زیـاتری پێوە دیارە. کاتێک دەمدیت چۆن بۆ مافی ژنان و چالاک بوونی ژنان هەوڵ دەدا و دەگەڵ ئەوەی زۆر کۆسپی کولتووری لەسەر ڕێگای پێگەیاندنی ژنان دەهاتە سەر ڕێی، بەڵام هیچکات شلوێ نەدەبوو و، تەنـانەت هەمیشە هانـدەری ژنـانی نیـو مـاڵێش بوو کە لەو بوارەی خۆیان پێیان خۆشە کار بکەن و چالاک بـن. بـۆیە ئێسـتاش چـالاکیی مانـدوو نەناسـانەی ئەو بەرەیە لە ژنان درێژەی هەیە و جێپێیان لە دەوروبەری خۆیان تێپەڕیوە و زۆربەیان بوونەتە ئۆڵگوو بۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## چوارەم. کەسایەتیی ناسراو و دیپلۆمات

ئێستا کە ئاوڕ لە دنیـای دیپلۆماسی و سیاسیی کورد دەدەمەوە، ئێشی لەدەستدانی ڕێبەری دیپلۆماتمـان بەژانتر دەبێ. من هەمیشە لەو بڕوایەدا بووم کە هەڵسەنگاندن دەبێ بە پێوەری کـاتی خـۆی بـێ نەک بە پێوەرەکـانی ئێسـتا. دکتـور قاسملوو دیپلۆماتێکی بێوێنە بووە لە سی_چل ساڵ لەوە پێشدا، هەر ئەوەش وای کرد کە تەنیا کەسایەتیی حیزبی و کورد نەبێ و بەڵکوو زۆرێک لە ئێرانییە سیاسییەکانیش وەک سەرمایەیەکی ئێرانی و نێونەتەویی ناوی ببەن. زانینـی چەنـدین زمـانی گرینگ، شارەزا لەسەر دۆخی کوردستان، ئێران و نـاوچە و جیهـان، بەڕۆژ و ئـاپـدەیت، لە هەمووی گرینگتر شارەزا بەسەر ویست و خواستی دوژمـن (واتە بەتەواوی ناسینی دوژمـنەکەی)، پـارێزەری بەرژەوەنـدیی گەل و حیـزبەکەی، هێشـتنەوەی سـەربەخۆیی سیاسـی و بڕیـاردانی سـەربەخۆ، پێکهێـنەری پێوەنـدیی دوولایەنە، بە پـلان و بەرنـامە کـار کـردن، بە وەخت هێنـانە بەر باسـی خـاڵە گرینگەکـان دەگەڵ لایەنەکـان و ... خـاڵە سـەرکەوتووەکانی شـێوەی کـاری دیپلۆماسیی ڕێبەری ئێمەیـان پێـک دەهێنـا. ئەگەر ئـێمە درێژەدەرانـی ڕێگـای ئەم شـەهیدە و ڕێبـازی دێمـوکرات، تەنیـا هەنـدێک لە خـاڵە بەهێزەکـانی ئەم ڕێبەرەمـان لە بـاری دیپلۆماسییەوە ڕەچـاو کردبـا؛ بەدڵنیـاییەوە ئێسـتا لەم بـارەوە دەسکەوتی باشـترمان دەستەبەر دەکرد. تواناییەکـانی دوکتـور قاسملوو ئەوەنـدە لەسـەرەوە بـوو کە نەوەک تەنیـا هاوڕێیـانی بەڵکوو دوژمنانیشی ناچار بە دانپێدانان کردبـوو. هیـوادارم ئەم کاریگەرییـانەی لەم چەنـد خـاڵەدا زۆر بەکـورتی باسیان کـرا، لەسـەر منیش و هاونەسلەکانیشم ڕەنگدانەوەی مەیدانیی زیاتری هەبێ.

لە کۆتـاییدا پیویستە بڵێم بێگومـان بەشێک لە هاوسـۆزیی من بـۆ ڕێبەری شەهیدمان بـووە هـۆی ئەوەی کە ئەم نووسراوەیە بنووسم، بەڵام لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندییە باشەکانی ئەو پێوەندی بە خۆشەویستیی منەوە نییە. لە کاتێکیشدا ئەگەر هەستم کردوە کە پێویستە ڕەخنە لە کار و بڕیارێکی دوکتور قاسملوو بگرم، بەڕێزەوە ئەو کارەم کردوە چونکی بۆخۆی

هەمیشە لەو بڕوایەدا بوو کە ڕەخنە گرتن بۆ بەهێزتر بوون و باشتر بوونە.

هاوکات لەگەڵ ئاڵوگۆڕی خێرا و بەپەلەی دنیای دەوروبەرمان ئێمەش دەبێ حەول بدەین لەگەڵ ڕەوتەکاندا بڕۆین. پێویستە گۆڕان بەسەر خۆماندا بێنین و ئەمەش دەرسێکی دیکەیە کە لە خوێندنگەی ڕێبەری شەهیدمانەوە فێر بووین، کە وشیارانە چارەسەر بۆ کێشەکانمان ببینینەوە و دڵنیام ئەگەر دوکتور قاسملووش لە ژیاندا مابا؛ دەگەڵ ئاڵوگۆڕی ئەم سەردەمەی ئێستا خۆی ڕێک دەخست.

یاد و ناوی ڕێبەری شەهیدمان هەر دەم پیرۆز بێ و ڕێگا و ڕێبازی دێموکرات بۆ گەیشتن بە ئامانجمان هەر پایەدار بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٣ی جووڵای ٢٠١٩

---

## جەلیل گادانی کەسێکی نەتەوەیی و پابەند بە پرینسیپەکانی دیموکراتەکان بوو

**دکتۆر کویستان گادانی:**

**چەند ڕۆژ لەمەوبەر جەلیل گادانی یەکێک لە تێکۆشەرە کوردەکان و یەکێک لە ئەندامە هەرە دێرینەکانی حزبی دیموکرات لەم جیهانە ماڵئاوایی کرد.**

**کاک جەلیل حەفتا ساڵی لە تەمەنی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتکردنی گەلەکەی و لەو ماوەیەشدا ١٠ی زیندان بوو. ئەمە بەشێکە لە ژیانی ئەو مرۆڤە وەکو هەڤالان و دۆستانی باسی دەکەن.**

**ئاخۆ مرۆڤ چۆن دەڕوانێتە ئەو کەسەی کە ٧٠ ساڵ لە ژیانیدا لە پێناوی مافەکانی گەلەکەیدا تەرخان کردبوو؟**

**کاک جەلیل چ تایبەتمەندییەکی هەبوو و یاخود چ شتێک ئەوی لە کادیران و ڕێبەرانی تری حزب جیای دەکردەوە؟**

**ڕوانینی ئەو بۆ خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە چ شێوەیەک بوو؟**

**چ ڕۆڵێکی لە ناو دیموکراتەکاندا هەبوو وە ڕوانینی ئەو سەبارت بەم دابەشبوون و جیابۆنەوەیە؟**

**کاک جەلیل خاوەنی ٧٠ ساڵ خەباتە کە بەلای کەم ١٠ ساڵی لە زیندان بەسەر بردووە، ئەمە چ وانەیەکە بۆ گەلێک کە هێشتا بۆ مافە سەرەتاییەکانی تێدەکۆشێت و بە تایبەت بۆ لاوان و نەوجەوانەکانی؟**

**تا چەند ناکۆکی نێوان پارت و لایەنە کوردییەکان وایکردووە هەستی کوردایەتی و نەتەوایەتی وا کاڵ ببێتەوە کە مرۆڤەکان لە جیاتی ئەوەی وەکو کەساتیەکی کوردی تەماشا بکرێن، وەکو ئەندامی فلان پارت، یان فلان ڕێکخراوە تەماشا دەکرێن؟**

دکتۆر کوێستان گادانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان و برازای جەلیل گادانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا دەڵێت:" کاک جەلیل ئەوەندە ئینسانێکی نەتەوەیی بوو کە زۆر ئاسانە بڕوانی ئەو ئینسانە بە چ بیر و باوەڕێکەوە توانی ڕەنجی ٧٠ ساڵ لە خەبات و تێکۆشاندا بکێشێت، کاک جەلیل لە دەورانی کۆمار قوتابی کۆمار بووە، قوتابی پێشەوا قازی مەحەممەد بووە و هەر لەو کاتەشەوە سوێندی خواردووە بۆ رزگاری نەتەوەیی تێبکۆشێت، بۆیە یەک خولەکیش لە بیر و باوەڕی کەم نەبۆتەوە کە ئەوە ئولگۆیەکە بۆ گەلی کورد و نەوەکانی دووای خۆی و هەر لەم ڕۆژانەدا و بە تایبەت لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە زۆرتر بۆمان دەرکەوت کە کەسایەتیەکی نەتەوەیی، خۆنەویست و سیاسی ڕاستەقینە".

کویستان خانم هەر وەها دەڵێت: نەتەوەیی بوونی کاک جەلیل وایکردبوو پەیوەندی و چالاکییەکی سیاسی لە مێرمنداڵیەوە دەستپێبکات ، کە ئەم کارە سیاسیە و دیپلۆماسیەی وایکردبوو (نێت ووركێكی) پان و بەرینی لە نێو کوردستان و ئێران دروست بکات و بگرە ئەم بارە نەتەوەییەی وایکردووە کە هیچ کات بە شوێن بەرژەوەندی خۆیدا نەبێت و خۆبەخشانە کار بکات.

دکتۆر کوێستان دەشڵێت: کاک جەلیل لە هەموو پلەکانیدا لە نێو دیموکراتەکان تا گەیشتن بە ئاستی سکرتێر و پاشانیش وەکو ئەندامێک، وەکو کادرێکی دێرین و تێکۆشەر نەخشی خۆی گێڕاوە، ڕۆڵی ئەو لە نێو دیموکراتەکاندا هەر بەرپرسیارەتی وەرگرتن نەبوو، ئەو کاریگەری لەسەر هەموو چین و توێژێکی دیموکراتەکاندا بوو، وە بنەماڵەی دیموکرات بە گشتی و شوێن پەنجەی لە نێو لاوان، ژنان و شەڕی چەکدار دیارە وە کەسایەتیەکی خاوەن دیسپلن بووە لە چاوچێوەی کاریدا لە نێو دیموکراتەکان.

سەرچاوە: بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا – ڕێکەوتی: ٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## کۆمەڵگەی ئێران و شەرعییەتی نیزامی سیاسیی کۆماری ئیسلامی

ساڵی ١٣٩٧ لە لایەن هیندێک لە کۆمەڵناسان، سیاسەتمەداران و ئەنیستیتوو و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و پلاندانانی سیاسی، بێمتمانەیی خەڵک بە سیستمی بەڕێوبەری وەک قەیرانێکی بێمتمانەیی جیهانی کە بەرۆکی سیستمی دەوڵەتداری و بەڕێوبەریی گرتۆتەوە، دەستنیشان کرا. ئەوان لەو بڕوایەدا بوون کە وشەی متمانە لە ساڵانی داهاتوودا دەبێتە شتێکی بەدەگمەن لە جیهاندا و دەسکەوتن و دەستنیشان کردنی دژوار دەبێ. لە ڕاپرسییەکدا کە لە ٣٦ وڵات کرابوو، تەنیا ١٤% لەو باوەڕەدا بوون کە دەوڵەت، سیاسەتمەدارن و نوخبەکانیان لە وڵاتەکەیان لە بەرژەوەندیی وڵات و خەڵکدا کار دەکەن. ئەوانی دی زیاتر بە گلەیی و گازەندە بوون و لە بە کەم گرتنی توانای کارزانی و لێزانیی سیستمی بەڕێوبەریی وڵاتەکەیان دەدوان. لە هیندێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکان تا ڕادەیەک دەست بە لێکۆڵینەوە لە بواری متمانەی خەڵک بە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات کراوە بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا بتوانن پێش بە بێمتمانەیی بگرن و سیستمی بەڕێوبەریی وڵاتیان بپارێزن.

ئەم لێکۆڵینەوانە بە پشتبەستن بە هیندێک چەمکی زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی هەوڵیان داوە هۆکارەکانی ئەم بێمتمانەییە بە نیزام و دەسەڵاتی بەڕێوبەری شی بکەنەوە. لە ڕوانگەی توێژەرانەوە متمانەی سیاسی بە یەکێک لە ئەساسیترین پاڕامێتر و سەرمایەی کۆمەڵگە بۆ هەر شێوە حکومەت کردن و نیزامێک دادەنرێ. بێمتمانەیی سیاسی دەبێتە هۆی نەمانی ئەنگیزەی بەشداریی کاری سیاسی، هەروەها دۆخێک کە خەڵک هەست بە ئەمنییەت نەکا و ئەمەش بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانێ ڕۆڵ و ئەرکی خۆی وەک هاووڵاتییەک بەجێ بگەیەنێت.

لە زانستی سیاسیشدا پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و حاکمییەت وەک گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی باس دەکرێ و لەسەر ئەم ئەساسە خەڵک متمانەیان دەخەنە بەر دەستی دەسەڵاتداران و لە بەرامبەردا چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی گونجاو و کرداری شیاو لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەن.

متمانە وەک ئەمانەتییەک لە لایەن خەڵکەوە لە لای نیزام دادەنرێ و ئەگەر دەسەڵات بتوانێ لە ئاستی ئەم متمانە پێکردنە ئەمنیەت، خۆشبژێوی و گوزەرانی باش بۆ خەڵک دابین بکا، متمانەی خەڵک بە دەسەڵات زیاتر دەبێ و دەسەڵاتیش لە ستاتووی خۆیدا بەردەوام دەبێت. لە پێچەوانەی ئەمەدا متمانەی سیاسی ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێ و خەڵک مل

بۆ بڕیارەکانی دەسەڵات و نیزامی بەڕێوبەریی وڵات ڕاناکێشن، ئەمەش لە نیهایەتدا لێک ترازان و گۆڕینی نیزامی سیاسیی بەدوودا دێت. لەلایەکی دیکەوە لە پەرەئەستاندنی بێمتمانەیی سیاسیدا، بێمتمانەیی ئابووریش دێتە کایەوە و، بۆ ئەم وڵاتانەی سیستمێکی ئابووریی سەقامگیریان نییە، بێمتمانەیی ئابووری زیاتر لە بێمتمانەیی سیاسی کاریگەریی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دەبێ کە لە نیهایەتدا هەموو جومگەکانی حاکمییەت لەکار دەخا و دەسەڵاتی سیاسی شەرعییەتی بەڕێوبەریی و ئۆتۆریتەی خۆی لەدەست دەدا.

یەکێک لەم وڵاتانەی لە بێمتمانەیی کۆمەڵگە لە ئاست حاکمییەتی سیاسی لە فازی هەڵدێردایە، کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. بێمتمانەیی خەڵک بە دەسەڵات بە ڕادەیەکە بەردەوام ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا نیزامی سیاسیی ئێران شەرعییەتی خەڵکیی هەیە و ئەگەر نا ئەدی چۆنە هەر بەردەوامە؟

بە سەرنجدان بە بارودۆخی ئێستای ئێران لە سێ گۆشەنیگای ئابووری، شەفاف نەبوون، و بە هێند نەگیرانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانین بڵێین کە بێمتمانەیی شەرعییەتی نیزامی سیاسی لە ئێرانی بەتەواوی هێناوەتە ژێر پرسیار.

دوای هاتنەدەرێی ئامریکا لە بەرجام و گەڕاندنەوەی سزاکانی سەر ئێران، بایەخی دراوی نیشتمانیی ئێران دابەزینێکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە و بووەتە هۆکاری هەڵاوسانێکی زۆر. لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٨ تا مانگی گەلاوێژی ١٣٩٩ لانی کەمی بژێوی ژیان لە ٤،٩٤٠،٠٠٠ تمەن ڕا گەیشتووەتە ٧،٥٠٠،٠٠٠ تمەن؛ یانی لە ماوی ٦ مانگدا لانی کەم نیزیک بە ٣ میلیۆن واتە٦٠٪ زیادی کردوە. "سبد معیشت" کە پێناسەیەکە بۆ لانی کەمی بودجەی ژیان، ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بووندایە، بێکاری زیاتر بووە و پێڕاگەیشتن کەمتر. هاوکات بارودۆخی کرۆنا ئەوەندەی دیکەش ناکارامەیی حاکمییەت و دژیگەلی بوونی ئەم ڕێژیمەی دەرخست کە چۆن لە کاتێکدا خەڵک بۆ سەرەتاییترین پێداویستیی وەک دەمامک و پاککەرەوە داماون، بەڵام سامان و دارایی وڵات لە دەرەوەی سنوورەکان بۆ مەرامە ئیدۆلۆژیکییەکانی ڕێژیم خەرج دەکرێ.

متمانە لە پێوەندیی دوولایەنەدا کاتێک جێگیر دەبێ کە شەفافییەت هەبێ و شەفافییەتی نێوان خەڵک و دەسەڵات بە یەکێک لە بنەما گرینگەکانی متمانەی کۆمەڵایەتی دادەنرێ. بەڵام هەر ئاماژەدان بە چەند ڕووداوێکی ساڵانی ڕابردوو وەک پەراوێزەکانی خۆپیشاندانەکان، بەردانەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە و بڵاوبوونەوەی کرۆنا و بڵاوکردنەوەی ئاماری ناڕاست لە ئێران پێمان دەڵێن کە ڕێژیم چەندە لەگەڵ خەڵک ناڕاست و خەڵکیش چەندە بە نیسبەت حاکمییەت بێمتمانەن.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتدا مەگەر زانیارییەکی زۆر تایبەت کە پێوەندیی بە ئەمنیەتی نیشتمانییەوە هەبێ،

ئەگینا زۆربەی ئامار و زانیارییەکان بە دەقیقی دەخرێنە بەردەستی خەڵک و ئەوەش لە پێناو متمانەی کۆمەڵگە بە دەسەڵاتە کە دەکرێ. بەڵام لە ئێران بە پێچەوانە، ئەوەی جێی بەقا نییە قسە و لێدوانی کاربەدەستان و ئامارە ڕاگەیەندراوەکانی حکوومەتە.

کە باس لە وڵامدانەوەی چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە سیستمی دەسەڵاتدار دەکرێ، یەکێک لە سەرەکیترین ئەرکەکان سەرنجدان بە خواستی کۆمەڵگە و بایەخدانان بۆ ویستی گشتییە. لە وڵاتێکی وەک ئێران بە هۆی باکگراوندی دانیشتووانی و مێژووی ئەم وڵاتە، بەو هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و جۆراوجۆریی مەزهەبی و چینایەتی، ویستی خەڵک مافە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتییە دانپێدراوەکانیانە، ئەو ماف و داخوازە ڕەوا و بەرحەقانەی لە بیاڤەکانی ئەندێشە، کۆمەڵگە و هاوبەشی سیاسیدا هەیانە بەڵام دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەک بۆ خەڵکی بەڕەوا نابینێ، بە هەموو شێوەیەکیش لەدژیان دەوەستێ.

کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی بە جموجۆڵ و زیندوویە، لەوە تێپەریوە کە گوێ بۆ بەرپرسی نابەرپرس و دروشمی پڕ باق و بریقی بێ کردەوە ڕابگرێ. ئەم کۆمەڵگەیە لە ڕێبەر و بەڕێوبەری تێگەیشتوو، خەڵکی، لێزان و بەتوانا دەگەڕێ کە بتوانێ متمانەی پێ بکا و جڵەوی ئیدارەی وڵاتی بداتە دەستی. لە سیستمە دێموکراتیکەکاندا چالاکانی مەدەنی، ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتییەکان و حیزبەکان نەخش و ڕۆڵێکی تایبەت و بەرپرسانەیان لە سەقامگیریی حکوومەتدا هەیە و ئەگەر پێویست بێت لە بەرژەوەندیی خەڵک و کۆمەڵگەدا شوێنکاری بەهێز و دیاریان لە ئاڵوگۆڕی سیستمی دەسەڵاتی وڵاتیشدا دەبێ. بەڵام لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا دەسەڵات دەستی لە بینەقاقای کۆمەڵگەی مەدەنی داوە و بە قەدەغە و سنووردار کردنی تێکۆشانی سیاسی ڕێگەی لە هاوبەشیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵک گرتوە.

ڕێژیمی سیاسیی ئێران بۆ ڕاگرتنی جەماوەر هەر جارە و بە وادە و بەڵێنێک، خەڵک چاوەڕوان دەکا و بە پێدانی دڵۆپەهیوای گۆڕانکاری لە هەڵبژاردنە موهەندیسی کراوەکانیدا هەوڵ دەدا بە ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان وا نیشان بدا خەڵکی لەگەڵە. لێرەدا بۆ نموونە تەنیا تیشک دەخەینە سەر پرسی ژنان و موهەندیسی کردنی دەنگی ژنان لە هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدا.

ڕوون و ئاشکرایە کە ژنان لە نەبوونی کۆمەڵگەیەکی کراوە، یەکسان و دێموکراتدا، چەند قاتی پیاوان دەچەوسێنەوە و ئەم دیاردەیەش لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هۆی کۆمپلێکس بوونی ناوچەکە و ناسەقامگیریی دەسەڵات زیاتر بەرچاوە. لەو نێوەدا بارودۆخی ژنان و مافەکانیان لە ئێران لە چاو وڵاتانی دراوسێشی زۆر لە پاشترە. ژنان لە ئێران بە هۆکاری

سیاسی، نەتەوەیی، داب و نەریت، ئایین و ڕوانگەی پیاوسالاریی دەسەڵاتی سیاسییەوە پتر لە بەشمەینەتی دابوون، بەڵام چونکی کۆمەڵەیەکی زیندوون و دەستیان بەرنەداوەتەوە، ماتەوزەیەکی هێندە بەرچاون کە ڕێژیمیش ناتوانێ نادیدەیان بگرێ و هەموو کات هەوڵی داوە ئەم ماتەوزەیە بە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی خۆی مودیرییەت بکا.

هەر دوو باڵی ڕێژیم لە گەمە سیاسییەکانی خۆیان و بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا هەوڵیان داوە بە قامکدانان لەسەر ماف و خواستەکانی ژنان سەرنجی ئەم بەشە یەکلاکەرەوەیەی کۆمەڵگە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و دەنگەکانیان وەرگرن. دیارە بەشداریی ژنان و هیوا هەڵچنینیان لەسەر وادە و بەڵێنی باڵە سیاسییەکانی دەسەڵات (بەتایبەت لە بەرژەوەندیی ڕیفۆرمخوازەکان) لە زۆربەی هەڵبژاردنەکاندا دیار و بەرچاو و تەنانەت یەکلاکەرەوە بووە. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە باڵە سیاسییەکان چۆن دەتوانن سواری شەپۆلی مافخوازیی ژنان بن و ژنان بە پێی ئەزموونی دەیان ساڵەی هەوڵی لەو چەشنەیان، چۆن دەتوانن خاڵی کۆتایی لەسەر ئەم سووڕی باتڵە دابنێن؟ ژنان کە بەشخوراوترین توێژی کۆمەڵگەی ئێرانن و لە چوارچێوەی نیزامی ئیدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامییدا ناتوانن کەمترین ماف و داواکانیان هەبێ، بۆچی دەبێ متمانە بە دەسەڵات بکەن و ڕێگە بدەن بۆ مەرامە سیاسییەکانیان بەکاریان بێنن؟ سروشتییە کە ژنانیش وەک بەشێکی کۆمەڵگە فریوی دروشمەکانی ڕیفۆرمخوازەکانیان خوارد. کاتێکیش دەرکەوت هیچ کام لە باڵە سیاسییەکانی ڕێژیم ناتوانن ماف و داخوازە سیاسی، مەدەنی و ڕەگەزییەکانی ژنان لە بەرنامەکانی خۆیاندا بگونجێنن، ئەوانیش پشتیان تێ کردن. بەشداریی یەکجار کەمی خەڵک لە تازەترین هەڵبژاردنەکانی "میان دەورەیی"ی مەجلیس و ئاماری زۆر کەمی بەشداریی ژنان لەو هەڵبژاردنانە دەری دەخا کە دەسەڵاتی سیاسی بەتەواوی متمانەی خۆی لە دەست داوە.

**ئێستا سەرباری ئەوەی باس کرا متمانەی خەڵک بە دەسەڵات و حاکمییەتی سیاسی لەو پەڕی لاوازیی خۆیدایە، ئەدی هۆکارەکانی مانەوەی ڕێژیم لە دەسەڵات بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

**لە وەڵامی کورتی ئەم پرسیارەدا دەتوانین ئاماژە بەم سێ خاڵەی خوارەوە بکەین:**

**یەکەم**: جەناحە سیاسییەکان لە ئێران لە پلاندارێژی و ئیدارەی وڵاتدا یەکتر خەتابار دەکەن، سووچی قەیران و نەهامەتییەکان دەخەنە پاڵ یەکتری و هەم لە نێو دامودەزگا نێوخۆییەکاندا یارگیری دەکەن و هەم لە پێوەندیی نێودەوڵەتیشدا بەو گەمەیە چاوەڕوانیی گۆڕان دروست دەکەن و بۆ ئەو گۆڕانەش - کە ناکرێ - سەرنج و پشتیوانیی لایەن و وڵاتەکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. ئەو دابەشینەی کار و گوتارەی دوو قۆڵی ڕێژیم هەتا ئێستا بووەتە هۆی لەخشتە بردنی خەڵک و کۆمەڵگەی جیهانی و لە بەرژەوەندیی نیزامی سیاسیی ئێراندا شکاوەتەوە. بە واتایەکی دی یەکێک لە

هۆکاری بەردەوامیی ئەم نیزامە سیاسییە یەکگرتوویی ستراتیژیی جیناحەکانی نێو دەسەڵاتە.

**دووهەم**: نەبوونی ئالترناتیڤ لە نێوخۆی ئێران کە ئەم ئالترناتیڤە تا ئێستا شتێک نەبووە بێجگە لە جێگۆرکێی باڵەکانی نێو ڕێژیم. واتە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا نەیتوانیوە ئەوەندە هێزمەند بێ کە خۆی وەک جێگرەوەی دەسەڵاتی سیاسی وێنا بکا و وەک بەدیل بتوانێ هەم پشتیوانی دەرەکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و هەم زەرفییەتەکانی کۆمەڵگە لە پشت خۆی بەسیج بکا.

**سێهەم**: هۆکار بۆ شێوەی مامەڵەی کۆمەڵگەی جیهانی لەگەڵ ئێران دەگەڕێتەوە. ئەو کایە بەناوبانگەی وڵاتانی دەرەوە دەگەڵ ئێرانە کە بریتییە لە یەک هەنگاو بۆ پێش و دوو هەنگاو بۆ دواوە. بەرژەوەندخوازیی وڵاتانە بەهێزەکان و پێکناکۆکیی بەرژەوەندیی ئەم وڵاتانە وای کردوە کۆماری ئیسلامی بتوانێ هەتا ئێستاس بە قۆستنەوە و مودیرییەتی ئەو ناکۆکییانە ڕێژیمەکەی خۆی لەسەر پێ ڕابگرێ کە "بەرجام" یەک لەو لێکەوتانەیە.

**ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم پارامێترە دەرەکی و نیوخۆییانە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ ئەستاندنەوەی یەکجارەگیی متمانەی خەڵک و بەردەوامی زیاتری ئەم حکومەتە؟**

بێگومان هەر نیزام و دەسەڵاتی سیاسی مانەوەکەی بەندە بە سێ پارامێتر: سەلماندنی هێز، نەهادینە کردنی هێز و مەشرووعییەتی هێز؛ کە ئەم سێ پاڕامیترە لە نێوخۆی وڵاتدا دەبێ پشتیوانیی لێ بکرێ کە ئەمەش لە ئێراندا لەوپەڕی لاوازیی خۆیدایە. هەل و کات و بواریش بۆ کۆکردنەوەی متمانە لەبەردەستی ڕێژیمدا نییە. ئەم متمانەیەی کە ڕێژیم بە سیاسەت و کردەوەکانی لە چوار دەیەدا نەیهێشتوە و لەبەینی بردوە، نە بە هیوا و بەڵێنی نوێ دروست دەبێتەوە و نە خەڵک چیدی ئامادەن ئەم دەرفەتە بە ڕێژیم بدەنەوە، بە واتایەکی دی ژمارە پێچەوانەکانی تەمەنی ڕێژیم دەستی پێ کردوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠**

## مافی مرۆڤ لە ئێران لە دەیەی هەشتەمی پەسند کرانی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ دا.

دەگەڵ ئەوەدا کە ڕەنگە پێناسە و دەستنیشانکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن شارەزایانەوە جیاواز بێ، بەڵام هەموو بە گشتی لەسەر ئەوە کۆکن کە ماڤی مرۆڤ/مافەکانی مرۆڤ بریتین لە هیندێک ماف کە لە گەڵ لەدایک بوونی مرۆڤ هەیەتی و تا کاتی کۆتایی ژیانیشی خاوەنێتی. ئەم مافانە ڕیشەیەکی قول و هاوکات گرێدراوی بە مرۆڤەکانەوە هەیە بەبێ لە بەرچاو گرتنی ڕەگەز، ڕەچەڵەک، شوێنی نیشتەجێ بوون، زمان و ئایین. مافەکانی مرۆڤ پێدراوێکی سروشتییە و لە ڕێگای یاسای وڵاتان و پەیمانە نێودەوڵەتییەکان چاوەدێری دەکرێن و بەڕێوە دەچن بۆ ئەوەی تاکی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا لە دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆی بەهرەمەند بێت.

مێژووی مافەکانی مرۆڤ چەندین قۆناغی خۆی تێپەراندوە و بە تایبەتی لە بواری ئابووری و سیاسی گۆرانی بەسەردا هاتووە. لە هەر قوناغێکدا بەپێی هەلومەرجی جیاواز، گەشەی کردووە، لە زۆر شوێن جێبەجی کراون، لە هیندێک شوێن پێشێل کراون.

مێژووی مافەکانی مرۆڤ دەکرێ بە شیوەی گشتی بە سەر پێنج قۆناغدا پۆلێن بکەین: یونانی کۆن، کتێب و ئایینە ئاسمانییەکان، سەربەخۆیی ئامریکا لە (١٧٧٦)، ڕاگەیاندنی ماڤی مرۆڤی هاونیشتمانیانی فەرانسە (١٧٨٩) و جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨؛ کە دیارە دەکرێ جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ بە خاڵێکی بەهێز و نوختە وەرچەرخانی مێژوویی مرۆڤایەتی دابنێین.

لەم نووسینەدا بە بیانووی ١٠ی دێسامبر، ڕۆژی جیهانیی پەسندکرانی مافی مرۆڤ لە دەیەی هەشتەمی خۆیدا ئاوڕێک لە پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستاندا بدەینەوە.

ئەگەر تەنیا مافە بنەڕەتییەکان و مافە نابنەڕەتییەکان بە گشتی و بە کورتی لە ئاست بەڕێوبردنی لە وڵاتی ئێراندا چاو لێبکەین، دەبینین لە هیچ کام لەم بەشەدا ئێران بەپێی واژۆکردنەکەی خۆی وەڵامدەر نەبووە. دانیشتووانی ئێران بەپێی باکگراوندی مێژوویی، شوێنی نیشتەجێ بوون، ئایینی و ئێتنیکی و زمان وڵاتێکی فرەنەتەوە پێک دێنن. ئەگەرچی ئێران هەر بە هۆی ئەم فرە نەتەوەیی بوونەوە لە ئەگەری سیستمێکی دێموکراتیکدا دەتواندرا ببێتە وڵاتێکی نموونە، بەڵام

ڕێژیمە ناوەندگەراکانی ئێران لە دوو نیزامی سیاسیی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا و لە ٧ دەیەی ڕابردوودا بە هەموو شێوەیەک دژی مافە بنەڕەتییەکانی خەڵکی ئێران وەستاونەتەوە. بۆ نموونە ڕۆژ نییە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ مەحکووم نەکەن کە ئەم پێشێلکردنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چەند قات زیاترە.

سەرکوتی مافەکانی خەڵکی کوردستان چەند قات لە ناوچەکانی دیکەی ئێران زیاترە. لە حاشاکردن لە هەرچەشنە مافێکی سیاسی و نەتەوەیی، لە ژمارەی زۆری ئیعدام و شاڵاوی گرتن و بەندکردنی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری. لە سەرکوتی توندوتیژانەی بزاوتە مەدەنییەکان، لە ڕێگری لە خوێندن بە زمانی دایکی لە پەروەردە و بارهێناندا، لە بەشداری پێنەکردنی کورد لە ئیدارە و بەڕێوەبەریی ناوچەکانی خۆیان، هەروەها لە پەراوێزداڕاگرتنی کوردستان لە ڕەوتی گەشە و ئاوەدانی و زۆر ڕەهەندی دی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا.

نێوەرۆکی ئەم بەیاننامانە دەریدەخەن کە ئێران پابەند بە بەڕێوبرنی هیچ کام لەو کۆنڤانسیۆن و ڕێککەوتننامەیانە نییە کە بەڕەسمی ئیمزای کردوون، هەڵبەت چاونووقاندن و بەرژەوەندخوازیی هێندێک لە وڵاتانیش ئەم ئاسانکارییانەی بۆ ڕێژیم کردوە کە بێپەروا درێژە بە سیاسەتەکانی خۆی لەمەڕ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بدا.

لێکەوتەکانی ئەم شێوە مامەڵە ئەم ئاکامگیرییە دەدا بە دەستەوە کە ئەگەر وڵاتی ئێران ڕاستەوخۆ تاوانباری سەرەکیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤە لە ئێران، ئەوە وڵاتانی دێموکرات و خاوەن شوێن لە دنیاش لەوە پشکێکیان پێ دەبڕێ؛ چونکی بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەوان بە ڕژدی بەرەورووی کۆماری ئیسلامی ببانەوە و تێچووی کردەوەکانی کۆماری ئیسلامییان لەسەر زۆر کردبا، ڕێژیم ئاوا بە ئاسانی بۆی نەدەلوا گاڵتە بە هەموو پەسندکراوەکانی جیهانداگری مافی مرۆڤ بکا. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە ڕەچاوکرانی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران تەنیا لە گرەوی پشتیوانیی دەرەکی و قورسایی وڵاتە بەهێز و دەسەڵاتدارەکاندا بێ، بەڵکوو گوشاری سەرەکی دەبێ لە نێوخۆی وڵات دروست ببێ. چونکی سات و سەودای ئاشکرا و ژێربەژێری وڵاتان لەگەڵ ئێران و بێدەنگە لێکردن لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە هەتا ئێستاش یەکێک لە هۆکارەکانی ڕەگداکوتانی توندوتیژی لە ئێران و بەردەوامیی زەوتکرانی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەن.

بەپێی ڕەوانی کاری شورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵێ دوو ڕاپۆرت لەسەر ئێران ئامادە دەکرێ و ڕیپۆرتێری تایبەتیی شورای مافی مرۆڤ بۆ کاروباری ئێران (لە ئێستادا جاوید ڕەحمان) بە وردی بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە لەم وڵاتەدا دەکەن. لە تازەترین ڕاپۆرتیشدا

ئامـاژە بە بەشـی هەرەزۆری ئەم خـاڵانە کـرا کە وەک بەڵگەنـامەیەکی بەهێـز دەکـرێ پشـتی پـێ ببەسـترێ و هەر لە چوارچێوەی پەسندکراوە جیهانییەکان‌دا سزا بدرێ. بـۆ نموونە کۆڵبەرکـوژی، ڕەشبگیر و گرتنە سەرەڕۆیەکان، ئێعدامەکان، نەبوونی ئازادیی بیروڕا دەربڕین، حیجابی زۆرەملێی ژنـان، تەفقینەوەی مین و کەمتەرخەمیی ڕێـژیم لە هەڵگرتنەوەی مینە چێندراوەکان،چارە نەکردنی خۆکوژییە بەردەوامەکان، پارێزراو نەبوونی ئەمنیەتی ژیانی خەڵک لە شوێنی کار و....

سروشتییە ئەگەر دنیـای دەرەوە ئەوانە نادیـدە بگـرێ کە تـا ئیستا بەداخەوە لە تەنیشتیان تێپەڕیـوە و هەمـوو کێشـە و پرسی ئێرانی لە چالاکیی ئەتومیی ئەم ڕێژیمەدا و ڕێگا چارەکەشی تەنیا لە "بەرجـام"دا دۆزیـوەتەوە، ئاساییە کە کۆمـاری ئیسلامیی ئێرانیش لە شێوەی ڕەفتار و کردەوکانی ئێستای بەردەوام بێت.

کۆماری ئیسلامی نیزیک بە ٢٠ سـاڵە ڕێگەی نەداوە هیچ کۆمیسـێر و ڕیپـۆرتێرێکی کۆمیسیۆن و شوڕای مـافی مرۆڤـی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی ئەم وڵاتە بکا و لە نیزیکەوە و ڕاستەوخۆ بەدواداچوون بـۆ پرسی مـافی مرۆڤ لە ئێران بکەن. لە دوای "گالینـدۆپۆل" کە لە سـاڵی ١٣٧٠دا تـوانیی سـەردانی ئێـران بکـا، لەو کـاتەوە ڕێـژیم ڕێگەی بە هـیچ چاودێرێـک و نێردراوێکی نەتەوە یەکگرتووەکان نەداوە پێ بنێنە خاکی ئەم وڵاتەوە. لەو کاتەوەش ڕاپـۆرتی ڕیپـۆرتنێرە تایبەتەکـان بـۆ پرسی مـافی مرۆڤ لە ئێـران بە پشتبەستن بە ئـامار و داتـا و ڕاپـۆرتی ڕێکخراوە بێلایەنەکـانی مـافی مـرۆڤ لە نێوخـۆی ئێران و دەرەوەی وڵات ئامادە دەکرێ و، هەموو جارێکیش ئێـران ئەنگی سیاسیبوون دەداتە ئەم ڕاپۆرتـانە. هاوکـات بـوونی سۆسیـال میـدیا یـارمەتیـدەر بـووە کە کۆمـاری ئیسـلامی نەتـوانێ وەک پێشـوو جینـایەت و پێشل‌کارییەکانی لە بـواری مـافی مرۆڤدا بشارێتەوە.

ئانـدرێس ئـاگوئیلاری یەکەم ڕیپـۆرتنیر بـوو کە لەلایەن کۆمیسیۆنی مـافی مـرۆڤەوە لە سـاڵانی (١٩٨٤-١٩٨٦) بـۆ ئەم کـارە دیـاری کـرا. زۆری پـێ نەچـوو ئێـران بیـانووی پـێ گـرت و نـاوبراو بـۆ نـاڕەزایەتیدەربڕین بە ڕەفتارەکـانی ئێـران وازی لە بەرپرسایەتییەکەی هێنا. ڕینـالدو گالیندۆپۆل (١٩٨٦-١٩٩٥) کە دواتر ئەو ئەرکەی پێ سپێردرا، بەختی ئەوەی هەبـوو سێ جار سەردانی ئێران بکا، بەڵام دواجار ئەویش لەوە زیـاتر ڕێگەی پێ نەدرا. بە دوای ئەودا موریس دنبی کـاپیتورن ( ١٩٩٥-٢٠٠٢ ) وەک سێهەم ڕیپـۆرتنێر درێـژەی بەم ئەرکە دا، بەڵام مـاوەی مەئمووریيەتـی نـاوبراو درێـژ نەکرایەوە و بـۆ مـاوەی ١٠ سـاڵ هیچ ڕیپۆرتنەرێـک بـۆ ئێـران دیـاری نەکـرا. ئەم قـۆنـاغە کە خـاتەمی و ڕێفۆرمخوازەکـان لە دەسەڵاتدا بـوون، ئێـران کلاوێکی گەورەی لە هەموو بوارەکان‌دا خستە سەر دنیـا، لە کاتێکدا هەر لەو کاتـدا زۆرتـرین پێشێل‌کاریی مـافی مرۆڤ لە ئێران (ئێعدامی زیندانییە سیاسییەکان، قەتڵە زنجیرەییەکان، داخستنی ڕۆژنامە و بڵاڤۆکان و ...) کرا.

دوایەش کە بەهۆی زەقبوونەوەی ڕەفتاری دژە مرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی شوڕای مافی مرۆڤ بڕیاری دیاریکردنی ڕیپۆرتنیر بۆ ئێرانی دەرکرد، لە ماوەی کاری سێ ڕیپۆرتنیری ئەم دواییانەدا ئەحمەد شەهید (٢٠١١-٢٠١٦) ئاسمە جەهانگیر (٢٠١٦-٢٠١٨) و ئیستاش جاوید ڕەحمان (٢٠١٨-) ئێران ئیزنی سەردان بۆ ئەم وڵاتەی پێنەداون. لەژێر ڕۆشنایی ئەم باسەدا دەردەکەوێ کە ئەگەر ئێران حسێبی پاکە و مافەکانی مرۆڤ پێشێل ناکا، لەبەرچی سەفەری ئەم نوێنەرانە بۆ ئێران قەدەغە دەکا. یان مادام دنیا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی بڕیاردەر -کە بانگەشەی پاراستنی بەهاکانی مافی مرۆڤ دەکەن- بە پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی و جینایەتەکانی ئەم ڕێژیمە دەزانن؛ چۆنە لە ڕێگەی زەبروزۆر و سەپاندنی سزای قورسەوە تێچووی ئەم ڕەفتارانەی کۆماری ئیسلامییان لەسەر زۆر ناکەن؟

بێگومان مافی مرۆڤ ئەرزشێک و بایەخێکی نێونەتەوەییە و وڵاتان کەم و زۆر، بەند بە چەندی و چۆنیی دێموکراتیک بوونیان لەبەرچاوی دەگرن. لە زۆر وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکاشدا ڕێکخراو و لۆبیی چالاک هەیە کە کار لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتەکانیان دەکەن و ئەو بابەتانەیان بۆ گرینگە. دیارە حاشا لەوەش ناکرێ کە لە هەر حاڵدا و لە گشتییەتی خۆیدا «مافی مرۆڤ»، تابعێکە لە بەرژەوەندیی گشتیی وڵاتان جا لە ڕووی ئابوورییەوە بێ یان ئەمنیەتی، بەڵام ناکرێ بیروڕای گشتیش لەبەرچاو نەگیرێ کەو بەو بابەتە حەسساسە و شوێنکاری لەسەر ئاراستەی سیاسی و هەڵوێستەکانی وڵاتان هەیە. بۆیە دەکرێ حەسساسکردنی بیروڕای گشتیی ڕۆژاوا بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران، وەک بەستێنێکی باش بۆ فشارهێنان بۆ دەوڵەتانی حاکم بەسەر ئەو وڵاتانەدا چاوی لێ بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

## شۆڕشی ٥٧ و پرسی ژن لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا

کاریگەریی کۆمەڵگە لەسەر سیاسەت بە یەکێک لە بنەما ئەسڵییەکانی کۆمەڵناسیی سیاسی داندرێ بە مەرجێک کە هەر تاک، گرووپ و چین و توێژێک هەل و مەیدانی بەشداریکردنیان لە سیاسەت و بەڕێوبەریدا بۆ هەموار کرابێ.

ئەم ئەرکبەجێگەیاندن و ڕۆڵی خۆدیتنەوەیە لە کۆمەڵگەدا وەک پارامێترێکی هەڵسەنگاندن لەسەر تێکەڵاویی کۆمەڵگە و سیستمی بەڕێوبەری و حوکمڕانی کەڵکی لێ وەردەگیرێ و ڕادە و چۆنیەتیی تێکەڵاوی و کاریگەریی دوولایەنە دەبێتە هۆی جێکەوتنی سیستمێکی دێموکراتیک و پێشکەوتوو و سەردەمیانە لە بەڕێوبەریدا. بەشداریی ژنان و دیاربوونیان لە کۆمەڵگەدا چ وەک تاک و چ وەک نیوەی کۆمەڵ لە بواری کۆمەلایەتی، سیاسی، ئابووری و کولتووری و فەرهەنگی یەکێک لەو خاڵە گرینگانەیە کە مێژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێوی، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تێپەراندووە و فۆکوسێکی زیاتری لەسەرە. بۆ دەستەبەرکردنی مافی یەکسانی و بەشداریی ژنان لە ناوەندی سیاسی و بەڕێوبەریدا پرسی ژن دەبێ لە پەراوێزخستنڕا بێتە نێو ڕۆژەڤی کاری هەر دەوڵەت، ڕێکخراو و نەهادێک.

لەو سۆنگەیەوە و لە پەراوێزی ٤٢ ساڵ بەسەر تێپەرینی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، ئاوڕێکی کورت لە جێگە و پێگەی ژنان لە ئێران دەدەینەوە و دەپرسین ئایا شۆڕشی گەلانی ئێران دەسکەوتی بۆ ژنان هەبوو؟ ئایا ژنان جێگە و پێگەیان بە بەراورد بە زەمانی شا باشتر بووە؟ ڕۆلی ژنان و چاوەڕوانییان لە ئەگەری ئاڵوگۆڕێکی دیکە لە وڵاتی ئێران دەبێ چ بێت؟

### ژنان پێش شۆڕشی گەلانی ئێران

ئەگەر دەسپێکی هاوبەشیی خەڵکی ئێران لە کایەی سیاسی بۆ شۆڕشی مەشروتەی ساڵی ١٢٨٥ بگەڕێنینەوە، هەر لەوکاتەوە ژنانی ئێران شوێنەواریان بە ئاڵوگۆڕەکان لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریدا دیارە. ئەگەرچی ئەوکاتیش ژنان جێگە و پێگەی شیاوی خۆیان پێ نەدرا و دوای پێنج ساڵ (١٢٩٠) کە قانوونی هەڵبژاردنی مەجلیسی شوڕای میللی هاتە ئاراوە، ژنان لە مافی دەنگدان بێبەش کران. بەڵام ژنیان کۆڵیان نەدا و ئەمجارەیان لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەییدا درێژەیان بە تێکۆشانی خۆیان دا کە یەک لەو ڕێکخراوانە "کانون بانوان" بوو. کاتێکیش دوای شۆڕشی سپیی شا مافی دەنگدان درا بە ژنان، ژنانی نێو مەجلیس و بەرپرسی دی لە کاروباری بەڕێوەبەریی وڵاتدا پتر لەو ڕێکخراوە دەوڵەتییە دەستنیشان دەکران کە زیاتر ژنانی نیزیک لە دەربار و کاربەدەستان و دەستوپێوەندییەکانی شا بوون.

"تشکیلات زنان ایران" ڕێکخراوەیەکی دیکەی ژنان بوو کە لەژێر کاریگەریی حیزبی توودەدا لە ڕێبەندانی ١٣٢١ دامەزرا. ئەو ڕێکخراوەیە ساڵی ١٣٢٦ ناوی خۆی بۆ "تشکیلات دمکراتیک زنان ایران" گۆڕی و دوای ئیجازەپێنەدان بە چالاکی ساڵی ١٣٢٨ لەژێر ناوی "سازمان زنان ایران"دا درێژەی بە چالاکیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و یەکسانیخوازیی خۆی دا کە بە کودیتای ١٣٣٢ ئەم قۆناغە لە چالاکییەکانی ژنان کۆتایی پێدێ و ڕێکخراوەکانی ژنان کۆ دەکرێنەوە و کەسانی هەڵسووڕی ڕێکخراوەکانیش یان وڵات بەجێ دێڵن یان دەسبەسەر دەکرێن.

دە ساڵ دواتر (١٣٤٢) مافی دەنگدان درا بە ژنان و هێندێک ڕێکخراوەی دیکەی ژنان دامەزران و خەباتی یەکسانیخوازیی ژنان قۆناغێکی دیکەی بڕی.

ژنان کە پێش شۆڕشی ساڵی ٥٧دا و لە سۆنگەی "قانوونی پشتیوانیی خێزان"دا کۆمەڵێک مافیان دەستەبەر کردبوو، بەو هیوایە کە شۆڕش بواری لەبارتر بۆ ئازادیی ژنان و یەکسانی دەخوڵقێنێ، بە هەموو چین و توێژەکانەوە بەشداریی هەراویان لە شۆڕشدا کرد.



## ڕۆڵی ژنان لە شۆڕشی گەلانی ئێران

شۆڕشی ١٣٥٧ بە بەشداریی هەموو گەلانی ئێران و ڕەوتە سیاسییەکان (ئیسلامی، چەپ، بەرەی نەتەوەیی) سەرکەوت. بەڵام لەلایەک بەهۆی دەسڕۆیشتوویی ڕوحوڵلا خومەینی و جێکەوتنی دروشمی هەڵخەڵەتێنانەی لەنێو خەڵکدا و، لەلایەکی دیکەش بەهۆی ستراتیژیی هەڵەی هێزە چەپەکان لە پشتیوانیکردنی ئایەتوڵڵا خومەینی، ڕەوتی شۆڕش بەلاڕێدا چوو. ئیسلامیستەکان جڵەوی دەسەڵاتی ڕەهای وڵاتیان گرتە دەست و هەموو هێزە دژبەرەکانیان لەبەردەم خۆیان ڕاماڵی. لەو نێوەدا زەبری سەرەکی بەر ژنان کەوت کە یەکەم توێژی کۆمەڵگە بوون کەوتنە بەر ڕقی دەسەڵاتی نوێ. ژنان ئەمجارە لە سۆنگەی دەسەڵاتی سیاسیی دژەژن و بەهۆی قانوونی پشتبەستوو بە شەریعەتی ئیسلام سیستماتیک کەوتنە پەراوێزە و نەک هەنگاوێک بەرەوپێش نەچوون، بەڵکوو ئەو ماف و جێگەوپێگەی لە ڕێژیمی پێشوودا بە خەبات و تێکۆشان و لە سۆنگەی سیاسەتی کرانەوەی ڕێژەیی ڕێژیمی پاشایەتیدا دەستەبەریان کردبوو؛ لەکیسیان چوو.

## دۆخی ژنان چوار دەیە دوای شۆڕش

ئەگەر دەسەڵاتی حکومەتی ئیسلامی بە سەر چوار دەیەدا دابەش بکەین، دەتوانین جێگەو پێگەی ژنان هەر بەپێی ئامارەکانی نێوخۆی وڵاتی ئێران، چ بە بەراورد دەگەڵ ڕێژیمی پێشوو و چ بە پێوانەی ئەمڕۆیی و ستانداردی جیهانی لە یەکێک لە لاوازترین پلەکانی ئەم ڕیزبەندییەدا دابنێین. دوو دەیەی یەکەمی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم کە قۆناغی شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق و جێگیرکردن و بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگە و حکوومەت بوو، ژنان لە هیچ بەرنامە و پلانێکی حکوومەتدا جێوشوێنیان دیار نەبوو.

ڕاستە لەو قۆناغەدا کە پتر قۆناغی پێناسەکردنی ژن وەک دایک و خوشک و کابانی ماڵ لەلایەن دەسەڵات بوو، بەڵام ئەم سیاسەتە ژنانی لە مەیدان وەدەر نەنا. بەشداریی ژنان هەم بەپێی باکگراندی خەباتی پێشوویان و هەم بەشدارییان لە شۆڕشدا ئاستی چاوەڕوانیی ئەوانی بردبووە سەرێ و بە کردەوە هەم بۆ گرتنەوەی سەنگەرەکانی پێشوویان و هەم دەستەبەری دەسکەوتی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوامدا بوون.

لە دەیەی سێهەمدا کە بە هاتنەسەرکاری دەوڵەتی ڕێفۆرمیستەکان و کرانەوەی سیاسی و ئازادیی ڕێژەیی چالاکییە ڕێکخراوەیی و مەدەنییەکان دەناسرێ، ژنان پتر لە کایە سیاسی و ڕێکخراوەییەکاندا هاتنە پێش. بەڵام ڕەوتی ڕێفۆرمخوازییش نەیتوانی بەشێکی کەم لەو وادە و بەڵێنەکانی خۆی کە بە ژنانی دابوو، وەدیی بێنێ.

بۆ نموونە بەشداریی ژنان لە کابینەی دەوڵەتدا بەردەوام یەک لەو وادە و بەڵێنەکانی بەربژێرانی سەرۆککۆماری بووە کە تا ئێستا جیا لە ئەحمەدینژاد کە توانی یەک لە ئەندامانی کابینەکەی ژن بێ، هیچ سەرکۆمارێکی دیکە نەیتوانیوە ئەو وادەیەی جێبەجێ بکا.

لە دەیەی چوارەمی دەسەڵاتدارەتیی حکوومەتی ئیسلامیی ئێراندا، چەندین فاکتەری دەرەکی و نێوخۆیی زیاتر کاریگەرییان لە سەر جێگە و پێگەی ژنان لە ئێران هەبووە. تێکنۆلۆژیا، ڕێژەی چوونەسەرێی خوێندەواری، چوونەسەرێی ستانداری ژیان، بەجیهانیبوون و پەیوەندیی بازرگانیی دەگەڵ ئەوەی لە وڵاتی ئێران چوارچێوەدارە و تەیفێکی تایبەت دەگرێتەوە، بەڵام بە گشتی کاریگەریی لەسەر گشتیبیەتی کۆمەڵگە هەبووە. جاری وایە ئامارەکانی نێوخۆی ئێران - بۆ نموونە ڕادەی خوێندنی بەرزی ژنان - بە پێوانەی جیهانی چاو لێ ناکەن و بە قازانجی خۆیان دەگەڵ چل-پەنجا ساڵ پێش ئێستای لە ئێراندا بەراورد دەکەن، کە ئەوە هەڵەیە، چونکە ئەم شەپۆلە جەهانگیرە و تازە ئێران زۆر لە دواترە لە هەموو ئەم بوارانەی کە ئەوان شانازی پێوە دەکەن. هەبوونی خوێندکاری ژن دەگەڵ ئەوەی باش و دەسکەوتە، بەڵام نابێ تەنیا فۆکوس لە سەر ژمارەکە بێت، دەبێ باس لەوە بکرێ کە خوێندن تەواو بوو لە چ ئاستێکدا کار دەکا و چ ڕۆڵێک لە کۆمەڵگەدا دەگرێتە ئەستۆ و بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە چۆن کەڵک لە زانست و توانای ئەم ژنانە وەردەگیرێ. هەبوون و دیاربوونی ژن تەنیا لە چوونە زانکۆدا کورت نابێتەوە، پرسی ژن یەکێک لە پرسە هەرە گرینگ و ڕیشەدارەکانی کولتووری-کۆمەڵایەتیی ئێرانە، تازە ئەگەر بەشی دەسەڵاتی بڕیاردان و بەڕێوەبەرییش باس نەکەین، ئەم کێشەیە ئەوەندە قووڵ بۆتەوە کە تەنیا بە کێشەی ژنان دانەندرێ و ببێتە پرسێکی جیددیی هەموو کۆمەڵگە.

لە ئێستادا خواست و داوای ژنان پێچەوانەی سیاسەت و باوەڕەکانی دەسەڵاتە. بۆ نموونە لە کاتێکدا کە پرسی حیجاب بۆ ڕێژیم حەیسییەتییە و دەیان دامودەزگای بۆ تەبلیغ و برەودان بەو کولتوورە بە بودجەی دەیان میلیاردی دامەزراندووە، بەڵام زۆرینەی ڕەهای ژنان دژی حیجابی زۆرەملێن. یان هەر ئێستا دەبینین کە لە ڕەشبگیرییەکەی ئەم دواییانەی کوردستاندا کە زیاتر لە ١٠٠ کەس لە چالاکانی مەدەنی دەسبەسەر کراون، ژمارەیەکی بەرچاو لەوان ژنن؛ ئەوەش نیشانەی نەسرەوتن و کۆڵنەدانی ژنان لە ئێران و کوردستان سەرەڕای هەموو سەرکوتێکی کۆماری ئیسلامییە.

شۆڕشی ساڵی ٥٧ پرسی ژنان و مافەکانی ئەوانی وەپاش دا، بەڵام کۆمەڵگەی زیندووی ئێران خۆی بۆ بەرنامە و سیاسەت و باوەڕە ئیدۆلۆژیکەکانی کۆماری ئیسلامی بەدەستەوە نەداوە. لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا شەڕی نێوان دوو بەرە، بەرەی ژنانی ئاشتیویست و ئازادیخواز، ژنانی بیریار، مافویست و خەباتکار لەپێناو ئازادی لەگەڵ خوازیارانی توندوتیژی و سەرکوتگەرانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران بەتایبەت ژنان درێژەی هەبووە.

چل ساڵە ژنان لە ئێران لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دوور دەخرێنەوە، بەڵام لە هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێستای کۆمەڵگەدا ئەگەر ژنان پێشەنگیش نەبن، بەشداریی کارا و کارامەیان هەیە. بۆیە چ لە ئاڵوگۆڕ لەنێو ڕێژیمی ئێستا و چ لە ئەگەری هاتنە سەرکاری ڕێژیمێکی دیکە لە وڵاتدا، نە ئێران ئێرانەکەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوییە و نە ژنانی ئێستای ئێران لە پەراوێزهاویشتنێکی دیکەی مێژوویی -هەر لە دەورانی مەشرووتەوە تا شۆڕشی گەلانی ئێران- قبووڵ دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢١

## مامە جەلیل و ئەمن



لە ڕەوتی ژیانی ئاسایی هەر تاکێ کدا زۆر جار دیتراوە کە لە بەینی خزم و کەس و دوور و نیزیکان دا کەسێکی تایبەت هەڵ دەکەوێت کە جێگە و پێگە، یان باشتر بلێم تایبەتمەندیی وای هەیە کە کاریگەری و شوێندانەریی زیاتری لەسەر ئەندامانی بنەماڵە دەبێت.

لەگەڵ ئەوەی کە بنەماڵە بە گشتی کارتێکەرییان لەسەر ئاستی پەروەردە و پێگەیاندنی تاکەکان هەیە بەڵام زۆر جار یەکێک لەوان دەبێتە ئۆلگوو بۆ ژیان و تا ڕادەیەکی زۆر چارەنووسی ژیان و داهاتووی ئینسان لەژێر سایەی شوێنەواری هزر و بیری ئەو کەسە دەنووسرێت و دیاری دەکرێت. بۆ من بە تایبەتی و بۆ جیلی ئێمەش لە بنەماڵەی گەورەی گادانی دا بە گشتی، مامە جەلیل ئەم ڕۆڵ و پێگەیەی هەبووە.

لەو دێڕانەی خوارەوەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی و بە گشتی باسێک لە شێوەی کارتێکەریی ئەو لە چەند وێستگەی تایبەت و هەستیاری ژیا ندا لەسەر خۆم وەک تاکێکی بنەماڵە بکەم.

## بیری منداڵی و ناوی مامە جەلیل

ئەگەر باشم لە بیر بێت دەمەو ئێوارەی ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی کۆتایی وەرزی هاوین و پێش دەستپێکی وەرزی پاییز بوو. دەنگە دەنگی هات وچۆی خەڵک و ئوتووبوسەکانی کارێژی ئیران پەیمای مەهاباد، هەژان و خورپەیەکی زۆری بۆ منی ئەوکات ٥ - ٦ ساڵانە خوڵقاندبوو کە لەگەڵ دایک و باوکم و نیشتمانی خوشکم و سۆرانی برام دەمانەویست بەرەو تاران وەڕێ کەوین .ئەو سەردەمە لە مەهابادڕا باوکم بەپێی ڕۆتینی ساڵانە لانیکەم دووجار سەردانی ماڵی مامەمی دەکرد لە تاران. نازانم پێش ئەوکات چەند جار مامم دیتبێت و یان سەردانی ماڵی مامم کردبێت بەڵام ئەم سەفەرە بوو بەهۆی ئەوە کە بۆ یەکەم جار ناوی مامە جەلیل لە مێشک و زەین مدا جێگای خۆی کردەوە و حەک کرا. ئەوکات من جگە لە هەژانی سەفەرەکە، لە تەنیشت دایکم و دەست لە دەستی نیشتما ندا هەموو فکرم لەسەر ئەوە بوو کە کەی ئەم ئوتووبوسە گەورەیە وەڕێ دەکەوێ و کەی دەگەینە شوێنی مەبەست. کە سوار بووین وێدەچوو خەڵک یەکتری باش بناسن. هێندێک دەیان پرسی: بۆ سەفەر دەچن؟

ئی وا هەبوو دەیپرسی: بۆ لای دوکتور دەچن؟ هیندێک دەیان پرسی: بۆ لای کاکە دەچن؟ کەم وا هەبوو بە ڕاشکاوی ناوی مامم بێنن . من دەمزانی دەچینە ماڵی مامم بەڵام بە لامەوە سەیر بوو کە بۆ وەک مامە خەلیل و مامە حاجیم ناوی ناهێنن. لە کونجوکۆڵی و پیتۆڵی خۆ مرا، هەستم بە قسەکانی نێوان دایک و بابیشم دەکرد کە تا ڕادەیەکی زۆر لەو باسانەی لە ماڵێ سەبارت بە مامە دەکران لە دەرەوەی ماڵەوە خۆیان دەپاراست. دەگەڵ ئەوەی پێ مخۆش بوو هۆکارەکەی بپرسم و بزانم، بەڵام هاوکات دەمزانی کە بۆم نییە بپرسم .قەناعەتم بە خۆم هێنا کە بێدەنگ بم باشترە. لە بیرم نییە کە چۆن ڕۆیشتین و چەندەمان پێ چوو تا گەیشتینە ماڵە مامم، بەڵام پێتان سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم لەم ماوەیەدا کە لەوێ بووین ڕەنگبێ بە هەموویەوە مامم دووجار دەگەڵمان لە سەر سفرەی نان خواردن بووبێت و دەگەڵمان دانیشتبێت. ئەو کاتە پێم وابوو لەبەر کاری زۆرە، بۆیە دەبێ بنەماڵە لە مەهابادڕا ساڵێ چەند جار سەری بدەن و هاوکاریی بکەن و خەڵکیش بۆیە ئاوا لێی دەپرسێ، چوونکە دەزانن خزم و کەسی لە تاران نییە و زۆر پڕکارە...

ناوی مامە لە بیری منداڵی م ندا وەک کەسێکی وەخت نەبووو پڕکار و پڕهاتوچۆ جێگای خۆی کردەوە کە ئەگەر جارێکتوانیبامان ببینین وەک ئەوەی وا بوو کە شانسێکی زۆرمان هێناوە. وا تێگەیشتم کە« تاقانە» کەی بنەماڵە، یان«

پیاوە نامەرئییەکە» کە دایم ناوی دەهات و ڕەنگی نەبوو، باس کردنی زۆر جار لە نێو ماڵیشدا بڤە بوو.

لە بەرەبەری شۆڕشی گەلانی ئێران و چالاکیی خەڵک بە گشتی و بنەماڵە بە تایبەتی، ئەندامانی بنەماڵە هەر دەهات و کەمتر و کەمتر وەختی ئێمەیان دەبوو، جاری وا هەبوو کە بێجگە لە منداڵەکان کەسێکی گەورە لە ماڵما ندا نەدەما. هەر یەکە و بە کارێک مەشغووڵ بوو. ئەگەر ژنەکانیش لە ماڵ بووبان بە میوانداری، تەلەفوون و پەیام هێنان و بردن، مەئمووریەتی ئەو ما ڵچوون و ئەم کار و ئەو ئەرکە بەج یگەیاندن بۆ حیزب، بۆ کاری ڕێکخراوی ژنان و بۆ کاک جەلیل و بۆ میوانە نەهێنی و ئاشناوڕۆشناکان بوو تا پێڕاگەیشتن بە ئێمە. کاتێک کە دایکم وەختی خوێندنەوەی( ماسییە ڕەشە بچکۆلەکەی) سەمەدی بێهرەنگیی بۆ ئێمە نەما، کاتێک هەر ڕۆژێک دەستەیەک دەهات و دەستەیەک دەڕۆیشت، وشەکانی وەک پێشمەرگە، شکاک، مەنگوڕ، تەزاهورات، زیندان، ئەشکەنجە، جەنازە، فیشەک، تفەنگ، ساواک، تیرئەندازی، سیاسی، موزاکرە بوونە بەشێک لە با سوخواس و ئاخاوتنی نێو ماڵ، ئەوجار کاک جەلیل ڕەنگ و دەنگی پەیدا بوو و ئیدی ناوهێنانی نەهێنی نەبوو. دیدارەکان و سەردانەکان بە ئاشکرا دەکران، بەڵام بە زمانێک قسەی دەکرد کە دەستەواژە و وشە تازەکان هەموو نامۆ بوون و بۆ من و منداڵانی بنەماڵە نەبوون بەڵکوو بۆ ئەو هەموو لاو و ژن و پیاوانە بوو کە ببوونە بەشێک لە بنەماڵەی ئێمە و ئێستاش ڕوخساری زۆریانم هەر لەبەر چاوە. تێگەیشتن لە مامەی ئەوکات بۆ من دژوار بوو. بۆ منی ئەوکات منداڵ لە لایەک زۆر خۆش بوو کە سەختگیریی دایکم بە ڕادەی جاران نەماوە چوونکە وەختی نەبوو، لە لایەک ئەم دەورە و زەمانە کەس بە باشی منداڵەکانی ماڵێی تێنەدەگەیاند کە چ دەگوزەرێ. من و هاوتەمەنەکانم لە ماڵێ جاروبار لە کەلێنی دەرگاڕا هەلی گوێدانی قسەکانی ئەوانمان بۆ هە ڵدەکەوت ئەگەر ئاشکرا نەباین. شانسی دیتنی گەورەکانی ماڵێ لە ڕیزی یەکەمی خۆپیشاندانەکان، لە بەردەم پەنجەرە و لە هەیوانی ماڵ ێڕا زیاتر بوو تا نێو چوار دیواریی ماڵەوە. وێدەچوو کە مامم لەوکاتەوە ئێمەی بۆ داهاتوویەکی نادیار ئامادە دەکرد، ئاخر گەورەکانی ماڵەوە لە دەرەوە کار و چالاکییان دەکرد و ئێمەش لە ماڵەوە لە «زیندانێکی» ئازاد و گەورەدا زیندانی بووین، بە واتایەک لە بەرپەنجەرەکان ڕا ملاقاتی دایک و باوک، مام و ئامۆژنمان دەکرد. وێدەچوو کە مامم جێگای دەگەڵ ئێمە گۆڕیبێتەوە. ئێمەی فێری ڕاهاتن بە زیندان و تەحەموولی دووریی دایکمان دەکرد و خۆیان لە دەرەوەی ماڵ تێکۆشانیان هەبوو.

دەکرێ تا ئەم قۆناغە واتە تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، مامە جەلیل بەم جیاوازییە لە چالاکانی دیکەی سیاسی بناسمەوە و پێناسەی بکەم: چالاکانی سیاسی دوای گیران و ئازاد بوون لە زیندان یا وازیان لە چالاکیی سیاسی دەهێنا یا دەچوونە باشوور و ئەورووپا و لە تاراوگەڕا چالاکییەکانیان درێژە دەدا، بەڵام مامە نە وازی لە چالاکی دەهێنا و نەدەچووە دەرەوەی وڵات. هەر جارێ کە دەگیرا و ئازاد دەبوو دیسانەکە دەستی دەکردەوە بە چالاکیی سیاسی و دیسان دەگیراوە. تەنانەت کاتێک کە ئاخرجار بۆ دە ساڵان کەوتە زیندان، پاش ئازادبوونی دیسان وازی نەهێنا و بە نهێنی و تەنانەت

لەئاخر قۆناغدا بە ئاشکرا دەستی کردەوە بە هەوڵ و تێکۆشان کە بوو بە هۆی دووبارە زیندانی بوونەوەی دوای سەرەخۆشی و بەخاکسپاردنی کاک عەزیز یووسفی. لانیکەم من ناوی هیچ چالاکێکی سیاسیی کوردم نەبیستووە کە دوای چەند جار گیران و ئازادبوون و لەسەر یەک سێزدە ساڵ زیندان، دووبارە بوێرێ بە ئاشکرا بێتەوە مەیدان و وتاری سیاسی لە ڕێورەسمێکی سیاسیدا پێشکەش بکا و سوور بزانێ ئەگەری ئەوەی هەیە دیسان تووشی زیندان بێتەوە.

## ناسینی مامە و کاریگەریی لە سەر من

قۆناغی سەرکەوتنی شۆڕش و ئاشکرا بوونەوەی خەباتی حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان و بوونی هێمنی و ئارامی لە کوردستان، بەداخەوە درێژخایەن نەبوو. کۆماری ئیسلامی و دوژمنانی گەلەکەمان کەوتنە پیلانگێڕان و تەنانەت هێرشی نیزامی بۆ سەر کوردستان. هەر لێرە شڕا ژیانی خەڵک بە گشتی و بنەماڵەی ئێمەش بە تایبەتی ڕەوتی ئاسایی و ئارامیی پێشووی نەما.

لەکەس شاراوە نییە کە گوازتنەوەی تێکۆشان و خەبات لە شارەوە بۆ شاخ ئاڵوگۆڕێکی زۆری لە ژیانی ڕۆژانەدا پێک هێنا، بەتایبەت کە وەک خەباتکار و بنەماڵەی شۆڕش ئەرک و بەڕێوەبردن و ئیدارەی ژیان ڕەنگ و ڕوخسارێکی تایبەتی بە خۆوە دەگرت .گونداوگوند ڕۆیشتن، ما ڵدانان و بارکردن لێرەوە لێرەوە بۆ ئەوێ، بەپێی ئەرکی پێسپێردراوی کاری مامە و براکانی بوو، کە ئەوەش وای دەخواست بنەماڵەی ئێمە و مامەکان هێندێک جار جیران و لێک نیزیک بژین و جاری واش هەبووە کە بە ساڵ و مانگ یەکترمان نەدیوە. بەپێی کارو بەرپرسایەتیی جیاواز، ئەگەر مامم لە مەئموورییەتی مەنتەقەش نەبا کەمتر دەماندیت، ئێمەش وەک بەشی زۆری خەڵک لە ڕێوڕەسم و بۆنەکان دیتوومانە و گوێمان لە قسەکانی بووە. بە یەک جیاوازی کە ئەگەر هەڵکەوتبا سەری ماڵێی دابا، یان ئێمە لە ماڵی ئەوان باین زیاتر لە دەورانی شار گرینگی پێ دەداین. ئایا ئێمە تەمەنمان زیاتر ببوو و هەبوونی ئەومان زیاتر هەست پێ دەکرد، یان ئەو هەوڵی دەدا بزانێ ئێمە خەریکی چین و هۆگریمان بە چ کارێک هەیە و بۆ داهاتوو دەتوانێ چ چاوەڕوانییەکی لێمان هەبێت. بەلام ئەو گرینگی پێدانە بە هەڵکەوتانەشی هەر بۆ مندالەکانی خۆی و برازاکانی نەبوو. بەڵکوو بۆ هەموو منداڵە هاوتەمەنەکانی ئێمە بوو.

لە بیرمە زۆر کەم تەمەن بووم کە بە کتێبخانەی مامە لە دێیەک بە ناوی نواوێ / نێلێ لە مەنتەقەی سەردەشت نیزیک بە دۆڵی دێموکرات) ئاشنا بووم. ڕاستیتان بوێت هەر چەند جارێک کتێبخانەکەم دەدیت سامێک دەیگرتم، ئەم سامە لە بەر ئەوە بوو، کە ئەگەر مامە بلێ کتێبێک بخوێنەوە بلێی بتوانم دەرەقەتی خوێندنەوەی کتێبەکانی کتێبخانەکەی بێم! ئاخر ئەوکات من پێم وابوو کە کتێب منداڵ و گەورە ناناسێ .پێم وابوو کە تۆ فارسیت زانی(نەک کوردی)! ئەوکات هەرچی بۆیان

هەڵبـژاردی و پێیـان گـوتی دەبێ بیخوێنییەوە. نـاوی هێنـدێک کتێبی کتێبخـانەی مـامم لە دایکم بیستبوو، وەک «ئەسیری فرشتەوەش « و» بی خانمـان. » زۆر جـار بە دوای ئەوا نـدا دەگەڕام، بەڵام هەر زۆر زوو هەستم پێکرد کە زۆر زوویە بـۆ منی سەربزێو و بزۆزی ئەوکـات کە کتێب بخـوێنمەوە، ئەم خـۆ دزینـەوەیەم تەقـریبەن ٥ سـاڵ درێـژ بـۆوە تـا دیسـان میـوانی کتێبخانەی مـامە بـوومەوە. ئەو جارەیـان بە تەشویقی مـامە و لێپرسینەوەی ئەو لە گەورەدێ یەکەم هەنگاوەکـانم بـۆ ئـاشنـا بوون بە کتێب و کتێبخانە بە ئەسپایی و لە ژێر چاوەدێریی ئەودا هەڵێنانەوە. لە هەڵبژاردنی کتێبیش دا بە پێی تەمەنمان هەوڵی ئەوەی دەدا تێما نبگەیەنێ کە کتێب هەم باشترین هاوڕێی ژیانە و هەم تـاقە ڕێگـای فێربـوون و خۆپێگەیانـدن. لای ئەو وەختم نەبـووە و کـارم هەبـووە پاساو هێنـانەوە بـوو و خـۆ دزینـەوە. لە بیرمە بۆخـۆی کە زۆربەی کاتەکـان گـوێی بـۆ هەواڵەکانی ڕادیۆ ڕادەگرت سـەرەڕای تەمەنی کەمی ئێمە هەوڵـی دەدا گوێ لە هەوڵەکـانی بی بی سی و ڕادیـۆ ئیسـرائیل ڕاگرین.

خۆش ئەوە بوو کە دوای گوێدانیش ئەوەندە بە زمانێکی خۆش و سادە بۆی شی دەکردینەوە و قسەی لەسەر دەکرد کە ئەگەر لە تەحلیل و تەفسیریشی حاڵی نەباین هەر خۆش بوو کە گوێی بۆ ڕاگرین و شێوەی کـار کـردن و ڕوانـین و لێکدانەوەی ئەو ئاشنا بین.

جاری واش بوو پێمان خۆش بوو کە زوو نانەکە بخۆین و وەختی گەڕانەوەی قوتابخـانە بێت، نەکـا مـامە پرسیـارێک لەسـەر ئەخبارەکە بکا بۆ ئەوەی بزانی ئەری هیچ گوێمـان لە ڕادیـۆ ڕاگرتـوە یـان نـا، بەڵام دەربـاز بـوون و خـۆ دزینـەوە لە کتێب خوێندنەوەی کتێبخانەی مامە لە گەورەدێ ئاسان نەبوو. گەورەدێ بوو بە شوێنی دەستپێک بۆ هۆگریی من بە کاری حیزبی و فێربوونی نەزم و دیسیپلین و شێوەی هەڵسووڕانی جیاواز و خۆداڕشتن بۆ ئەو ڕۆژانەی ئێستام.

هەر بۆیەش لەو کـاتەوە تـا لە ژیـان دا بم، هەست بە بەرپرسایەتی و پێـزانین دەکەم لە ئاست مـامەدا و بە پێویستی دەزانم کە بە ئەمەگناسییەوە باسی سێ خـاڵی جەوهەری و بنەڕەتـی بکەم کە لە مـامەڕا فێریـان بـووم .ئەویش کوردایەتی، دێموکرات بوون و بەپرەنسیپ بوون.

**یەکەم** کاریگەریی ڕاستەوخۆی مامە کە ناڕاستەوخۆ لە لایەن دایک و بابمەوە پێ مگەیشت پێناسـەی کـوردایەتی بـوو. مـامە بۆ من بەرامبەر بوو بە کوردپەروەر، نەتەوە خۆشەویست و نموونەی کوردێکی شۆڕشگێڕ. ئەو وەک ئینسانێکی ئەفسانەیی بوو کە خۆم قەتم نەدیبێت و بۆیان باس کـردبم، وەک پـاڵەوانێکی ئەفسـانەیی وابـوو کە لە لاپەڕەی کتێبەکـانی مێژوودا نـاوی هاتبێت. لەم ساڵانەی کۆتـایی ژیـانی دا کە شانازیی ئەوەم هەبوو زیـاتر لە جاران دەخزمەت یدا بم، کە چـاوم لـێ دەکرد،

مێژوویەکی دەوڵەمەندم هەست پێ دەکرد کە کەمتر نەتەوەیەک مێژووی زیندووی وایان هەیە، بەسەرهات و مێژووی ڕۆژانەی هەموو ماوەی ژیانی خۆی لاپەڕە بە لاپەڕە لا بوو، ئەویش نەک تەنیا ڕووداوی خێزانی و کۆمەڵایەتیی نێو شار و مەڵبەندەکەی، بەڵکوو مێژووی جووڵانەوە و هەستان و تێکشکان و هەڵسووڕانی حیزبەکە و نەتەوەکەشی. بۆ من قامووسێکی پڕ لە وشە نەبیستراوەکانی نەتەوەیەک بوو کە بەداخەوە نەمانتوانی ئەو جۆرەی پێویست بوو کەڵک لە مێژووە زیندووە و قامووسە لەبن نەهاتووەی وشە و وێژەیە وەربگرین. مامە کوردێکی بە ورە و بە وزە و هیوادار بە داهاتووی میللەتەکەی بوو، هەر بۆیەش بۆخۆشی گورج و گۆڵ و دایم لە سەرپێ بوو .وێڕای هەڵکشانی تەمەنیش بە مێشک و دڵ هەروەک تازە لاوێک بە ئومێدەوە درێژەدەری ڕێگای کۆماری کوردستان بوو .ئامۆژگاری لەو چەند ساڵانەی دواییدا بۆ من ئەوە بووە کە:

لە نێو حیزب و تەشکیلا تدا حیزبی و کورد بە، لە دەرەوەی حیزب و کار و مەئموورییەتدا هەوڵ بدە کورد بی و جا دوایە حیزبی .لە دنیای دەرەوەدا کوردبوون و پشتیوانی لە هاواریک پکراوی میللەتەکەت بۆ سەربەستی وەکوو ئەرک بزانە و دڵنیا بە ئەوکاتە کە ئەرکە حیزبییەکانیشت باشتر بۆ بەڕێوە دەچن. ئەمە بۆ من نیشاندەری ئەوە بوو کە ئەو هەر تەنیا حیزبی نەبوو بەڵکو سەلماندی کە بۆ ئەو نەتەوەکەی لە سەرووی هەموو شتێکە، کەواتە «دۆستان» ڕاستیان دەفەرموو کە دەیانگوت کاک جەلیل کوردایەتی دەکا لە نێو حیز بدا نەک حیزبایەتی.

**دووهەم** سفەت یان پێناسەی مامە لای من دێموکرات بوونی بوو. ڕەنگ بێت بۆ زۆر لە دۆستان و ناسیاوان و زۆربەی تێکۆشەرانی خۆیی و بێگانە کوردبوونی مامە ڕوون و ئاشکرا بێت، بەڵام دێموکرات بوونی بەو ئەندازە دەنگی نەدابێتەوە! دەگەڵ ئەوەی دڵگرانیم لەهیندێک ڕووداوی نەخوازراوی بنەماڵەیی هەبووە کە مامە بووەتە هۆکار و لەکاتی خۆی لە ژێر کاریگەریی ئەودا ڕووی داوە، بەڵام تا ئێستاشی دەگەڵ بێت لە مامم دێموکراتترم لە بنەماڵەی خۆماندا نەدیوە و لە دەرەوەی بنەماڵەش لە بازنەی ناسیاوان مدا تا ئێستا کەسێک بە ڕادەی ئەو دێموکراتم بەدی نەکردووە. ئێمەش وەک بنەماڵە هەڵقولاوی کۆمەڵگەی کوردەواری بووین کە زۆر شت بە ناحەق دەنێویاندا تابۆ بووە و تابۆیە. زۆر کردار کە لە وڵاتانی سەربەست و پێشکەوتوو ئاسایی یە، ئێستاش لای ئێمەی کورد بە کرداری نەشیاو دادەندرێ، ئێستاش زۆرن ئەو بنەماڵانەی کە جیاوازی بەینی کوڕ و کچ دادەنێن، ئێستاش زۆرن ئەو بنەماڵانەی کە سوننەتی دەگەڵ یەکە جووڵێنەوە، ئەگەر گەورەی ماڵێ بڕیاری دا باقی ئەندامانی بنەماڵە خۆش یان ناخۆش دەبێ مل بۆ ئەو بڕیارە ڕاکێشن، بەڵام نەمدی جارێک مامم پێش ڕووداوەکان بکەوێ و بەبێ ئەوە بپرسێتەوە و ڕاوێژ بکا بڕیار بدا. هەموو مرۆڤێک تووشی هەڵە دەبێ و ڕەنگ بێت پێویستی بە ئامۆژگاری و تەنانەت سزادانیش هەبێت، بەڵام مامە ئەم کارەی قەت بەبێ لێپرسینەوە و لێک تێگەیشتن نەدەکرد.

بە گشتی خوو و ڕەوشتی مامم کاریگەریی لە سەر هەموو بنەماڵەی دانابوو. هێندێک شت ئەگەر بە دڵی ئەندامانی دیکەی بنەماڵەش نەبا، ئەگەر دێموکرات بوونیان بە خۆڕانیش دانابا لەژێر کارتێکەریی ئەو دێموکرات بوونەی مامە لە بڕیارەکەی خۆیان پاشگەز دەبوونەوە. لەهەڵپەڕین و ڕەشبەڵەک، لە میوانداری کردن و کۆڕ کۆبوونەوەکانی بنەماڵەیی و دۆستانەدا، هەڵس و کەوتی بنەماڵەی خۆمانم بە بەراورد کردن دەگەڵ ئەوانی دیکە جیاواز دەهاتە بەرچاو. هەڵبژاردنی ڕشتەی خوێندن و کاری حیزبی کە سەردەمانێک ڕوخساری ژنانە و پیاوانەی بە خۆوە گرتبوو لە بنەماڵەی ئێمەدا ڕێگەپێدراو نەبوو. مەجلیسی لێکدابڕاوی ژنان و پیاوان لە لای ئێمە باو نەبووە. من هیچ کات هەستم بەوە نەکردووە کە منی کچ لە بنەماڵەدا جیاوازیم دەگەڵ ئامۆزا کوڕەکان یان براکانم هەیە... بێگومان هەمووی ئەوانە، لەژێر کاریگەریی بیروبۆچوون و هەڵس وکەوتەکانی مامم لەسەر براکانی و دایکم و ئامۆژنەکانم دەزانم کە لە پەروەردەی جیلی مندا لە ناو شۆڕش خۆی نواندووە. هەر لە سەر ئەو بنەمایەش شانازی بە دێموکرات بوونی مامم و بنەماڵە دەکەم و تا هەتایە قەدرزان و منەتباری ئەوانم کە ئەو پەروەردەیان نەسیبی من و خزمانم کردووە کە بێگومان لە سایەی سەری کاری سیاسی و حیزبیی مامە جەلیلم و براکانی بووە.

## مامە و من و حیزبایەتی

یەکێکی دیکە لە ئاکار و هەڵ سوکەوتەکانی ئەرێنیی مامە جەلیل کە بێگومان شوێندانەری لەسەر من هەبووە و دەکرێ بڵێم هاندەرێک بووە بۆ کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی من لە نێو حیزبی دێموکرات دا، شێوەی کار کردن و لە خۆبوردوویی و هەڵسوکەوتی ئەو بوو. لە تەمەنی ١٨ساڵی و لە کاتێ کدا کە مامم سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و کاک فەتاحی کاویان بەرپرسی ڕادیۆ و ئینتشارات و هاوکات مامۆستای زمانی ئینگلیسیم بوو، گوتم پێم خۆشە تایپ کردن فێر بم و لە ئینتشارات کار بکەم. هاوکات بۆ ماوەیەکی زۆر کورت وێڕای نیشتمانی خوشکم دەستم بە وێژەریی ڕادیۆ کرد. ڕۆژێکیان هاتە کۆبوونەوەی ڕادیۆ و ئینتشارات و لەوێ قەرار بوو من و چەند نەفەرێک کە دەورانی تاقیکاریمان تەواو کردبوو، بە ڕەسمی دابمەزرێین. کە باس لە حەقی ئەندامەتی کرا و مانگانە وەک پێشمەرگە چەندمان یارمەتی دەبێ، مام گوتی کە نیشتمان و کوێستان ئەندامەتیی خۆیان دەدەن و مانگانەش هیچ وەرناگرن و ئیفتخاری کار دەکەن. ڕاستیتان بوێت نەمدەزانی ئیفتخاری کار دەکەن مانای چییە تا گەیشتمەوە ماڵێ و لە بابم پرسی و بۆی ڕوون کردمەوە. زانیم کە ئەگەر حیزبایەتی بکەم و کار وەرگرم دەبێ حیزبایەتی و کارکردنیشم لە هاوتەمەنەکان و هاودەورەکانی خۆم جیاواز بێت. دەبێ بڵێم بۆ ئەوکاتی ئێمە مانگانە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر ژیانمان نەبوو، بۆیە زۆرمان بیر لێ نەکردەوە .دیارە دوای ماوەیەک کارم گوێزرایەوە بۆ دەبیرخانە و کادری پلە ٤ بووم، هاوکات تازەش ژیانی هاوبەشم پێک هێنابوو.

پێم وایە زگیان پێم سووتابوو، دیتم بانگیان کردم و مانگانەیان بۆ دیاری کردم. دوایە بیستمەوە مامم پێی ناخۆش ببوو، گوتبووی دەبوو ئەو مانگانەی ئەو بدەن بەو پێشمەرگانەی کە زیاتریان پێویستە. دڵسۆزیی مامم هەرچەند لە هەل و مەرجی ئەوکا تدا بۆ من ناخۆش بوو، بەڵام لە قۆناغەکانی دوای یدا وانە و ئەزموونێکی زۆری لێ فێربووم.

دوای دەست بەکار کردنم لە دەبیرخانە، لێپرسینەوەی ڕۆژانەی مامە هەر بەشی بایگانی، تایپ و ئەرشیڤی دەبیرخانەی نەدەگرتەوە! بەڵکوو چ کتێبێکت خوێندووەتەوە و نەتیجەی چ بوو؟ بە چییەوە مەشغووڵی؟ گوێت لە هەواڵەکان ڕاگرت یان نا؟ دەبوو وەڵامم بۆیان هەبێ. سەرەڕای ئەوانەش پێی وابوو کە دەبێ یارمەتیی بەشی ڕادیۆش بکەم و لە کاتی بێکار یدا بۆڵتێنی خەبەریش دابەزێنم.

جاری وابوو هاوکات دەگەڵ ئەوەی تەشویقی دەکردی بەڵام لە کاریشی بێزار دەکردی. بۆیە دەگەڵ ئەوەی مەوداکەی کەم بوو، نازانم ئەگەر بەرەوە هەندەران نەهاتبام چەندەم بەرگەی لێپرسینەوە و کۆبوونەوەکانی مامە جەلیل دەگرت!؟ سەرەڕای هەموو ئەوانە تا ئێستاش، یەکێک لە دڵسۆزترین، باشترین، بە دیسیپلی نترین و تەشکیلا تیترین بەرپرس بووە کە کارم دەگەڵ کردوە. لە لای کاک جەلیلی بەرپرس، کارێک کە دەکرا ئەوڕۆ کرابا نەدەبوو بە هیچ شێوەیەک بکەوێتەوە سبەی. هەروەک چۆن ئەگەر بڕیاری بە کۆمەڵ و ناوەندی بڕیاردان پێویست با، هەڵوێستی بەپەلە نەدەگرت و هەموو ئەندامانی بڕیاردەر دەبوو کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکان هەبوایە. کاری بەکۆمەڵ، تێگەیشتنی هاوکار، خوێندنەوەی هاوڕێ لە پلەی ڕێکخراوەیی جیاواز و لێپرسینەوەیان، دایم لەسەر خەت بوونی، هەستیاری و کار بۆ چارەسەری کێشەکان، وایان کردبوو کە تەشکیلاتێکی ڕێک وپێک و یەکگرتوو پێک بێت و ئێمە تازە پێگەیشتووەکان لەو ئەزموون و شێوەکارانە فێر بین و ئەگەر توانای کار کردنی وەک ئەوانیشمان نەبێت لانیکەم ڕەچاوی ئوسوول و پرەنسیپە تەشکیلاتییەکان بکەین.

جێگای خۆیەتی کە لەو بەشەدا ئاماژە بە جیاوازییەکی دیکەی کاک جەلیل دەگەڵ هێندێک لە هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی بکەم. کاک جەلیل بە کردەوە و لە چەند قۆناغی جیاوازدا نیشانی دا کە پلە و پایەی ڕێکخراوەیی و بەرپرسایەتیی هیچ شوێندانەریی لەسەر دڵسۆزی و هەوڵ و تێکۆشانی حیزبی ئەو نابێ. یەکەم کاتێک کە سکرتێری حیزبی دێموکرات - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوو لە باسێکی نێوخۆی یدا بە بڕیارێکی پلێنۆم پۆستی سکرتێریی بەجێهێشت و زۆر ئاسایی لە پلەیەکی دیکەدا شێلگیرتر و هەڵسووڕوتر لە پێشوو وەکوو جێگری سکرتێر درێژەی بە تێکۆشانی خۆی دا. دواتر لە کاتی یەکگرتنەوەدا لە پێناو پاراستنی تەبایی ویەکریزی حیزب، لە کۆنگرەی ١١ دا وازی لە پۆستی جێگر سکرتێریش هێنا و وەکوو ئەندامی دەفتەر سیاسی لە کاروتێکۆشانی بەردەوام بوو .لە دوای کۆنگرەی ١٢ دەگەڵ ئەوەی کە وەکوو ئەندامی دەفتەر سیاسییش هەڵنەبژێردرا بەڵام دیسان وەکوو ئەندامی کۆمیتە ناوەندی درێژەی بە کار و چالاکیی خۆی دا. لە هەموو ئەوانە

گرینگتر، لە کۆنگرەی ١٣ی حیزب یەکەم کەس بوو کە بەپێی بڕیاری خانەنشینی ئامادەبوو نەک خۆی بۆ کۆمیتە ناوەندی کاندید نەکا، بەڵکوو ١٦ ساڵ دوای ئەو ڕێکەوتەش تا حەوتوویەک بەر لە کۆچی دوایی، دڵسۆزانە و ماندوویی نەناسانە لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە سەربەستی و ڕزگاری گەلە ژێر دەستەکەی و وەدیهاتنی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان هەر بەردەوام بوو. هەر چەند شێوەی کار و هەل ومەرجی ژیانی ئەوکاتی کاک جەلیلی مام دەگەڵ ئێستا زۆر جیاوازە، بەڵام بەو قەناعەتە گەیشتووم کە پاراستنی ئوسوول و پرەنسیپی تەشکیلاتیی حیزبێک لە هەموو کات و زەمانێک و لە هەر پلە و پایەیەکدا ئەرک و پێویستییەکی بێ ئە ملا و ئەولایە، هەر بەو پێیەش هەتا نموونەی کەسایەتییەکانی وەک کاک جەلیلی کوردپەروەر و دێموکرات بەرپرس بن، کورد بوون و کوردایەتی هەر شانازی دەبێت و بزووتنەوەی حەقخوازانەشمان بەرەو سەرکەوتن هەر بەردەوام.

## نوختە وەرچەرخانی پێوەندیی من و مامە جەلیل

دوورەوڵاتی، ژیانی نامۆ و پڕ لە دڵەڕاوکێی هەندەران و خوێندن، دیسان کەلێنی خستە نێوان پەیوەندیی ڕۆژانەی من و مامم. بەڵام ئەوجارەیان نە بە شێوەی دەورانی شار و منداڵیم و نەوەکوو سەردەمی شاخ و شۆڕش. بەڵکو ئەمجارە بە مەودا دوور و بە دڵ و هزر و بیر لێک نیزیک. ئێستا منیش ئەندامێکی حیزبم لەتاراوگە و کەم یان زۆر ئاگام لە چالاکیی حیزب و تێکۆشانی مامە جەلیل بەتایبەتی لە سەفەرەکان و مەئموورییەتەکانی بۆ دەرەوەی ولاتدا هەیە. ڕاستە پێوەندی تەلەفوونی وەک ئێستا ئاسایی و ئاسان نەبوو و ڕێگای سەفەریش بۆ من بەو هەل و مەرجی ژیانەی ئەوکات و جێگەوپێگەی ئەو سەردەمی من دەبنەماڵەدا زۆر کراوە نەبوو. بەڵام ئەوانە نەبوونە ڕێگر بۆ ئەوەی وەکوو سەردەمانی شار و منداڵیم بێ پێوەندی بین. بەڵام دوای کۆچی دوایی بابم لە ساڵی ٢٠٠٨، کاتێک کە مامەجەلیلم برا، هاوڕاز، هاوکار و دەکرێ بڵێم نیزیکترین ڕەفیق، و منیش ئازیزترین هاوڕێ و بەهێزترین پشت وپەنام لەدەست دا، خەمێکی هاوبەشی پڕ لە ژان من و مامەی زۆر لە دەورانی شاخ کە خۆشم لە کوردستان دەژیام لێک نیزیکتر کردەوە.

ئەگەر ڕاستیتان بوێت کاریگەریی ڕاستەقینەی مامە جەلیل لەسەر من لەو کا توساتەڕا زیاتر و ڕاستەوخۆتر دەرکەوت. ئەو هەوڵی دەدا ئەوجار وەکوو مام تەنانەت ئەگەر بکرێ وەکوو باب دەرکەوێ نەک بەرپرسی حیزبی و منیش کەلێنی بێ بابیم بە بوونی ئەو پڕدەکردەوە. لەو کاتەڕا زیاتر لە جاران ڕەوشت و خووخدە بێگەرد و ئینسانییەکانی مامم ناسین. زیاترهەستم پێ کرد کە مامم مامۆستای پاکی لە ئەخاق وکردار و نموونەی ڕەوشت بەرزی لە تێکۆشان و خەبات دایە،هەروەها کەسێکی بە ئەزموون کە زۆر جار منی لە زۆربڕیاری بەپەلە هەستیار کردووەتەوە. گەورەترین ئامۆژگاریی ئەوە بووە کە هەمیشە و بەر لە هەموو شتێک بیر لە بەرژەوەندی گەل و حیزب بکەوە و پاشان بڕیار بدە. ئەگەر بڕیاریشت

دا لەسەر بڕیاری خۆت سوور بە. هەر بەو پێیە شانازیی گەورەی ژیانم ئەوەیە کە مامم سەربەرز بوو بە حیزبی بوون و دێموکرات بوون و نەتەوە خۆشەویستیی من. بۆیەش زۆرجار نووسیومە و دەڵێم گەورەترین ئەرک لە ژیانمدا بەج ێگەیاندنی ڕاسپاردە و چاوەڕوانییەکانی دایکم، بابم و مامە جەلیلە. هیوادارم بتوانم لە ئاست هێنانەدیی چاوەڕوانییەکانی ئەوان کە بووەتە ئەرک و هاوکات خولیا و ویستی خۆشم سەربلێند بێمە دەر. دەزانم خواست و چاوەڕوانیی مامم ئەوە بووە کە هەروەک خۆی بە کردەوەش نیشانی دا کە ٧٥ سال درێژەدەری ڕێگای پیرۆزی پێشەوای نەمر و بیروباوەڕە پتەوەکەی بوو، منیش ئەم ڕێگایە درێژە بدەم. ئاواتەخوازم کە ئیمان بە بیروباوەڕی پۆڵایینی ئەو بتوانێ هاندەر و پاڵپشتم بێ بۆ خۆڕاگری و پشوودرێژی لە خەبا تدا و منیش یەکێک بم لە ئەو تێکۆشەرانەی کە ڕێبازی پیرۆزی درێژە بدەم.

لە کۆتاییدا وێڕای دەربڕینی هاوخەمی خۆم دەگەڵ میللەتە ئەمەگناسەکەم کە لە ڕۆژانی دوای کۆچی مامەی خۆیان نیشانیان دا کە قەدرزانی تێکۆشان و ماندووبوون و کۆڵنەدانی خەباتکارانی خۆیانن، هەروەها پەیمان نو ێکردنەوە دەگەڵ هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی مامە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرا تدا بۆ درێژەدانی ڕێگای خەباتی، دەڵێم:

**ماڵاوا مامی کوردان و قوتابییە ئەمەگناسەکەی کۆماری کوردستان، چ شانازییەکە بۆ من کە هەڵگری پاشناوی تۆ و برا تێکۆشەرەکانتم،**

**یاد و ناوتان پیرۆز بێت و هیوادارم من میراتگرێکی شایان و بەوەفای ئەو ناوە بم.**

لە کتێبی (پیری دێموکرات) وەرگێراوە.

ڕێکەوتی: ڕێبەندانی ١٣٩٩ی هەتاوی(٢٠٢١) چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

## کارتێکەری یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان

### دیمانە ڕەحمان نەقشی

**بە دەرس وەرگرتن لە رابردوو هەر هەموومان لاپەرەیەکی نوێ لە ژیان و کاری سیاسی خۆماندا هەڵدەینەوە و یەکدەنگ و یەکڕەنگ لە پێناو گەیشتن بە مافی رەوای گەلەکەمان هەول بدەین و بەردەوام بین.**

**وەڵام**: سەرئەنجام دوای نیزیک بە ١٦ سال هەردوو لایەنی حیزبی دێموکرات یەکیان گرتەوە و کۆتایی بە قۆناغی دوو باڵی دێموکراتەکان هات ئەو کارە پیرۆزە لاپەرەیەکی دیکەی لە میژووی پر سەروەری حیزبی دێموکرات دا تۆمار کرد. لێرەوە پیرۆزبایی بە خەڵکی تێکۆشەر و کۆلنەدەری رۆژهەلاتی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زینندانیانی سیاسی، ئەندامان، لایەنگران و دلسۆزانی حیزبی دێموکرات دەلێم. بە ئاوردانەوەیکی کورت بە سەر هەل و مەرجی ئێستا چ لە ئاستی ناوخۆی کوردستان، چ لە ئاستی رۆژهەلاتی ناوەراست و چ بە گشتی لە جیهاندا، ئەو یەکگرتنەوە پێویستیەکی هەنووکەیی بووە کە بە خۆشییەوە وەکوو ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بە جێ گەیاندرا. ئەوەی کە جێگای تێروانین و لێوردبوونەوەی ئێستای ئێمەیە ئەوەیە کە بە چ شێوەیەک ئەو یەکگرتن و یەکریزییە بپارێزین بۆ ئەوەی کاریگەی ئەرینی لە سەر خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان هەبێت.

یەکگرتنەوە و یەکریزی دوو چەمکی تەواو کەری یەکترین کە یەکریزی و یەکدەنگی لێدەکەوێتەوە. یەکگرتن و یەکدەنگی لە هەر ئاست و بوارێکدا بیت بۆ نەتەوەی کورد جێگای رێز و پێویستییەکی ئەمرۆییە. بە یەکگرتوویی و یەک گوتاری کورد بە گشتی و خەلکی رۆژهەلات بە تاییەتی دەتوانن هەنگاوی بە هێزتر و گرینگتر هەلێننەوە بۆ پرۆژەی گەورەتر کە لە ئامانجە نەتەوەییەکانمان نیزیک بکاتەوە.

**لێرەدا کارتێکەری یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بە سەر ئەم چەند خالەی خوارەوەدا پۆلێن دەکەم:**

**لە ئاستی کۆمەلانی خەلکی رۆژهەڵاتی کوردستان:**

پەیوەندی نێوان خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مێژوویەکی ٧٧ ساڵەی هەیە و لە

هەموو قوناخەکانی خەبات و تێکۆشانی سیاسی ئەم حیزبە پشت و پەنایی یەکتر بوون. حیزبی دێموکرات کە حیزبێکی نەتەوەیی و خۆی بە نوێنەری هەموو چین و توێژێکی ئەم کۆمەڵگایە دەزانێ، ئەوەندی بۆی گونجاوە و مەجال هەبووە، ویستوویەتی وەڵامدەری داوا و خواستی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بێ. ئەم دابرانانەی کە لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا تا ئێستا روویانداوە بە دلنیاییەوە خالی لاوازی ئەم حیزبە بوونە و کاریگەری نەرێنی لە سەر تێکۆشانمان بۆ دەستەبەر کردنی ئامانجی گشتی و نەتەوەییمان هەبووە. هەر بۆیە لە کاتی دابرانی دواییشدا ئەوە خەلکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوون کە بەم دووباڵیە نارازی بوون و ئەوەندەی بۆیان کرابێت هەولیان داوە تەئسیر لە سەر ئەم یەکگرتنەویە دابنێن. بە خۆشیەوە حیزبێکی بەرپرس وەک حیزبی دێموکرات دەگەل ئەوەی رەنگ بێت ماوەیەکی زۆری بە پرۆسەی یەکگرتنەوە تەرخان کردبیت، بەڵام ئەو ئاوات و داخوازیانەی هێنایە دی و بەو کارە دلخۆشی و شادی و دلگەرمیەکی لە رادەبەدەری دەنێو خەلکی رۆژهەلات و ئەندامان و لایەنگرانی خۆی و دڵسۆزانی دۆزی رەوای کورددا پێک هێنا. ئەو هەنگاوە، نوێکردنەوەی پەیمانی درێژەدانی رێگا و رێبازی پێشەوای نەمر قازی و رێبەرانی شەهید و هەموو شەهیدانی سەربەرزی رێگای کوردایەتی بوو. هاوکات ئەو دڵگەرمیە وەدیهاتووە و عەلاقە بە کار و هیوا بە داهاتوویەکی روون، شوێن دانەر دەبێ لە سەر چالاکانی نێوخۆ لە هەموو بوارەکانی سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگی، کۆمەلایەتی و ژینگە پارێزی و بگرە بۆ وەدیهاتنی یەکگرتوویەکی تەواو لە نێو دانیشتوانی رۆژهەلاتی کوردستان. ئیستا ئەو یەکگرتوویە دەبێتە هۆی پێکهاتنی یەک پەیامی و یەک دەنگی لە ریزەکانی کۆمەلانی خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان دا ئەویش بە روانینێکی نوێ و گەشبینانە و هیوابەخش. ئەو کارتێکەرییەش لە داهاتوودا رەنگدانەوەی خۆی دەبێت چ لە ئاستی یەکگرتویی رۆژهەلات و یەکریزی خەباتکارانی نەتەوەی کورد و چ لە ئاست گەیشتن بە داواکارییەکانیان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا. هەر وەک هەمووشمان دەزانین یەکدەنگی و یەکریزی خەلک گەورەترین چەکە دژ بە داگیرکەرانی وڵات. لە روانگەی منەوە چاوەروانی ئەوەش دەکرێت کە بەو یەکگرتوویە، داخوازییەکانی خەڵک لە رۆژهەلات تەنانەت روو بە حاکمیەتی ئێران رەنگ و روویەکی دیکە بەخۆیەوە بگرێت.

### لە ئاستی یەکگرتوویی ئەحزابی کوردی بە گشتی و رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی:

دەگەل ئەوەی لێرەدا باسی یەکگرتنەوەی دووبالی یەک حیزب و وەسەر یەک خستنەوەی ریزەکانی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتە، بەلام جێی خۆیەتی باسی کاریگەری ئەو یەکگرتنەوە بکەین لە سەر ئەحزابی دیکەی کوردی بە گشتی و رۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی. حیزبی دێموکرات وەک بە تەمەنترین حیزبی مۆدێرنی کوردی وێڕای برینی هەوراز و نەشیوی زۆر لە رەوتی خەبات دا، ئەزموونێکی زۆریشی لەو رێگایەدا وەدەست هێناوە. ئەم حیزبە لە هەموو قۆناخەکان دا هەستی بە بەرپرسیاریەتی مێژوویی خۆی کردوە و هیچکات لە ئەرکە نەتەوەییەکانی خۆی خافڵ نەبووە. خەباتی بێ پسانەوە، فیداکاری و دانی هەزاران شەهید و تەنانەت لە ئاستی رێبەرانی هەڵکەوتە و بەتوانای خۆی دا، سەربەخۆیی

سیاسی لە ئاستی بریاردان و گرینگی دان بە بەرژەوەندیەکانی میللەتەکەمان، چ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چ لە نێو هەر چوار پارچەی کوردستان دا، خۆشەویستیەکی راستەقینەی بۆ خۆی دەستەبەر کردوە و هەر لەو ڕێگایەشەوە شوێندانەری گەورەی لە سەر هەست و سۆزی خەڵک و هەروەها رەوتی خەباتی نەتەوەکەمان هەبووە. حیزبی دێموکراتی کوردستان چ لە بواری پێوەندییەکانی دەگەل هێز و لایەنە سیاسیە کوردیەکان، چ بە ڕێنوێنی کردن و هاوکاری لە ئاستی ئامانجی گشتی رەوای گەلەکەمان هەمیشە هەولی داوە ببێتە هەوێنی ئاشتی و یەکریزی لە نێو ئەو هێزانە دا. بۆ هەر کارێکی گشتی و هەروەزی بووبێت لە ئاستی بەرژەوەندی گەلی کورد، حیزبی دێموکرات هەزینەی داوە، کاتی داناوە و ئیستاش هەر لەو روانگەوە هەول دەدات ئەکتەرێکی باش بێ و بە رۆلی جێکەوتوو و بە کاریگەری درێژە بە کارەکانی خۆی بدات. ناوەندی هاوکاری حیزبە سیاسەیەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە ئیستا یەک دێموکرات و دوو کۆمەلە تێیدا ئەندامن دەتوانێ ئالو گۆری بەسەر بێت و هیوادارم بەرفراوانتر بێتەوەو تەنانەت بەرەیەکی ڕۆژهەلاتی لێ پێک بێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە بێ هەبوونی لایەنی سێهەم بە ماوەی چەند سال پرۆسەی هاوکاری و دانوستاندن، توانی حیزبەکەی خۆیان دوای نیزیک بە ١٦ سال دابڕان وەسەریەک بخەنەوە ئەم پۆتانسیەلەی تێدا هەیە و ئەو ئەزموونەی وەدەست هێناوە کە لە سەر لایەنەکانی دیکەش کاریگەری هەبێت بۆ لێک نیزیکبوونەوە و یەکگرتوویی. یەک گوتاری و یەکگرتوویی ئەحزابی سیاسی کوردی هەم لە سەر خاڵە هاوبەشەکانی نەتەوەیی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و هەم وەک هێز و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، هێزی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی زیاتر دەکات و ئەو کاتەیە کە کورد وەک فاکتەری ئەسڵی چاوی لێدەکرێت و دەخوێندرێتەوە .کەواتە دەتوانین بلێین یەکگرتنەوەی دێموکرات وەک دەروازەیەکی نوێ بۆ یەکگرتویی ئەحزاب و یەکریزی نەتەوەیی هەنگاویکی گرینگە و شوێندانەری ئەرێنی دەبێت لە داهاتووی خەباتی رەوای گەلەکەمان دا.

**لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی:**

حیزبی دێموکراتی کوردستان نەک لە ئاستی کوردستان بەلکو یەکێک لە کۆنترین و بە ئەزموونترین حیزبی مۆدێرنە لە ئاستی ئێراندا. ئەم حیزبە لە ماوەی مێژووی خۆیدا دەگەل ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری ئێران و کەسایەتیە ناوسراو و بەرجەستەی ئێرانی لە هەموو بوارەکان دا پێوەندی باشی هەبووە، لە زۆر کۆرو کۆمەل و هاوپەیمانی و ئیتلافی ئێرانی دا قسەی یەکەمی هەبووەو ئەندامە، لە چەندین سالی رابردوو دا بەشی پێوەندییە ئێرانییەکان یەکێک لە چالاکترین بەشەکانی کاری حیزبی دێموکرات بووە لە ئاستی دەرەوەدا. ئەم یەکگرتنەوەیەوە کاریگەری ئەرێنی دەبێت لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەم مانایە کە دێموکرات یەک دەنگ و یەکگرتوو بە بەراوورد دەگەڵ کاتی دووبال بوونی، بە یەک قسە و یەک گوتار دەنگێکی بە هێزتر و کاریگەرتر دەبێت لە گۆڕەپانی سیاسی و مەیدانی خەباتی سەراسەری ئێران دا لە

جاران. لە لایەکی دیکەوە دەتوانێ هاندەرێک بێت بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە ئەوانیش زیاتر ریزەکانی خۆیان رێک بخەنەوە و جمو جۆلێکی زیاتر لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بکەوێتە گەڕ. لە هەمان کاتدا دەبێ سەرنج بدەینە ئەو خاڵەش کە یەکگرتوویی و یەکریزی ئێمە ئەگەر بۆ بەشێکیان جێگای ترس بێت ئەم دلەراوکیەیان لێ برەوێنینەوە کە ئەوەش هەر بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن دەکرێت. کاتێک یەکگرتوویی و یەکریزیی چ لە نیوان ئەحزابی کوردی و چ ئەحزابی ئێرانیدا زیاتر بێت ئەوکاتە دەتوانین باس لە دروست کردنی ئالترناتیو بۆ رژیمی ئێرانیش بکەین، ئەو ئالترناتیوەی کە ئیستا لە بەرامبەر نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بوونی نییە و یەکێکە لەم هۆکارانەی کە دنیای دەرەوە بەو جۆرە کە دەبێ خۆی بە مەسەلەی ناوخۆیی و مافی مرۆڤ ماندوو ناکات چوونکە بە دائیم لە ئالترناتیو دەگەریت و ئەم جۆرەی کە دەبێت بە داخەوە تا ئیستا ئەم ئالترناتیوە هەبوونی نییە.

### لە ئاستی نێودەولەتی و دیپلۆماسی:

لە دونیای دەرەوەدا کورد بە میللەتێکی ئاشتی خواز و هاوکات بوێر ناسراوە. بە خۆشیەوە دۆزی رەوای کورد و رەوایی خەباتی ئەو میللەتە لە دونیادا دەنگی داوەتەوە. بەلام شتێکی کە جێگای باسە و دەبێ هەموومان لێ ورد بینەوە ، پرش و بلاوی کورد و پرسی کورد لە دەرەوەی ولات روو بە دام و دەزگا نێودەولەتییەکانە. بە راشکاوی دەتوانم بلێم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نە ک تەنیا نوێنەرایەتی حیزب و بزوتنەوەی خەلکی رۆژهەلاتی لەم بارەوە لە دەورانی زیرینی دیپلۆماسی شەهیدی نەمر دکتور قاسملوو لە ئەستۆ بووە، بەلکو دەتوانم بە جورئەتەوە بلێم کە ئەوەی ئەمرۆ نەتەوەی کورد لە باری دیپلۆماسی و نێتوۆرکەوە هەیەتی دەگەرێتەوە بۆ ناساندنی کورد و رۆلی ئەم رێبەرە شەهیدەمان لە کاتی خۆیدا. کەواتە حیزبی دێموکرات ئەو رسالەت و ئەو پێگەی لە بواری دیپلۆماسیدا ئەزموون کردوە. لە ١٦ سالی رابردوودا حیزبی دێموکرات لە تێکۆشانی خۆی لەم بوارەدا کەمتەر خەمی نەکردووە، بەلام بە هۆی پرش و بلاوی سیکتەرەکانی دەنگی کورد چ لە ئاستی ئەحزابی سیاسی، چ وەک کۆمەل و پێکهاتەی کولتوری، فەرهەنگی و رەوەندی کوردی، هەموو ئەوانە بە هۆی زۆری و نەبوونی هاوئاهەنگی و هاودەنگی، ئەم جۆرەی کە پێویستە لە دام و دەزگای دەولەتی و نێو دەولەتیدا بە قورس و قایمی وەرنەگیراوە.، ئەم پلاتفۆرمە جێکەتوویە کە دەبێ بیهێنینە گۆڕ و داوای بکەین و پشتیوانی بۆ کۆ بکەینەوە، نەهاتۆتە ئاراوە و بە گوێرەی پێویست تێیدا سەرکەوتوو نەبووین. حیزبەکانیش رەنگ بێت کاریگەرییان زیاتر لە ئاست و لەسەر حیزبە دەستە خۆشکەکان هەبێت تا ئاستی سەروتر لە نێو بەرپرسانی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی. یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لانیکەم لە ئاستی بەشی دیپلۆماسی حیزب جێگای دلخۆشییە کە وزەوە توانمان وەسەر یەک خستۆتەوە، یەک دێموکرات قسە دەکات، یەک دێموکرات پرۆژە پێشکەش دەکات و کەیسە گرێدراوەکان بە یەکگرتنەوەی دێموکرات بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت رێگا چارەیان بۆ دەبینندرێتەوە. ئەم یەکریزی و یەکدەنگیە کە سێکترە

خاریجییەکان لە دێموکراتەکانیان داوا دەکرت ئێستا بە جێ گەیاندراوە. بۆیە من پێم وایە بە سازماندهی سەر لە نوێی ئەم بەشە دەسکەوتی زیاترمان لانیکەم وەک دیموکراتەکان دەبێت کە ئەمەش لە نەهایەتدا هەر دەسکەوتە بۆ پرسی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

**لە ئاستی نێوخۆی ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا:**

حیزبێکی بە گەورەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران تووشی دابران دەبێت و نیزیک بە ١٦ سال هەر دووک باڵی ئەو حیزبە بەجیا و بەو جۆرەی کە خۆیان بەرنامەرێژیان بۆ کردووە درێژەیان بە خەبات داوە و بە کەڵک وەرگرتن بە رەهەندەکانی جیاوازی خەبات تێکۆشانی خۆیان بۆ دەستەبەر کردنی خەباتی رەوای گەلەکەمان بردۆتە پێشی. ئەو دوو حیزبە تا کاتی یەکگرتنەوە دوو ساختار و سیستمی جیاوازیان لە کار کردن ئەزموون کردووە. بەڵام یەک خال کە لێرە نابی لە بیری بکەین ئەویش ئامانجی ستراتیژی سیاسیان بووە. ئەو دوو حیزبە هەر یەک ئامانجیان هەبووە کە واتە ئەمە یەکێک لە گرینگترین خاڵەکانی لێک نیزیک بوونەوەی هەمیشەییان بووە کە ئەگەر لە کاری رۆژانەی ئیداری و ساختاری حیزبیدا لەو چەند ساڵەی رابردوو دا جیاوازیمان هەبوو. بەڵام لە ئامانجدا هەردووک هاورا بوون. کەواتە مادام یەک ئامانج بووین ئەوەی کە دەبوو کاری لە سەر بکەین و ئیستاش لە تێکەڵکردنەوە و ئیدغامی ئۆرگان و نەهادە حیزبییەکان دەبێ کاری لە سەر بکەین شێوەی ئیدارە کردنی ریزەکانی حیزبە. خواستی خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان، داواکاری ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، چاوەروانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی، دلسۆزان و دۆستانی حیزبی دێموکرات بە گشتی و ئیرادەی رێبەری هەر دووک لا ئەم ئاواتەیان بە جێ گەیاند و ئێستا ئەرکێکی گرینگ دەخاتە سەر شانی هەمووما ئەویش پاراستنی یەکریزی و یەکدەنگی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. ئەم ئەرکە تەنیا ئەرکی بەرێوەبەران و بەرپرسان نییە بەڵکو ئەرکی هەموو ئەندامی حیزبەکە و هەموو خەلکی رۆژهەلاتی کوردستانە کە مادام ئەم هەنگاوە پیرۆزە جێبەجێ بووە، دەبی وەک گلێنەی چاو بیپارێزین و یەکریزی و یەکگرتووی زیاتر بکەین. باسە نێوخۆیی تەشکیلاتی و گلەیی و گازندەکانی رۆژانە لە ئاستی بەرێوەبەرییدا بە وەخت وڵامیان بدرێتەوەو لە رێگای ئۆرگانییەوە بێنە بەر باس. ئەوەش تەنیا بە لە خۆبوردوویی ئەندامانی ئەم حیزبە پێکدێت کە فوکوس زیاتر لە سەر ئامانجی گشتی و دەستەبەر کردنی و کار کردن بۆ ئەم ئامانجانە بێت نە خۆ ماندوو کردن بە خاڵە لاوەکی و لاوازەکان کە وزەی کارمان لێ بستێنێت. لە لایەکی دیکە یەکگرتوویی و یەک ریزی و یەک دەنگی ئێمە وەڵامی هەموو پروپاگەندەیەکی دوژمن دەبێت کە هەر دەم لە هەوڵی ئەوەدا بووە ریزەکانی ئێمە دابەش بکات و ناکۆکی بخاتە نێو مالی کورد و ریزەکانی حیزبمان. ئەورۆ ئێمە دەبێ لە هەموو وەختێک زیاتر وشیار بین کە جارێکی دیکە لە هەلومەرجی ئێستای کوردستان بە گشتی و رۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی نەکەوینە نێو داوی لێکترازان و دابڕان، بەلکوو بە دەرس وەرگرتن لە رابردوو

هەر هەموومان لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیان و کاری سیاسی خۆماندا هەڵدەینەوە و یەکدەنگ و یەکڕەنگ لە پێناو گەیشتن بە مافی ڕەوای گەلەکەمان هەوڵ بدەین و بەردەوام بین.

لە کۆتاییدا دووبارە پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە و ئەم دەسکەوتە مێژووییە لە هەموو هاوولاتیان و دلسۆزانی کورد دەکەم و بە هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ خەباتی ڕزگاریخوازنەی نەتەوەکەمان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،

ئۆسلۆ ٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

**سەرچاوە: ناميلكە كۆمەلێک ديمانە – ڕێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢**

---

## شۆڕشی ژینا، هاوکێشەکانی شۆڕشێکی فێمینیستی لە ڕاپەڕینێکی سەرانسەری و مافخوازیدا

ڕاپەڕینی مافخوازانەی خەڵکی ئێران بە دوای شەهیدکردنی ژینا ئەمینی لە شاری تاران هەروا بەردەوامە، ڕاپەڕینێک کە بێدەسەڵاتیی ژینا و کوژرانی بێبەزەییانەی دایگیرساند و جیهانی هێنایە سەر هێڵ. بێگومان لەو ڕاپەڕینەدا ڕەگەزی ژنانەبوون و باندۆڕی یەکسانیی ڕەگەزی لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی بزاوتێکی سەرانسەریی مافخوازیین کە ئێستا ئیدی بەرگژەی بۆ تەواوەتیی ڕێژیم دروست کردووە. تێڕامانێک لە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" وەک بەردی بناغەی ڕاپەڕینەکە و بەشداریی هەراوی ژنان لە ناڕەزایەتییەکاندا و چاوخشاندنێک بە ئاماری شەهیدان و دەسبەسەرکراوانی ئەم ڕاپەڕینە ڕۆڵ و پێشەنگایەتیی ژنان بە تایبەت لە کوردستان و جیاوازیی ڕاپەڕینەکە لەگەڵ سەرهەڵدانەکانی پێشوومان بۆ دەردەخات. هەر ئەوەش لەجێدا ورووژێنەری پرسیارێکە کە، ئایا ئەم جیاوازییە بەم مانایەیە کە ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی ژنانە و فێمێنیستییە یان ڕاپەڕینێکی سەرانسەری؟

ئەگەر ژینا وەک ناوەندی سەرهەڵدانی ئەم ڕاپەڕینە دەستنیشان بکەین، دەتوانین دەروازەیەک بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بکەینەوە، ئەویش بە چەند هۆکار کە ژینا وەک سیمبول چەندین ئێلێمەنتی ئەم ڕاپەڕینە لە خۆیدا وێنا دەکات، بۆ نموونە: ژنبوون (جیاوازیی ڕەگەزی)، کوردبوون (ئیتنیکی)، سوننیبوون (جیاوازیی مەزهەبی)، داپۆشینی قژ و ڕوخسار (حیجابی ئیجباری) بنەماڵەیەکی مامناوەندی (جیاوازیی چینایەتی)، شێوەی شەهیدکردنی (مێتۆدی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم) و غەریببوون (دیاردەی پەراوێزخران و ناوەندگەرێتی)... . ئەم چەند ئێلێمەنت و فاکتورانە نیوەی زیاتری کۆمەڵگە خۆی تێدا دەبیننەوە و لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا لە هەموو ئەو بوارانەدا نیری ئەو ستەم و چەوسانەوەیان لەسەر ملی خۆیان هەست پێ کردووە. بۆیە ئێستا هەرکام لەوان کە لە سەرشەقام خۆیان دەبیننەوە، پشتیوانی لە خواستی یەکتر دەکەن. بەو پێیە جەوهەری ڕاپەڕینەکە تەنیا پرسی نەتەوەیی یان حیجابی زۆرەملێ نییە، بەڵکوو چەندین فاکتەر وەک ئاڵقەیەک بە دەوری ژینادا کۆ بۆتەوە کە هەرکام لەو فاکتەر و ئێلێمەنە کۆمەڵێک خەلک بۆ ئەم ویستانە بە دوای خۆیدا ڕادەکێشیت. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژناندا، ژنان لە ماوەی ڕابردوودا پێشانیان دا کە لەجێدا توانای بەڕێوەبەری و ئیدارەکردنیان هەیە، هەروەها ژنان وێڕای پیاوان لە ئاستی بەرنامەڕێژی و بەڕێوەبەریدا و، لە پێناو چێکردنی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتدا و یەکساندا شان بە شانی یەکتر لە سەنگەردان.

دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" خۆی بەبێ شرۆڤەش پێمان دەڵێ ژن وەک مانای ژیانەوە و بەرهەمهێنەری ژیان دەبێ خۆی

ئەوەندە ئازاد بێت کە بتوانێ ژیان و ئازادی ببەخشێتە کۆمەڵگە. بەڵام هەموو کات دەبێ لەبیرمان بێت کە بزانین داوای ئازادبوون لە چی دەکەین و ئازادیمان بۆ چی دەوێت؟ لێرەدایە کە دەبێ سرنج بدەینە ئەوەی ئەم ئێلێمەنتانەی وەک ئاڵقەیەک لە دەوری ژینادا بەرچاو دەکەون، ڕەنگبێ تەواوی ناڕازییانی سەرشەقامی ئەمڕۆی ئێران نەگرێتەوە. ڕەنگبێ بۆ ژنێکی بەلووچ مەسەلەی نەتەوەیی وەک کورد یەکێک لە بنەڕەتیترین فاکتەرەکانی بەشداری بێت، بەڵام بۆ خاتوونێک لە شارێکی وەک تاران یان تەورێز ڕزگاری لە حیجابی زۆرەملێ و ئازادیی دەرکەوتن زیاتر سەرنجی ڕاکێشابێت و ئەوی هێنابێتە سەر شەقام. بەڵام گرینگ ئەوەیە هەموویان هەر یەکە و بە هەر خواستێک ئەمڕۆ لە ئاستێکدا و بۆ یەک مەبەست، ئەویش نەهێشتنی ئەم نیزامە تۆتالیتێرە کار دەکەن و ئامادەی گیانیفیداین. کەواتە ئەم ڕاپەڕینە کە بە شۆڕشی ژینا ناو دەبرێ ڕەنگ و ڕووخساری ژنانەی پێوە دیارە و ئەوە ژنان بوون چەخماخەی ئەم شۆڕشەیان لێ دا، شۆڕشێک کە نەک کوردستان و ئێرانی تەنی، بەڵکوو وەک دەبینین لە ماوەی نیزیک بە سێ مانگدا جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

بزووتنەوەی ژینا یەکەم بزووتنەوەی ژنان نییە، بەڵام بزووتنەوەیەکی ژنانە بوو کە توانی ببێتە ڕاپەڕینێک و هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ خۆی بخات. هەروەها تەنیا یەک بزووتنەوەی ویستتەوەر نییە، بەو مانایا کە تەنیا یەک ئاراستە بە ڕاپەڕینەکەوە دیار نییە، هەروەک باسمان کرد نارەزایەتییەکی فرەچەشن و فرەڕەهەندییە. لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا زۆر وڵات هەبوون کە ژنان هاتوونەتە سەر شەقام و داوای تایبەتیان وەک مافی دەنگدان و مافی بەرانبەر هەبووە و داوای ڕیفۆرم و چاکسازییان کردووە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ شۆڕشی ژینا، ژنانی کورد و بەلوچ و ئێرانی داوای دەکەن دەروونمایەی شۆڕشێکی ژنانەیە کە داوای گۆڕینی دەسەڵاتێکی ژنکوژ و منداڵکوژ لە وڵاتێکی فرەنەتەوە و نەریتیی وەک ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکات.

ئەم شۆڕشە دەتوانێ شۆڕشی ژنان بێ، هەروەک چۆن ئێستا بە "شۆڕشی ژینا" ناو دەبرێ، بەڵام ناکرێ بە شۆڕشی فێمێنیستی پێناسەی بکەین، با ئەوەش کە ویست و داخوازە بنەڕەتییەکی ژنان و عاملییەتی ژنان چەخماغەی ئەم ڕاپەڕینەی لێ داوە. بە واتایەکی دیکە ئەم ڕاپەڕینە بزووتنەوەیەکی فێمێنیستیی ڕادیکاڵ نییە و ئەگەر لە پێناسەکانی شۆڕشێکی فێمینیستیشدا جێ بگرێ، پتر بە لای فێمینیستی لیبراڵدا دەشکێتەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم شۆڕشە فێمینیستییە بەو بەربڵاوی و فرەڕەهەندییەی بەشداریی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە دروستی کردووە؛ ئێستا لە بەرگی ڕاپەڕینێکی مافخوازانەدا دەرکەوتووە. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە لەم ڕاپەڕینەدا هاوکێشەکان دەبی هاوسەنگییان بۆ بکرێت و ئەگەر چاوەڕێی دەسکەوتی دڵخوازی هەمەلایەنەش لەو ڕاپەڕینە بین، بۆ گەیشتن و دەستەبەری ئەو دەسکەوتانە نابێ شۆڕشەکە بخەینە بازنەی پێناسەیەکی تەنگەبەرەوە.

خەڵکی ئێران لە بەردەم ئەزموونێکی تازەدان. بەشێک لە هەیکەلی ئەم ڕاپەڕینەی ئێستا، ٤٣ ساڵ لەوەپێش لە شۆڕشێکی مەزندا نیزامی سیاسیی وڵاتیان گۆڕی، شۆڕشێک کە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە. شۆڕشێک کە دواتر بەرهەمەکە دەسەڵاتێکی نادێموکراتیک، ئیدئۆلۆژیک، سەرکوتگەر، پەراوێزخەر و ژن و منداڵکوژی لێ کەوتەوە کە هەر ئێستا خەڵک قۆڵیان لە ڕاماڵینی هەڵماڵیوە. ئێستا هەمووان دەزانن دەسەڵاتێک کە بەرهەمی شۆڕشێکی جەماوەری بوو، دیکتاتۆرییەکی لێ بەرهەم هاتوە کە خوێنی خەڵکی لە شووشە کردووە، وەڵامی بۆ هیچ کام لە داخوازە سیاسی، مەدەنی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی وڵات پێ نییە، تەنانەت منداڵانی خوار ٢٠ ساڵ کە لە نیزامی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیمدا پێ گەیشتوون، لە ڕیزی پێشەوەی دژبەرانی ئەو سیستمەدا جێیان گرتووە. ڕێژێمێکی گەندەڵ کە لەلایەگ گەندەڵی هەموو هەیکەلی داگرتووە و لەلایەکی دی چی سامانی وڵاتە بۆ شەڕانشۆییەکانی داناوە و بۆ ئەو ئامانجەش خەڵکی وڵاتی بەبارمتە گرتووە. بۆیە ئەو بەحەق ڕەوایە کە خەڵک هەم بە هەموو توانایانەوە لەدژی ڕابن و هاوکات بیانەوێ لە نیزامی سیاسیی داهاتووی وڵاتدا ئاسەواری هیچ کام لەو هەڵاواردن و کەمایەسییانە نەمێنن. ئەوەی لە ئێران ڕادەبرێ تەواو ڕاپەڕینێکی مافخوازانەی پێکهاتەشکێنە، هاوکات ململانێیەکی ناهاوسەنگ لە ڕووی هێزی جەماوەری و ئیرادەی سەرکوتی ڕێژیمە. بۆیە ئەو پرسیارەش بەجێیە کە چۆنە بە بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانییەوە ڕێژیم دەتوانێ ئەو جینایەتانە بخولقێنێ؟ بۆچی کاردانەوەی وڵاتان بە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەئاست چاوەڕوانیی خەڵکی ئێراندا نییە؟

## وەڵامەکەش بۆ چەند فاکتەرێک دەگەڕێتەوە:

**یەکەم**. لە دوای پەتای کۆڕۆنا و شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین و هەروەها پشتیوانیی چین لە ئێران و هاوسەنگییەکانی ئێستا، لە جیهاندا فوکوسی تەواو لە سەر یەک شوێن و بابەت نییە، بەڵکوو وزە و فوکوسی نێودەوڵەتی دابەش بووە. هاوکات بەرژەوەندیی وڵاتان لەگەڵ یەکتری، یان بەرژەوەندیی نێوخۆیی هەر وڵاتێک کۆمەڵێک ڕێوشوێن و بەربەست بۆ جووڵەکانی، بەتایبەت لە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن و بەدیلێکی بەهێز بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە وڵاتە قەیرانلێدراوەکاندا دەستنیشان دەکا.

**دووهەم**. لە پێناسەکردنی کێشەکانی ئێران تەنیا بە "بەرجام" و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا، خەڵکی ئێران و پرسە گرینگەکانی ئەو وڵاتە، وەک پرسە نەتەوەیی و مەزهەبی و هەڵاواردنە ئایینی و ڕەگەزییەکان و ستەمکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشەی پێوەندییەکانی وڵاتان لەگەڵ ئێراندا غایب بوون. بەڵام ڕاپەڕینی ژینا تا ڕادەیەک خەریکە ڕوانگەکان لەو پێوەندییەدا دەگۆڕێ و هەڵپەساردنی دانوستانەکانی بەرجامیش دەتوانێ لەو خانەیەدا جێ

بگرێت.

ئێستا بەپێی هاوکێشە نوێیەکان، واتە بەردەوامیی ناڕەزایەتی و ڕاپەڕین لە نێوخۆی ئێران، گۆڕینی ڕێژەیی ڕوانگەی ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی جیهانی بۆ بابەتەکانی ئێران دەکرێ باس لە سێ سێناریۆ بکەین:

**یەکەم**: پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە چوارچێوەی نیزامی ئێستای کۆماری ئیسلامیدا، بەو مانایە کە بە ئاشتەوایی لەگەڵ ڕێفورمخوازە حکوومەتییەکان و هێزی دابڕاو لە دەسەڵات و کۆمەڵە گۆڕانکارییەک لە سیاسەت و ڕەفتارەکانی ڕێژیمدا بتوانن ناوکی دەسەڵات بۆ ماوەیەکی دیکەش بەهێزتر و یەکگرتووتر بکەن و بە بەردەوامییان لە سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان کاتێکی زیاتر بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا بکڕن.

**دووهەم**: توندوتیژیی زیاتر و سەرکوتی خەڵک و چوونە فازی حکوومەت نیزامیی لەئێستا سەختتر تا لە ڕێگەی سەرکوت و زەبروزەنگی زیاترەوە بتوانن ئیرادەی خۆیان بە سەر دۆخەکەدا بسەپێنن.

**سێهەم**. ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و یەکگرتوو لە بەرگی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامیدا دەربکەوێ و بە بەردەوامی لە ڕاپەڕین و خۆپێشاندانەکان لە نێوخۆی وڵاتدا و ڕاکێشانی پشتیوانیی دەرەکی کە ئەمە لە درێژخایەندا ڕێگا بۆ گۆڕینی دەوڵەت، سەرکەوتنی ڕاپەڕین و گۆڕینی نیزامی سیاسی و یاسای بنەڕەتیی وڵات خۆش دەکا.

## پوختەی مەبەست:

ڕاپەڕینی ژینا ئاوێنەی هەست و سۆزی ژنان و ئەم ستەمانەیە بە درێژایی مێژوو لە ژنان کراوە، بۆیە چەخماغەکەی ژنان لێیان دا و ژنانیش چ لە پێشەنگایەتی و چ لە بەشداریی هەراودا توخمی سەرەکیی ڕاپەڕینەکەن. دۆخی کۆمەڵگەی ئێران و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییش ناگەڕێتەوە بۆ پێش کوشتنی ژینا و ئێستا ئیدی سنوور و سەنگەرەکان لە ئێران تەواو جیا کراونەتەوە. لە بەرەیەکدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر دەبێت، ژنانی ئازادیخواز، نەتەوە مافویستە سەرکوتکراوەکانی هەتا ئێستا، لایەنگرانی یەکسانی و بەرانبەریی مافە مەدەنی، کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان و گۆڕانخوازە دێموکراتیکەکان وەستاون. چەکی دەستی ئەوان باوەڕ و ئیرادەی خەبات و گۆڕانکارییە. لە بەرەی بەرانبەریشدا کەمایەتیی لایەنگری کۆماری ئیسلامی کە سەرچاوەکانی ئابووریی وڵات و ئامرازەکانی سەرکوت و داپڵۆسینیان لەدەستدایە. مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانە لە وڵاتانیش پێشانی داوە کە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی بێتوو ڕەوایی و شەرعییەتی خەڵکیی نەبووبێ، بە پشتبەستن بە

بەهێزترین چەک و ئامرازی سەرکوت نەیتوانیوە دەسەڵاتەکەی ڕابگرێت.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٦ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٢

## ژن، ژیان، ئازادی، میراتی خەباتی نەتەوەیەکی یەکسانیخواز، لە هەناوی کۆمارەوە هەتا شۆڕشی ژینا

"کۆماری کوردستان" کە ٧٧ ساڵ لەمەوبەر لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، لاپەرەیەکی پڕ لە شانازیی گەلێکە کە بەردەوام بۆ ڕزگاری نەتەوەیی خۆی هەوڵی داوە. دەسکەوتەکانی کۆمارەکەش بەری ڕەنج و هەروەها وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجی چەندین پشتی خەباتگێڕانی نەتەوەکەمان بوو. ئەم کۆمارە لە ١١ مانگدا کە بۆ بنیاتنان و بەڕێوەبردنی کیانێکی سیاسی ماوەیەکی زۆر کەمە، هەندێک هەنگاوی بڕی و کۆمەڵە ڕچەشکێنییەکی کرد کە زۆربەی گۆڕانکارییەکانی دواتر لەسەر بنەمای ئەو هەنگاوانە ڕوویان دا. بەشدارکردنی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووسیان و کردنەوەی مەیدان بۆ تێکۆشانی سیاسی-کۆمەڵایەتی بەتایبەت بۆ ژنان یەک لەو ڕچەشکێنی و هەنگاوە بەنرخانەی کۆمارە.

ئەمساڵ لە کاتێکدا ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێزی لێ گیرا، کە ماوەی زیاتر لە  چوار مانگە شۆڕشێکی گشتگیر و جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەموو بەشەکانی ئێرانی داگرتووە. ڕاپەڕینێک کە تەواوەتیی دەسەڵاتی  کۆماری ئیسلامیی کردووەتە ئامانج و ڕێژیمیش بە پیشەی هەمیشەیی خۆی، واتە سەرکوتی خوێناوی، گرتن و بەندکردنی خەڵکانی ناڕازی، ئێعدامی ڕۆڵە پێشەنگەکان و بەردەوامی لە سیاسەتی شەڕخوازانەی بەرەوڕووی خەڵک بۆتەوە. ئەوەش هەم بووەتە هۆی کەوتنەسەریەکی قەیرانە کەڵەکەبووەکان و دروستبوونی هەلومەرجێکی ناسک و بە ئەگەری ڕوودانی پێشهاتە چاوەڕواننەکراوەکان. کۆی قەیرانەکانی ئێستای وڵات کۆماری ئیسلامیی تووشی بۆنبەستی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کردووە؛ بۆیەشە بە پەنابردنە بەر چەک و سەرکوت و توندوتیژی لە نێوخۆی وڵات و قەیرانخوڵقێنی لە دەرەوەی سنوورەکانی دەیەوێ بەر بە ڕووخانی بگرێت و ئەوەندەی بۆی دەکرێ تەمەنی دەسەڵاتەکەی درێژ بکاتەوە.

دەڵێن بابەتێک کە بوو بە مێژوو، ئیدی تەواو دەبێت و نامێنێت، بەلام ئێمە دوای ٧٧ ساڵ دەبینین پێچەوانەی ئەوەی لە مێژوودا نوختەی کۆتایی لەسەر دادەندرێ، کەچی کۆماری کوردستان بە نەمانی، دەستپێکی شۆڕشێکی نوێ و سەردەمیانەی دەست پێ کرد و بوو بە خاڵەوەرچەرخانێک لە مێژووی کورددا. بەدەگمەن هەڵدەکەوێ ڕێبەرێک بڕیاری نەمانی خۆی لە پێناو نەتەوەکەیدا بدات و لە دوای نەمانی خۆی ئەوندە کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەکەی هەبێت. دوای ٧٧ ساڵ ڕۆژ بە ڕۆژ و نەوە دوای نەوەی کورد بە هزر و شعووری نەتەوەیی و پابەند بە پرینسیپە دێموکراتیکەکانی بۆ

دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆی هەر لە مەیداندایە. ئەوەی ئەمڕۆش لە نێوخۆی وڵات دەیبینین کاریگەریی بەها و بایەخ و دەسکەوتەکانی کۆمارە کە ئەم نەتەوەیەی بەردەوام بۆ مافی ڕەوای خۆی لەسەر شەقام هێشتووەتەوە. ئەوەش کە دوای ٧٧ ساڵ ژنان و لاوانی وڵات دروشمی هەرمان و نابەزین دەڵێنەوە و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" تەنگیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵچنیوە، هەر لە میراتە فکرییەکانی پێشەوا قازی محەممەد کۆماری کوردستانن.

لە مێژووی هاوچەرخی کورددا یەکەم بایەخدانەکان بە ژن لە کۆمارەوە گوڵی کرد، کاتێک کە شاعیری نەتەوەیی کورد لە کۆماردا پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد "هەتا ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە"، بەردی بناغەی مانیفێستی "ژن، ژیان، ئازادی" داندرا. دروشمێکی قووڵ، پڕواتا و هەڵگری بەرزترین چەمکەکانی مرۆڤایەتیی کۆن و سەردەم. جارێ هەر لە سەرەتاوە کە دەڵێ ژن، هەموو ئینسانێکی خاوەن بیر دەڵێ: دایکم، خوشکم، کچەکەم، هاوژین و گراوەکەم، یانی کەسانێک کە هەم زۆر زۆر لێت نزیکن، هەم خوڵقێنەری ژیان. پاشان کە باس لە ژیان دەکات، ژیان بەتەنیا بەمانای زیندوو بوون نییە! بەڵکوو بە مانای چۆنایەتیی ژینە. ئەو ژیانەی کە مرۆڤ لە ماوەی بوونیدا شایانیەتی، یانی شادی و دڵخۆشی، سەرکەوتن و پێشکەوتن کە ئەوانە واتای ژیانن. ئەو بەها و بایەخانەش هیچکات بۆ مرۆڤ دەستەبەر نابن، مەگەر بە بوونی "ئازادی". ئازاد، واتە ئەو بایەخەی کە مرۆڤ خۆی دیاریی بکا چۆن بژی و هەوساری چارەنووسی بە دەستی خۆیەوە بێت.

بایەخێکی دیکەی ئاخێزی ئەمجارە کە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دەستی پێ کردووە ئەوەیە کە هەم ڕاپەڕینەکە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و هەم دروشمە پڕ واتاکەی لە کوردستانەوە بە ناوچەکانی دیکەی ئێران و دنیاشەوە بڵاو بۆوە. پێشەنگی و فیداکاری و توانایی ژنانی شۆڕشی ژینا جارێکی دیکەش سەرنجەکانی لەسەر ڕۆڵ و توانا و پێگەی ژنان و قورسایی ئەوان لە ڕێبەریکردنی بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان چڕ کردەوە، مەیدانێک کە سەرەتا لە کۆماری کوردستانەوە بۆ ژنان ئاوەڵا کرا. ئەزموونەکانی ئەم دواییانەش دەریخست کە ژنانی کورد و کۆمەڵگەی کوردەوارییش ئەم پوتەنسیەلەی تێدایە و بە کردەوەش نیشانیان داوە کە هیچ فاکتەرێک وەک بەربەستی ئایینی، ئابووری، کولتووری، دابونەریتی دواکەوتووانە، و جیاوازیی بیروڕای ئایدۆلۆژی ناتوانێ پێش بە شەپۆلی مافخوازانە و ڕۆڵی ئاوانگاردی ژنان لە خەبات بۆ چەسپاندنی بەها و بایەخە مرۆییەکان لە کۆمەڵگەدا بگرێت.

پاش ٧٧ ساڵ لە ڕچەشکێنیی کۆماری کوردستان لە هێنانەمەیدانی ژنان، ئەگەر جاران دەگوترا ژنان شان بە شانی پیاوان لە خەباتدان، لە شۆڕشی ژینادا بینیمان کە ئەوە ژنان بوون دەوری پێشەنگایەتییان گرتە ئەستۆ و ئەمجارەیان پیاوان بوون کە شان بە شانی ژنان بەردەوامییان بەم شۆڕشە بەخشیوە.

توخمە سەرەکییەکانی شۆڕشی ژینا بریتین لە شوناسخوازی، مافویستی، بایەخدان بە زمان و هۆوییەتی کوردی، پیرۆزیی خاک و پێگە و قورسایی هێزی پێشمەرگە کە هەموویان میراتی بایەخداری کۆماری کوردستانن، ئەو میراتەی کۆمەڵگەیەکی وشیاری و زیندووی لەسەر بنیات نراوە و ڕۆڵی دینامیکی ژنانیش لە دروستکردنی ئەو واقعەدا پرسێکی حاشاهەڵنەگرە؛ واقعێک کە هەروەک گوترا میراتی کۆمار و بەرهەمی بەردەوامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ڕێبازە و پەروەردەی بێ‌پسانەوەیەتی. وەک چۆن دەبینین نەوەیەک کە دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ لەدایک بوون و بۆ ڕۆژێکیش دەسەڵاتی ئیداری و بەڕێوەبەریی حیزبیان نەدیوە و ئەزموونیان نەکردووە، ئەگەر پەروەردەی دروستی کوردایەتی و گواستنەوەی مێژوو، پەروەردەی دروست و تێگەیشتن لە دۆخی ڕۆژ و هەست بە بەرپرسایەتی و ئاستی بەرزی شعووری نەتەوەیی نەبێت، چۆن ئەم کۆمەڵگە زیندوو و مۆتۆڕیکەی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە ڕۆڵی ژن لە پەروەردەی دروست و ڕێگا و ڕێبازی کۆمار، بە باوەڕبەخۆبونێک کە لە کاتی دەسەڵاتی کۆمارەوە درا بە ژنان کە نەوە لە دوای نەوە و ئەمڕۆ دوای ٧٧ ساڵ ئاکامەکەی کۆمەڵگەیەکی بەتەواو مانا بەرپرس و زیندوویە.

ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێکخستن و بەردەوامیی شۆڕشی ژینا تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم ئاخێزەیە کە ئەویش سەرەتاکەی و مێژووەکەی هەر بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە کە ڕۆڵی بنەڕەتیی لە دامەزراندنی ڕێکخراو و دەزگا نادەوڵەتییەکاندا هەبوو. کۆمار لە باوەڕی خۆیدا بایەخی زۆری بۆ ڕۆڵ و بەشداریی غەیری دەوڵەتی هەبووە و لە پێناو پەرەدان بە دەسکەوتەکانی کۆمار و نەهادینەکردنی دێموکراسیی زیاتر هەوڵی بۆ داوە. ئەمەش ئەم پەیامە دەگەیەنێت کە کۆمار و حیزبی دێموکرات هەوڵیان بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات لە دەستی خۆیاندا نەداوە و باوەڕیان بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکان لە دەسەڵات لەپێناو چێکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسانیخواز و دێموکراتیک بووە.

کوشتنی بەئانقەستی ژینا بە دەستی هێزە حکوومەتییەکانی کۆماری ئیسلامی چەخماغەی شۆڕشێکی لێداوە کە یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی ژنانەبوونیەتی و هاوبەشیی ژنان لە هەموو ناوچەکانی ئێرانی بەدوای خۆیدا هێناوە کە ئەمە خۆی هۆکارەکەی بۆ چەند پارامێتر و فاکتەر دەگەڕێتەوە: کورد بوونی ژینا (لە نەتەوەی ژێردەست)، ژنبوون، غەریببوون، ڕەفتاری هێزە بەناو ئەمنیەتییەکان، دەوڵەمەندنەبوون (توێژی زۆرینەی خەڵک) سوونیبوون، حیجابی زۆرەملێ و... . هەمووی ئەمانە کۆمەڵە فاکتەرێکن کە بەشیکی زۆر لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران و خەڵکی شارە گەورەکانیش خۆیانی تێدا دەبیننەوە، بۆیە بە دەنگ بەرزکردنەوەی ژنی کورد، ئەم ئاخێزە پشتیوانیی سەرتاسەری ئێران و بگرە جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

ئەزموونی زیاتر لە چوار مانگ ڕاپەڕینی ژینا و دەسکەوتەکانی لەو ماوەیەدا و سەرنجدان بە مێژووی بایەخی ژن و جێگە و

پێگەی بنیاتنەری لە کۆمەڵگەدا کە یەکێک لە میراتەکانی کۆماری کوردستانە پێمان دەڵێ؛ وەک چۆن داهاتووی ئێرانی دێموکراتیک و سەقامگیر لەگرەی وەدیهاتنی مافی نەتەوە پێکهێنەرەکانی ئەم وڵاتە و کەمینە ئایینی و جۆراوجۆرییەکانی دیکەی ئەم وڵاتەیە؛ هەر بەو ڕادەیە ئێرانی داهاتوو بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بەبێ ڕۆڵ و نەخشی ژن لە ڕێبەری و بەڕێوبەری لە ئاستی ئیداری و حیزبی و حکوومەتیدا مانا بەخش نییە. بە واتایەکی دیکە داهاتووی سەرکەوتوو و ڕزگاریی نەتەوەیی و کۆمەڵگەیەکی یەکسانیخوازی لێ ناکەوێتەوە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢

## خەبات و شۆڕشی ژنان لە ناوخۆ و دەرەوەی وەڵات لە ماوەی "شۆڕشی ژینا"

**دیمانە: نەشمیل عەبدی**

زیاتر لە نۆ مانگە لەسەر شۆرشی ژینا واتە شۆرشی ژن،ژیان،ئازادی تێدەپەرێ ، هەڵسەنگاندنی ئەو ماوەیە و هەروەها هەوڵەکانی ژنان و رێکخراوەکان و لایەنە سیاسیەکان هەم لە ناوخۆ و هەم لە دەرەوەی وەلات بۆ گەیاندنی دەنگی ئەم شۆرشە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن گۆڤاری "ژنان"ەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ دکتۆرە کوێستان گادانی بەرپرسی هەیئەتی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵات دەبێ.

**نەشمیل عەبدی**: دوکتور کوێستان با بەو پرسیارە دەست بە گفتۆکەمان بکەین، جەنابتان خەبات و شۆڕشی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروەها ژن لە ئێران بە گشتی بەتایبەتی لەو نۆ مانگەی شۆڕشی ژینا واتە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا چۆن هەڵدەسنگێنن؟

**د. کوێستان گادانی**: پێش ئەو نۆ مانگە و لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا ژنانی ئەم وڵاتە بەپێی بارودۆخ و هەلومەرج قەت بێدەنگ و دەستەوەستان نەبوون و تا ڕادەیەکی زۆر بەرچاو مۆرکی خۆیان لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ئەو وڵاتە داوە. زۆریش ئاساییە کە بە هۆی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە لە ئاستی جیهانیدا، ژنان لە ئێرانیش بە شێوەی سەردەمیانە لەگەڵ ئەوەی دەستەویەخەی زۆر بەربەست و بەرگژەی یاسایی و کولتووری بوون، بەڵام لە خەبات و مافخوازییان بەردەوام بوون. ئەم خەبات و تێکۆشانی ژنان کە تێچووی قورسیشیان بۆی داوە، لە هەموو ڕەهەندەکاندا بەردەوامە.

بەڕوونی لە بارەی ڕۆڵ و شوێن‌پەنجەی ژنان لە ڕووداوەکانی نۆ مانگی ڕابردوودا دەبێ بڵێم هەڵسەنگاندنی هەر بابەتێک پێویستە لە چوارچێوەی زەمەنی و بارودۆخی کاتی ڕوودانی بابەتەکە بێت. بەو مانایە کە ئەگەر باس لە شۆڕشی ژینا لە ۹ مانگی ڕابردوودا دەکەین، زۆر ئاساییە کە سەرەتای دەستپێکی ئەم شۆڕشە لەگەڵ ۹ مانگ دواتری هەوراز و نشێوی بە خۆیەوە بینیوە و دەتوانی هەڵسەنگاندنی جیاوازی بۆ بکرێت. بەڵام زۆر بەکورتی دەتوانین بڵێین کە ئەم شۆڕشە هەر بەم دەسکەوتانەی تا ئێستا بوویەتی، مۆرکی ژنانەی بەخۆیەوە دیتووە و مێژوویەکی پڕ بەها و بایەخ ودەسکەوتی بۆ خەباتی ژنان نەک تەنیا لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە تەواوی جیهاندا بۆ خۆی تۆمار کردووە. ئەمە پێشەنگایەتی،

ئەرکوەخۆگری و کۆڵنەدانی ژنـان بـوو کە دەنگی ئەم شوڕشـەی گەیـانـدە کۆمەڵگەی جیهـانی و بـووە خاڵوەرچەرخانێـک کە ئێـران قەت نەگەڕێتەوە دۆخی پێش ٢٦ی خەرمانـانی ١٤٠١. تەنـانەت لە ئێستاشدا ئەوە ژنـان و دایکـانی شەهیدن کە بە هەوڵە سیمبولیکەکانیان پێمان دەڵێن شۆڕشی ژینا زیندووە و هەنگاوەکانی بەرەوپێش دەنێت.

**نەشمیل عەبـدی**: ئەگەر بێینـە سـەر ڕۆڵ و کـاریگەریی خەبـاتی ژنـان بەگشتی لە دەرەوەی وڵات، مەبەستم دوای شۆڕشی ژینایە، دەور و ڕۆڵی ژنان لە دەرەوەی وڵات لەم ماوەیەدا چۆن دەبینن؟

**د. کوێستان گادانی**: ژنان لە دەرەوەی وڵات دەتوانین بە سەر چەند گرووپیان دابەش بکەین:

- ئەو ژنانەی وەک ئەندامی حیزب و ڕێکخراوەکان هەن و چالاکن
- ئەوانەی بە هەر هۆکارێک لە دەروەی وڵات دەژیـن و ژیـانی ئـاسایی خۆیـان دەکەن و چـالاکییەکی تـایبەتیـان لە حیـزب و ڕێکخراوەکاندا نییە.
- هەروەها نەوەیەکی نوێ بە پاشخانێک لەو دوو گرووپە، لە هەمان حاڵدا بە ڕوانین و مێتودی کاریی جیاوازەوە.

ئەم سێ تەیفە هەر هەمووی خۆی بە پشتیوان و یـارمەتیـدەری ژنـانی نێوخـۆی کوردستـان دادەنێت و هەر لایەنەی بە شێوەی خۆی چالاکیی کردووە و بەدەنگ شۆڕشی ژینـاوە چووە. لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی بـارودۆخ و هەلومەرجەکـان لە دەرەوەی وڵات بەگشتی خەباتی ژنان لەو جوغرافیا کاریگەرەدا وڵامدەری چاوەڕوانییەکانی نێوخۆی وڵات نەبـووە. ئەوە کە چاوەڕوانییەکـان زۆر بـوون یـان دەرکەوتـن و شێوەی خەبـاتی ژنـان و جـۆری پشـتیوانییەکان لەو ئـاستەدا نەبووبێـت ڕەنگبـێ لە گۆشـەنیگای جیاوازەوە جێگای باس و مشتومڕ بێت. بەڵام مەسەلە ئەوەیە ئێمە چەندە واقعبینانە دەروانینە بـابەتەکە و چۆنی لێکدانەوە بۆ دەکەین و چەندە بە شیوەی ئۆبژێکتیڤ تـاوتوێی پرسەکە دەکەیـن. سـەرەڕای هەمـوو ڕەخـنە و بۆچـوونە جیاوازەکـان بەڵام ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە و خەبـاتی ژنان لە دەرەوەی وڵات و پشتیوانییان لە شۆڕشی ژینا بـابەتێک نییە حاشای لـێ بکرێت و وەلا بنرێت.

**نەشمیل عەبدی**: باسمان لە پێشەنگایەتی و ڕۆڵی بەرچاوی ژنـان لە شۆڕشی ژینـادا کـرد. ئێـوە پێتـان وایە ئەو بەشداری و پێشەنگایەتییە چ دەستکەوت و کاریگەرییەکی هەبووە؟

**د. کوێستان گادانی**: هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد ئەمە یەکەم جار نییە ژنان شانبەشانی پیاوان بەشداری لە

ڕاپەڕینێکی کۆمەڵایەتیدا دەکەن و مۆرکی خۆیان لە ئاڵوگۆڕە سیاسی و جڤاکییەکان دەدەن. بەڵام تا ئێستا بەم جۆرەی لە شۆڕشی ژینادا بینیمان وەک پێویست بوو نەخش و ڕۆلیان دەرنەکەوتبوو. دەزانین کە ئاڵوگۆڕەکان کتوپڕ ڕوو نادەن و پەروەردە و کاریگەریی درێژخایەنی فەرهەنگی، سیاسی و کولتووری و هتدی... دەوێ. ئەم ئاڵوگۆڕە فەرهەنگی، کولتووری و سیاسییە کە ئێمە لە نێوخۆ بەگشتی و لەنێو ژناندا بەتایبەتی دەیبینین زۆر بەرچاوە و ئەوەش سەرنجمان دەباتە سەر ڕاستییەک کە ئێمە ناتوانین باسی خۆ پێگەیاندن و چوونەسەری ئاستی شعووری نەتەوەیی ئەوان بکەین بەڵام ڕۆڵی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی نەبینین. یان ئێمە ناتوانین وەزاڵەهاتن و بێزاریی ژنان لە دەزگای یاسایی و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی ببینین، بەڵام سیلەی چاومان لەسەر قانوونەکانی دژەژنی ئەو ڕێژیمە نەبێت. ئێمە ناتوانین ڕوانین و شێوەی بیرکردنەوەی نەوەی نوێی ئێران ببینین و بەئاسانی لە تەنیشت کاریگەریی تێکنۆلۆژیی سەردەم و سۆسیالمیدیا تێپەڕین. ئێمە ناتوانین هەژاری و بێئەنوایی خەڵکی ئێران ببینین، بەڵام بەتاڵانچوون و قوتدانی سامانی گشتیی وڵات و گەواستنەوەی بۆ دەرەوەی وڵاتمان لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە بەر چاو نەبێت. هەروەها ئێمە ناتوانین ئاستی چوونەسەر و تێگەیشتنی ژنان لەسەر مافەکانیان هەست پێ بکەین، بەڵام باس لە ڕۆڵی ڕێکخراوە سینفی و مەدەنییەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ ئەو مەبەستە نەکەین. هەموو ئەوانە و زۆر نموونەی دیکە وای کرد کە باوەڕبەخۆ بوونی ژنان ئەم سنوور و کلێشەیانە ببەزێنێت کە بۆ ژنان داندرابوو، و هەروەها زۆر تابۆ کە ژنان شکاندیان. زانست سەلماندوویەتی کە ژنان لە بواری کاری بەڕێوەبەری و پرسی بڕیاردانەوە دەتوانن لە هاوکات چەندین بوار و ڕەهەندی جیاوازەوە هاریکاریی یەکتر بکەن. کاراکتەری ژنبوون لە زۆر بارەوە لەسەر شێوەی خەبات و هەماهەنگیی زیاتر شوێنی داناوە، بۆیە دەبینین بەگشتی ئەم بەشدارییە و ئەم پێشەنگایەتییە زیاتر بێت و دەسکەوتەکانیشی هەم بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی ژنان و هەم جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان پتر بێت.

لەم ڕاپەڕینەدا ژنان بە تێگەیشتنی زیاترەوە، نەک وەک پاشکووی پیاوان و لە ڕووی خۆشەویستی بۆ مێرد و برا و هاوڕێ وەکوو پێشوو تێکەڵ بە شۆڕشەکە نەبوون، بەڵکوو ئەم جارە وەک "سۆبژە"یەک عاملییەتی خۆیان پێشان دا و لە ڕیزی ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕینەکەدا جێیان گرت. ئەمە هەنگاوێکی گەورە و قەڵەمبازێک بۆ پێشەوە بوو. ئەوەی ئێمە لەو ماوەیەدا لە ژنانمان بینی، لەنێو دڵی شۆڕشەکە و ئاراستەبەخشینی، لە پەراوێزی شۆڕشەکە بۆ شوێندانەریی زیاتر، لە هاندان بۆ خۆڕاگری و لە ئێستاشدا کە بە شێوەی جۆراوجۆر ژنان بەشیان بە ڕەمزەکانی بەردەوامی و بەرخودانی کۆمەڵگەوە هەیە، دەسکەوتێکی یەکجار مەزنە کە هەر خۆی هەوێنی سەرکەوتن و دەسکەوتی پتریش بۆ بزووتنەوەی مافخوازیی ژنانە.

**نەشمیل عەبدی**: بەڕای جەنابتان کۆمەڵگەی نێودەڵەتی وەک خۆی و لە ئاستی چاوەڕوانییەکاندا پشتیوانییان لە شۆڕشی ژینا کردووە؟

**د. کوێستان گادانی**: پێش لە وەڵامدانەوەیەکی ڕوون بەو پرسیارە، دەبێ لە خۆمان بپرسین کە ئێمە چ چاوەڕوانییەکمان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە. داواکانمان چ بوون و چۆن و لە چ کات و بە چ شێوەیەک خستوومانەتە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەت؟ لەلایەکی دیکەوە دەزانین کە لە هەر دامودەزگایەکی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی بڕیارات و کۆنڤانسیۆن و گرێبەستی دوولایەنە و چەندلایەنە هەیە. بۆیە دیسان دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئەو خاڵەی داخوازییەکانی ئێمە چەندە واقعبینانە و لاقیان لەسەر عەرزی بووە. لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر شۆڕشی ژینا بە هەستیارییەوە جووڵایەوە. سیاسەت و توندوتیژییەکانی ڕێژیمی ئێرانی مەحکووم کردووە، پشتیوانیی لە شۆڕش و نارەزایەتی و مافەکانی خەڵکی ئێران کردووە و هاتنە سەرشەقام و داواکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتەیان بە ڕەوا زانیوە. بەڵام لە هەمان کاتدا لە چوارچێوەی بەرتەسکی گرێبەست و پەیمانەکانی نێوان خۆیان، تەنیا لە گۆشەنیگای مافی مرۆڤەوە جووڵاونەتەوە و لە مەیدانی کردەوەدا بڕیارەکانیان لە ئاستی چاوەڕوانی شۆڕشی خەڵکی ئێراندا نەبووە. ئەگەر ئاکامگیرییەک لەو باسە بکەم دەتوانم بڵێم ناتوانین پشتیوانییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی نەبینین و هاوکات ناشتوانین بڵێنی کە پشتیوانییەکانیان لەو ئاستەدا دەسکەوتێکی ئەوتۆ و زۆر دیار و بەرچاوی بۆ خەڵکی ئێران و ڕاپەڕینەکەیان بووە.

**نەشمیل عەبدی**: ئەوەندەی بۆ قورسایی ڕۆڵی ژنان لە کوردستان و ئێران لەو بزووتنەوەیەدا دەگەڕێتەوە، ئاخۆ ئەوان توانیویانە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و سەرکوت و کۆشتارەی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکارییانەی مافەکانی مرۆڤ هەبێت؟

**د. کوێستان گادانی**: زۆربەی زۆری کاریگەرییەکان و ئاڵوگۆڕەکان سەرەتا لە بازنەکانی یەکەمەوە دەست پێ دەکەن. بۆ نموونە ئەم ئاڵوگۆڕانە لەنێو بنەماڵەوە بۆ دراوسێ، لە گەڕەکێکەوە بۆ شارێک و لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر و ئەو بازنەیە بەردەوام بڵاو و بڵاوتر دەبێتەوە. بەو پێیە خەباتی ژنان بۆتە هۆکاری هێندێک ئاڵوگۆڕ لە ئاستی ئێراندا و دەنگدانەوەی زۆریشی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا بووە. بەڵێ ڕاستە دەنگ و ئیرادەی ژنانی کوردستان و ئێران دنیای ڕاچڵەکاند و ئیستاش ئەو دەنگ و ڕەنگ و کاریگەرییە لە زۆر بواردا دەبینین؛ بەڵام ئەمە ڕاستەوخۆ نەبووەتە هۆی ئاڵوگۆڕێک تا وڵاتانی دەرەوە و دامودەزگایەکی نێودەوڵەتی بڕیارەکانی بۆ بگۆڕێ.

بۆ نموونە ئەگەر باس لە حیجابی زۆرەملێ دەکەین، باس لە دەستبەسەرکردنەکانی ژێر ١٨ ساڵ دەکەین، ڕەوشی زیندانییەکانمان مەبەستە و باسی سلامەتی و پێڕاگەیشتنی پزیشکی بە برینداران خۆپێشاندانەکان دەکەین و، ئەگەر سەرنجمان لەسەر ئێعدامی بەندکراوان لە ئێرانە؛ دەبێ بڵێم مخابن هەتا ئێستا لە هیچ بارێکەوە دامودەزگای نێونەتەوەیی

نەیتوانیوە ببێتە هۆکاری ئاڵوگۆڕ و کەمکردنەوە، یان یەکلاکردنەوەی ئەم خاڵانەی ئاماژەیان پێ کرا. مخابن هەتا ئێستا کۆمەڵگەی جیهانی ئەم پرس و بابەتانەی بەستۆتەوە بەوەی ئەمانە هیندێک بابەتی نێوخۆیی وڵاتێکن، کە ئێمە دەتوانین زارەکی فەقەت مەحکوومیان بکەین، لە حاڵێکدا بەپێی هیندێک پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی کە ئێرانیش ئیمزای کردوون؛ ئەگەر وڵاتێک پێشێلی ئەم ڕێوشوێنانە بکات دەبێ لێپرسینەوەی لێ بکرێت. ئێمە بینیمان کە ئێرانیان لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژنان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لادا، ڕاستە ئەمە دڵخۆشکەر بوو، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی لەسەر شێوەی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ژنان لە نێوخۆی وڵات دانەنا. یان هەموومان دەزانین کە سپای پاسداران بەتەواوی بەرپرسە لە سەرکوت و توندوتیژییەکان لە نێوخۆی وڵات و قەیرانخوڵقێنییەکان لە دەرەوەی ئێرانیش، بەڵام هەتا ئێستاش هەموو دژکردەوەی کۆمەڵگەی جیهانی سزادان و تەحریمکردنی چەند کەس لە سپای پاسداران بووە کە ئەمە شوێندانەرییەکی لەسەر بنەڕەتی بابەتەکە دانەناوە. بۆیە هەڵوێستی کۆمەڵگەی جیهانی لەو ئاستەدا نەیتوانیوە ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی بگۆڕێ و ئەمە سووچ و تاوانی ژنان لە ئێران و کوردستان نییە کە قوربانیدان و قورساییەکەیان کاریگەری نەبووە؛ بەڵکوو ئەمە پێوەندیی بە بەرژەوەندیی ئەو وڵاتانە و ساتوسەودای ژێربەژێریان لەگەڵ ڕێژیمەوە هەیە کە ئەوان نەیانویستووە ئەو بەرژەوەندییانە بۆ خەڵکی ئێران بخەنە مەترسییەوە.

**نەشمیل عەبدی**: ئەگەر بە ڕوونی باس لە پێگەی ژنانی کورد لەنێو دیاسپۆرای کورد و ئێرانی بکەین، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ کارکردی ژنان و ڕێکخراوە کوردییەکانی ژنان لە دەرەوەی وڵات چییە؟

**د. کوێستان گادانی**: لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووشدا باسم لەوە کرد کە ژنانی کورد لە دەرەوەی وڵات چ وەک تاکی سەربەخۆ، یان سەر بە ڕێکخراو و حیزبەکان چالاکن. هاوکات نەوەیەکی نوێش کە نە سەر بە حیزب و ڕێکخراوەکانن و نە تا ئێستاش بوونەتە خاوەنی ئەو ستاتویەی کاریگەریی پڕدیاریان لە هاوکێشەکاندا هەبێت و بەپێی ئەو قورساییە بناسرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە پشتیوانییان لە خەڵکی ستەملێکراوی نێوخۆ و گەیاندنی دەنگی ئەوان بە شەقام و بیروڕای گشتیی وڵاتان، بە تێکەڵاوییەک لە هەستی نەتەوەیی و بگرە بڕوابەخۆبوون و ویست و داخوازی فێمێنیستیشەوە لەسەر شەقامەکان بوون و وێڕای ئەندامانی ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان چالاک بوون. ئەم گرووپە لە کچان و ژنان لە ڕوانگە منە لە ئەرکی گەیاندنی دەنگی ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵات بە چەند هۆکار لەچاو گرووپ و لایەنەکانی دیکە سەرکەوتووتر بوون: یەکەم؛ بە زمانی بێگانە و کولتووری وڵاتی نیشتەجێیان ئاشناتر بوون و لە گەیاندنی پەیامەکاندا بەباشی دەرکەوتن. دووهەم؛ لە باری کاری تەشکیلاتی و ڕێکخراوییەوە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا قەتیس نەکرابوون کە لەگەڵ کێ و کەی و بۆچی و لە کوێ کار دەکەن و هەوڵ دەدەن. سێهەم؛ پتر دەرکی دۆخی هاوتەمەن و نەسلی خۆیان لە نێوخۆی وڵاتدا دەکەن و لە زمان و ویست و خولیاکانیان تێ دەگەن. چوارەم؛ لە دنیای دەرەوە واتە لە دامودەزگای دەوڵەتی و

نێودەوڵەتیدا باشتر وەردەگیران لە، ڕووەوە کە وڵاتان و ڕێکخراوەکان نەدەکەوتنە بەر لۆمەی دەوڵەتی ئێران کە مەسەلەن بۆچی لەگەڵ نوێنەری فلان حیزب و ڕێکخراوە یان کەسایەتیی سیاسی دانیشتنتان بووە و ... . هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە حیزبەکان، ڕێکخراوەکانی ژنان یان کەسایەتییە سەربەخۆکانی دی وەپاش کەوتبێتن. بەڵکوو سەرنجی ئێمە دەبێ لەسەر ئەوە بێت کە کەی و لەکوێ و بە چ کانالێکدا دەنگی خەباتی ژنان لە ئێران بگەیەنینە شوێنی خۆی کە کاریگەری دابنێت. بۆیە لەم بارەوە ئەم نەسڵە نوێیە لە قەدەر کەمئەزموونیی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی و تەنانەت بەشێکیان ڕەنگە لە ئێران و کوردستانیش نەژیابن، توانییان کاریگەریی باشیان هەبێت. هاوکات کەسایەتییە سەربەخۆیەکانیش لە زۆر لایەنی وەک کاری مەیدانی و ڕایەڵە و ماددیشەوە دەستیان دەگیرا و ئەوانیش بە ڕێگای خۆیاندا کە بە مەبەست کانالیزە کرابوو، توانییان تا ڕادەیەک سەرنجی دامودەزگای نێودەولەتی ڕابکێشن. بەڵام ئەوەش خۆی جێگای پرسیارە کە لە دەرەوەی مانۆڕ و ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەوە و دەرکەوتن لە کۆنفرانسەکان توانییان و کرا دروویەک لە قالبی خەلکی ئێران و ژنان لە نێوخۆی وڵات دەربێنن؟ کە دیارە ئەمە باسێکی دیکەیە و کورد گوتەنی ئەم هەویرە ئاوێ زۆر دەبات.

لە پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژناندا. ڕێکخراوەکان زۆرن، بەڵام هەمووومان دەزانین کە ڕێکخراوەی سەربەخۆی ژنان یان زۆر کەمن، یان ئەگەر هەن ئەم برشت و توانا و زەرفییەتی شوێندانانیان لانیکەم لە قۆناغی هەستیاری شۆڕشی ژینادا نەبووە. ڕاستە ئەوانیش ئەوەندەی لە دەستیان هاتووە کردوویانە، لە بەشداری لە خۆپێشاندانەکاندا، لە پەیوەندی گرتن و دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ دامودەزگای دەوڵەتی و نێودەوڵەتی، لە بەشداری لە کۆنفرانس و تەنانەت پێکهێنانی کۆنفرانسەکانیشدا؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک باسمان کرد دەوڵەتان لەسۆنگەی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆیانەوە لەئاست گەورەیی ڕاپەڕینەکە لە نێوخۆ و هەوڵی ڕێکخراوەکان لە دەرەوە نەجووڵانەوە. ئەگەر کۆبەندی ئەو باسە بکەم، دەتوانم بڵێم لەگەڵ ئەوەدا کە ڕێکخراوەکانی ژنان بەپێی زەرفییەتەکانیان دەیانتوانی چالاکتریش بن، بەڵام دیسانەکەش هاوکێشە سیاسییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا شتی دیکە دەخوازن کە لە ئیرادەی ئەو ڕێکخراوانە بەدەرن.

**نەشمیل عەبدی:** ئەی ئەگەر ئاوڕ لە ڕۆڵی حیزبە سیاسییە کوردییەکان بدەینەوە. ئاخۆ ئەوان توانیویانە دەنگی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بن و توانیویانە پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست بێنن؟

**د. کوێستان گادانی:** ئێمە دەزانین چەند حەوتوو پێش لە کوژرانی ژینا و دەسپێکی شۆڕشە بووین کە دوو لایەنی حیزبی دێموکرات بە یەکگرتنەوەی خۆیان و وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانیان هەم ئاواتێکی گەورەی خەڵکی کوردستانیان بەدی هێنا، هەم ئاسۆی گوڕوتین بەخشین بە خەباتی سیاسیی کورد لە ئێرانیان ڕوونتر کرد. ئەو یەکگرتنەوەیە و گوتاری

حیزبی دێموکرات بەتایبەتی لە ڕەوتی شۆڕشی ژینا و لە خۆپێشاندانەکانی سەرشەقام و ڕاپەڕینەکەدا بەتەواوی ڕەنگی دابۆوە. سیاسەت و ڕەفتاری حیزبەکانیش کە من زیاتر باسی حیزبی دێموکرات دەکەم، لە هەمبەر شۆڕشی ژینا و دۆخی خەڵک و ڕاپەڕینەکە لە نێوخۆ بەرپرسیارانە بووە.

لە ڕەوتی شۆڕشەکەدا کە دواتر یەکگرتنەوەی دوو باڵی کۆمەڵەشی بەدوودا هات، حیزبەکان لە بەرامبەر هەست و بە دەنگەوەهاتنی خەڵک ئەرک و بەرپرسایەتیی زیاتریان لەسەر شانی خۆیان هەست پێ کرد و ئەوانیش بە یەکگرتوویی نێوانیان توانییان لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییشدا ببنە سەرچاوەی ئاڵوگۆڕ. بەو مانایە شۆڕشی ژینا بووە هۆی ئەوەی لایەنە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە ڕوونی ئاراستە و گوتاری سیاسیی خۆیان بەئاشکرا بۆ خەڵک بخەنە ڕوو. ئەمن لام وایە حیزبە کوردییەکان و بەتایبەت ناوەندی هاوکاری لەو دۆخەدا باش جووڵانەوە و سیاسەتی ناوەندی هاوکاری هەم پرستیژی بە خەباتی سیاسیی کورد لە ئێران بەخشی و هەم توانی سەرنج و پشتیوانییەکان پتر بۆ دۆزی کورد لە ئێران ڕابکێشێت. لە ماوەی ئەو ٩ مانگەدا هەوڵی دیپلۆماتیکی باش لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە دراوە. کۆبوونەوە و هاودیتنی زۆر بۆ لێکتێگەیشتن و ساغبوونەوە لەسەر خاڵە هاوبەشە جەوهەرییەکان لە نێوان حیزبە کوردییەکان [پتر مەبەستم حیزبی دێموکراتە] و لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆندا کراون. چالاکیی هاوبەش لە فۆرمی خۆپێشاندان، کۆنفرانس و بەشداری دیبەیت و وتووێژەکان، دیداری تایبەت و پەیوەندیی تایبەت بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا لەگەڵ دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان بووە کە بەشێکیان بەمێدیایی کراون و بەشێکی نا. بەڵام بێگومان کارکردی حیزبە سیاسییە کوردییەکان لە گەیاندنی دەنگی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و ئێران بە دەوڵەتان و دامەزراوە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە باش و ئەرێنی بووە. پێشتر باسی پێوەندیی وڵاتانی دەرەوە لەگەڵ ئێرانمان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانیان کرد، بەڵام ئەو بەرژەوەندییانە بەردەوام دەکرێ ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێت و ئەوانیش بە نیسبەتی داهاتووی ئێران هەستیارن و بەوپێیە لەسەر خەتن. بۆیە لەو چوارچێوەیەدا حیزبە کوردییەکان بەجێ نەماون و کاری خۆیان کردووە، بەڵام ئەوەی کە ئاکامی زۆر بەرهەستی لێ نەکەوتۆتەوە، هۆکارەکەی بۆ نەبوونی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێژیمە دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا حیزبەکان دەبێ میکانیزمێک ببیننەوە کە ببنە فاکتەری سەرەکی و وڵاتان بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی خۆیان لە پەیوەندی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا ببیننەوە کە نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد دەکەن؛ نەک ڕێژیمی ئێران کە ئەمەش دیسان کەمایەسییەکی دەگەڕێتەوە بۆ بەشەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن. ئەگینا هەم جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە نێوخۆی وڵات و هەم پێگەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا تەعبیر لە پێشەنگایەتیی کورد لە ئێران و بەها و بایەخە شۆڕشگێڕانە و دێموکراتیکەکانی جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ئێراندا دەکەن.

**نەشمیل عەبدی**: دوکتور کوێستان دەمەوێ بزانم ئێوە ئاسۆی ئەو شۆڕشە چۆن دەبینن و قۆناغەکانی دوایەی ئەم بزووتنەوەیە چۆن لێکدەدەنەوە؟

**د. کوێستان گادانی**: گەشبینی لە هەموو کاتدا کە فاکتەری سەلمیندراو و ئارگۆمێنتی لە پشت بێت باشە و جێگا پەسەندە. بە پێچەوانەی ئەوانەی دەیانگوت ڕێژیم هەتا سەری ساڵی نوێ دەڕووخێ، من قەت سەقفی زەمانییم تا سەری ساڵ بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئێران دوای دەستپێکی شۆڕشی ژینا دانەنا، بەڵام ئیستاش لەم بڕوایەدام کە ئێران تازە قەت ناگەڕێتەوە دۆخی پێش کوژرانی ژینا و ٢٦ی خەرمانان کە ژینا لە سەقز بەخاک سپێردرا و چەخماغەی ئەو شۆڕشە لێ درا. ئەم شۆڕشە لە هەناوی خۆیدا زیندووە و سەرەڕای بێدەنگییەکی ڕێژەیی کە ئێستا بە شەقامەکانەوە دیارە، بەڵام خەڵکی ئێران بە ئەزموون وەرگرتن لە پاییزی ساڵی ڕابردوو خۆیان بۆ شەپۆلێکی نوێی نارەزایەتی و خۆپێشاندانەکان ڕێک دەخەن. ئەم پرۆسەیە دەبێ قۆناغەکانی خۆی بە وشیارییەوە ببڕێت و لەبیرمان نەچێت هەموو خەڵکی وڵاتان وەک یەک ناچن و کولتوور و کار و ئاستی تێگەیشنیان و پێکهاتەی کۆمەڵگەکان لێک جیاوازن. هەر بەو پێیەش هەموو ڕێژیمە سیاسییەکان وەک یەک و بە یەک شێوە ناڕووخێن. ئێمە سیاسەت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی دەناسین و دەزانین کە ٤٤ ساڵە ئەم ڕێژیمە وەک هەموو نیزامێکی سیاسیی دیکتاتۆر هەموو زەرفییەتە مرۆیی و ئابووری و ژیئۆپۆلۆتیکییەکانی وڵاتی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە نێوخۆی وڵات و تەنانەت لە دەرەوەش بەکار هێناوە. بۆ خەڵکێکی وەک خەڵکی ئێران کە بەردەوام و ساڵ بە ساڵ خەبات و تێکۆشانی خۆیانیان لەدژی ڕێژیم پەرە پێ داوە و خوازیاری ئێرانێکی سێکۆلار، دێموکرات بە دەستەبەری مافی وەکیەکی بۆ هەموو پێکهاتەکانی ئەو وڵاتەن؛ هەر سەرکەوتن چاوەڕوان دەکرێت. ئەمن بە داهاتوو گەشبینم و دەبینم کە شۆڕشی ژینا گۆڕانکاری بە خۆیەوە بینیوە و بەردەوام دەژێیتەوە، و چ لە ئاستی نێوخو، چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا زیندانیان و قوربانیان و بنەماڵە دلسۆزەکانیان لەبیر نەکروان و ناکرێن و ڕقێکی پیرۆز هەموو وڵاتی بەدژی ڕێژیم یەک خستووە. ئێستا ئیدی تەنیا کورد نییە کە لە سەنگەری خەبات دژی ڕێژیم دابێت، بەڵکوو هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران لە گۆڕەپانەکەدان. ئەوەش کە دەتوانێ کاریگەری لەسەر ئاراستەی شۆڕشی ژینا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی دابنێت شتێک زیاتر لە یەکگرتوویی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بەگشتی و کورد بەتایبەتی و هەروەها پەیوەندیی پتەوتری نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و کاری هاوبەش نییە. واقعێک کە بە خۆشییەوە شۆڕشی ژینا یارمەتیدەر بوو، بەڵام ئیستاش کارێکی زۆرمان لە پێشە و هەرئیستاش وەدرەنگ کەوتووین. هەمووان دەبێ بەوە گەیشتبێتین کە تەنیا بە یەکگرتوویی و کاری هاوبەش دەتوانین ئەو خەباتە هاوبەشەمان بۆ ئامانجە هاوبەشەکانمان سەر بخەین و لەم بارەوە ژنان بەگشتی و ژنی کورد بە تایبەتی درێخییان نەکردووە.

بۆ من وەک ژنێکی کورد جێگای دەستخۆشی و پێزانینە کە ژنانی کورد مێژوویەکی نوێیان بۆ کورد و کوردستان تۆمار کرد و

هیوادارم هەردەم لە پێشەنگی و پێشەوەچوون دابن و ماندوو نەبن لە درێژەدانی خەبات. بەدڵنیاییەوە ژنان دەتوانن شانبەشانی پیاوان کۆمەڵگەیەکی دێموکرات و بە مافی وەک یەک و یەکسانەوە بۆ نەتەوەکەیان دەستەبەر بکەن. ئەو ڕۆژەش دوور نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکێتی ژنانی دێموکرات - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٧٢٣

## ژنانی کورد ئەو هێزەیان هەبووە شەقامەکانی شار بجووڵێنن

**(دەقی قسەکانی د. کوێستان گادانی، بەرپرسی هەیئەتی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە کۆنفڕانسی "ژن، ژیان، ئازادی" لە پاڕلمانی ئورووپا)**

**ئامادەبووانی بەڕێز!**
**خاتوون و ئاغایانی ڕێزدار!**
**سڵاو و ڕێزی من وەک نوێنەری بەشێک لە بزووتنەوەیەکی مافخواز و ڕزگاریخواز قەبووڵ بفەرموون.**

پێم خۆشە سەرەتای قسەکانم بە گێڕانەوەی چەند ڕستە لە دوایین قسەکانی فیلسووفی هاوچەرخ "سلاڤۆی ژیژەک" دەست پێ بکەم، کە لەمەڕ بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"یەوە، کردوویەتی. هەڵبەت ئەو بزووتنەوەیە و کۆی ڕووداوە سیاسییەکانی ساڵی ڕابردووی ئێران، سەرنجی زۆربەی هەرەزۆری بیرمەند و سیاستوانانی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. بەڵام ژیژەک ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ دەکا و دەڵێ: "ئەمن بیستبووم کە بزووتنەوەیەک دژ بە دەسەڵات لە ئێران لە ئارادایە، بەڵام دروشمەکانیانم پێ سەرنجڕاکێش نەبوو، بەیانییەک کە لەخەو هەستام و چاوم لە هەواڵەکان کرد، دروشمێکی تازە ڕایچڵەکاندم، ئەویش دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بوو. ئەو دروشمەم پێ دروشمێکی پێشڕەو بوو. پێم سەیر بوو چۆنە گۆڕانێکی وا بنەڕەتی ڕووی داوە و دواتر کە سەر و سۆراغم کرد، دیتم ئەو دروشمە لە کورستانەوە سەری هەڵداوە و ئەو جار هۆکارەکەیم زانی".

ئەگەر ئەو هۆکارانەی لە زەینی "ژیژەک"دا بوون وەلا بنێین و ئەو هۆکارانە بخەینە بەرباس کە لە ئەزموونی ژیاوی خەڵکی کورددان، بەو ئاکامە دەگەین کە چالاکیی ژنان و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستان لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، ڕۆڵێکی پێشڕەوە بووە. ئەدەبیاتی مودێرنی کورد لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، پڕە لە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژن. وێنەیەک کە تێیدا ژن نە ئامرازە و نە تەنیا مەعشووق و خۆشەویست و دەستەوەستان، بەڵکوو وێنەی ژنی کورد لە ئەدەبیات و هونەردا وێنەیەکی بەرانبەرە لەگەڵ پیاوان. جودا لەوەی کە لە بنکە و بنیاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، ژنی کورد زیاتر لە حەوت دەیەیە کە ڕۆڵی کارای هەیە.

**بەڕێزان!**

**٧٧ ساڵ لەوە پێش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان "یەکیەتیی ژنانی کورد" دامەزراوە و لەو حەفتا و حەوت ساڵەدا، ئەو یەکیەتیی ژنانە تا ئێستاش هەر چالاکە و بەرنامە و پرۆگرامەکانی خۆی بەڕێوە بردووە و لە سیاسەت و باری کۆمەڵایەتیی کورددا ڕۆڵی گێڕاوە. هەروەها ژنان لەنێو حیزبەکانیشدا قسەیان بۆ گوتن پێ بووە. لە چل ساڵ لەمەوبەرەوە، لە کاتێکدا زۆرینەی خەڵکی ئێران و ژنانی ئێرانی دەنگیان بە یاساکانی کۆماری ئیسلامی دا و لە ڕێفراندۆمێکدا وەڵامی ئەرێیان پێ دا، ژنانی کورد وێڕای پیاوان، تەنیا ناوچەیەکی ئێران بوون کە بە تێکڕایی بەشدارییان لە ڕێفراندۆمی  کۆماری ئیسلامیدا نەکرد و نەچوونە ژێر باری یاسا و ڕێساکانی ئەو سیستەمە داپڵۆسێنەر و دژە ئینسانییەوە.**

**جودا لەوە، هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، لە کاتێکدا زۆربەی وڵاتان خەریکی ساتوسەدای ئابووری و سیاسی بوون لەگەڵ ئەو ڕێژیمە، خەڵکی کورد و حیزبی دێموکرات بە نوێنەرایەتیی ئەو خەڵکە، لە یەکەم ساڵی هاتنەسەرکاریەوە، دژی وەستان و پاش هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و کۆمەڵکوژیی خەڵکی کورد، حیزبی دێموکرات بۆ پاراستنی کەرامەتی ئینسانی و بۆ بەرگری لە خەڵکی مەدەنی و وەدەستهێنانی ئازادی و بەربەرەکانی لەدژی کۆماری ئیسلامی، هاتە مەیدانی خەباتەوە و دژی ئەو ڕێژیمە شەڕی کرد و لە بەرانبەریدا ڕاوەستا. لە هەموو ئەو ڕەوتەدا ژنانی کوردیش وێڕای پیاوان لە هێزەکانی پێشمەرگە و بەرگریدا خۆیان سازمان دا و دژبە سیستەمی گەندەڵی سیاسیی ئاخوندی شەڕیان کرد.**

**لە دەیەکانی دواتردا، هەموو بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی کۆمەڵایەتی کە لە کوردستان بەڕێوە چوون، نیشانیان داوە، ژنانی کورد لە هیچ کاتێکدا نەچوونەتە ژێر باری یاساکانی مەزهەبی ڕێژیمەوە و بە هەڵبژاردنی جلوبەرگ و جۆری پۆشەمەنیی و دەربڕینی بیروڕای خۆیان، دژبە ڕێژیم وەستاونەتەوە و تێچووی ئەو خەبات و خۆڕاگرییەیان داوە. لەو ڕێیەدا ئاماری ژنانی زیندانی و کووژراوی کورد بە دەست ڕێژیم ڕاستییەکان دەردەخا.**

**لە تازەترین وێستگەی خەباتی ژنانی کورد لە ئێران دژبە سیستەمی کۆماری ئیسلامییش، هەموو ڕاگەیەن و میدیاکان و ویژدانە ئاگاکانی جیهان دەزانن، ئەوە ژنانی کورد بوون کە پاش مەرگی "ژینا ئەمینی"، کچەلاوی کوردی سەقزی، بە جێگای شیوەن و گریان و دۆشدامان، دروشمی "ژن، ژیان ئازادی"یان بەرز کردەوە و ئەو دروشمە بەرە بەرە هەموو ئێران و جیهانی تەنییەوە.**

ئەگەر سەرنجێکی وردتر و بەئینسافانە بدەین، دەزانین ئاخێزگەی ئەو دروشمە هەر پێشتریش کوردستان بووە و ئەوە ژنانی زوڵمچەشتووی کورد بوون کە هەم ستەمی نەتەوەیی و هەم ستەمی جینسی و هەم ستەمی مەزهەبییان دەرک کردبوو. هەر بۆیە لە ماوەی چوار دەیە لە تەمەنی ڕێژیمی ئیسلامیدا، قەت ملیان بۆ ویستەکانی ئەو سیستەمە ڕانەکێشا و هەمیشە دژ بە نابەرانبەری و نەبوونی ئازادی جووڵانەتەوە و بۆ ماڤی ژنان و بە گشتی مافەکانی مرۆڤی پەسەندکراو لە چوارچێوەی "جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ" دا تێکۆشاون.

**ئامادەبووانی هێژا!**

تاڵە ئەو قسەیەی دەیکەم، بەڵام لە زۆر سەردەمی تاریکی ئەو سیستەمە حکوومەتییەدا، ژنانی کورد بەتەنیا ماونەتەوە، هەر وەک بزووتنەوە سیاسی و پێشکەوتنخوازانەکەی ئەو نەتەوەیە کە بەردەوام سەرکوت کراوە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە گرتن و زەبروزەنگ، کوشتن، تێرۆر و ئێعدام ویستوویەتی بەچۆکی دابێنێت. بۆیە ئەگەر ئێستا بە یارمەتی ڕاگەیەنە گشتییەکان و دوای ئەزموونێکی تاڵی چل و چەند ساڵە، خەڵکی گەلانی دیکەی ئێران و ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێران، دەنگیان هەڵبڕیوە، ژنانی کورد هەر لە سەرەتاوە پێشەنگی ئازادیخوازی بوون و وەک باسم کرد زیاتر لە ٧٧ ساڵە بەردەوام و بەڕێکخراو، بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان شەڕ دەکەن.

هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێین کە نەک هەر لە کوردستانی ئێران، بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ژنان ڕۆڵی پێشەنگیان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هێزە ئیرتجاعی و دواکەوتووەکان هەبووە. جیهان لە خۆبوردوویی ژنانی "ڕۆژئاوای کوردستان"ی لە بەرانبەر "داعیش"دا لە بیر ناچێتەوە. لە کاتێکدا کە هێزی ڕەشی داعیش، هەڕەشەیەکی جیهانی ساز کردبوو، و هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی لە خوێن و کوشتاردا نوقم کردبوو، ژنانی جەنگاوەری ڕۆژئاوای کوردستان بە توانا و ئیمانێکی ئینسانییەوە، لە بەرانبەریاندا ڕاوەستان و شکستیان بە داعیش و هێزە داپڵۆسێنەرەکەی هێنا و لەو ڕێیەدا هەزاران ژنی جەنگاوەری کورد شەهید بوون.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" دەبێ ئەو ڕاستییە باس بکرێ؛ کە لە کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانییەکان بە ڕادەی قورساییەک کە ژنانی کورد لەو بزووتنەوەیەدا بوویانە، بایەخیان پێ نەدراوە و پرس و ڕایان پێ نەکراوە. سیاسییەکانی جیهان دەبوو و دەبێ، ئەو ڕاستییە بزانن پتر لە چل ساڵە ژنی کورد سینگی کردووەتە قەڵغانی هەموو ژنانی ئێرانی و لە بزووتنەوەی نوێشدا، ڕۆڵی ڕادیکاڵ و کارای هەبووە و هەیەتی. ئێستاش شێوەی ڕووبەڕووبوونەوە و ئامادەیی ژنانی کورد و حوزووریان لە شەقامەکان لەگەڵ باقی ژنانی ناوچەکانی دیکەی ئێران بەڕاستی بۆ بەراورد نابن.

ئێوە بە چاوی خۆتان و لە ڕێگەی وێنە و دیمەنەکانی نێو سۆسیالمێدیاوە دەبینن کە بە سەدان و هەزارن ژن دەڕژێنە سەر شەقامەکان و لە بەرانبەر هێزە سەرکوتکەرەکاندا، داوای مافی ژنان دەکەن. لێرەدا دەمەوێ سەرنجتان بۆ خاڵێکی تایبەت ڕابکێشم. ژنانی کورد تەنیا بە دروشمدان لە سەر باڵەخانە و دروشم نووسین لەسەر دیوارەکان و کۆبوونەوەی چەند کەسی، دەست هەڵناگرن و ئەو هێزەیان هەبووە و هەیە کە شەقام بجووڵێنن. ڕاپەڕینەکانی ژنان لە چەند مانگی ڕابردوو لە شارەکانی سنە، مەهاباد ، بۆکان، جوانڕۆ، سەقز، دیواندەرە، مەریوان، شنۆ، پیرانشار و زۆر شاری دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن. ئەگەرچی بەداخەوە ڕاگەیەن و تەلەویزیۆنە فارسیزمانەکانی دەرەوەی ئێران، کەمترین گرینگییان بەو بابەتە داوە و لە پەراوێزدا ئاوڕیان لێ داوەتەوە، هەر وەک چۆن، ئاوڕێکی کەمیشیان وەسەر سەدان لاوی شەهید و سەدان زیندانی دراوەتەوە کە لە شارە کوردەکان لەو ماوەیەدا بە دەست ڕێژیمی ئێران کوژراون و بەند کراون.

بەڕێزان!

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر بناغەی سڕینەوە و هەڵاواردن داندراوە. لە حاڵێکدا کە ئازادیی ئایین و ئایینزا وەک یەکێک لە بنەماکانی مافی مرۆڤ لە چەمکی جیهانداگریی مافی مرۆڤدا دانی پێدا نراوە و لەلایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە بەڕەسمی ناسراوە؛ بەڵام ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتی حاکم بەسەر ئێراندا نەک هەر مافی کەمینە ئایینییەکان بەڕەسمی ناناسێ، بەڵکوو لە هەموو ڕێگەیەکی سەرکوت و پشتگوێخستن و ڕێگرییەوە ماف و ئازادییەکانیان پێشێل دەکات. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەنیشت سیاسەتی ڕەسمیی پێشێلکردنی مافی کەمە ئایینییەکان، ئایین وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتی ژنان و بێبەشکردنی ئەوان لە ئازادیی ئایین و بڕوامەندی بەکار دێنێت کە ئەو پێشێلکردنی مافە لە دیاردەکانی وەک کوشتن لەسەر نامووس و پارێزراوبوون لە سزادا دەگاتە لوتکە. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەروەها بە گەڕانەوە بۆ ئایینزای ڕەسمیی خۆی کۆمەڵگەی ئێل جی بی تی (LGBT) بەتوندی سەرکوت و تەنانەت ئێعدامیان دەکات. بۆیە پشتگرتنی خەباتی خەڵکی ئێران بەدژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئەرکێکی ئەخلاقی و مرۆیی و لە پێناو چێکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسانترە.

لێرەوە دیسان ئێمە وەک بەشێک لە بزووتنەوەی سەرانسەریی ئازادیخواز و، وەک نوێنەرانی خەڵکی کورد، دەنگمان بەرز دەکەینەوە بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەرابەری و یەکسانی. دەنگمان بەرز دەکەینەوە بۆ وەدەستهێنانی مافی وەکیەک و بەرابەر و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سێکۆلاری دێموکڕات و فیدڕاڵ، کە تێیدا هەم مافی ژن و پیاو پارێزراو بێت و هەم مافی هەموو نەتەوەکانی نێو جواغڕافیای ئێران.

**لەو پێوەندییەشدا چەند داخوازییەکتان بەرەوڕوو دەکەین:**

**١- هەروەک دەزانن لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان دەسبەسەر کران کە بەشێکی زۆریان ئێستاش لە گرتووخانەکاندان و ئەشکەنجە دەکرێن و دەستدرێژییان دەکرێتە سەر. ئەوان لە ڕووی داراییەوە توانای گرتنی پارێزەر یان دابینکردنی پێداویستییەکانی بێهداشت و سڵامەتییان نییە. بۆیە داواتان لێ دەکەین یارمەتییان بدەن بۆوەی بتوانن بۆ داکۆکی لە خۆیان پارێزەریان هەبێ و دەرەفەتی تێچووە پزیشکی و دەرمانییەکان بێن.**

**٢- ژنانی کورد سەرەڕای پاشخانی زۆریان لە خەبات و داکۆکی لە مافی مرۆڤ تا ئاستێکی زۆر لە کۆمەڵگەی جیهانیدا پەراوێز خراون. داوا دەکەین لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بۆ باس لەسەر پرسی ئێران بایەخی پتر بە دەور و چالاکیی ژنانی کورد بدرێ، بەتایبەت کە ژنانی کورد ئەزموونێکی دەوڵەمەندیان لە کاری ڕێکخراوەییدا هەیە و دەتوانن لە ڕەوتی خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا یارمەتیدەرێکی باش بن.**

**٣- زۆر لە ژنانی چالاکی کورد ناچار بە جێهێشتنی وڵات دەبن و پەنا بۆ وڵاتانی دراوسێ یان ئورووپا دێنن و دەکەونە بەردەم داهاتوویەکی ناڕوون. ئێمە داوا لە یەکیەتیی ئورووپا، بەتایبەت بەڕێز پینا پجرنوو جێگری سەرۆکی پارلمانی ئورووپا دەکەین لەپێناو دەستەبەری داهاتوویەکی ڕوون بۆ ئەوان تێبکۆشن.**

**٤- زۆر لە ژنانی چالاکی سیاسیی کوردی ئێران بە منداڵ و بنەماڵەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە چەند بنکەیەکدا نیشتەجێن. ئەوان لەڕووی ئابووری و بژێوی ژیانەوە دۆخی شیاوی کەسێتیی سیاسیی خۆیانیان نییە و تا سەرباقی ئەوەش تا ئێستا لەلایەن ئێرانەوە چەند جار هێرشی مووشەکییان کراوەتە سەر کە کوژران و برینداربوونی چەند کەس لەوانی لێ کەوتۆتەوە. ئێمە داوا لە یەکیەتیی ئورووپا و کۆمەڵگەی جیهانی دەکەین لە ڕێگەی ڕێوشوێنەکانی خۆیەوە گوشار بۆ کۆماری ئیسلامی بێنن بۆوەی ئەمنییەتی گیانیی ئەو ژن و منداڵ و کۆمەڵە خەڵکە دابین ببێت.**

**بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئینسانییە و بۆ ڕزگاری لە دەست سیستەمی دژە ئینسانی کۆماری ئیسلامی، دەستی هاوکاری بۆ هەمووو ئێوەش درێژ دەکەین.**

**بژین و سەرکەتوو بن.**
**"ژن، ژیان، ئازادی."**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٣**


بابەت و وتووێژەکانی
هاوڕێ کوێستان گادانی
کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

## بۆ دایکی خۆشەویستمان!




## پیرۆز بێ یادی ٦٥ ساڵ تەمەنی پڕ لە شانازیت!

دایە! لەتەنیاییداو لەسەر گوڵبەرگی شەونم لەسەرنیشتووی گوڵی مێخەک، بە پێنووسی ئەمەگ و دروستکراو لە داری، گوڵە ڕۆژەکەی حەساری ماڵە قەدیمیەکەتانو بە شارەنگی ئەرخەوانی نامەیەکمان بۆت نووسیوە. ڕادەستی ئارامیو بێدەنگیی جۆباری ئاوو شنەی دڵرفێنی بەربەیانیمان کرد کە بۆت بێنێ. دیارە هێمای خوای تێیدا نەقشاشی کراوە. ئاخر، خوا شێوەی ماچەکانی تۆ، لەسەر گۆنای ئێمە دەدا، بۆیە لەژێرەوە نووسیومانە، دایک ژیانە، خۆشەویستی و ڕوحی هەستەکانە. بۆ نامەکە سەیری قامووسی عەشقمان کرد. باوەشێک وشە دۆزرانەوە. هەموویان هاوشانی وشەی تۆن. ئەوین، ژیان، فریشتە، پەری، ئەسرین، پێکەنین، قژسپی،ڕووسووری، هێز، خۆڕاگری، ئەستێرە،ڕووناکی، خەم، سۆز و بەرگری...

ئاخر تۆ ئەو فریشتەی کە دەگەڵ ئەسرینەکانی ئێمە، فرمێسکت هەڵوەراند. تۆ پەری خەیاڵی و بۆ خەونی گەورەبوونمان، قژەکانت سپی کرد و تەمەنت تێپەڕاند... هۆ ئیلاهەی سۆزو بەزەیی، مەلاییکەی جوانی و ژیان، تۆ بە بەختەوەریمان

شاگەشکە بووی، بە ئازارمان وەک هەوری دڵپڕ، چۆڕاوگەی بارانی گریان و تاسە بووی. تۆ گەوهەرێ بووی کەوتییە دەست ئێمەی منداڵ، ئێمەی گەوهەر نەدیوی کرچ و کاڵ. گەر بە بەردی تاوان و نەزانی، ئەڵماسی دڵمان شکاندی، چ جارێ ڕق و نەفرینی تۆمان نەدی. بەڕاست داماوین چی بڵێین فەوزییەی حەسرەتبار، دڵ پڕ لە خۆزگەی هەزار بە هەزار، دوور لە وەتەن و ئەو شارەی لێیدامەزرا یەکەم کۆمار. یادگاری باوک، دایکی رووسووری نیشتمان،مایەی شانازی کوێستان، دلۆڤانی لاوێن خۆشەویست، هەوێنی بەختەوەریی سۆران، هەگبەی هومێدی ژیلوان،تۆ ئیلاهەی پەرەستنی..................

دایە گیان، پاشەبەرە خۆشەویستەکەی دایەپیرەو بنەماڵەی باوان، بۆ ئێمەی لە دایک نەبووی سەردەمی لاویت ،"کوبرا"ی دەستەخوشکو هاودەمی هەرەتی شۆخیو نازداریشت نەماوە کە بیکەین بە شاهیدێکی بە بەقاو بڕوا بۆ ئەوەی تاریفی نازداریو شۆخو شەنگیو دەستو پەنجە ڕەنگینی تۆمان بۆ بکا. لەو کاتەدا کە وەکوو بوکی رازاوەی خەیاڵ، پەیمان و بەڵێنی خۆشەویستیو وەفاداریت دەگەڵ "محەممەد"ی وەک خۆت پاشەبەرە لە بنەماڵەی "گادانی" بەست. بەڵام ئێستا کە مەخابەن مەلایکەی نەمان پەردەی هەرمانی بەسەر جەستەی لەبەر چاوان ونو لە دڵدا زیندووی "بابە" و "کوبرا"دا کێشاوە، خۆ ئێمەی قەرزداری سۆزی دایکانەت ماوینو سەربەرزین کە وەباڵت بۆ بکێشین کە "لە خۆشەویستیو بەڵێندا (خەج)ێک بووی بۆ بابە. لە خۆراگریو لەسەرەخۆییدا (ئەییوب)ێک بۆ رۆژانی سەختو تارو لە میوانداریو رووخۆشیدا (حاتەم)ێک بۆ یارو ئەغیار.

دایە گیان! بە دڵنیاییەوە لەبیر نەچۆتەوە ئەو سەفەرە بێبڕانەوەو کۆتایی نەهاتووەی کە لە باڵەخانە باسەفاکەی مەهاباد ڕا دەستی پێکردووەو هەزاران بیرەوەریو داستانی نەنووسراوی تێدا خولقاون کە هەر یەکەیان بۆ ئەوە دەبێت، خاوەن خامەیەکی بە تواناو بە هەست پەرتوکێکی لەسەر بنوسێ. خێوەتە پڕ دووپشکەکەی ئۆردوگای پێماڵک، خانوە نایلۆنیەکەی جووجەخانەی سیاقۆڵ، دیو و پێشخانەکەی قاوەخانەی ئامێد، جیرانەتی کوبڕاو کاڵێ لە شیوەجۆ، ئێشو ئازاری هەڵاتنی سوێناس، تۆپبارانی زاواکێوو برایم خەسارو گەنمان، خۆ حەشاردانی ئەشکەوتی نەستان، کەوتنە بۆسەی زمزیران، خۆشاردنەوەی خۆتو منداڵەکان لە دەست دوژمن لە دارمەکۆن، بەشێکی بچووکو جیانەبووەوە لە ژیانی پڕ لە هەورازو نشێوو پڕ لە شانازیو سەروەری تۆنو سەفەرەکەش هەر بەردەوامە.

دایەی بە بیرو تەگبیر! بێگومان نە قەڵەمی کۆڵو بیری کولمان توانای باسو دارشتنی ئەو هەموو هێزو تواناو رەوشت جوانیو لە خۆبوردوییو شەو وشەونخونیو خۆشەویستیو سۆزی تۆی هەیەو نە دەمانهەوێ میوانانی گەلێک بەڕێزی ئەوشەوت ماندووکەین. سەرەرای ئەوەش ناتوانین قەدرزانو قەرزداری هێزی لە بڕان نەهاتوو بیری تیژت نەبین بۆ ئەو هەموو پشتیوانیو دڵدانەوەو تەشویقانەی کە لە ٢٢ساڵی کۆچی نابەدڵت بۆ تاراوگە لە ئێمەت کرد. ئەمەگناسی پێمان دەڵێ کە

هەموومـان یەک دەنـگ هـاوارکەین کە ئەوەی ئێمە هەمـانە و پێیگەیشـتوین بەشـی زۆری بەرهەمـی بیـری تیـژ و پشـتیوانی دڵسۆزانەو دایکانەی تۆیە.

سپاس بۆ تۆ، سپاس بۆ بوونت، سپاس بۆ هەستتو پیرۆز بێ ساڵرۆژی لە دایکبوونت. تەمەنت درێژ، لەشت ساغ، دڵت شـادو دەمت هەردەم بە پێکەنین بێت. سایەت لە سەرمان کەم نەبێ کە ژیان بە تۆوە خۆشە!

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢ی مای ٢٠١٤

---



**سڵاو و ڕێز، سەلامەتی و تەمەن درێژیت بۆ بە ئاوات دەخوازم**

# کوێستان گادانی: دەبێت ژنان رۆڵی کاریگەرتر لە ریفراندۆمدا ببینن

## هیدایەت جان

کوێستان گادانی کەسایەتی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان و چالاک لە بواری مافی ژنان، لەو چاوپێکەوتنەدا بۆ "وشە" تیشک دەخاتە سەر رۆڵ و ئامانجی ژنان لە پرسی نەتەوایەتی و گرنگی ریفراندۆم بۆ بەرەوپێشبردنی ویستی ژنان دەستنیشان دەکات و رای دەگەیەنێت، ژنی کورد لە دنیای دەرەوەدا ناوبانگی چالاکی لە زۆر بواردا بۆ خۆی تۆمار کردووە، ئێستە کاتی ئەوەیە لە چوارچێوەی وڵاتی خۆی و نەتەوەی سەربەخۆی خۆیدا مافی یەکسانی وەک شارۆمەندێکی چالاک بچەسپێنێ.

**پرسیار**: ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان پێوەستە بە پرسێکی شوناسخوازانە، ژن لەو پرۆسەیەدا دەبێ بە چ شێوازێک رۆڵ ببینێ؟ ئایا دەکرێ ژنی کورد خۆیان بەدوور ببینن لە پرسی نەتەوە و شووناسی نەتەوایەتی بۆ وڵاتەکەیان و نیشتمان تەنیا بە هی پیاو بزانن، یا ئەوانیش هەڵگری بەرپرسیارێتین لە بەرامبەر ئەو پرسە گشتییەدا؟

**وەڵام**: لە هەلومەرجی ئێستە و دوای ئەو هەموو ساڵە لە تێکۆشان و شۆڕشکردنی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجمان کە دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆمانە، ئەم خەباتە بە هەموو سەرکەوتن و شکستەکانی، بە هەموو جۆرەکانی خەباتکردن کە ژن و پیاوی نەناسیوە و جیاوازی رەگەزی تێدا بەدی نەکراوە، ئەم پرسیارەم بۆ نامۆیە و بە دروستی نازانم کە رۆڵی ژن و پیاو لەسەر پرسی رێفراندۆم و شووناسی نەتەوەیی لە یەکتر جیا بکرێتەوە، رەنگە چون ژنانی کورد بە رادەی پیاوان بواری چالاکی سیاسییان لە ئاستی بەرزدا پێ نەدراوە، هەروەها چون ژنان لە کۆڕ و کۆبوونەوە حزبی و حکوومەتییەکاندا بە ئاستی پیاو دیار نین و کامێراکان ناتوانن ئەم نوقسانە بشارنەوە، بۆیە ئەم پرسیارە ساز بووە. بەڵام دڵنیا بن کە کار بگاتە پرسێکی گرنگی نەتەوەیی، ژنان بە دڵفراوانییەوە ئەم کێشەیە تێکەڵ بە پرسی سەربەخۆیی ناکەن و هاوکات خەباتی یەکسانیخوازی لەو سەنگەرەشدا درێژە دەدەن.

**پرسیار**: رەنگە لەو پرۆسەی ریفراندۆمەدا ژنان پرسیاری ئەوەیان لا دروست بێت ئاخۆ دەکرێ سەرباری ئەوەی تا ئێستە کۆمەڵگەی کوردستان نەگەیشتووەتە ئەو باوەڕەی دان بە مافی یەکسانی رەگەزیدا بنێت، بەشدار بن لە دروستبوونی

قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ کورد، دەکرێ ئەو دوو پرسە تێکەڵ بە یەکتر بکرێت؟

**وەڵام**: کۆمەڵگەی ئێمە لەگەڵ ئەوەی ئێستەیش داونەریتی تایبەت بە خۆی هەیە لەبارەی چالاکی ژن و مافی یەکسانیخوازی، بەڵام کە دەگاتە ئاستی نەتەوە و شووناسی نەتەوەیی ژنی کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردستان کەمی نەهێناوە لە بەراوردکردن لەگەڵ پیاوی کورد. تا ماوەیەک لەمەوبەر هەمیشە باس و گلەیی و گازەندە لەسەر ئەوە بوو کە لەبەر خەباتی نەتەوەیی، خەباتی یەکسانی پشتگوێ خراوە و تەنانەت ئەو رەخنەیە زیاتر رووی لە ژنان بوو کە زۆرتر فۆکوسیان لەسەر خەباتی نەتەوەیی بووە تا دەستەبەرکردنی مافی یەکسانی ناو کۆمەڵگە، چۆنە ئێستە کە دەگاتە باسی رێفراندۆم و پرسی نەتەوەیی و شووناسی نەتەوەیی، دیسان دەبێ ژن لە پیاو جیا بکەینەوە.

ژنی کورد و پیاوی کورد هەردووک وەک مرۆڤەکانی سەرزەوی مافی وەک یەکیان هەیە و کۆمەڵگە کاتێک بێ کێشە دەبێت کە ئەم دوو رەگەزە پێکەوە و شانبەشانی یەکتر کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکەن. ئەم پرسە واتە پرسی نەتەوە و شووناسی نەتەوەیی نە پیاوانەیە و نە ژنانە، بەڵکو پرسی نەتەوەیی کوردە لە باشووری کوردستان کە بە خۆشیی ئەو دەرفەتەی بۆ رەخساوە و هیوادارم زۆر بە باشی کەڵکی لێ وەرگرن.

**پرسیار**: لەو پێوەندییەدا ئەرکی ژنی کورد چییە و دەبێ بە چ شێوازێک مامەڵە لەگەڵ پرسی ریفراندۆم بکات؟

**وەڵام**: ئەگەر زیاتر لەو بابەتە ورد بینەوە، تا ئاستێک ئەرکی ژنان زیاتر دەبینم تا هی پیاوان، "هەرچەند جیاوازیی رەگەزی نابینم" ژنان دەبێ زۆر شێلگیرانەتر بڕواننە چالاکی خۆیان لەم دەرفەتە مێژووییەدا. ژنی کورد لە دنیای دەرەوەدا ناوبانگی چالاکی لە زۆر بواردا بۆ خۆی تۆمار کردووە و ئەوەش لە ئاست ئەو هەموو دەرد و مەینەت و زەحمەتەی کە هەر خۆی دەزانێ چیی چێشتووە، بۆیە ئێستە کاتی ئەوەیە بەرهەمی کاری خۆی ببینێت بۆ ئەوەی لە فەزایەکی باشتردا بتوانێت خۆی لە چوارچێوەی وڵاتی خۆی و نەتەوەی سەربەخۆی خۆیدا مافی یەکسانی و مافی خۆی وەک شارۆمەندێکی چالاک زیاتر لەناو کۆمەڵگەکەیدا بچەسپێنێت. نەک هەر جیاوازی بۆ ژن و پیاو لەم پرسەدا نابینم، بەڵکو وەک شارۆمەندێکی چالاک، ژنانی کوردی باشوور دەبێ چالاکانە نەک هەر بەشداری بکەن بەڵکو ئەرکی بەرێوەبردن و هاندان لە ئەستۆ بگرن و یارمەتیدەری ئەو کەسانەش بن کە بە هەر هۆیەک دوودڵن یان زانیارییان لەسەر ئەو رێفراندۆم و پرسە نەتەوەییە کەمە.

کۆمەڵگەی ئێمە دەبێ ببێتە نموونە لەناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ کۆتاهێنان بە داگیرکەری و پەراوێزخستن و دیکتاتۆری لەو ناوچەیە، کەواتە لەو پرسە و لەو دەرفەتەدا چاوەڕوانی لە شارۆمەندان دەکرێت بەبێ جیاوازی رەگەزی ئەرکی خۆیان

بەجێ بگەیەنن و نیشانی بدەن کە ئێمە دەتوانین سەربەست بین و سەربەستی و سەربەخۆیی خۆمان وەک نەتەوە و وەک تاکی کۆمەڵگە بپارێزین، کە ئەمە خۆی یەکێک لە باشترین شێوەکانی دەستپێکی کۆمەڵگەیەکی زیندوو و چەسپاندنی دیموکراسییە لە باشووری کوردستان، چونکە هەموومان دەزانین سەربەخۆیی پیاوانە یان ژنانە نییە، بەڵکو مافی تاکی مرۆڤە، کەواتە بۆ بەدەستهێنانی دەبێ هەم ژن و هەم پیاو ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت. ریفراندۆم زۆر لە دەنگدان بە کەسێک یا لایەنێک گەورەترە بەو مانایە کە نەبستراوەتەوە بە پرۆگرامی حزبێک، کەسێک، ناوچەیەک یان ڕەگەز و بیروڕایەکی مەزەوی و ئایدیۆلۆژی تایبەت. کۆی تاکەکان واتە نەتەوەیەک بەگشتی بڕیاردەرە، ماف و دەنگی تاک وەک یەک بەرز دەنرخێنرێت و بەیەکەوە بڕیار بۆ چارەنووسی داهاتووی وڵاتەکەی خۆیان دەدات.

**پرسیار**: سەرکەوتنی ریفراندۆم و دروستبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆ چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر بەرەوپێشبردنی خواستی ژنان بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان؟

**وەڵام**: بە درێژایی مێژووی پڕ لە سەروەریی خەباتی نەتەوەیی، ژنان بەپێی توانا و دەرفەتەکانیان شانبەشانی پیاو بەشدارییان کردووە، ئێستە کە هەنگاو بەرەو پرسی نەتەوەیی و دیاریکردنی چارەنووسی خۆمان لەم بەشەی کوردستان هەڵدێنینەوە، دوای جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە و سەربەخۆیی کوردستان، لایەنی کەم ئەو بەشە لە خەباتی نەتەوەیی کە وزەیەکی زۆری پێویست بووە و نەتەوەی کورد بە حەق خوێن و قوربانی داوە بۆ گەیشتن بەو رۆژە، ئەم وزەیە دەتوانین لە دامەزراندن و نەهادینەکردنی داودەزگەی نەتەوەیی و ناوخۆیی بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی کەڵک لێ وەرگرین کە بە بڕوای من دیسان لێرەدا ژنان دەبێ رۆڵێکی بەرچاویان هەبێت.

دەبێ ئێمە ئەوە قبووڵ بکەین کە مافی یەکسانی ژنان لە هیچ پارچەیەک لە کوردستان و تەنانەت لە باشووری کوردستان دوای ٢٦ ساڵ حکوومەتداری دەستەبەر نەبووە، زۆر هۆی هەبووە بۆ ئەو بابەتە، سەرباری ئەوەی پرسی یەکسانی ئەولەویەتی یەکەمی کۆمەڵگە و حکوومەت نەبووە و هەمیشە وەک پرسێکی لاوەکی و پلە دوو و سێ چاوی لێ کراوە، لەلایەکی ترەوە حکوومەتی هەرێم لە زۆر بواردا لەڕووی یاساییەوە دەبوو بڕیار و یاساکانی پەرلەمانی عێراق پێڕەو بکات. ئەگەر ئەنجامەکەی ئەو ریفراندۆمە بەرەو سەربەخۆیی بڕوات، ئیتر پێویست بەوە ناکات پێڕەوی ئەو یاسایانە بکەین و ئەوکات و ساتەیە ژنی کورد دەبێ لە وڵاتی خۆی و بەو باکگراوند و مێژووەی هەیەتی، ئێستە بێتە مەیدان و داوای مافی یەکسانی و مافی خۆی وەک مرۆڤ بکات و وەک شارۆمەندێک هاوشێوەی پیاو لە کۆمەڵگەدا جێگە و پێگەی خۆی هەبێت. لایەنی کەم لە چەند روانگەوە دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لە باشوور ناتوانێ درێژە بە پشتگوێخستنی پرسی ژن بدات و پاساو بۆ کەمتەرخەمییەکانی بێنێتەوە.

خەباتی نەتەوەیی دەستەبەر بووە، لە پێڕەوکردنی یاسای ناکوردانە و یاسا و ڕێسای عێراقی ڕزگاری بووە، وەک وڵاتێکی سەربەخۆ ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر چاودێری و هەندێک لە یاسا و بڕیاری نێونەتەوەیی کە دەبێ بە کردەوە وەبەرچاویان بگرێت، ئاستی خوێندەواری و تێگەیشتن و ناسینی ڕاست و ناڕاست و حەق و ناحەق لە نێو ژنانی کوردا بە گشتی چووەتە سەر، ئەگەر گوێی پێ نەدرێت بۆ کۆمەڵگە کێشە دەخوڵقێنێت. هاوکات ڕەنگدانەوەیەکی باشی نابێت ئەگەر ئاوڕ لە مێژووی تۆمارکراوی تێکۆشانی دایکان و ژنان و کچانی باشووری کوردستان نەداتەوە، بۆیە من لەو بڕوایەدام لە قۆناغی دووەمدا، واتا دوای پرۆسەی ڕێفراندۆم و سەربەخۆیی، چالاکی لە ئێستە زیاتری پێویستە و دەبێ ژنان خۆ ئامادە بکەن بۆ فەزایەکی کراوە لە بواری سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری کە بتوانن خەونی دێرینی خۆیان بهێننە دی.

**پرسیار**: بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە پارچەیەکی کوردستان، چی کاریگەرییەک لەسەر پارچەکانی تری کوردستان دادەنێت بۆ بەردەوامبوون لە ویست و داوا نەتەوەییەکانیان؟

**وەڵام**: لە مێژە خەونی سەربەخۆیی کوردستان بۆ نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچە بووەتە هۆگری و یەکێتی نێوان کوردەکان. هیچ گومان لە ناکۆکییە ناوخۆییەکان و پارچەکانی تریش ناکرێت کە هۆکاری هەیە، بەڵام ئەو هەموو ناکۆکی و ڕەخنەگرتن و لێکناڕازیبوونە نابێ ببێتە هۆی ئەوەی یەک مسقاڵ لە جەوهەری نەتەوەیی بوونمان کەم بێتەوە. تێبینی و ڕەخنەگرتن و باسکردن بۆ گەیشتین بە ئەنجامی ڕێفراندۆم حەقی هەموو کوردێکە کە ڕای لەسەر بدات و تێبینی خۆی هەبێت، بەڵام لە بەرژەوەندی کورددا نییە ئەگەر کەسێک دژایەتی بکات و بە کردەوە بەربەست دروست بکات.
بۆیە لەسەر یەک ئەم هەواڵە کە پرسی ریفراندۆم لە پارچەیەکی کوردستان لە ٢٥ی سێپتێمبەری ٢٠١٧ بەڕێوە دەچێت، سەرەتای وەدیهێنانی خەونی نەتەوەیی کوردە بە گشتی و بەدڵنیاییشەوە کاریگەری دەبێت لەسەر پارچەکانی تر سەرەڕای هەموو ئەو ڕەخنە و ناکۆکییانەی کە ئێستە بەرچاو دەکەون.

لە ماوەی ٢٦ ساڵی ڕابردوودا باشووری کوردستان بووەتە سیمبولی وڵاتی کوردستان، لانی کەم بۆ کوردانی دیاسپۆرا، لە باری ئابووری و دیپلۆماسیی و حکوومەتدارییەوە لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکانی ئەزموونی هەیە و لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ناوچەیی و جیهانیدا جێگە و پێگەی تایبەتی هەیە و بووەتە فاکتەرێکی نێونەتەوەیی و ناوچەیی و ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێت، هەموو ئەوانە وا دەکات کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەم دەسەڵاتەی باشوور بەهی خۆی و مایەی شانازی بزانێت، بۆیە بە دڵنیاییەوە کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر پارچەکانی تر و هەر لە ئێستەشەوە دەبینین حزب و ڕێکخراوەکانی چوار پارچەی کوردستان و کەسایەتییەکان، بەئومێدەوە دەڕواننە ئەو ڕێفراندۆمە و ئارەزووی سەرکەوتنی بۆ دەخوازن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ١٤ی جوونی ٢٠١٧

## بەشێک لە وتەکانی"کوێستان گادانی" لە ڕێورەسمی بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی یەڵدای دێموکرات. نۆرویژ

پاشان هاوڕێ "کوێستان گادانی" بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند وتەیەکی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد. لە سەرەتادا بەڕێزیان گوتی: "مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورد دەمێکە تێکەڵبوونی خوێنی شەهیدانی پارچەکانی کوردستانی دەگەڵ یەکتر تۆمار کردووە و نموونەی هەرە نوێ و زیندوو، ٧ شەهید و دوو بریندار ی ڕووداوی دڵتەزێنی تەقینەوەی بەردەرگای قەڵای دێموکرات لە نیزیک شاری کۆیە لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی دێسامبری ٢٠١٦ی زایینییە." هاوڕێ "کوێستان" لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا وێڕای ئاماژە بە پیلانی دوژمنانی کورد و داگیرکەران کرد و ئاماژەی بەوە دا:" ئەوان لە هەڵەدان، چونکە گەلی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی نیشانیان داوە و سەلماندوویانە کە، نە کوشتن، نە تێرۆر، نە ئێعدام و نە زینداکردن و نە ئەشکەنجەدان هیچیان ناتوانن گەلی کورد لە داوای مافی ڕەوای خۆی پاشگەز بکاتەوە." بەڕێز "گادانی" لەسەر هاوکاری و هاودەنگیی هێز و لایەنە کوردستانییەکان رایگەیاند: "هەر وەک ئاگادارن، ڕۆژی ٢٥ی دیسامبر، بە دەستپێشخەری حیزبی دێموکراتی کوردستان ٣٠ حیزب و لایەنی سیاسی لە هەر چوارپارچەی کوردستان لە دەوری یەک کۆبوونەوە کە هەموو پێکەوە جیا لەوەی کە هەر لایەنە بە جیا ئیدانەی ئەم کردەوە تیرۆریستییەی کردووە، پێکەوەش ئەم کردەوەیان بە هاوبەشی مەحکومکردووە کە ئەمە هەنگاوێکی زۆر موسبەتە و هیوادارین درێژەی هەبێت، بەڵام هەر ئەوەندە بەس نییە و چاوەڕوانییەکان زیاترن و کەسایەتییە سیاسییەکان و روناکبیرانیش لە فورسەتی ئاوادا دەتوانن یارمەتیدەر بن لە هاندانی زیاتر بۆ لێک نیزیکردنەوەی ئەحزابی سیاسی و بە ڕێنوێنی و ڕەخنە و پێشنیاری بەسوود دەتوانن کاریگەری خۆیان هەبێ. هاوکات ئەم رووناکبیرانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەژین کە دەستیان ئاوەڵەترە، ئیمکانات و شارازایی زمان و پێوەندی باشیان دەگەل دامودەزگای دەوڵەتی نیشتەجێ و نێودەوڵەتیان هەیە، دەتوانن زیاتر یارمەتیدەری پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن بۆ لەقاودانی کردەوەی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی و هەرچی زیاتر ناساندنی ماهییەتی ئەم ڕێژیمە و یارمەتیدەری ئەحزابی سیاسی بدەن." لە کۆتایی قسەکانیدا خاتوو کوێستان گوتی: " ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هۆگرانی "حدک" دڵنیا دەکەینەوە کە هەڕەشەو تاوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئێمە لە درێژەدانی خەباتی فرەرەهەند بە دژی کۆماری ئیسلامی سارد ناکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٧ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## دێڕە نەدیتراوەکان لە پەروەردو بارهێنانی قوتابیان لە ئێران

یەکێک لە ناوەنـدە هەرە گرینگەکـانی هەر کۆمەڵگـایەک بـریتییە لە پەروەردە. سـەرەتایترین و ئەساسیترین ئەم نیهـادە بریتیە لە پەروەردەی بنەمالەیی کە ریشەی تایبەت بەخودی بنەماڵەکان داب و نەریتی کۆمەڵگاوە هەیە و ئەوەی دیکەیـان سیستمی پەروەردەی دەوڵەتیە کە بریتیە لە قوتابخانە کە لە ئێران وەزاراتی پـەروەردە و بارهێنـان( ئـاموزش و پەروەرش) بە سەری رادەگات.

زۆربەمان دەزانین کە رادەی خوێندەواری و خوێندکار لە وڵاتی ئێران بە بەراورد دەگەڵ پێشوو تـا رادەیەک چووتە سـەر کە دەکـرێ بلێـین ئەمە دیـاردەیەکی نێـونەتەوەییە و هەر وڵاتـی ئێـران نـاگرێتەوە ، بەلام هەر ئەم چـوونە سـەرێی رێـژە خوێندکاریە سەرنجی نەوەی نوێ رادەکێشت کە ئەوانیش توێژێکی خوێندکاریان لێ پەروەردە بێت.

بەڵام با پێکەوە ئاورێکی کورت و خێرا بدەینەوە سەر وەزعی رۆژانەی قوتـابیان لە ئێران.

لە چەند مانگی رابردوودا چەنـدین جـار لێدانی( تنبیه بدنی) قوتـابیانمـان لە لایەن ماموسـتایانی قوتـابخانەکـانی ئێران بیستووە و دلنیاشین کە رێژەی ئەم توندو تیژیە جەستییانە زۆر لەوە زیاترن کە لە میدیاکانەوە گوێ بیسیان دەبین.

بە پێی ئایین نامەی وەزارەتی پەرەردە و بارهێنان لێدانی قوتـابی سزای هەیە و دەبێ پێداچوونەوەی بۆ بکرێت. دیـارە ئێمە خەبەرەکە کەم تـا کورتێک دەبیسین و بەداخەوە نازاینن پرۆسەی بە دوادا چوون چۆنە و کێ خەتابـارە و سزاکەی چۆنە و رەنگـە کاتێـک دەگەیـنە ئەم قونـاغە کە کـێ خەتابـارە و سـزای چیـی بـۆ بـڕاوەتەوە کـاری ئـێمە نەبێت بەلکـۆ پسپۆر و شارەزایانی حقووقی بەم کێشانە رابگەن کە ئەمەش چەندە کاری بۆ کـراوە خۆی جێگـای پرسیارە. بەلام بـا بگەرێیـنەوە بـۆ کاتی روودانی تەنبێی جەستەیی قوتابیان لە لایەن ماموسـتاکانەوە. هۆکـاری ئەم جۆرە هەڵـس و کەوتە دەتـوانێ چ بێت ؟ ئایا بێ دەسەلاتی و شاروزا نەبوونی قوتابی و بنەمالەی قوتـابیە بە ماف و داوای خۆی ؟ ئایـا داب و نەریتـی کـۆنە کە بە قەولی بـاو باپیرانمـان بە مامۆسـتاکانیان گوتـووە گۆشتیان بـۆ ئێـوە ئێسکیان بـۆ ئێمە" بەو مانـایە کە ئیجازەیـان داوە بە قوتابخانەکان کە تنبێی بەدنی بکەن. یان ئەوەی کە دام و دەزگای وەزارەتی ئاموزش و پەروەرش وەک زۆربەی نـاوەنـدەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی تووشی بێ سەروبەریی بووە.

یەکێک لە هۆکارە هەرە بەرچاوەکانی کە دەتوانرێ ئیشارەی پێ بکەین خودی ئەم سیستمەی پەروەردەی ئێستایە کە لە بازنەیەکدا بە دەوری خۆیدا دەسوورێتەوە. کەسێک کە لە قوتابخانە هەر لە سەرەتاوە بە لێدان و کوتان هەڵس و کەوتی دەگەڵ بکرێت کە گەورەش بوو یان لە رووی تۆڵە ئەستاندنەوە کە لە کاتی خۆیدا ستەمی لێکراوە یان ئەوەی کە بە هەر هۆکارێک پێی وایە کە یەکێک لە رێگاکانی فێر کردن و پەروەردە بە لێدان و هەڵس و کەوتی تۆند و تیژ دەکرێت.

لە لایەکی دیکەوە موشیکلەی ژیانی رۆژانەی خەلک و باری کۆمەلایەتی و ئابووری و رادەی بێکاری وبژێویی خەڵک کە هەم ماموستایان و هەم قوتابییان دەگرێتەوە بە حەددێک ئەم خەڵکەی لە ژێر گوشاری رۆحی داناوە کە دەکرێ بلێین هیچ لایەنێک بە فکرێکی ئاسوودەوە دەست بە کار ناکات و رۆژی خۆی دەست پێ ناکات، کە بەداخەوە لە کۆمەلگای ئێمە پێمان وایە منداڵەکان هەست بە کێشەکانی رۆژانە ناکەن.

لەم بارەوە دەبێ بڕوانینە قوتابییان و مێرمندالانی ئێستا لە ولاتی ئێران کە لە بەر دەستکورتی و بۆ بژێوی ژیان دوای قوتابخانە بە ئەندازەی گەورەساڵێک کار دەکەن. ئەم گرفتەی ژیانی رۆژانە کە لە ماڵەوەڕا دەیانگوێزینەوە بۆ شوێنی کار رەنگ بێ راستەوخۆ هەستی پێ نەکرێت بەلام لە رەفتار و هەڵسوکەوتدا کاریگەریی هەیە، دەنا بۆ دەبێ درنگ هاتن بۆ قوتابخانە سزای لێدان بێت یان ئەنجام نەدانی تەکلیف سزای لێدان بێت؟

قوتابخانەکان و کانوونی بنەماڵە قەرارە جێگای فێر کردن و پەروەردە بێت بەلام ژیان کردن لە چوارچێوەی ولاتی ئێران و لە ژێر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی کاریگەرییەکی نەرێنی لە سەر پەروەردەی نەوەی نوێ داناوە و هەم بنەماڵە و هەم بەڕیوبەران و ماموستایانی قوتابخانەکان ئەوەندەیان موشیکلەی رۆژانەی خۆیان هەیە کە تاقەت و تەحەمول و فوکوسی سەرەکییان لە سەر پەروەردە کەم بۆتەوە. ئەڵبەتە ئەوە بەو مانایە نیە کە دیفاع لە هەڵس و کەوتی توندو تیژی ماموستایان بکرێت بەڵکو دەبێ ئەم رووداوەانە کە لەم ساڵدا رێژەیان زۆرترە بە زەنگی خەتەرێک وەربگرین کە ئەم کۆمەڵگایە ئاوا بڕواتە پێش و نەوەی داهاتووی ئاوا پەروەردە بکات هیچ لە قازانج و بەرژەوەندی کۆمەڵگادا نیە و بە دڵنیاییەوە زۆر فاکتەری دیکە هەن کە دەتوانێ نەوەی داهاتوو بەروە رێگای دیکە ببات کە هەر ئێستا کەم نین ئەوانەی لە ژێر فشاری وەزعی نالەباری ژیان لە ئێران تووشی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی بوون.

بە دڵنیاییەوە رێژەی ئەم توند و تیژیانە لە رۆژهەلاتی کوردستان ئەگەر زیاتر نەبێت کەمتر نییە . قوتابیانی رۆژهەلاتی کوردستان وێرای ئەوەی کە تەنیێی جەستەییان هەیە هاوکات کەم و کوڕی قوتابخانەکانیش لە باری بێهداشت و هەوای پاکو خاوێنیان و لە نەبوونی قوتابخانەیەکی شیاوە زەجر دەکێشن.

وێڕای هەموو ئەم کێشانە تا ئێستاش قوتابی نموونەمان زۆر هەبووە بە تایبەت لە قوتابخانەکانی رۆژهەلاتی کوردستان و توێژی لاوان، بەڵام هاوکات ئەم چاوەڕوانیە دەکرێت کە مامۆستایان و قوتابیان لە نوختەیەک پێکەوە بە سازش بگەن و حەق وانییە کە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئەم ژیانەی رۆژانەی ئەوانی دژوار کردووە ئەوانیش زیاتر بە گژ یەکدا بچن. لە راستی دا ئەم دوولایەنە واتە قوتابی و مامۆستا هەر دووک ستەم لێکراون و هیچیان ستەمکار نین بەڵکوو سیستەمە کە قوتابی و مامۆستای بەرامبەر بە یەک داناوە و بە شێوەیەکی هەڵە لە توانا و وزەی ئەوانە کەلک وەردەگرێت بۆ مانەوە و پایەداری خۆی. مادام ئاموزشو پەروەرش بە ئاینامەی کاری دەنازێت کە "تنبیە بدنی سزای هەیە بەلام بە کردەوە بەدواداچوونی بۆ ناکات لێرەدا حەق وایە ماموستاکان خۆیان رەعایەتی ئەم خالە بکەن چونکە لەم نێوەدا هەر مامۆستا و قوتابین کە زەرەر دەکەن دەنا حکوومەت و سیستم هەر ئەم رۆتینەی خۆی هەیە و هەڵوێستێکی جیددی ناگرێت.

ئێوە دژ بە یەکتر و بۆ بەرژەوەندی خۆی کەڵک لێ وەردەگرێت و رێگا لە هەر دوولایەن ون دەکات کە سیستم و هەڵەکانی سیستمی پەروەردە نادیدە بگرن . رووداوەکانی ئەم سال لە شووش ،خوزستان، کووهدشت- لورستان، بجنوردو لەم دواییانە لە پارێزگای گولستان ، نموونەی هەرە زیندووی ئەم توندو تیژیانەیە. ئەم شێوە پەروەردەیە ئەگەر خەباتگێڕانی مەدەنی و فەرهەنگی و دایک و باوکان و خودی مامۆستا دلسۆزەکان لە هەوڵی گۆڕینیدا نەبن داهاتوویەکی ناروون بۆ کۆمەلگا لە سەر رێیە کە ئێستا لە فکری چارەسەری دابین باشترە نەک چاوەڕێی دەسەلاتێک بین کە بە کردەوە نەیتوانیوە کێشەکانی ئەم پەروەردە سەقەتە چارەسەر بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## لە ئەزموونی رابردوو دەرس وەرگرینو خەسارناسییەکی وردی لێکدابرانەکان بکەین

کوێستان گادانی - ئەم بابەتە لەسەر داوای کەمپینی "١ی بەفرانبار" بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات ئامادە کراوەو رۆژی ١٥ی ژانویەی ئەمساڵ لە تۆمارێکی دەنگدا بڵاو کراوەتەوە.

هاووڵاتیانی بەرێز،

دڵسۆزانی یەکریزیو تەبایی ریزەکانی جووڵانەوەی رزگاریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان!

پێشەکی سپاسی هەموو ئەوکەسو لایەنو رێکخراوانە دەکەم کە لە ماوەی ساڵەکانی رابردوودا هەوڵیان داوەو تێکۆشاون بۆ یەکریزیو تەبایی نێو ماڵی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانو بە تایبەت لێکنزیک کردنەوەو لە نەهایەتتدا یەکگرتنەوەی دوولایەنی لێکدابراوی حیزبی دێموکرات. دیارە لە رۆژانی رابردوودا ئەو هەولانە لە چوارچێوەی کە مپەینی یەکی بەفرانباردا رەنگدانەوەی هەبووەو هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بۆ ئەو ئامانجە چڕتر کردۆتەوە. هەر لە سەرەتادا دەستخۆشیان پێدەڵێمو هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

بێگومان هەموومان دەزانین کە سەرکەوتن دە یەکگرتن دایە. ئەو رەمزە لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا وەکوو ئەسڵێک چاوی لێدەکرێو بە تایبەت لە جوڵانەوەیەکی رزگاریخوازیدا، ئەزمونی گەورەو مێژویی رابردوو نیشانمان دەدا کە بێ بوونی هاودڵیو یەکگرتوویی ریزەکانی کۆمەڵانی خەڵکو لە سەروی هەمویان رێکخراوە سیاسییەکانی نێو گۆرەپانەکە دەستەبەر کردنی ئەو دەستکەوتە مەحاڵە. هەر بەو پێیە پرشو بڵاویو لێکدابرانی تێکۆشەرانی دێموکرات لە ساڵانی رابردوودا کۆسپی گەورەو زیانی قەرەبونەکراوی هێناوەتە سەر رێگای خەباتی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان. دیارە ئەو مەسەلە بۆ منیش وەکوو تاکێکی ئەو کۆمەڵگایەو چالاکێکی سیاسی هەر لە رۆژی یەکەمەوە گرینگی تایبەتی خۆی هەبووەو وێڕای پیرۆزبایی‌و دەستخۆشی لە هەموو هەوڵێک بۆ چارەسەری ناتەباییەکان، ماندوو نەبوونی لە گشت لایەک دەکەم کە لەو رێگایەدا تێکۆشاونو تێدەکۆشن.

دڵنیام کە کەس نابینینەوە کە دڵسۆزی کوردو پشتیوانی خەباتە رەواکەی بۆ رزگاریی نەتەوەییو پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازادو دادپەروەر بێو دژایەتی لێکنزیک کردنەوەو یەکگرتنەوەی لایەنەکانی جووڵانەوەو بەتایبەت حیزبی دێموکرات بکا.

بە بڕوای من وێرای پشتیوانی بێئەملاو ئەملای پرسی ڕێکخستنەوەی نێو مالی دێموکرات، دەبێ پیداگری بکەم کە یەکگرتنەوە کارێکی پیرۆزە.

دەگەڵ ئەوەی کە نیگەرانیو دڵەراوکێی خەڵکو دڵسوزانی میللەتەکەمان سەبارەت بە درزکەوتنە نێو ریزەکانی خەباتکارانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تەواوی هەست پێبکەینو بە هێندی بگرین، لە هەمان کاتدا، ئەزموونی خەباتو لێکدابرانەکانی رابردووی نێو ریزەکانی ئەو حیزبە دەرسی گەورەی پێداوین. هاوکات من پێموایە کە کاتێک باس لە یەکگرتنەوە دەکەین، نابێ لە بیریشمان بچێ کە ئەرکی هەموو تاکەکان تا دەگاتە لایەنە سیاسییەکانو ڕێبەریی حیزبەکان هەر کەس بە نۆرەی خۆی قورسەو هەمووومان دەبێ ئاگادارو هەستیار بین. بەلام کاری جیددیو ئەرکی هەرە سەرەکی دەکەوێتە سەر شانی ڕێبەریی دوو لایەنی حیزب. نابێ بە شێوەیەکی ئیحساسی دەگەڵ مەسەلەکە هەڵسوکەوت بکەن، لە ئەزموونی رابردوو دەرس وەرگرنو هەر لە خەسارناسییەکی وردی لێکدابرانەکان را تا داننان بە هەڵەو هۆکارەکان، هەموو شتێک بەوردی بخەنە بەر سەرنجو باس کردن.

بۆ ئەوەی هەر لە ئیستاوە پێش بە لێکدابرانێکی دیکە لە داهاتوودا بگرین قبووڵی ئەو راستیە بکرێ کە لێکدابرانەکان راستیەکی حاشالێنەکراونو بە دور لە دەمارگرژی قبووڵی هەڵەو هۆکارەکانی رابردوو بکرێ. جیاوازی بەینی یەکگرتنەوەو تێکەڵ بوونەوە بێتە بەر باسو دان بەو راستیە دا بنرێ کە ئەو دوولایەنە لەو ماوەی رابردوودا وەکوو ۲ حیزبی سەربەخۆو لێک جیاواز کاریان کردوە و بوونیان هەبووە.

وێڕای ئەوانەش بە پێچەوانەی شیوەکاری رابردوو، حیسابی ئەسڵی لە سەر ئەندامانو بە گشتی بەدەنەی حیزب بکرێو لە ڕێگای تەشکیلاتەکانەوە بەشدار بکرین هەم لە باسەکانو پرۆسەکەداو هەم لە بریارەکاندا. بە دڵنیاییەوە پێوەندی دوولایەنەی ڕێبەریو بەدەنە دەتوانێ پێش بە زۆر ڕووداوی نەخوازراوو و لە نەهایەتدا لێکدابرانێکی دیکە لە داهاتوودا بگرێو دەبێتە هۆی دڵگەرمیو باوەرێکی زیاتر دەنێو تەشکیلاتی دوولایەنی دێموکراتو یارمەتیدەرێکی باش دەبێ بۆ حیزبی دێموکراتێکی یەکگرتوو و سەقامگیر لە قۆناغەکانی داهاتووی خەباتدا.

من بڕوام وایە کە نابێ بە پەلە تەنیا دەفکری وەسەریەک خستنەوەی دوولایەنی حیزب دابین و دروستکردنەوەی حیزبێکی بە قەوارە گەورە بەلام پڕ کێشەو یەکنەگرتوو. بەرژەوەندی نەتەوەکەمان لە سەروی هەموو ویستو داخوازەکان دابێ کە بێگومان تەباییەکی راستەقینەو بێ جیناحبازیو یەکتر قبووڵ کردنو تەشکیلاتێکی بە پرینسیپ دەبنە کۆڵەکەیەکی ئەسڵیو بە هێزی خەباتی داهاتوومانو ویستو ئارەزوی ئەندامانو لایەنگرانی هەر دووک لایەنی دێموکرات وەدیی دێنێ.

لە کۆتـاییدا دیسـان سپاسـی هەڵوێسـتو هەنگاوەکـانی خەمخـۆرانی یەکریـزی بە تـایبەت کەمپێنـی ١ی بەفرانبـار دەکەمو هیوادارم کە بە یارمەتی هەمووڵایەک بتوانین بنەماڵەی دێموکرات بخەینەوە سەریەک، کە بێگومـان هانـدەرێکی بـاش دەبێت بـۆ لێکنزیـک بـوونەوەی هێـزولایەنە سیاسـیەکانی دیـکەو هەنگاونـان بەرەو پێکهێنـانی بەرەیەکـی یەکگرتـوو لە رۆژهەڵاتـی کوردستانو گوڕو تینێکی تـازە بە خەبـاتی حەقخوازانەی میللەتەکەمان .

سپاس بۆ گوێ گرتنتان و سەرکەوتووبن.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تـایمز - ڕێکەوتی: ١٩ی جانێوێری ٢٠١٥**

## باسێک لە سەر توندوتیژیی شاراوە

### سەرەتا

**دەروونناسێکی ئەمریکایی بە ناوی سکێنەر دەڵێ:**

**توند و تیژی لە هزرەوە سەرچاوە دەگرێ وپاشان دەبێتە رەفتارێکی زارەکی و دواتر کردەوەیی. کەواتە هزری توندوتیژ بەرهەمهێنەری توندوتیژییە. بۆیە دەکرێ بڵێین تۆندوتیژی بەشێکی دانەبڕاوی سروشتی پێکهاتەی سایکۆلۆژیی مرۆڤە. تێنەگەیشتنی تەواو لە چەمکی توند وتیژی وای کردوە کە ئێمە تەنیا خوێندنەوە بۆ رووداوە خوێناویەکانی توندوتیژی بکەین. ئەگینا توندوتیژی چەند فۆرمی هەیە کە یەکێک لە وان توندو تیژیی شاراوەیە.**

**شێوەی کێشە و ستەمەکانی دژ بە ژنان زۆرن کە باسیان لێبکرێ. ئەمن لێرەدا لە دوو بوار دا،**

**پۆلێنی دەکەم: یەکەم ستەمی دژبە ژنان لە رووی داب و نەریت و دینەوە.**
**دووهەم: دەسەڵاتی سیاسی و حکوومەتی. بەبڕوای من هەرشێوە ستەمێکی دژبەژنان و کچان،دەکەوێتە ژێر چەتری ئەم دوو بوارەوە، چ ستەمی ئاشکرا بێ و چستەمی شاراوە. تا ئێستا نموونەی ئەوندە زۆرمان لە ستەمی ئاشکرا دژ بە ژنان دیتوە و بیستوە، کە دەکرێ بگوترێ بە داخەوە بەجۆرێک دەگەڵیشی ڕاهاتووین. هەتا ئەوەی بە ڕادەیەک بۆمان ئاسایی بووە کە بە بیستنەوەیان رەنگ بێ زۆر سەرنجمان رانەکێشرێ.**

**بەڵام لە سەر یەک ستەمی ئاشکرا هەر وەک لە ناوەکەیڕا دیارە، شاراوە نیەو، هۆکارەکانیشی دیارن ـ چەندە راست و چەندە هەڵەیە،**

**جێی باسە - تا ڕادەیەکیش هەوڵ دراوە کە بەرەنگاری لەگەڵ بکرێو ـ لە شوێنی جیاواز و بەشیوەی جیاواز ـ پێشی بگیرێ. باسەکەی ئێمە دەربارەی چەوسانەوە و فەرق و جیاوازی بە دژی کچان و ژنان، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدایە کە پتر ئاشکرا کراو، وردە وردە ڕوخساری خۆی گۆڕی. لەژێر گوشاری خەباتی ئازادیخوازی و بە یارمەتیی بزووتنەوەی**

چەپی جیهانی و چوونە سەری ئاستی خوێندەواری و زانست لە جیهاندا، چی دیکە نەدەکرا بە روونی و ڕاشکاوی بریار و کردار بە دژی ژنان بەڕێوە بچێ. بەلام ئەوە کۆتایی چەوسانەوەی ژنان نەبوو. تاکتیکی نوێ یان هەلوێستی کۆمەلگا چ وەک تاک چ وەک سیستێم شێوەیەکی دیکەی دژایەتیکردنی لە فۆرمی ستەمی شاراوە لەگەل ژناندا بە خۆوە گرت؛ کە پێویستە لە سێ رەهەندەوە ئەو دیاردەیە تاوتوێ بکرێ.

## ١- کۆمەلایەتی

لاوازی رۆلی ژن لە زۆربەی بوارەکاندا، پێوەندیی بە فەرهەنگ وکلتوورو سایکۆلۆژیی ئەو کۆمەلگایەوە هەیە کەژنان تێیدا دەژین. بۆیە گەشەکردن و پێگەیشتنی ژنان لە شوێنێکەوە بۆشوێنێکی دیکە جیاوازیی هەیە. بۆ وێنە:

زۆرجار دەبینرێ لە بنەمالەیەکی دێموکراتدا،لە چوارچێوەی ژیانی رۆژانەیاندا زۆربەی مافی وەکیەکیان پارێزراوە.

بەلام لە هێندێک بواردا، کە لێنزی دووربینەکانی کۆمەلگا دەکەوێتە سەر ئەوبنەمالەیە، گەورەکانی بنەمالەکە رووبەدەرەوە دەگۆڕێن و خۆ ناچار دەبینن، بە پێچەوانەی دلخوازی خۆیان رەفتار بکەن. لەبەر ئەوەی نەکەونە بەر قسە و باسی نەرێنیی دەوروبەر. هەرچەند لە ناخی خۆیاندا دەزانن کە کارەکەیان هەلەیە.

بۆیە لە سەردەمی ئێستادا چیدیکە ناکرێ بە بیانووی پیرۆزکردنی دەوری گەورەکان کە زۆربەی هەرە زۆریان کوڕ و پیاوەکانن، ستەم لە ژن بکرێ. بەلام ئێستا هەولْ دەدرێ لە رێگای پیرۆز کردنی دەوری"بنەمالە" لە کۆمەلگادا، ژنان و کچان بچەوسێندرێنەوە.

بێبەش کردنی جنسی ژن لە خوێندن و ئیزننەدان بە فێربوون لە هەموو رشتەکاندا، کە کاریگەریی لە سەر پێگەیشتنی نەسل بە نەسل دەبێ، یەکێک لە وێنەگەلی دزێوی ستەمی شاراوە و راستەوخۆ و ناراستەوخۆیە کە لە سەر شکلگرتنی کەسایەتی ئەوان شوێندانەر دەبێ. بۆیە ناکرێ ژنان لە خوێندن بێبەش بکرێن، بەلام ناچاریان دەکەن کە تەنیا لە چەند رشتە و زانستی تایبەتدا پسپۆڕییان هەبێ.

ناچارکردنی ژنان لە رۆلگێڕانیان وای کردوە کە وەک چاودێر و بێ دەسەلات لە گواستنەوەی داب و نەریتی ناپێویست ـ کە وەک قانوونێکی نەگۆڕی لێکراوە ـ ، وەک بکەر و ئۆبجێکتیش ئەوکلتوورە سوننەتییە بۆ نەسلی داهاتوو بگوازێتەوە. ئەو

کارانە وایان کردوە کە ژنان ناراستەوخو زۆلمیان لێبکرێ، کە بەهۆی ئاشنانەبوون بە مافەکانی خۆیان و کەمیی وشیاریی فێمنیستی، زۆربەی ئەوژن و کچانە کەمتر هەست بەوستەمە شاراوەیە بکەن.

نەزانین بە ستەمی شاراوە کە کۆمەڵگای ئێمەی کورد بەداخەوە زۆری گیرۆدەیە نەسل دوای نەسل، خۆی بەرهەم دێنێتەوە. چونکە لە کۆمەلگەی داخراودا، بەجۆرێک دادەسەپێ کە ژیان لەنێویدا ئاسایی و تا ڕادەیەک راحەت دەبێو ئاکامەکەشی خولانەوە بە دەوری بازنەیەکدا دەبێ کە پتر روخسارەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن نەک سیستەمەکە، کە ئەمە بۆ خۆی زۆر مەترسیدارە.

لە بەستێنی ستەمی ناراستەوخۆ دژی ژنان دا، دەستدرێژی بۆ کچان و ژنان لە زیندان ولە ژێرئەشکەنجەدا بە کارێکی بێزراو دەناسرێ - کە جێی خۆیەتی - بەڵام دەستدرێژی بۆژنان لە ماڵێدا و بێ دەنگیان لەو بوارە دا، کارێکی جوان و بەجێیە! ئەرکدارکردنی ژنان بەپێچەوانەی ویست و داخوازی خۆیان بۆ بەجێ گەیاندنی سەرجێیی پیاوان، زۆر لاسەنگە. بەڵام ناوی گەرمکردن و پاراستنی چوارچێوەی بنەماڵەی لەسەر دادەنرێ و ژنی لێ بەرپرسیار دەکرێ و پیاو کەمترین ئەرکی بۆ دادەنرێ.هەروەها بە زۆری و بە نابەدڵی و بێ هەڵبژاردن و بێ ئیزن بە ناسیاویی پێش ژیانی هاوبەشیش لە خانەی ستەمی شاراوە دا، جێ دەگرن.

بە گشتی داب و نەریتی کۆن و نایەکسان لەکۆمەڵگادا،کە لە چوارچێوەی ستەمی ناراستەوخۆدان، دەتوانن ببنە هۆی ئەوە کە لە باری دەروونییەوە کاریگەریی نێگاتیڤ لە سەر ژنان دابنێن وهێزو توانای باوەڕبەخۆبوونیان تێدا زۆر لاواز بکەن. ئەو حاڵەتە ئەنگیزەی کار لەسەرخۆکردن بۆ گەشە و پێشڤەچوون کەم دەکا و پاسیڤبوونی تاکی ژن بەرهەم دێنێ. لەنێوچوون و لاوازبوونی بایەخە مرۆییەکانی تاک بۆخۆپێگەیاندن، وزەیەکی ئەوتۆ ناهێڵێتەوە.

## ٢- ئابووری

بەستراوەیی ئابووریی ژن بە پیاوەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە ژن هەمیشە چاولەدەستی پیاو بێ بۆ پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان. کاتێک کەسێک لە باری ئابوورییەوە پێویستیی بە کەسێکی دیکە هەبوو، ئەمە دەبێتە کۆسپێک لەسەر رێگای کە نەتوانێ ئەوجۆرەی خۆی دەیەوێ لە تواناییەکانی خۆی کەڵک وەربگرێ بۆگەشەکردن و خۆپێگەیاندن ـ بۆ نموونە زانستگا و خوێندنی بەرز ـ کۆسپی گەورەیان بۆ دروست دەبێ. دیارە ئێستا تا ڕادەیەک بە گشتی وەزعی کچان و ژنان باشتر بووە.

وێنەی دیکە لە ژیانی ژناندا هەیە، کە جێی سەرنجە. لەکاتێکدا، ژنان کار دەکەن و مووچەی خۆیان هەیە، بەڵام خاوەنی داهاتەکەیان نین. پیاوەکان بڕیاردەری سەرەکین. ژنان بە ڕاشکاوی لە داهاتی خۆیان، خاوەنی پووڵی گیرفانیش نین؟! زۆرجاران دەبیسرێ کە پیاوەکان لەماڵێدا بە خانمەکانیان دەڵێن رەئیسی ماڵێ و گۆیا بۆ هەموو شتێک هەر خانم تەسمیم دەگرێ. بەڵام دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کاتێک کە باس دەکەوێتە سەر هێندێک بڕیاری ئەسڵی و کۆتایی، دەسەڵاتی پیاوەکە پترە. بەو جۆرە هەڵسوکەوت و کردەوانە ناکرێ ژنان لە چالاکیی ئابووری و سەربەخۆیی ماڵی مەنع بکرێن. بەو جۆرە روانینە تەنیا لە چەند بواری تایبەت و " ژنانە" دا،مەجال بۆ ژنان دەرەخسێو زۆربەی بوارەکان هەر لە پاوانی پیاواندا دەمێنێتەوە.

## ٣- سیاسی

ژن و سیاسەت، ژن و دەسەڵات، خەباتی ژنان، خەباتی نێونەتەوەیی ژن و بڕیاردان لە کاروباری سیاسی هەموو ئەو وشە و ڕستانەن کە لەمێژە گوێمان لێ دەبن و بەشی زۆری حیزب و ڕێکخراوەکان لە بەرنامە و پرۆگرامی خۆیاندا،بانگەشەی بەشداریی ژنان دەکەن. لەم بوارەدا، پرسیار ئەوەیە ئاکامەکەی بە کوێ گەیشتوە؟ چمان کردوە و تا کوێ هاتووین؟ لە رووی سیاسی و بەشداری لە سیاسەتدا و لە دنیای ئەمرۆ دیسان ژنان ستەمی شاراوەیان بە دژی ئەنجام دەدرێ. چونکە زۆر بەکەمی بەرنامەوپرۆگرامی حیزب و ریکخراوە سیاسییەکان بەڕێوە دەبرێ. لەو بەشەدا کە کاریشی پێ دەکری، بەشداریی کچان و ژنان رۆر کەمرەنگە. لە دابەشکردنی کار و بەرپرسایەتی یەکانیش دا، نا یەکسانی زۆرە. بەو بیانوویەی ئەوان ناتوانن بە شێوەی پێویست کارەکان راپەڕێنن و کەم توانان؟! پێویستە لەو بوارەشدا، ڕێگایەکی گونجاو بۆ بەشداری لە سیاسەتی بەڕێوبەری لە زۆربەی ڕەدەکان دا، بگیرێتە بەر. بۆ ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەرکانە "پیاوانە" نەمێننەوە.

جگە لەوانەش زۆربەی تریبوونی تەبلیغی لە کاری سیاسیدا، پیاوانەیە. هێندێکجار وا هەبوو، ژنان - هەر چەند ژمارەشیان زۆر نەبووبێ -، کاری باشیان زۆرکردوە وبڕیاری بەنرخیاجێبەجێ کردوە و بیروبۆچوونی بەکەڵکیان هەبووە. بەلام بەدەگمەن دەبینین کە ئەوژنانە بەئەندازەی پیاوەکان دیار بن. ئەو کردەوانە نیشان دەدەن کە بەشێوەی ناراستەوخۆ دەیانەوێ بەشداری ژنان لاواز و لەڕەدەیەکی دڵخوازی خۆیاندا ڕاگرن. بۆیە کەمتر ئیزن بە ژنان دەدرێ کە تواناکانیان گەشە پێبدەن؛ بۆ ئەوەی پیاوەکان بە توانایی و زانایی بمێننەوە، هەتا نایەکسانی و کەمتوانایی ژنان نیهادینە بکرێ!؟

وێنەیەکی نوێ لە شەڕی چەپەڵ و تێرۆریستی داعیش بە دژی نەتەوەکەماندا، کۆشت و کوشتار و بەدیلگرتن و دەستدرێژی بۆسەر کچان و ژنان و بەکاڵاکردنی ئەوان و فرۆشتنیان لە بازاڕەکاندایە، بۆ رووخاندنی کەسایەتی وتێکدانی باری

دەروونیی هەر دوو توێژی ژن و پیاو. بۆ ئەوەی وورەی پێشمەرگە و جەنگاوەرانی بەرگریکاری کورد لە خاکی نیشتمان لاواز بکەن و لەنێو دڵ و مێشکیاندا، کاریگەریی نەرێنی دابنێین، منداڵان، مێرمنداڵان، کچان و ژنان دەکەنە، ئامانجی بیرە دژی گەلییەکانی خۆیان. نزیک بە زۆربەی قوربانییەکانی هێرشە دڕندەیییەکانی "خلافەتی ئیسلامی" و کارەساتە دژی مرۆییەکانیان، کچان و ژنانی لاو بوون.

لە پارلمانی تورکیە کە ڕێژەی ژنانی تورک ١٠% ە - کە کەمتر لە ئەفغانستانە - ، لە هەدەپە دا، ٤٠% ی کورسییەکان بۆ ژنان مسۆگەر کراوە.

خاڵێکی جێی سەرنج کە لەبارەی توند و تیژیی ئاشکراو شاراوە دژ بە ژنانەوە دەتوانم ئاماژەی پێ‌بکەم، ڕێژەی پارلمانتارانی ژنی پارلمانی ئێرانە! ئێستا خولی نۆیەمی پارڵمان (مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران)، تەنیا ٣% ی ژن تێدایە. کە بە لەبەرچاوگرتنی حەشیمەتی ژنان لەو وڵاتە دا کە لە نیوەی حەشیمەتی ئێران زیاترن و ڕادەی خوێندکارانی کچ لە زانکۆکانی ئێران بە پێی ئامار لە کوڕان زیاترە، جێی تێڕامانە و زوڵمێکی زەق و بەرچاوە،

کەمپینی ژنان بۆ گۆڕینی ٣٠% ی ڕوخساری پیاوانەی مەجلیسی دەیەم کە لە ڕەشەمەی ١٣٩٤ (٢٠١٦) بەڕێوە دەچێ، ئەگەر سەرکەتوو بێ، دەتوانێ وێنەیەکی باش لە بڕوابەخۆبوونی ژنان و پشتیوانیی پیاوانی یەکسانیخواز لەوان، بە هەنگاونانی هاوسەنگی لە کۆمەڵگای ئێرانی فرەنەتەوەدا، نیشان بدا.

## هۆکارەکان

پشتیوانیی بەردەوامی کۆمەڵگە لە هیندێک داب و نەریتی کۆن، گەشە نەکردنی دێموکراسییەک کە مافی مرۆڤی تێدا پارێزراو نەبێ، ژنانی پتر پێی دەشکێنەوە.

گرینگتر نیشان دانی خەباتی نەتەوایەتی و بەکەمگرتنی مافی یەکسانی، وەزعی پرسی ژنی لە کۆمەلگای ئێمەدا زۆر کەمڕەنگ کردۆتەوە.

پرۆفسۆر مایکل مۆیسرو کۆمەڵناس،چارلس پیلی لەو بڕوایەدان کە: دەوڵەت پێناسەی نەتەوە دەکا و چوارچێوەیەکی دیاری کراوی هەیە کە لەوێدا، ئازادیی تاک بۆ هاونیشتمانانی پێک دێنێ. ئەوان لەو بڕوایەدان کە ئازادیی تاک ئیرادەی تاک زیاد دەکاوتاکی کۆمەلگا گەشە دەکا.

ئەگەر بروانینیە کوردستان دەبینین کە ڕەنگ بێ زۆر لەو هۆکارانە بۆ ئازادی تاک بە گشتی و ژنان بە تایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فاکتەرە کە ئێمە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتین و پەرشو بڵاوی و بێ سیستێمیمان زۆر پێوە دیارە. بۆ وێنە: درێژەنەدانی تاوتوێکردنی کەیسی ژنان لە باشوری کوردستان و....

کەلک وەرنەگرتن لە وزە و توانایی ژنان و جیاوازی باکگراوند و پێشینەی تاکی ژن و بەسەر یەکەوە نەبوونی نیشتەجێیی، بەهۆی مەوقعیەتی سیاسی و جوغرافیایی تا ڕادەیەک بۆتە هۆی پاسیڤ بوون و، قەتیس مانەوەی دروشمە بە هەست و سۆزەکان لە چوارچێوەی تێئۆریدا، کە دڵساردی و نائۆمێدیی لە کارو چالاکیەکاندا، بۆ ژنان پێک هێناوە.

لە پەراوێز خستن و لاوازکردنی ژن بە سازکردن و قسە و قسەلۆکی بێمانا و چوونە نێو ژیانی تایبەتیی ئەو لە کۆمەڵ دا، یان تێرۆری کەسایەتییەکەی، کاریگەرترین هۆکاری گەشەنەکردن و مەیدان بەرتەسک کردنەوەیەتی.

## ڕێگاچارە سەرەکان

بە دۆزینەوەی ڕێگەچارە و چۆنیەتیی بەربەرەکانی لەگەڵ ستەمی شاراوە،دەتوانێ مکانیزمێک بۆ بەربەرەکانیی دژ بەم توندوتیژییە دابدرێ.

پەرە پێدان و گرینگیدان بەخەباتی نەتەوایەتی و خەباتی یەکسانی لە نێو کۆمەڵگا، وەک ئەرکی تاک دەبێ هاوکات بکرێ. واتە، ئەم دوو شێوە خەباتە هاوتەریب بن.

بوونی ڕێکخراوی ژنانی سەربەخۆ کە هەوڵ بدەن بۆ و مدیهێنانی مافی یەکسانی ژنو پیاو و خۆپاراستن لە دەسەڵاتی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان کە وەک پلاتفۆرم و سەکۆی سیاسەت، کەڵکی لێوەرگیرێ.

پێکهێنانی فەزایەک کە بیروبۆچوونی یەکسانکردنی ژنو پیاو بەشێوەیەکی ئازاد بۆ ئەکتیڤ بوونی ژنان بینێتە ئاراوە. ئەو کەشوهەوایە واتە فەرهەنگسازی بۆ مافی یەکسان و بەشداریی وەک یەک لە کۆمەڵگە دا، بێتە ئاراوە.

پەروەردە کردن و مەجال خوڵقاندنی ژنی سیاسەتمەدار، ژنی تێکنۆکڕات و خاوەنبیر، پێویستە ئەرکی هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بە تایبەت ژن و ڕێکخراوە تایبەتییەکەیان بێ.

پرس و راوێژ، رێنوێنی و پشتیوانی کردن لە مافی تاکەکان، ڕاهێنان و چارەسەرکردنی بە وەختی گیروگرفت و پەروەردەی نەسلی نوێ لە سەر بنەمای تێگەیشتنی ئامانجی یەکسانیخوازی و بردنەسەری وشیاریی فیمنیستی، دەتوانێ پێش لەخۆ بەرهەمهێنانەوەی ئەو بازنە پڕ لەکەموکوڕییە بگرێ کە نەسلی ئێمە و پێش ئێمە تێیدا خولاونەوە، بۆ ئەوەی بەو شێوەیە داهاتووی کۆمەڵگا بە گشتی و خەباتی ژنان بەتایبەتی بەرەوئاسۆیەکی روونترگەشە بستێنێ.

پەروەردە کردنی ژنان بۆکاری بەرێوبەری ودەسەڵات لە کاتێکدا، ژن بتوانێ وەک مرۆڤ سەنەک لەقالبی ژن وەک پیاو - کاری سیاسی بکاوتواناوکارامەیی خۆی نیشان بدا، ئەوکات بەشێک لە ویستو داخوازیەکانی دێتە دیو بەشەکەی دیکەشی بەهاوڕا بوونی ئەو پیاوانە کە باوەڕیان بەمافی ژن - وەک مرۆڤ هەیە - دەتوانێ تەکمیل بکرێ.

پەیوەندیی ئەرێنی و یەکسانیخوازانەی تاکەکانی بنەماڵە لە نێوخۆیاندا، یەکێک لە سەرەکیترین ئەرکەکان و بەردی بناخەی چارەسەرەک لە پەروەردەی نەسلی داهاتوودا.

رێکخراوەکان بە گشتی و ژنان بە تایبەتی، پێویستە کارێکی وا بکەن کە لە چوارچێوەی خاڵە هاوبەشەکانیاندا وەک هەبوونی دێمۆکراسی،هەبوونی مافی یەکسانی ژنو پیاو واتە بەرابەری و یەکرێزیی رەگەزی لەژێر سایەی کۆدەنگییەکی رێکخراو و بە پلاتفۆرم کار بکەن کە هەموو ئەوژنانەی داوای مافی یەکسان دەکەن خۆیانی تێدا ببیننەوە.

هیو میەل لە توێژینەوەیەک دا دەڵێ: وەرچەرخانی تەنگژە ئەرکێکی فرەڕەهەندە و بە دوو بەش دابەشی دەکا:

**یەکەم. تیئۆریی بەڕێوبردنی تەنگژە و دووهەم. تیئۆریی وەرچەرخانی تەنگژە.**

لەبەشی یەکەم دا، لایەنێکی سێهەم دێتە کایەوە و نێوبژی دەکا. کوردەواری گوتەنی "دوو قسەی خێری تێدا دەکا"، و بە شێوەی کاتی کێشەکە چارەسەر دەکا و کاتی بۆ دادەنێ و کۆنترۆڵی دەکا. واتە بە کورتی و بە کوردی موسەککینێکی کاتییە کە دەتوانێ دەسپێکێکی باش بێ. لە دووهەمەکە دا، هەوڵ دەدا گۆڕانکاری لە ئەقڵییەتی ئەو گرووپەدا دروست بکا کە کۆسپی ئەسڵین و هۆکاری سەرەکیی گیروگرفتەکانن.

بە بڕوای من ئێمە بە تاک و بنەماڵە وکۆمەڵگە و دامودەزگا حکوومەتی و ناحکوومەتییەکانەوە لە بەشی یەکەمی هەوڵەکانماندا قەتیس ماوینەوە و من رێگە چارەی دووهەم بە باشترین شێوەی چارەسەری کێشەکان دەزانم.

## ئاکام

خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنانی جیهان بە گشتی و ژنی کورد بە تایبەتی مێژوویەکی پڕ لەهەورازو نشێوی بۆخۆی تۆمارکردوە.

رەخنەگرتن لە مێژوو و ڕابردووی خەباتی نەسلی پێشوو بەبروای من هیچ کات بە مانای کەمگرتن یان کەلک وەرنەگرتن لە ئەزموونی ئەوانی پێشوو نیە. بەڵکوو دەست لەسەردانان و نیشانەکردنی هێندێک خاڵی لاوازە کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستا و گەشە و توانایی و ئاسانکاری پێوەندیگرتن و شەپۆلی فێربوون جیاوازیی هەیە. نەسلی ئێستا پێویستیی بە پێداچوونەوە و نوێ بوونەوەی بەردەوام هەیە.

وشیاری و ئاگاداربوون لەکۆسپەکانی سەر رێگای هەر بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی و بەرەنگار بوونەوەیان بە رێگایەکی ئوسولی و سەردەمیانەدا، ئەرکی هەموو تاکێکی کۆمەڵگایە لە پێناو گەشەسەندن و پێگەیاندنی نەوەی نوێدا.

بێ دەنگی لە ئاست زوڵم لە خۆمان و دەوروبەرمان دەبێتە بەشێک لە هوویەت و ئیدەنتیتەی خۆمان کە بە شێوەیەک بەشداریکردنە لە توندوتیژی. بۆیە پێویستە لە خۆمان و بیر و کردوە و دەروونی خۆمان ڕا دەست بە ئاڵوگۆڕی ئەرێنی بکەین.

بزووتنەوەی یەکسانیخوازی و دابینکردنی مافی ژنان لە کۆمەڵگایەکدا، کە باوەری بە قانوون و دێموکرات بوون و مافی مرۆڤ بە بێ جیاوازیی رەگەزی نەبێ، بێبەرهەم دەبێ و گەشە ناکا.

پێویستە هەوڵ بدرێ هەم حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان و هەم تاکەکانی یەکسانیخواز، بە کردەوە نیشان بدەن کە بڕوایان بە مافی مرۆڤ و کۆنوانسیۆنی ١٩ی دێسامبری ١٩٧٩ی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پرسی ژن هەیە.

لە ژمارە ٦٦٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٥

## بیرت دەکەم وەک هەمیشە بابە گیان

دەلێن کە کەسێکی خۆشەویست کۆچ دەکات بە تێپەربوونی زەمان تاسەی دووری دەشکێت و کەم و کەمتر دەبێتەوە، دەلێن کە کەسێک بە یەکجاری کۆچی دوایی دەکات بە بارتەقای گل بە سەرداکردنی سەر تەرمی کۆچ کردوو نێوان دەکەوێتە بەینی ئەو و خۆشەویست و دۆستانی. دەلێن بە تێپەر بوونی زەمان سەبوور دەبی و تەحەمولی دووریەکەی زیاتر دەکەی. هەموو ئەو شتانە و زۆر قسەی باویی دیکەی خۆماڵیانە لە کاتی لە دەستدانی خۆشەویستان دا دەگووترێن بەلام ئایا هیچ کام لە ئەوانە راستن؟ بەراست بە تێپەر بوونی کات تاسەی خۆشەویستیی لە دەست چوو کەم دەبێتەوە؟ ئایا برینی پر لە خەم و تەنیایی بە تێپەر بوونی زەمان سارێژ دەبێت؟ ئەگەر ئەوانە راستن، بۆ ئەمن هیچ رۆژێک نیە کە تۆم لە بیر نەبێت؟ رۆژ بە رۆژ زیاتر بیرت دەکەم. خەڵک لە رووی ئەزموونەوە ئەوانە دەلێت، چۆنە لە ئاست دووری نێوان من و تۆ ئەوە راست نیە؟ کەواتە یان من دەبێ جیاواز بم یان ئەوەی کە تۆ زۆر کەسێکی تایبەتی بۆ من! کە لە روانگەی منەوە دووهەمی راستە کەواتە تایبەتی بوونی تۆ و گەورەیی تۆ مەجال نادات کە تاسەی دووریت بە تێپەر بوونی زەمان کەم بێتەوە

دوای ٥ ساڵ لە کۆچی یەکجاریت، ئێستاش هەست دەکەم لە مەئموورییەتێکی حیزبیی و دوای ماوەیەک دەگەرێیەوە. رەنگ بێت بلێن من مرۆڤێکی واقع بین نیم و ئەو شێوە بیر کردنەوەیە لە گەل بیر و هزری من یەک ناگرێتەوە. بەلام کێ هەبووە بە تەواوی مانا لە ئاست خۆشەویستی دا واقع بین بوویێت و زەرەری نەکردبێت! جا ئەوە خۆشەویستی نیوان هەر جۆرە پەیوەندییەک بێت. لە پەیوەندی لە گەڵ کۆچی تۆ دنیای واقع یانی قەبوولی مەرگی تۆ و نەمانی تۆ من نە ٥ ساڵ لەمەوبەر و نە ئێستاش نالێم مەرگ، دەلێم سەفەرێکی درێژ خایەن و ماڵئاوایەکی نابەوەخت و نەخوازراو، بۆیە لە ئاست دووری تۆ ناتوانم واقع بین بم چوونکە قەت ناتوانم تۆ بە یەکجاری لە دەست بدەم. هەر وەک گووتم هەموو رۆژێک لەگەل تۆ دەدوێم. بەلام مخابن ئەوەندە دووری کە قەت لە نیزیکە وە ناتوانم ئەگەر بۆ ئاخر جاریش بێت لە باوەشی پر محیبەتی باوکایەتی و گەورەیی تۆ دا ئارام بگرم. زۆر جاران بە تاسەی تۆوە باوەشم بە کێل بە گۆرەکەت دا کردوە، بەلام کوا گڵ و بەرد گەرمایی دڵی تۆم پێ دەبەخشن؟

پێنج سال لەمەوبەر لە لە بەرەبەیانی رۆژی ١٦ - ٢ - ٢٠٠٨ لە نێو کۆری گەرم و گوری بنەماڵە چاوەکانت بۆ هەمیشە لە سەریەک دانان. ئاخر هەناسەی پر لە ئارەزووت ئێستاش هەست پێ دەکەم. لە چاوانی پر لە ئۆمێد و ئارەزووت کە بەزەحمەت هەڵت دێنان دیار بوو کە پەیامت چیە و چەندە قسەی نەگووتراو و نەبیسراوت لە دل دایە! بۆ هەر کامێکمان چەندەت ئامۆژگاری پێیە! لە هێز و توانا و هیوادار بوونت را دیار بو کە تۆش وەک ئێمە بەم کۆچە نابەوەختە رازی

نەبووی و هەردووک لامان کاتێکی زیاتر مان پێویست بوو بۆ قەبوول کردنی ئەم سەفەرە نابەوەختە. بەلام هاوکات دەزانین کە وەختێک بە ناوی وەختی گۆنجاو بۆ کۆچی دوایی نیە و لە هەر تەمەن و لە هەر کات و شوێنێک، بێت کۆچی دوایی ئەوەندە ناخۆشە بۆ خۆشەویستان کە هەمیشە نابەوەختە

کۆچ کردنت زامێکی گەورەی خستە نێو دل و جەستەمان بەڵام گەورەیی ، خۆشەویستیی ، مێهرەبانیی ، وەفاداریی و زۆر خوو و رەوشتی بێ وێنەی جوانت و هەموو بیرەوەریەکانی ژیانی دەربەدەریمان، چ کاتی شۆرش و چ لە هەنداران، هێز و توانای تەحەموولی کۆچی تۆی خۆشەویستی بە ئیمە بەخشیوە. هەمیشە پێم وابووە کە تۆ زۆر کەم لە لای ئێمە بووی، زۆر کەم وەختی ئێمەت هەبووە ، بەلام ئەگەر ئاورێک لە دوورو نیزیک دەدەمەوە ئەو کات دەزانم کە من یەکێک لە خۆشبەخترینەکانم کە شانسی ژیان لە پەنا باوکمم هەبووە و لە کاتی نەخۆشی و کۆچی دوایی لە لای بم و، تا ئاخرین لەحزەی ژیانیی بروانمە چاوە پر لە موحیبەت و خۆشەویستیەکەیی هەرچی بنووسم و بیلێم نە تاسەی دووری دەشکێت و نە وەسفی باشی و خۆشەویستی کە شایانی تۆ بێت بۆم دەکردرێت، بۆیە ماوەتەوە بلێم کە: بیرت دەکەم زۆر، بیرت دەکەین زۆر، هەمیشە یادت لە دلماندا زیندوویەو بە بیرەوەریەکانت دەژین بە یادت دەژین.وەک رابردوو وەک ئێستا ولە داهاتووشدا وەک هەمیشە جێگای شانازی ئێمەی و سپاس بۆ هەبوونت و سەروەریت لە نێو بنەمالەدا کە دوای کۆچی دوایش جێگە وپێگەی خۆت هەر پارێزراوە. هێندە وەسفی جوان هەیە کە شایانی تۆیە و قەلەمیش توانای دەربرینی و نووسینی نیە، بە بروای من باوەر بە رێباز و تەحەموول و سەبووریت لە هەموو بوارێکدا یەکێک لە تایبەتمەندییە جوانەکانی تۆی خۆشەویست بوون، خۆزگە منیش بە ئەندازەی نێوی تۆم خۆراگری هەبوویایە ئەوکات رەنگ بوو تاسەی دووری تۆ هیندە بە ژان نەبا کە وشەیەک نابینمەوە وەسفی تاسەی دووریت بکا بۆیە هەر دەلێم لە دلەوە بیرت دەکەم بابی خۆشەویستم و هاورێم، هەمیشە یادت بەخێر و دووبارە ماڵئاوا.

سەرچاوە: دیواری فیس بووکی کوێستان - ڕێکەوتی: ١٦ی فێبریوێری ٢٠١٣

## هەڤپەیڤین بەبۆنەی ٨ی مارس

### ڕەحمان نەقشی

**پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

**کوێستان گادانی**: ناوم کوێستان گادانی سالی ١٩٧٢ لە شاری مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووم. لە تەمەنی ٧ سالی بە هۆی چالاکی سیاسی بنەمالە هاتووینە نێو ریزی شۆرش و لە گەل بنەمالەی پێشمەرگە لە ئاوارەیی دا ژیانمان تێپەر کردووە. تا تەمەنی ١٨ سالی لە کاری لاوان و هونەری دا چالاک بووم و دوای ئەوەی بووم بە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رادیو و ئینتشارات، دەبیرخانە، پەیوەندییەکانی دەرەوە ئەرکم بە جێ گەیاندووە. بۆ ماوەی ٣ سال ئەندامی رێبەری حیزب بووم و ئێستاش ئەندامی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پەیرەوی ناوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانم. لە سالی ١٩٩٢ هاتوومەتە تاراوگە و لەو ماوەیەشدا بە پێی توانا و کات وێرای دەرس خوێندن درێژەم بە چالاکییە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان داوە. ئەندامی هیندێک ریکخراوەی سینفیم (کوردی و بیانی)کە لە بواری زانستی و یەکسانی و مافی مرۆڤ چالاکییان هەیە. ئێستا وەک توێژەر(لێکۆلەر) لە بواری زانستە پزیشکیەکان لە زانکۆ کار دەکەم.

**پرسیار**: پرسی ژن ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**کوێستان گادانی**: لە راستیدا پرسی ژن بە گشتی و پرسی ژنی کورد بە تایبەتی گواستنەوەیەکی لە ئاستی بنەمالە و کۆمەلگا و بواری کۆمەلایەتی بەرەو پرسێکی گشتی و هەمەلایەنە و نەتەوەیی بە خۆ وە بینیوە. کە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ بەشداری کردن و لێ پرسین و چالاک بوونی تاکە یەکسانیخوازەکانی نێو کۆمەلگا. هەلبەت بەو مانایە نیە کە چی دیکە گرنگی بە کێشە ی بنەمالە و بوارە کۆمەلایەتیەکان نادرێت، بەلکو ئاستی بەشداری و بواری چالاکییەکان گشتتر وبەرینتر بوە. لە گەل ئەم گواستنەوەیەش ئێستاش پێم وایە کە نەگەیشتووتە ئەو ئاستە کە ببێتە پرسێکی رۆژانە و یەکێک لە بابەتەکانی ناو کوروکۆبوونە گرینەکانی لایەنەکانی پەیوەندیدار، ئێستاش پاشکۆی باسەکانی دیکەیە و وەک مەسلەیەکی لاوەکی و دەرەجە دوو باسی لێدەکرێت کە زۆر جارانیش بەداخەوە وەک پرۆپاگەندا و شۆعاری مافی یەکسانی کەلکی لێ

وەردەگیرێت. دەتـوانم بلێم کە پرسێکی هـاتووە بەربـاس و چـارە نەکـراوە، وەک زۆر بـاس و مەوزووعـی دیـکە بە دەوری بازنەیەکدا دەخولێتەوە بەلام دەتـوانین بلێن کە خـولانەوەکەی لە جـاران بەرچـاوترە و راگەیـانـدنەکان بە ڕێژەیەکـی زیـاتر بایەخ بە بلاو کردنەوەی هەوال و چالاکیەکان دەدەن.

**پرسیار**: چ لە ڕیـزی حیزبەکـان دا بـن و چ سەربەخۆ بـن ئایـا کـار و چـالاکی ژنـان و رۆڵ و کارتێکەریـان لە نـاو حیـزبە کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

**کوێستان گادانی**: لە وەڵامی دووهەمدا باسی بە گشتی چالاکی و جم و جۆلی ژنـان لە کۆمەلگـای کوردەواریـدا کـرا و ئەگەر ئاورێک بدەینەوە لە ناو حیزبەکاندا (کە پێکهاتەی ئەو کۆمەلگایەن) دەبینین کە بە خۆشییەوە حیزبەکان جێگایان بۆ ژنـان کـردۆتەوە و بگـرە تـا رادەیەکـیش لە هینـدێک باسـی سیاسـی و بریاردانیشـدا بەشـداریان دەکەن کە بە بـروای مـن ئەوە دەگەرێتەوە بۆ دوو هۆ؛ یەکیان ئەوەی کە ژنانی ئێستای نێو ریزی حیزبەکـان ئاگاهـانەترو بـوێرانەتر لە سەر مـافی خۆیـان وەدەنگ دێن و دووهەم ئەوەی کە حیزبەکان ناتوانن یان باشتر وایە بلێین بە قازانجیان نیە کە بریارەکان وەک جـاران هەر لە چوارچێوەی شۆعاردا بهێلنەوە و دەبـێ ئەگەر کەمتـا کـورتێکیش بێت ئەگەر بـۆ مـانۆردان و بـواری راگەیـاندنیش بێت ئەو مەجالە بخولقێنن کە پێشکەوتنێک ئەگەریش بە رووکار و زاهیر بێت نیشان بدەن بەلام ئایا لە بواری کەیفیەت و بە مانـای واقـع چ پێشـکەوتنێکی هەبـووە کە ئەوە باسـێکی دیکـیە ( دواتـر باسـی دەکەم). کاروچـالاکی ژنـان لە نـاو حیزبەکـانـدا بەرچاوترە بەلام چەندە کاریگەری هەبووە لە سەر سیاسەتی حیزبەکـان لە ئاست پرسی ژن ئێسـتاش لە حـالی دۆزینەوەی میکانیزم و رێگایەکدایە کە بتوانێت تەئسیرگوزار بێت کە لە روانگەی منەوە ئەم بەشە بەرەوپێشچوونێکی ئەوتـۆی لە نـاو ئەحزابی کوردیدا بە خۆیەوە نەبینیوە.

**پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبێسرێ کە ژنان خۆیـان لەسەر پرسی ژنـان کـەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتـانە راستن؟

**کوێستان گادانی**: بە بروای من ئەم کەمتەرخەمییە دوولایەنەیە؛ یانی هەم لە لایەن هینـدێک لە ژنـانەوەیە هەم لە لایەن پیاوانەوەیە. ریکخراو، حیزب و نهـادە جوراوجۆرەکـان چ لە بـواری مـافی یەکسـانیخوازی و چ لە بـواری مـافی مرۆڤ وهتـد.. هەمووی بە دەست ئەندامانی کۆمەلگا دادەمەزرێت، ئەوەی کە کام لا کەمتەرخەمە لە پرسی ژن یان پرسێکی دیکە هەر وەک لە سـەرووەوە ئـامـاژەم پێکـرد هەر دووک لا تەیـدا بەشـدارن. بەلام هۆکـارەکەی چـێ، بـۆ چـی ژنـان زیـاتر بەرچـاون لەم کەمتەرخەمییە یـان ئەسەلەن ئەوە راستە کە بلێین ژنـان کەمتەرخەمترن لە وەدەستهێنانی مـافی خۆیـانـدا ؟ بە بـروای مـن

ئەوەی کە کۆمەڵگا پرسی ژن تەنیا بە ئی خودی ژن بزانێت و پێ وابێت کە ژن خۆی دەبێ وەدوای مافی خۆی بکەویت ئەوە یەکێک لە روانینە هەڵەکانە یان ئەوەی کە هەموو باسەکانی ناو کۆمەڵگا باس و پرسی جیددین و پرسی ژن کەوتۆتە پەراوێز و دەبێ ژنان خۆیان ئەگەر نارازین بەو وەزعە خۆیان رێگایەک بدۆزنەوەو خۆیان کەمتەرخەمی نەکەن. ئەو بیروبۆچوونانە هەر درێژەیان دەبێت تا زەمانێک ئەو شیوە روانینە هەبێت کە پرسی ژن هەر بۆ ژنان گرینی هەیە نەک بۆ کۆمەڵگا. بەلام لە هەمان کاتیشدا هەمانە لە ناو ژناندا بە تایبەت ئەوانەی کە بە هەر هۆیەک بێت ئێستاش لە هەبوونی مافی خۆیان ئاگادار نین و پێیان وایە کە ژیان ئاوایە و دەبێت قەبوولی بکەن و یان ئەگەر لە روالهتی ژیان و رەفاو ئاسایەش رازی بوون ئیدی ژیان خۆشەو داوایەکی دیکەیان نیە یان ئەگەریش داوایەکیان هەبێت بە هینديک هۆی تایبەت و بە هەلسەنگاندی خۆیان رێگای بێدەنگی هەلدەبژێرن کە ئەویش دەگرێتەوە بۆ بێ دەسەلاتی ئەم کەسە لەو شوێنەی لێ دەژی کە چەندە کۆمەلگا بە مانای راستی پشتیوانی دەکات لە داوا و سەرپێچی لە ناحەقی ،کە هەر وەک هەموومان دەزانین ئێستاس ئەم شیوە کۆمەلگا ئیدەئالە لە ناو کوردەکان بگرە لە ناو کوردانی دەرەوە ولاتیشدا جێ نەکەوتووە، کەواتە ئەم وتانە کە ژن خەتای خۆیەتی و ئەوە کەمتەرخی ژنانە لە ئەسلدا وتەی ئەم و ئەون و ئەگەریش وا بێت دەبێ ئێمە بزانین کە کام تەیفی ژنان کەمتەرخەمن و هۆکاری چییە. ئەو کەسانەی ئەم ئیداعایانەیان هەیە با بە تێگەیشتن لە مافی ژن و بە بروا هەبوون بەو مافە لە بنەمالای خۆی را دەست پێ بکات و رێز لەماف و داخوازی ژنانی ناو مالەوە بگرێت بە دلنیایەوە هەنگاوی بەرەوە یەکسانی بوون زۆر بەرەو پێش دەچێت. ساحێبی ئەم جۆرە وتانە ئەگەر بە مانای واقع دلسۆزی دەکات چ ژن بێت و چ پیاو خۆی یەکەم هەنگاو بۆ لابردنی ئەم کەمتەرخەمیانە هەلێنێتەوە.

**پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان رێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو رێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیروڕای گشتی و یان رێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زۆڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ راکێشن؟

**کوێستان گادانی**: پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە حەز دەکەم ئیشارە بە خالێک بکەم ئەویش لەو وڵاتەی کە من لێ دەژیم(نۆروێژ)، هەر وەک خۆتان ئاگادارن دەمێکە حیزبی سیاسی و سیستمی پارلەمانتاری لێ دامەزێندراوە و ولاتەکەیان بە ئەمرۆ گەیاندووە کە بە ولاتێکی دێموکرات و دەولەتی رەفاو ئاسایەش نێوی دەرکردووە. بە ئاماژە کردن بە مێژووی خۆیان، دەلێن کە نەهادینە کردنی دیموکراسی بە مانای تەواوی خۆی کاتێک بە کردەوە لە ناو کۆمەلگادا هاتە روو کە دوای جەنگی جەهانی دووهەم رێژەی رێکخراو سینفی جوراوجۆرەکان لە زیادبووندا بوو و هەر یەکە و بە شیوەیەک و بۆ ئامانجێک هەولی دەدا کە بە وەسەریەک خستنەوەی هەموو ئەو دەسکەوتانە توانیان ولات بەرە بەرە بە ئەمرۆ بگەیەنن.

ئەم نموونەیەم بۆیە هێناوە کە بڵێم لە راستیدا من بڕوام بە هەبوونی ڕێکخراوەی بە بەرنامە و پلان بۆ ئامانجی دیاری کراو و تێکۆشانی تایبەت لە چوارچێوەی ئاینامەی خۆیدا هەیە.

ئەگەر بگەڕێمەوە سەر وەڵامی پرسیاری بەڕێزتان سەبارەت بە ڕێکخراوەکانی ژنان سەر بە ئەحزابی کوردی، دەکرێ بە دوو شێوە چاوی لێ بکرێت، بە شێوەی گشتی(ماکرۆ) یان تایبەتی و وردتر(میکرۆ). لە شێوە گشتیەکەیدا؛ ڕووخسارێکی جوانی هەیە، ڕێکخراوە و ئەندامی هەیە، بەرنامەی هەیە، ئائیننامەی کاری خۆی هەیە ، سوژەیەکی باشی بواری ڕاگەیاندنە کە ئەمەش وای کردووە ئێمە زیاتر قەڵەم بە دەستان بناسین (بە تایبەت ژنانی نووسەر) ،ڕەقابەتی موسبەتی تا رادەیەک لە نێوان ژناندا ساز کردووە چ لە نێو خودی ڕێکخراوەکەیداو چ لە هەڵسەنگاندن لە گەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی سەر بە ئەحزابدا کە ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ژنانی زیاتر دەردەکەوەن لە چاپیوەی کاری فیکسی ئەم ڕێکخراوانەدا، کۆبوونەوە و سمینارو... پێکدێنن ،نوێنەرایەتی ژنی کورد دەکەن لە کۆڕو کۆمەڵە جوراوجۆرەکاندا. ئەوانەی باسمان کرد هەموو شتهایەکن کە ئێمە لە ڕاگەیاندنەکانەوە دەیبینین کە سرنجی گرووپێکی تایبەت بۆ لای خۆی رادەکێشێت کە ئەم گرووپە تایبەتە بە هەر شێوەیەک بێت تەئەلوقی بەو ڕێکخراویەوە هەیە. هیندێکیان لە رووی ئاتیفی و هیندێکیان لە رووی کێبەرکێ لە گەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە و هیندێکیشیان خوێن گەرم و تازەکارن. کە ڕووخساری ئەم دیاربوونانە دەتوانێ تا رادەیەکیش تەئسیر گوزار بێت کە ئەندامیش بە ڕێکخراوەکەی زیاد بێت و ژنانی زیاتریش لە بواری توانای جیاوازەوە بناسێنی کە ئەمانە ڕەنگ بێت لە روانگەی زۆر کەسانەوە هەمووی خالی موسبەت و باش بن...

ئەگەر زیاتر وردبینەوە لە هەبوونی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە،(ڕوانینێکی میکرۆ) باس لەو ڕێکخراوانە ناکەم کە تەمنیان ڕەنگ بێت هەر دوو ساڵ بێت بەڵام ئەو ڕێکخراوانەی کە چەندین ساڵە هەن بزانین تا ئێستا چ ڕۆڵ و کاریگەریکیان لە سەر حیزبەکەی خۆیان و دنیای دەرەوەدا هەبووە؛من لەو بڕوایە دام کە هەم ڕێکخراوی ژنان و هەم ڕێکخراوی لاوان پاشکۆی ئەحزابی سیاسی کوردین، ڕێکخراوێکی سینفی سەربەخۆ نین کەواتە دەزگایەکی بەرهەم هێنانی تاکی دلخوازن بە ڕۆخساری جیاواز. یەکێک لە هۆکارەکانی نەبوونی ژن لە ناوەندی بریاردانی ئەحزاب کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی ڕێکخراوی ژنان سەر بە ئەحزاب. لە روانگەی منەوە ئەحزابی کوردی ڕێکخراوی ژنانی وەک شوێنێک چاو لێدەکات کە ئەگەر ژنە بڕۆاتە ئەوەێ ، ڕێکخراوی ژنان جێگای تۆی ژنە، کەس نیە بپرسێ ئەرێ بۆ ڕێکخراوی پیاوانتان نیە؟ ئەحزابی کوردی ژنانیان سەرگەرم کردووە بە هەبوونی ڕێکخراوەی ژنان و لە ناوەندی کاری سیاسی و بریارداندا دووریان کردوونەوە.

دەڵێن ئەو ئەحزابانەی کە بڕوایان بە مافی یەکسانی ژن و پیاویش هەیە ئێستا هاتوونەتە سەر ئەو قەناعەتە کە ڕێکخراوی ژنانیان هەبێت ، من لە وەڵامدا دەڵێم کە بەرژەوەندی و دیار بوونی خۆیان لە ئەوە دا دەبینێن نەک ئەوەی کە

بروای بە هەبوونی ئەم ڕێکخراوەیە هەبێت . دەڵێن لە ولاتانی پێشکەوتوو ئەحزابی سیاسی ئۆرگان یان ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانی هەیە، منیش لە وەلامدا دەڵێم راستە بەلام ئەوان لە ناوەندی بریار و سیاسەتدا دوور نەخراوناوە و ئەو ژنانەی لەو ڕێکخراوانەدان وەک ڕێکخراوی لاوان و ژنان لە دوای چەند سالێک دەبن بە یەکێک لە مۆرە گرینگە سیاسیەکانی ئەم ئەحزابە.زۆر بە دەگمەن ژن لە ڕێکخراوی ژنانی ئەحزابی کوردی پەروەردەی ڕێکخراوی ژنان بووە کە ئێستا وەک تاکێکی سیاسی و جێگای ڕێز وەک یەکێک لە دەیان پیاوانی ناسراو جێگە و پێگەی خۆی هەبێت. ئەگەر کەسکیش بوویێت بە دلنیایەوە دەلێم کە فێر بوون و لێزانی و پێ گەیشتنی خۆی بووە نەک پێگەیشتووی ڕێکخراوی ژنان و بەرنامەی ئەم ڕێکخراوەیە. ئەوەی تا ئێستا ریکخراوی ژنان کردوویانە چ وەک چالاکی ناوخۆی ڕێکخراوەیەی ، چ لە ناو خۆیی حیزبدا و چ بە رووی دەرەوەدا هەمووی دەکرێ و دەتواندرێ وەک ژنێکی ئەندامی حیزبی شان بە شانی پیاوەکان بکردرێت نەک ئەوەی کە ژنان لە پیاوان جیا بکەنەوە. ئەوەی کە ئەمرو ژنان ئاوا دوورن و پیاوان پێیان وایە ژنان سیاسی نین یان بۆ هیندێک مەجلیس و شوێن و کۆبوونەوە بەشداریان ناکەن،یان هیندێک کاری ژنانە و پیاوانە ئێستاش بەرۆکی ئەحزابی کوردی بەرنەداوە هەمووی دەگەرێتەوە بۆ لە قەفەس خستن و پەراوێزە کردنی ژنان لە چوارچێوەی ریکخراوی ژناندا کە سەرگەرمیان دەکەن بە کاروباری کۆمەلایەتی و کولتۆری و جاروبار هیندێک کۆبوونەوە و سیمینار کە لە گەل ڕێزم بۆیان حالەتێکی چاولێکەری لە حیزبەکانە. بەلام پرسیارێک دێتە پێش کە ئەگەر ئاوایە بۆ بەشیک لە ژنان هەر ئاوا ئیدامەی دەدەن ؛ لە روانگەی منەوە پێکهاتەی ڕێکخراوی ژنان هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا یان لە رووی ئاتیفی و دلسۆزییەوەیە یان تازەکاری و نە ناسینە کە رەنگ بێت ماوەیەک بگرێت یان بە هیوای باشتربوون درێژە بە کاری رووتینی بەرهەم نە هاتوو دەدات یان بە داخەوە هیندێک کەسیش هەن کە بەرژەوەندی و دیاربوونی خۆیان پێ لە ئامانجە درێژخایەنەکەی گرینگتر کە دیار بوونی پێ باشترە لە ئەوەی کە ئال و گۆرێکی بنەرەتی بکەن کە چی دیکە ژن لە پیاو جودا نەکەنەوە. ئەگەر هەبوونی ڕێکخراوەیەک باشە با باشێکەی بۆ رەگەزی پیاویش بێت و ئەگەریش خراپە و پێویست نێ با هەر دووک لای لێ بێ بەش بێت.

هەبونی ڕێکخراوی ژنان بە شێوەی سونەتی دەوارنێک باش بوو کە ژنانی بۆ نموونە دیمۆکرات بە ناو دێ و دێهاتەکان دەگەران و ژنانیان لە مافی خۆیان ئاگادار دەکردەوە کە ئەو کات فەقەت ژن لە گەل ژن دوان بواری باس کردنی و روون کردنەوەی هەبوو. لە دنیای ئەمرۆدا چ لە کوردستان و چ لە دەرەوە جودایی و بە ڕێکخراوەی کردن ژن بە جیا و پیاو بە جیا لە روانگەی منەوە هەلەیەکی گەورەیە کە ئەحزابی سیاسی دەیکەن و درێژەی دەدەن. لە و سالەنەی ئەخیردا باوە کە دەلێن فلان هاورێ پیاو ئەندامی یەکێتی ژنانە یان ڕێکخراوی مافی ژنانمان هەیە کە چەند هاورێ بەرێزی پیاوی تێدا ئەندامە، پێشنیار دەکەم کە ئەحزابی سیاسی کوردی ئەگەر لە بەر داب و نەریت و سۆنەت و ڕێز و قەدری گرتن لە رابردووش ڕێکخراوی ژنان دەهێلێتەوە یان لە بەر هەر هۆ و بەرژوەوەندەیکی دیکە بێت ، هاوکات کۆمیسیۆنێکی یەکسانی

دابنێت کە هەم بۆ ئێستای خۆیان بۆ رێز گرتن لە ئەندام( ژن و پیاو) و هەم بۆ داهاتووی بەرێوبردنی هەرێم یان ولاتێک ئەزموونی کاری یەکسانی خوازی هەبێت.

بەو کورتەیەی سەرەوە کە باسم کرد؛ من لەو بروایەدام کە ئەگەر کاروباری رێکخراوی سەر بە ئەحزابی کوردی رەنگدانەوە و کارتێکەرێکی لە ناو خۆ و دنیای دەرەوەدا هەبوویێت ئەوە سیاسەتی حیزبی لە پشت ئەم رێکخراوە بووە نەک کاری ریکخراوەی ژنان ، دلنیام ئەگەر حیزب حەز بە شتێک نەکات رێکخراوەکانی سەر بە ئەحزاب (نەک سینفی)کارێکی دیکە لە غەیری مەیلی ئەواندا ناکەن، کەواتە دەبێبلێن تریبوونی دووهەمی ئەحزابەکان چ کاریگەریکەیان هەبووە نەک ریکخراوی ژنان...

**پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

**کوێستان گادانی**: بۆ من هەموو رۆژێک ٨ی مارسە نەک تەنیا رۆژی ٨ی مارس، بۆیە ئەو پەیامە تەنیا تایبەت بە ٨ی مارس نیّ و تەنیا بۆ ژنانیش نیّ. لە کاتێکدا لە ولاتی میسر کە رۆژانە دەستدریژی دەکرێتە سەر ژنانی بەشدار لە خۆپێشاندانەکان لە لایەن پیاوانی بە قەول دژە دیکتاتۆری ، لە ولاتی چین کە ئێستاش ژن بۆ کاری یەکسان مووچەی یەکسان وەک پیاو وەرناگرێت، لە ئیسرائیل کە ئێستاش ژنانی مەهاجری ئیتۆپی لە گەل حوکمی نەزۆکی ئیجبارییەوە رووبەروون، لە ئەفریقای باشوور کە دوای ٢٠ سال هەولی دژ بەتوندووتیژی, ئێستاش دەستدرێژی بو سەر ژنان هەروا درێژەی هەیە، لە مالی کە دامەزرێنەرانی ئیسلام گەرا دوای دەستدرێژی سیکسی بۆ سەر ژنان مەجبوریان دەکەن کە لە گەل پیاوانی ئیسلام گەرا ژیانی هاوبەش پێکبێنن و هەر لەو مانگانەی ئاخردا لانی کەم ٤ ژن سەنگسار کراون یان لە ئێران...، یان لە کوێت... لەمالیزی... لە ژاپۆن لە... لە... لە کاتێکدا کە لە هەر چرکەیەکدا رووداوێکی ناخۆش بە سەر ژناندا روودەدات دەبێ پەیامی کەسێکی یەکسانی خواز لە رۆژێکی ئاوادا بێجگە لە ئەوەی کە دەستی هاوکاری بۆ هەموو ئەو کەسانە درێژ بکات کە ئەگەر بروایان بە مافی یەکسانی هەیە بە ئیمان بە خۆ بوون و دوور لە بەرژەوەندی تاکی خۆیان هەول بدەن هەر کەسە و لە ئاست خۆی بە پێی توانا یاریدەدەری پێکهێنانی کۆمەلگایەکی یەکسانخواز و دیموکرات بیت. ژن و پیاو مافی وەک یەکیان بۆ دابندرێت وەک یەک داخوازیەکانیان لە بەرچاو بگیرێت، یەکەم هەنگاو هەلێنانەوەش لە بنەمالە و کۆمەلگا و ریکخراو حیزبەکان بە بەرنامە وئامانجی دیاری کراو هەلدەهێنرێتەوە کە هیوادارم رێکخراوەکانی ژنان سەر بە ئەحزابی کوردی لەم بوارانەدا کار و چالاکی سەربەخۆی زیاتر لە داهاتوودا مسۆگەر بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠١٣

## کۆنفڕانسی دوهەمی ژنانی ڕۆژهەڵات خۆی تەرخان دەکا بۆ باسکردنی:

### (تایبەتمەندیی بزووتنەوەی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

**دیمانە: کوێستان فتوحی**

کومیتەی ئامادەکاری کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵات بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراوێک ئاگاداری داوە کە لە کۆتایی مانگی مەی ( بانەمەڕی ١٣٩١)دا لە شاری ستۆکهۆڵمی سوئێد دووهەمین کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵات پێک دێنێ.
هەر بەم بۆنەوە وتووێژێکیان لەگەڵ خاتوو کوێستان گادانی کە لە وڵاتی نۆرویژ دەژی و یەکێکە لە ئەندامانی کومیتەی بەڕێوەبەریی ئەو کۆنفرانسە، پێک هێناوە.

**پرسیار**: ئایا باشتر نەبوو ئەو کۆنفرانسە لە کوردستان پێک هاتبا، بۆچی لە دەرەوە؟

**وەڵام**: بە بڕوای من پێکهێنانی کۆنفرانسێکی باش بەستەگی بە شوێنی گرتنی کۆنفرانس نییە بەڵکو بە شێوە و مەحتەوا و دەرئەنجامی کۆنفرانسەکەیە، هاوکات دەکرێ بڵێم کە کاتێک تایبەت بە بابەتێک یان بە گرۆپێکی تایبەت کۆنفرانسێک دەگرین ڕەنگ بێ وا باشتر بێت کە لەو شوێنە کۆنفرانس بگرین کە بابەتەکە یان گروپەکە زیاتر لە و شوێنەدا خۆی دەبینێتەوە بەڵام ئەگەر چاوێک لەتێمای کۆنفرانسەکە بکەین « تایبەتمەندیی بزووتنەوەی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان» دەبوو ئێمە ئەم کۆنفرانسەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتبا کە هەر وەک هەموومان دەزانین بۆمان ناگۆنجێت . ئەگەر پرسیار ئەوەیە کە بۆ لە باشووری کوردستان پێکی ناهێنن ڕاستی ئەوەیە کە ساڵی ٢٠١١ لە سلێمانی ئەم کۆنفرانسە پێکهات و هەر ئەوکات لەگەڵ هیندێک گلەیی ڕووبەڕوو بووینەوە کە بۆچی لە دەرەوەی وڵات پێک نەهاتووە. لە دەرەوەی وڵاتیش هیندێک کەس هەبوون کە بە هەر هۆیەک بێت مەجالی گەڕانەوەیان بۆ کوردستان نەبووە. بەداخەوە بەهۆێ بارودۆخی ئێستای کوردستان ژمارەی دانیشتوانی نەتەوەی کورد بە گشتی و کوردەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی لە هەندەران زۆرن کە ڕەنگ بێت گرتنی ئەم جۆرە کۆنفرانسە بۆ یەکەم جار لە دەرەوەی وڵات بە تایبەت لە وڵاتی سوئێد کە تەقریبەن وەک وڵاتێکی ناوەندی چالاکیی کوردەکانی ڕۆژهەڵات بە ئەژمار دێت وەک خاڵێکی پۆسێتیڤ چاوی لێ بکرێت و ئەو کەسانەی کە ساڵی ڕابردوو نەیاتوانیوە، ئەم ساڵ بتوانن بەشدار بن و هەروەها خاڵێکی دیکەی پۆسیتڤ دەتوانی ئەمە بێت کە بە گرتنی کۆنفرانسەکان لە وڵاتە جوارۆجۆرەکاندا ئاسان کاری بکرێت بۆ ئەوەی کۆنفرانسەکان وەک ئەرکی خۆیان

بە دوای تاکەکان و بابەتاکان دا بگەڕین و لەو شوێنە جیاوازانە زیاتر فوکۆسی کاریان کراوەتر بێت و بەشداربووانی زیاتر بە باکگراوندی جیاواز لە کۆنفرانسەکان بن کە بتوانن کۆنفرانسەکە دەولەمەند بکەن. شتێکی دیکەی کە جێگای خۆیەتی ئاماژەی پێ بکرێت ئەویش بەڕێوبردنی بڕیاری کۆنفرانسی یەکەم بوو کە لە ڕۆژی ئاخری دا ڕاگەیەندرا کە کۆنفرانسی دووهەم لە وڵاتی سۆئێد پێک دەهێنرێت کەواتە کۆمیتەی بەریوبەریی کۆنفرانسی دووهەم لە راستیدا بڕیاری لە سەر شوێنی گرتنی کۆنفرانسی دووهەم نەداوە بەڵکو بڕیاری کۆنفرانسی یەکەمی بەڕێوە بردوە.

خاڵێکی لاواز لە پەیوەندی لەگەڵ گرتنی ئەم کۆنفرانسە لە ولاتی سۆئێد کە دەتوانێت هەبێت ئەویش کۆسپی سەر ڕێگای بەشداری کردنی حزووری کەسانی بە توانا و لێهاتوون کە ڕەنگ بێ بە هۆی ویزا وەرگرتن و کاروباری ئیداری هاتنیان بۆ دەرەوەی وڵات نەگونجێت .

**پرسیار**: ئەم کۆنفرانسە، ئایا پلان و بەرنامەی بۆ دیاری کراوە؟ گرنگی کۆنفرانسی دووهەم لە چ دا دەبینی؟

**وەڵام**: بڕوا ناکەم کەس یان کەسانێک لە هیچ شوێنیک ڕاگەیەندراوێک بڵاو بکەنەوە کە کۆنفرانسێک دەگرن بەڵام بەرنامە و پلانیان بۆی نەبێت، ئەوەی کە ئەم بەرنامە و پلانە چەندە سەرکەوتوو دەبێت و ئەم کۆنفرانسە چ نەتیجەیەکی دەبێت ئەمە ئەرکی لە یەکەم مەرحەلەدا بەڕێوبەریی ئەم کۆنفرانسەیە لە هەلبژاردنی بابەت و ڕێکخستن و بەڕیوبەری خودی کۆنفرانسەکەدا و هەروەها ئەرکی بەشداربوانی کۆنفرانسە کە بە توانایی و هاوکاری و چالاک بوونیان چ ڕەنگدانەوەیەک دەدەن بە رووی ئەم کۆنفرانسە و چەندە چاوەڕوانیەکان لەم کۆنفرانسە لە ڕێگای بڕیاردان و بەڕیوبردنی بڕیارەکان و ئەنجام دانی پلانی بە کردەوە لە داهاتوودا، کۆی هەموو ئەوانە گرینگیی کۆنفرانسەکە دەردەخات.

گرینگی ئەم کۆنفرانسە هاوکات دەتوانێ هەر وەک کۆنفرانسی یەکەم کۆکردنەوەی ژنانی ڕۆژهەڵات بێت کە بە بڕوای من یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی کۆنفرانسی سێهەمیش هەر دەتوانێ و دەبێت ئەوە بێت، یەکریزی و یەک دەنگی ژنانی ڕۆژهەلات لە پێناو خواستی هاوبەشی ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بێت. خالێکی کە بە لای منەوە زۆر گرینگەو هیوادارم کاری زیاتری بۆ بکەین، ئامادە بوون ئامادە کردنی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ داهاتوو؛ هەروەک لە ڕاگەیەندراوەکەماندا هێناومانە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گرینگیان لە پێشدایە هەر بۆیە ڕۆلی ژنان و خەباتی ژنان وەک فاکتەرێکی ئەسلی و چارەنووس ساز سەیری دەکرێت و پێویستی بە لێکدانەوە و وردبینیی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت بە قورساییەکی زیاتر بەشداری لە چارەنووس و سیستمی دیمۆکراتیکی داهاتووی کوردستاندا بکات، پێویستی بە ئامادە بوون و یەکدەنگی و یەکریزیی زیاتر هەیە کە بە لای منەوە ئەمە دەبێ یەکێک لە

گرینگترین و یەکەمین هەنگاوی کۆنفرانسی دووهەمی ژنان بێت کە وێرای باس و بابەتاکانی رابردوو کە وەک ئەزموون دەبێ کەلکیان لێ وەرگرین، هاوکات دەبێ هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵێنینەوە کە لە هەلومەرجی چاوەروانکراوی داهاتوو دا ئێمە بێ بەرنامە و پلان نەبین.

**پرسیار**: کۆنفرانسی یەکەم هەنگاوێکی باش بوو بۆ کۆکردنەوەی ژنانی رۆژهەڵات لە دەوری یەک. لە کۆنفرانسی یەکدا زۆر تەئکید لەسەر کاری هاوبەش لە پێناو خەباتێکی هاوبەشدا دەکرا، بیروبۆچوونە جیاوازەکان هەموو یەکدەنگ لە سەر مەسەلەکانی ژنان کۆک بوون، بەڵام کۆنفرانس پلانێکی بۆ کاری داهاتوو دانەنا، پێتان وایە کۆنفرانسی دووهەم چۆن دەبێ؟ هەر وەک کۆنفرانسی یەکەم کۆمەڵێک کەس باسەکانی خۆیان پێشکەش دەکەن و ئیتر کۆتایی دێت؟

**وەڵام**: گرتنی کۆنفرانس وئەو کۆرو کۆبوونەوانەی کە هەرکەس بابەتی خۆی پێشکەش بکات و کۆتایی دێت بۆ ئەم جارە تا جارێکی دیکە، دیاردەیەک نیە تایبەت بە کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکانی ژنان بەلکو دیاردەیەکە کە بە داخەوە نەتەوەکەمان بە دەستێوە دەناڵێنێ. زۆر ئاسان نییە کە دوای چەندین سال کۆنفرانسێکی بۆ ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان بگری کە هەر تاکەو سەر بە ئەحزابێکی سیاسی و ئیدۆلۆژییەکی جیاوازە.هەتا چەند سال لەو پێش بێجگە لە خۆمان کەسی دیکەمان نەدەناسی و هەموو خۆمان پێ لەئەوی تەنیشتمان پێ باشتر بوو و هاوکات رێکخراوی ژنانیشمان بوو بە سەکۆی تەبلیغاتی ئەحزابی مەوردی عەلاقەمان(بە داخەوە ئێستاش کەم نین ئەم جۆرە کەسانە و ئەم جۆرە رێکخراوانە). لە وەزعێکی ئاوادا و هاوکات لەگەڵ پرش و بڵاوی ژنانی رۆژهەڵات بە باکگراوندی جیاواز لە نەبوونی رێکخراوێکی سەربەخۆو هەمەگیر و هاوکات بێلایەن، ئێمە دەتوانین چ چاوەروانییەکمان لەوە زیاتر هەبا لە کۆنفرانسی یەکەم. هەر ئەوەی کە خۆتان باستان کرد کۆ کردنەوەی ژنانی رۆژهەڵات سەرەرای ئەم پرش و بڵاوییە خۆی هەنگاوێکی گەورەو بووە بۆکۆنفرانسی یەکەم. درێژەدان و بەرنامە دانان بۆ گرتنی کۆنفرانسی دووهەم هەنگاوێکی دیکەی بەرەوپێش چوونە. کەواتە ئێمە ئەم خاڵانە وەک دەسکەوتێکی سەرەتایی چاو لێبکەین و دامەزراندنی تۆری ناسین و لە یەک تێگەیشتن وەک سەرەتای کارەکان و ئەرکەکانی داهاتوومان بە ئەژمار دێنین.

سەبارەت بە چاوەروانی و بەرنامەی کۆنفرانسی دووهەم هەر وەک لە وەڵامی پرسیاری دووهەمدا ئیشارەم پێ کردوە بەرنامەی تایبەت کە هەیە بەڵام لە دوای کۆنفرانس چۆن ئەرکەکانمان بە جێ دەگەیەنین و کۆنفرانس چ بریار دەدات و چۆن بەرنامە و پلان بۆ داهاتوو دادەرێژێ ئەوە کەوتووتە سەرشانی بەشدار بووانی کۆنفرانس بەلام هەر ئەوەی کە گرتنی کۆنفرانسەکان ئیدامەی هەیە و نیشانەی ئەوەیە کە کۆمەلێک ژنی چالاک هەن کە بە دوا داچوون دەکەن و بەرنامەرێژی دەکەن. لێرەدا جێی خۆیەتی کە سپاس لە کۆمیتەی بەریوبەریی کۆنفرانسی یەکەمی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەین کە

گرتنی ئەم کۆنفرانسە بوو بە سەرەتایەکی نوێ لە پەیوەندیی پتەوی ژنی چالاکی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان و ئاکامەکەشی پێکهێنانی ناوەندێکی سەربەخۆیە کە ئەرکی بەڕێوبردن و گرتنی کۆنفرانسی سالآنەی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستانی لە ئەستۆیە و هەر سالە کۆمیتەیەک لە ژنانی چالاک ئەرکی بەڕێوبردنی ئەم کۆنفرانسە بە ئەستۆوە دەگرن بە بێ ئەوەی لایەنێک یان حیزبێکی سیاسی لە پشت بێت لە گەل ئەوەی دا کە چاوەروانی لە هەموو لایەنەکان دەکرێت کە یارمەتیدەر بن لە گرتنی ئەم کۆنفرانسە. لێرەدا دەبینن کە کۆنفرانسی یەکەم بێ نەتیجە نەبووە بەلآم دەستکەوتەکانی جارێ ساوایە و پێویستی بە یارمەتیدان و کار لە گەل کردن هەیە بۆ ئەوەی زیاتر سەرکەوتن بە دەست بێنێت. لە لایەن کۆمیتەی بەرێوبەریی کۆنفرانسی دووهەم دلنیاتان دەکەم کە کۆنفرانس تەنیا لە سەر بابەت پێشکەش کردن و موناقشە کردن دا خولاسە نابێتەوە بەلکو بە هاوکاریی ئێوە بەرێزانی بەشدار هەول دەدەین کۆنفرانسێکی باش و سەرکەوتوو بگرین بەو مانایە کە هەر کەس بیهەوێت بتوانێ لە ژێر خواست و هەدەفێکی هاوبەش لە ژێر یەک چەتر هاوکاریی یەکتر بین تا گەیشتن بە ئامانجەکانمان، ئەم کۆنفرانسانە ئیدامەیان دەبێت و سال بە سالیش چاوەروانیی زیاتری لێ دەکرێت بەرەو پێشتر دەچێت و دەسکەوتی باشتری دەبێت ئەگەر هەموومان بە هیخۆمانی بزانین و هاوکاریی یەکتر بکەین.

**پرسیار**: ئەگەر لە کوردستان ژنان بیانەوێ بەشداری لە باسەکاندا بکەن، چۆن دەبێ؟ هێندێک زانیاریمان بدەیە....

**وەلآم**: ئیحتمالی بەشداری نەکردنی حزووریی هاوڕێیانی کوردستان رەنگ بێ خالێکی لاوازی گرتنی ئەم کۆنفرانسە بێت لە دەرەوەی ولآت. ئێمە وەک کۆمیتەی بەرێوبەریی کۆنفرانسی دووهەم، هەر بابەتێکی کە لە هاورێیان لە کوردستان را بە دەستمان بگات هەر وەک هەموو بابەتەکانی دیکە هەلیدەسەنگێنین و بە زووترین کات هاورێیان ئاگادار دەکەینەوە کە بزانین لە چ ئاستێک دا ئێمە دەتوانین یارمەتیان بدەین لە هاتن و بەشداریی حزوریان لە کۆنفرانسدا و هاوکات بۆ ئەو کەسانەش کە بە هەر هۆیەک هاتنی حزوریان ئیمکانی نیە بەلآم بابەتەکەیان پەسەند کراوە لە رێگای پەیوەندیی ئینترنێتەوە هەلێکی وا دەرەخسێنین کە هاورێیان بتوانن بەشداریی کۆنفرانسەکە بکەن. ئێمە وەک کۆمیتەی بەرێوبەریی هەولی تەواوی خۆمان دەدەین کە لە هەموو ئەو کانالآنەی کە توانای هاوکارییان هەبێت لە ئاستی کاری ئیداریەوە بۆ دابین کردنی ویزا کەلک وەربگرین بۆ ئەوەی بە وەخت بەشداری کۆنفرانسەکە بکەن، بەلام هەر وەک هەموو لایەک شارەزای کاری ئیداریی ولآتانی دەرەوە هەن هیچ زەمانەتێک ناکرێت و ناتوانین قەولی هێنانی هیچ هاورێیەک بدەین بەلآم نائۆمێدیش نین لە بەشداری کردنی هاورێیانمان لە کوردستان را. پێشنیاری من ئەوەیە کە هاورێیان لە کوردستان را و لەو ولاتانەی کە دەبێ ویزایان هەبێت بۆ هاتنیان بۆ سۆئد بە وەخت بابەتەکانیان بنێرن و بۆ ئەوەی ئەگەر بابەتەکانیان پەسەند کران بە زووترین کات پەیوەندییان لە گەل بگرین بۆ ئامادەکاریی پێویست تا ئەو ئاستەی لە توانای کۆمیتەی بەڕێوبەری دابێت.

لە رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٧٤ دا بڵاوبۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانێوێری ٢٠١٢

## ئێمە ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان، لە خالە هاوبەشەکانماندا دەتوانین هاوکارو پشتیوانی یەکتر بین

**دیمانە: کوێستان فتووحی**

**پرسیار:** لەم دوایانەدا دووهەمین کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵات بەڕێوە چوو. وەک ئەندامێکی بەڕێوەبەریی ئەو کۆنفرانسە، پێمان خۆشە باسێک لەسەر چۆنیەتی و بیرۆکەی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵات و مەبەست لە پێک هێنانی چیە بکەی؟

**کوێستان گادانی:** هەر وەک پێشتر لە راگەیەندراو و ئاگادارییەکان و هەروەها لە کۆنفرانسی یەکەمی ژنانی رۆژهەلاتدا ئاماژەی پێکراوە مەبەست لە پێکهێنانی ئەم کۆنفرانسانە لێک نیزیککردنەوەی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستانە لە ژێر یەک پلاتفۆرمی هاوبەشدا بۆ تاوتوێ کردنی پرسی ژن و هاوکات بۆ گەیشتن بە کۆمەلگایەکی یەکسانیخواز لە داهاتووی رۆژهەلاتی کوردستان دایە. لە سەر چۆنیەتیی پێکهێنانی کۆنفرانسی دووهەم دەکرێ بڵێم لە گەل ئەوەیدا کە لە ولاتی سۆئێد و دوور لە رۆژهەلاتی کوردستان بەرێوە چوو، بەو حالەش کۆنفرانسێکی سەرکەوتوو بوو. مەبەست لە سەرکەوتنی کۆنفرانسێک لە روانگەی منەوە ئەوە نییە کە لە هەموو بارێکەوە واتە تێکنیکی و ناوەرۆک بێ کەم و کووڕی بێت، بەلکوو بە هەلسەنگاندن لە گەل کۆنفرانسی یەکەم و بەو ئیمکاناتەی کە لە بەر دەست داهەبوون دەبێ لێکدانەوەی لە سەر بکرێت کە بزانین ئایا کۆنفرانسەکە هەنگاوێکی بەرەوە پێش هەلێناوەتەوە یان ئەوەی کە کۆنفرانسمان هەر بۆ ناولێنانی کۆنفرانسی دووهەم گرتوە،کە لە وەلام دا دەبێ بلێم کۆنفراسێکی سەرکەوتوو و پر لە دەسکەوت بوو.

**پرسیار:** کۆنفرانس هەر وەک لە ناوەکەیرا دیارە، بۆ ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستانە. بە بڕوای ئێوە کۆنفرانس توانیویەتی پرۆژەیەکی کاری دەسنیشان بکا بۆ ژنی کورد لەو پارچەیە؟

**کوێستان گادانی:** پێش ئەوەی باسی پرۆژە و دەسکەوتی ئەم کۆنفرانسە بۆ رۆژهەلاتی کوردستان بکەم، پێم خۆش بوو ئەوە بیر بخەمەوە کە ژنانی رۆژهەلات بە هۆی چالاکی و باکگراوندیان لە سێ شوێنی جۆغرافیی جیاوازدا نیشتەجێن:

ڕۆژهەلاتی کوردستان، باشووری کوردستان و تاراوگە. بەبێ ئەوەی بچمە نێو لێکۆلینەوە و وردبوونەوەی زیاتر، هەموومان باش دەزانین کە باسی باکگراوندی ژنی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکەین ئەو ژنانەن کە لە ژێر ستەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هەروەها لە هیندێک شوێن و بنەمالەشدا بەهۆی داب ونەریتی کۆن دەچەوسێنەوە و ئازادیی کار و بیروڕا دەربڕینی راستەوخۆیان نییە. ژنانی ڕۆژهەلات کە نیشتەجێی باشووری کوردستانن ئەوانیش یان سەر بە ئەحزابی کوردین و تێکۆشان دەکەن (کە بە خۆشییەوە دەبینێن فوکوسی کاریان لەم دوایانەدا زۆر بەرفراوانترە لە چوارچێوەی حیزبایەتیدا) یان ئەوەی کە ئورگانیزە نەکراون و هەر یەکەو بە شێوەیەک خەریکی ژیانی خۆیەتی و بەشێکیشیان وەک تاک چالاکن و دیارن. لە تاراوگەش هەر بەو شێوەیە، یان ژنانی تیکۆشەری سەر بە ئەحزابی کوردین یان چالاکانی سەربەخۆن یان ئەوەی کە بە هەر هۆیەک بێت تا ئێستا بەو شێوەیە کە دەبێت چالاک نەبوون. کەواتە دەبینین کە لەم پرش و بلاویەدا تۆ ناتوانی چاوەڕوانی میراکل(موعجیزە) کردنت هەبێت کە دوای دووسال پرۆژەیەکی هەمەلایەنەت هەبێت بۆ ژنانی ڕۆژهەلات بە گشتی. لێرەدا دەکرێ بلێم کە ئێمەش تا ئێستا هەمان کێشەمان هەبووە کە حیزبە سیاسییە کوردەکانی ڕۆژهەلات هەیانبووە، ئەویش ئەوەی کە لەتبوون و «حیزبی من» و «حیزبی تۆ» ژنانی تووشی سەر لێشیواوی کردوە و هاوکات دووربوون لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و خەفەقانی نێوخۆی ولات کارەکانمان لێ دژوارتر دەکات. بەلام فەرقێکی کە ژنانی ڕۆژهەلات هەیانە لە گەل ئەحزابی سیاسی (چ ژنانی دەرەوەی حیزبەکان چ ژنانی ناو ریزی حیزبەکان)، ئەوەیە کە ئێمە بەو قەناعەتە گەیشتووین کە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان کە هەمانن لە خالە هاوبەشەکانمدا دەتوانین هاوکار و پشتیوانی یەکتر بین، ئەم هاوکاری ویەکێتییە، دەسکەوتێکە کە ئەحزابی سیاسیی کوردی ڕۆژهەلات ۳۳ سالە بەم ئاستە نەگەیشتوون. لە ڕوانگەی منەوە ئەوە واتە یەکێتی و یەکریزی و هاوکات ناساندنی کۆنفرانس، گەورەترین پرۆژە و دەسکەوتی ئەم دووساڵەی کاری کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەلاتە.

**پرسیار**: تا ئێستا ۲ کۆنفرانس پێک هاتوە، بەڵام وەک من ئاگادار بم هیچیان بە بەرنامەو و پرۆژیەکی روون و تایبەتەوە پێک نەهاتوون. مەبەستم ئەوەیە لە کۆنفرانسدا کۆمەڵێک باس لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا پێشکەش کراون و ئیدی تەواو. هەرکەس چۆتەوە بەلای کار و تێکۆشانی خۆیەوە. نەماندی لە لایەن کۆنفرانسەوە بەرنامەیەک، قەتعنامەیەک یان پرۆژەیەک، دەستنیشان بکرێ تاکوو ژنانی چالاک، ڕێکخراوەکانی ژنان و... بۆ داهاتووی کاریان لەبەرچاوی بگرن. بۆ ئەوەی کۆنفرانسەکانی داهاتوو بەم شێوەیە نەبن، چ بکرێ باشە؟

**کوێستان گادانی**: یەکەم ئەوەی کە هەمیشە وا نییە کە کۆنفرانس دەبێت حەتمەن و هەمیشە قەتعنامە و پرۆژەی تایبەتی هەبێت. هەر وەک لە وەلامی پرسیاری دووهەمدا ئیشارەم پێ کرد بە هۆی پرش و بلاوی و هەروەها ئیمکاناتی لێک کۆ کردنەوە و نەزەر وەرگرتن و رەخنە گرتن و تەنانەت نەبوونی میدیایەکی سەربەخۆ( کە بەداخەوە لە نێومیدیای کوردی دا

بە گشتی میدیای سەربەخۆ زۆر کەمە) هەمووی ئەوانە هۆکارن کە تا ئێستا نەتوانراوە ئەو جۆرەی کە دەبێت بەشداربووان و هۆگران بۆ لای خۆی رابکێشێ کە بتوانێ پرۆژەیەکی بۆئامادە و تاوتۆێ بکەن. ئەگەر پرۆژەیەکیش هەبا لە حالی حازردا هەر بە دەست ئەو گرووپە ژنانەوە دەبوو کە دیارن و کارەکانیان تا ئێستا بەڕێوە بردوە. لە جۆرە پرۆژانەشمان زۆر هەن کە هەر رێکخراو و حیزبێک خۆی بە شیوەی خۆی چ بۆ ژنان بە گشتی چ بۆ رێکخراوەکەی خۆیان کاری بۆ دەکەن. لە روانگەی منەوە پرۆژەیەکی کە ژنی کوردی رۆژهەلات پێویستێتی ئەو پرۆژە فیکسانە نین کە تا ئێستا ئێمە هەموو لە گەلی ئاشناین، بەلکۆو پرۆژەیەکە کە دەبێ هەموو چین و توێژەکانی ژنانی رۆژهەلات بگرێتەوە، بۆ ئەم کارەش لە پێشدا دەبێ بە وردی بە دەردی کۆمەلگاکەت بزانی، باکگراوندە جیاوازەکان وا ئاوێتەی یەکتر بن کە هەموو لە ژێر چەند خالی هاوبەشدا یەکتر بە تەواوی قەبوول بکەن جا ئەوکات باس لە پرۆژەیەکی هەمەلایەنە بۆ ژنی رۆژهەلات بکرێت کە بە بروای من ئەگەر ئەم کۆنفرانسانە کارەکانی خۆیان ئاوا ئیدامە بدەن دەتوانن ئەوە بەرنامەی کاری کۆنفرانسی سیهەمیان بێت. دووهەم سەبارەت بە قەتعنامە، کۆمیتەی بەڕیوبەریی ئەم کۆنفرانسە دوو قەتعنامەی پێشنیاری لە بەرنامەدا هەبوو یەکیان لە سەر یەکێتی و ئاشتی ودژی هەر چەشنە گرژییەک لە داهاتووی رۆژهەلات بۆ گەیشتن بە کۆمەلگایەکی یەکسانیخواز و دووهەم دژ بە کۆشتنی ژنان لە ژێر ناوی پاراستنی ناموس. بەلام بە هۆی کەمیی وەخت، ئێمە نەمانتوانی ئەم قەتعنامانە لە گەل بەشداربووان بێنینە بەر باس. هەر بۆیە ناتوانین بلێین قەتعنامەی کۆنفرانسن. بەلام لێرەدا دەتوانین ئیشارە بەوە بکەین کە بەڕێوبەرانی کۆنفرانسی دووهەم رۆلی ئێستا و داهاتووی ژنانی رۆژهەلاتیان زۆر بۆ گرینگ بووە و بیریان لەم کێشانە کردۆتەوە کە ئێستا و لە داهاتوودا دەتوانن بەرۆکمان بگرن. هەر لەم بەشەدا وەبیر بەرێزان دێنمەوە کە لە پانێلی یەکەمی رۆژی دووهەمی کاری کۆنفراس رێکخراوی ژنی کورد پلاتفۆرمی هاوبەشی پێشنیار کرد کە ئەمە خۆی دەتوانێ دەستپێکی پرۆژەیەک بێت کە ئەو کەسانەی بە مانای واقع چاوەڕوانییان لەم کۆنفرانسانە ئەوەیە کە بە بەرنامە و پرۆژەوە کار بکەن با لە سەرەتای کارەوە لە گەل بن و هاوکاریی ئەم رێکخراوەیە بکەن لە پلاتفۆرمێکی ئاوا هاوبەشدا کە لانی کەم سالێکە کاری لە سەر دەکرێت. بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوودا بە هاوکاریی هەمووومان زیاتر دەولەمەندی بکەین.

**پرسیار**: پێتان وایە خالەلە بەهێز و لاوازەکانی ئەو کۆنفرانسە چ بوون؟

**کوێستان گادانی**: ئەرک و بەڕێوەبردنی هەر کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانسێک دەتوانێ بە دووبەشدا خالە لاواز و بەهێزەکانی دەستنیشان بکرێت یەکیان لەرووی کەیفییەت (ناوەرۆک و چۆنیەتیی باسەکان) دووهەم لە رووی مۆدیرییەت و بەڕێوەبردنی کۆنفرانسەکە، کە دەتوانم بلێم ئێمە لە هەر دووک بەشیدا خالی لاواز و بەهێزمان هەبووە. ئەگەر باس لە باری بەڕێوەبەریی و تێکنیکیەوە بکەم: یەکەم ئەوەی کەوەک هەموو کۆر و کۆبوونەوەیەکی کوردەواری بە وەخت دەستمان پێ

نەکرد و هاوکات لە هیندێک لە پانێلەکاندا هەم ئەم هاوڕێیانەی کە وتاریان هەبوو لە وەختی خۆیاندا باسەکەیان تەواو نەکرد، هەم ئەوەی کە بەشداربووان بە خۆشیەوە ئەوەندە چالاک بوون کە لە زۆر لە باسەکان وەختمان کەم هێنا کە ئەمە بووبە هۆی ئەوەی کە لە کۆتایدا بۆ نموونە نەگەینە باس کردنی قەتعنامە پێشنیارییەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی کۆنفرانس، هەروەها خاڵێکی دیکە کە لە بەڕێوەبەریدا ئێمە لاوازیمان تێدا بینی ئەویش نەبوونی ئینترنێتی بەهێز کە بتوانێ راستەوخۆ باسەکانی کۆنفرانس بخاتە بەر دیدی ئەو کەسانەی کە نەیانتوانی بەشدار بن و ئێمە رامانگەیاندبوو کە لە رێگای ئینترنێتەوە دەتوانن لە گەلمان بن، کە ئەمە وای کرد بەو جۆرەی کە چاوەروان دەکرا نەمانتوانی دەنگی ئەم کۆنفرانسە بە شیوەی راستەوخۆو چاوەروانکراو بلاو بکەینەوە. رەنگ بێ هەر لە باری بەریوبەریی و تێکنیکیدا زۆر رەخنەی دیکەشمان لە سەر بێت بەلام بە پیێ ئەو ئیمکانە مالی و راگەیاندنەی هەمانبوو (ئەوەشمان لە بیر بێت کە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی کۆنفرانسی دووهەمی ژنانی رۆژهەلات هەر وەک یەکەمین کۆنفرانس سەر بە هیچ رێکخراوەیەک و هیچ حیزبێکی سیاسی یان رێکخراوەیەکی تەنانەت سنفیش نییە کە بە دام و دەزگا و بودجەی تایبەتیەوە ئەم کۆنفرانسەی گرتبێت تەنیا لە دەرکردنی راگەیەنداوی گشتی دا هیندێک لە ئەحزاب و رێکخراو و هیندێک کەسایەتی یارمەتیی ماڵییان داوە) بۆیە رەنگ بێت لە قەدەر ئەو ئیمکاناتەی کە هەبووە دەبێ رەخنەی لێ بگیرێت. سەبارەت بە ناوەرۆکی باسەکان من پێموایە کە هەنگاوێک بەرەو پێشەوە چووین،رەنگ بێ زۆریەک لە ئێوە لە گەل من هاوڕا نەبن بەلام بە دوو هۆکار من پێم مۆسبەت بوو یەکەم لە شیوەی پیشکەش کردنی بابەتەکان بە شێوەیەکی مۆدێرن و ئاموزەندە بە سەلماندن و بەلگە هێنانەوە دووهەم بەرفراوانکردنەوەی باسەکان بوو، واتە لەو کۆنفرانسە کلاسیکیانە جیاواز بوو کە رەنگە ئەگەر پێشی نەگرین بۆ نەوەی داهاتووش وەک روتینی کاری رۆژانەی لێ بێت.

ئەو کەسانەی کە بابەتیان پێشکەش کرد تەنیا نوێنەری تایبەت بەتەیفێک نەبوون، تەنیا باگراوەندی شۆرشگێرییان نەبوو، بەلکوو ئاکادیمیسیەن بوون، چالاکی سیاسی بوون، چالاکی مافی مرۆڤ بوون، چالاکی کۆمەڵایەتی بوون، لاو و بەتەمەن و ژن و پیاویشی تێدا بوو بۆ ئەوەی لە تریبۆنی سەربەخۆی خۆمان را بیسەلمێنین کە بروامان بە کۆمەلگایەکی یەکسانیخواز هەیە. رەنگ بێت لە روانگەی هیندێک کەسەوە بابەتەکانی کە پێشکەش دەکران لە گەل تێمای کۆنفرانسەکە هەمخوانی نەبوویێت بەلام هەر وەک ئیشارەم پێکرد باسەکان بەرفراوانتر بوون لە پێشوو. بۆیە ئەم رەخنانەش تا رادەیەک لە جێی خۆیاندان بەڵام هەموو دەستپێکێک رەخنەی هەر دەکەوێتەوە سەر. با لەم بەشەدا ئێشارە بە خاڵێکی لاواز بکەم لە سەر ناوەرۆکی باسەکان کە ئێمە وەک کۆمیتەی بەڕێوەبەریی ئەگەر تەواوی باسەکانمان دیتبا نەک هەر کورتەیەک ئەو کاتە دەمانتوانی داوای هێندێک باسی تایبەتیی لە هیندێک کەسی تایبەت و شارەزامان کردبا بۆزیاتر دەوڵەمەند کردنی باسەکانمان. لە کۆی ئەم باسانە دەکرێ بڵێم کە خاڵی لاواز و بەهێزمان هەبووە بەڵام خاڵە بە هێزەکانی زیاتر بووە بەو رەنگدانەوانەو بەو تێبینیی و باسانەی کە لەسەر کۆنفرانسەکە بە گوێمان گەیشتوونەوەو کە لە ئاخری کۆنفرانسەکەدا

بەشداربووان زۆر راشکاوانە تێبینی و رەخنە و پێشنیاری خۆیان هاوکات خاڵە لاواز و بەهێزەکانیان باس کرد کە ئەوەندی لە ئیمکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری دا هەبوو وڵامیان درایەوەو من ئەم جۆرە بەشداری کردنە و هەڵسانگاندنی کۆنفرانسەکە لەلایەن بەشداربووان بە بەهێزترین خاڵە باشەکانی کۆنفرانس دەزانم کە هەر ئەم کات بۆمان دەرکەوت کە کاری دوو رۆژی کۆنفرانس چ تەئسیرێکی لە سەر بەشداربووان هەبووەو بە تێبینی و پێشنیاری خۆیان بۆ داهاتوو دەکرێ بڵێم زیاتر هیواداری کردین بە گرتنی کۆنفرانسی سێهەم و کەم کردنەوەی ئەم کەمو کوریانەی کە لە کۆنفرانسی دووهەمدا هەمان بووە.

**پرسیار:** پێتت وایە بۆ کۆنفرانسی سێهەم چ بکرێ باشە؟

**کوێستان گادانی:** لە ئەزموونی کۆنفرانسی یەکەم وەک کەسێکی بەشداربوو بە پێشکەش کردنی بابەت و بە بوونم وەک ئەندامێکی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی لە کۆنفرانسی دووهەم دەتوانم ئێشارە بە چەند خاڵێک بکەم کە هیوادارم هاوڕێیانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی کۆنفرانسی سێهەم ئەوەندەی بۆیان دەلوێت لە بەر چاوی بگرن:

هەلبژاردنی هەرچی زووتری کۆمیتەی بەڕێوەبەریی کۆنفرانسی سێهەم و دەست بەکار بوونی،

پێداچوونەوە بە رەخنەو پێشنیارەکانی کۆنفرانسی یەکەم و دووهەم بۆ کەم کردنەوەی کەم و کوریيەکان هێنانی مێتۆدێکی تازە بۆ بەریوبردنی کۆنفرانسی سێهەم بۆ نموونە تەنەوعی باسەکان، بە شیوەی وۆرک شۆپ یان ئەوەی کە خۆیان هێندێک باس داوا بکەن کە تازە بن لە نێو کۆنفرانسەکانی ئێمەدا، کە ژنان خۆیان بتوانن باسی کێشەکانی روحی و جەستەیی خۆیان بکەن و هاوکات شارەزایان و پسپۆران بتوانن لە کۆتایی باسەکانی ئەواندا پەیام و رێگا چارەیەک بۆ داهاتوو پێشنیار بکەن،

کۆنفرانس هەر وەک تا ئێستا بێ لایەن بێت و تریبونی هیچ لایەنێکی سیاسی نەبێت و سەربەخۆ ئەرکەکانی بەرێوە ببات بەم شیوەیە هەمەلایانە دەبێ و سەرکەوتنی زیاتر بە دەست دێنێت.

باسەکان کەمتر بن بۆ ئەوەی بەشداربووان وەختی زیاتریان بدرێتێ، ئەمەش دەتواندرێت بۆ هەر باسێک هەر ئەو کات نەتیجەگیری لێ بکرێت و رای هەر دووک لایەن چ رەخنە چ پێشنیارو چ تێبینی وەربگیرێت کە نەتیجەو پەیامی باسەکە زووترو روونتر بێت بۆ بەشداربووان.

هەر لە ئێستا را پەیوەندی لە گەل ژنانی ناوخۆ بگیرێت کە بتوانن بۆ ساڵی داهاتوو بە ئاماری تازەو بە خوێندنەوەی

وەزعی نێو کار لە سەر ئەم بەشە بکرێت کە بەخۆشییەوە پەیوەندییەکان هەن و هیوادارم ئیدامەی ئەم کارە بدرێت.

بە بڕوای من گرتنی کۆنفرانسی یەکەم و دووهەم ئەم هەلەیان بۆ کۆنفرانسی سێهەم ڕەخساندوە کە بتوانێ بە پرۆژەیەکی هەمەلایانە بێتە کۆنفرانس و ئەمە یەکەم کاری بێت کە ئێستا کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لانیکەم بۆ ژنانی چالاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە بۆیە ئێستا زەمینەی ئەم کارە هەیە و ئەم زەرورەتە هەیە و دڵنیاشم ئەگەر پرۆژەیەکی هەمە لایەنە هەبێت پێشوازییەکی باشی لێدەکرێت.

**پرسیار**: بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسی دووهەم بیریان لەوە کردوە ناوەندێک پێک بێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەو کۆنفرانسانە چۆن بگرین. لە کۆنفرانسەکەشدا داوا کرا هەر کەس پێی خۆشە لەو ناوەندەدا بێ ئامادەگیی خۆی دەرببڕێ تکایە لەسەر ئەو ناوەندە و کارەکانی هێندێک زانیاری بدەی بە خوێنەرانی «کوردستان»:

**کوێستان گادانی**: لە ڕاستیدا ئەم بیرۆکەیە کە ناوەندێک هەبێت و ئەرکی گرتنی کۆنفرانسی ساڵانەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەستۆوە بێت هەر لە سەرەتای کۆنفراسی یەکەمیشەوە هەبووە و هێندێک لەو هاوڕێیانەی کە پێشتر لە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی کۆنفرانسی یەکەمدا بوون ئەگەر سۆمبۆلیکیش بێت هیندێکیان ئەم ئەرکەیان هەر گێراوە. بەلام بە بێ ئەوەی کە دخالەت لە کاری بەریوەریی کۆمیتەی کۆنفرانسی دووهەمدا بکەن. زۆربەی هەرە زۆری ئێمە کە هەول دەدەین لەم ڕاستایەدا یارمەتیدەری پرسی ژنی کورد بە تایبەت ڕۆژهەلاتی کوردستان بین پێمان وایە کە ناوەندێکی ئاوا کە ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی ساڵانەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت پێویستە، بەلام وەک هەموو بوارەکانی دیکە کە دەگەینە ئاست ئەوەی کە کێ لەم ناوەندا دابێت و چۆن کەسەکانی ئەو ناوەندە دەستنیشان بکرێن لانیکەم تا کۆنفرانسی دووهەم مکانیزمێکی بۆ نەدیترابۆوە بەڵام بە خۆشییەوە لە نێو ئێمە ژناندا زۆرتر لەسەر مەسەلەیەک بە توافق دەگەین ئەویش ئەوە بوو کە کۆمیتەیەکی پێنج کەسی دلخوازانە تا مانگی ۹ی زایینی ئەو ژنە چالاکانە کە عەلاقەیان هەیەو دەیانهەوێت لەو ناوەندە دا چالاک بن ئاگادار بکەنەوە لە گرتنی کۆبوونەوەیەک بۆ پێکهێنان و تاوتوێ کردنی ئەرکەکانی ئەم ناوەندە. هەرکاتێک ئەم کۆبوونەوەیە پێکهات شێوەی هەڵبژاردن و میکانیزمی پێکهێنانی ئەم ناوەندە لە کۆبوونەوەیەدا دەستنیشان دەکرێت بۆیە لە ئێستادا ناتوانین بڵێن چۆن دەبێت و لە چەند کەس پێک دێت. هەمووی ئەوانە پەیوەندییان بە ڕادەی بەشداربووانی ئەم کۆبوونەوە هەیە، کە ئەوەندەی من ئاگادار بم لە پاییزی ئەمساڵدا قەرارە بگیریت و تا ئێستا ئەرکی تەنیا بەریوبردنی کۆنفرانسەکانە ئەگەریش لە داهاتوودا وزەی کار ئەوەندە زۆر بێت کە ئەرکی دیکەش لەم ناوەندە دا بە ئەستۆوە بگرن ئەمە جێگای شانازیی ژنی کوردی ڕۆژهەڵاتە.

## پرۆفایل

کوێستان گادانی لە سالی ١٩٧٢ لە شاری مەهاباد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دایک بووە. لە تەمەنی ٧ ساڵیدا بە هۆی چالاکی سیاسیی بنەمالەکەی چۆتە ریزی شۆرش و لە گەڵ بنەمالەی پێشمەرگە و ئاوارەیی دا گەورە بووە تا تەمەنی ١٨ ساڵی لە کاری هۆنەری و لاواندا چالاکیی هەبووە و لە تەمەنی ١٨ ساڵی بووە بە ئەندامی حیزبی دیموکرات و لە رادیو و ئینتشارات،دەبیرخانە و بەشی پەیوەندییەکانی حیزب ئەرکی بەرێوە بردووە . بۆ ماوەی ٣ ساڵ ئەندامی رێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە و ئێستاش ئەندامی کۆمیسۆنی پارێزگاری لە پەیرەوی ناوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانە. لە سالی ١٩٩٢ چۆتە تاراوگە و لەو ماوەیەشدا وێرای دەرس خوێندن درێژەی بە چالاکییە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی داوە. ئێستا ئەندامی فدراسیۆنی کۆمەلە کوردستانییەکان، کۆمەڵەی کلتوری کوردی و ریکخراوی ئاکادمیسێنی کوردان و هەروەها زۆر لە رێکخراوە سینفیەکانی دیکەی بیانی ئەندامە و چالاکی هەیە و هاوکات لە بەریوەبەری کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەلات و لە کۆمیتەی بەیوبەری کۆنگرەی ئاکادێمیسێنی زانستی نەتەوەی کورد ئەندام و ئێستاش لە کاری تویژەری (لێکۆلەر) لە سەر زانستە پزیشکیەکانە لە زانکۆ لە ولاتی نۆرویژ.

لە ژمارە ٨٥ەی رۆژنامەی کوردستان دا بلاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوونی ٢٠١٢

## ئامانج دروستکردنی پردی پێوەندی لە نێوان خوێندکارانی کورد لە دەرەوە و نێوخۆی کوردستانە

**کوێستان گادانی (ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری کۆنگرە):**

**ئامانجی کۆنگرەی زانستیی جیهانیی کورد، دروستکردنی پردی پێوەندی لە نێوان ئاکادێمیسیەن و خوێندکارانی کورد لە دەرەوە و نێوخۆی کوردستانە**

**ئاماژە:**

**لە رۆژانی ١٢تا ١٥ی ئۆکتۆبری ئەم ساڵ دا دووهەمین کۆنگرەی زانستیی جیهانیی کورد لە شاری هەولیر بە بەشداریی سەدان ئەکادیمیسیەنی کورد و چەندین ئەکادیمیسیەنی بیانی، بەڕێوە چوو.بۆ تیشک خستنە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم کۆنگرە زانستییە و هەر وەها ئاشناکردنی زیاتری خوێنەرانمان بە رێکخراوی کۆنگرەی زانستیی کورد، وتووێژیکمان لە گەڵ خاتوو کوێستان گادانی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ئەم کۆنگرەیە پێک هێناوە.**

***

**کوردستان:** بەڕیز کوێستان گادانی! وێڕای پیرۆزبایی بەڕێوەچوونی دووهەم کۆنگرەتان لە شاری هەولێر، وەک کەسێک کە لە دەستەی دامەزرێنەری ئەم کۆنگرەیە دا بووی و هەر لە رۆژی یەکەمەوە، تێکەڵ بە کارەکانی بووی، سەرەتا حەز دەکەین، کورتەیەک لە بارەی رێکخراوی کۆنگرەی زانستیی کورد بۆ خوێنەرانمان باس بکەی؟(ئامانجەکانی، چۆنیەتی بەڕێوەچوونی و دەسکەوتەکانی)؟

**کوێستان گادانی:** پێشەکی سپاس لە ئێوەی بەرێز دەکەم کە ئەم هەلەتان رەخساندوە و سەرنج دەدەنە ئەم جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوانە و دەنگی ئێمە بە هاوولاتیان رادەگەیەنن. هەروەها لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوبەریی کۆنگرەی دووهەمی زانستی جیهانیی کورد سپاسی پیرۆزبایی کردن و هاوکاریی ئێوە بەرێزان دەکەم.

لە سەرەتاوە حەز دەکەم ئیشارە بەوە بکەم کە دەمێکە ئاکادێمیسیەن و خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی ولات لە هەولی وەسەریەک خستنی هیز و تواناکانی هاوولاتانی کورد دان بۆ ئەوەی هەموو بە یەکەوە بتوانن بەو جۆرەی کە بۆیان دەگۆنجێت زانیاریی خۆیان لە خزمەت گەشەسەندنی کوردستان دا بنێن و هاوکار و یاریدەریان بن. چەند سالێک لەمەوبەر هەولی ئەم کارە درا بەلام بە هەر هۆیەک بوو‌بێت ئەم ئیدەیە لە پراکتیکدا جێبەجێ نەبوو و شتێکی ئەوتۆی لێ دەست نەکەوت. دووسال لەمەوبەر هیندێک لە هاوڕێیانی پسپۆر و ئاکادێمیسیەن ئەم ئیدەیان جارێکی دیکە خستە بەر نەزەری هیندێک لە خوێندکاران و ئاکادێمیسیەنانی دەرەوەی ولات و کوردستان کە بە خۆشیەوە ئەم جارە بە توانایی و پشتیوانیی هەمووماں توانیمان ریکخراوەیەک دابمەزرێنین کە بە هاوکاری و یەکەم هەنگاو هەلێنانەوەی بەرێز پرۆفیسۆر ئالان دیلانی و پرۆفسۆر ئەلماس حیشمەتی یەکەم کۆنگرە لە سالی رابردوودا لە هولەند رێکخرا وسەرەتای کارەکانمان دەست پێ کرد.

ئەم رێکخراوەیە، رێکخراوێکی ئاکادێمیستیە و سەر بە هیچ حیزب و رێکخراو و نەهادێکی سیاسی نیە و هاوکات پێشوازی لە یارمەتی و رێنوێنیی هەموو دلسۆزێکی کورد دەکات کە دەیانهەوێ لە راستای گەشەسەندنی کۆمەلگەی کوردی و بەرەوپێشچوونی کوردستان یارمەتیدەر بێت.ئامانجی ئەم کۆنگرەیە ساز کردنی پردی پەیوەندی لە نیوان ئاکادێمیسیەن و خوێندکارانی دەرەوەی ولات و ناوخۆی کوردستانە، هەنگاوێکی نوێیە لە بە ئۆرگانیک کردن بۆ هاندان و ناساندنی پسپۆران و ئاکادێمیسیەنانی دەرەوەی ولات کە زانست و توانایی خۆیان بەو جۆرەی کە بویان دەکرێت لە خزمەت گەشەساندنی ولات بنێن. جێگای ئاماژەیە بلێم کە ئەم پردە تەنیا بۆ گەڕانەوە یان یارمەتیدانی کوردانی دانیشتووی دەرەوەی ولات بۆ ناوخۆ نییە، بەلکو ئەم پردە رێگایەکەی دوو تەرەفەیە و هەولی ئەم رێکخراوەیە یارمەتیدانی هاولاتانی دانیشتووی کوردستانیشە لە ئاستی پێگەیاندن و بەرەوژوور بردنی پسپۆریی ئەوان و ئاشنا بوونیان لە گەل دەرەوەی ولات . هەر چەند ئەم رێکخراوەیە تازە دەست بە کار بووە و لە زۆر بوارانداا ساوایە. بۆ نموونە لە باری چۆنیەتی بەرێوبەریی و کولتۆر و شیوەی کار کردنی لە گەل ناوخۆی وڵات، بەڵام بێ دەسکەوت نەبووە ودەکرێ بلێین کە درێژەدانی ئەم کارە و گرتنی کۆنگرەی یەکەم دەسکەوتەکانی کە لە کۆنگرەی دووهەمدا دیار بوون و لە داهاتووشدا دەسکەوتەکانی لە مەیدانی کار وکردەوەدا دەبینین.

**کوردستان**: هەر لە جیدا، دامەزراوەکەتان تا چە رادەیەک لە جێبەجیکردنی ئەرکی خۆی، کە بوون بە پردێکی پەیوەندی لە نیو زانستکارانی کورد لە ولاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان دایە، سەرکەوتوو بووە؟ لە ژێر چەتری ئەم دامەزراوە دا، چ رێژەیەک لە ئاکادیمییەکانی کورد لە دەرەوەی وڵات کۆ بوونەتەوە؟

**کوێستان گادانی**: دەبێ بلێم کە تا ئەو جێگایە کە ئیمکانی هەبووبێت ئەرکەکانی بەرێوە بردوە بەلام دەیتوانی باشتریش

کار بکات . هەرچەند سالێک کار کردن بۆ گرتنی کۆنگرە و کۆ کردنەوەی ئەم هەموو توانایە کە بە خۆشییەوە گەلی کورد لە هەنداران هەیەتی، ماوەیەکی زۆر کەمە. بەلام پێشوازیکردنی کوردانی تاراوگە نشین بە ئێمەی نیشانداوە کە ئێمە دەبێ زیاتر و باشتر لە بواری ریکخستن و زانستیەوە کار بکەین و وردبینتر بین لە بەڕیوەبردنی ئەرکەکانماندا. کۆنگرەی دووهەم بە ئێمەی نیشان دا کە ئێمە کێمان لە دەورەیە و چەندە خەلک بە دلخۆشی و بە ئۆمێدی خزمەت کردن بە کوردستان پێشوازی لە کاری ریکخراوەکەمان دەکات. بەلام هاوکات ئەوەش بلێم کە ئێستا ئێمە کارێکی زۆرمان لە پێشە و بە دلنیایەوە زۆر خوێندەوار و ئاکادێمیسیەن و پسپۆر هەن کە رەنگ بێ هەر ئاگادار نەبووبن و ناوی ئێمەشیان نەبیستبێت بۆیە دەکرێ بلێم کە ئێمە تا ئێستا نەمان توانیوە کە هەموو ئەم هێزە لە دەوری خۆمان کۆ بکەینەوە و ئەوە یەکێک لە ئەرکەکانی داهاتووی ئێمە دەبێت و هاوکات ئەو ئەرکەشمان لە سەر شانە کە لە بوارە جوراوجۆرەکاندا پسپۆری باشتر ببینینەوە کە پێمان وایە باشتر دەتوانێت ئەرکەکان بە باشی بەڕێوە ببات. هەر لەو پەیوەندیەشدا داوای هاوکاری لە هەموو راگەیەنەکان دەکەین کە هەر لایەنە و بە گوێرەی ئیمکانی خۆی دەنگی ئێمە بە هاولاتانی نیشتەجێی ولاتان رابگەیەنێت و یارمەتیدەرمان بن.

**کوردستان**: هۆی بەستنی دووهەم کۆنگرەتان لە کوردستان، چی بوو؟

**کوێستان گادانی**: لە راستیدا ئێمە لە کۆنگرەی یەکەمدا بریارماندا کە ئەم کۆنگرەیە لە ولاتی دانمارک لە کۆپێنهاگ بگرین، بەلام بە هۆی ئەوە کە هاتنی بەشداربووان لە باری کارو باری ئیداری و ویزا وەرگرتن بۆ دەرەوە زۆر ئاسان نەبوو و گەڕانەوەی ئێمە لە دەرەوە بۆ کوردستان ئاسانتر بوو، بۆ ئەوەی لە نێوخۆی کوردستانیش خەلک زیاتر بەشدار بێت و هاوکات زیاتر خەلکی دەرەوە لە نیزیکەوە لە گەل دام و دەزگای هەرێمی کوردستان( کە تەنیا بەشی ئازادی کوردستانە کە کوردەکان بە ئازادی دەتوانین کاری لێ بکەن و هاتوچۆی بۆ بکەن) ئاشنا بن و ئاگاداری ئەو بوارانە بن کە دەبێ یارمەتیی زیاتر بکرێن، پێمان باش بوو کە ئەم کۆنگرەیە بینینەوە کوردستان ، بۆ ئەوەی لە نیزیکەوە بزانین ( هەم کۆمیتە و هەم بەشدار بوان) کە ئەرکی داهاتوومان چییە و دەبێ لە چ بوارێک دا چ بکەین.. تێکەلاو کردنی کورادنی ئاکادێمیسیەن و خوێندکاری دەرەوە لە گەل ناوخۆی ولات و کولتۆری کار کردن و لە یەک تێگەیشتن پێویستی بە دیالۆگ و لە نیزیکەوە یەکتر ناسین و تێکەل بوونی زیاتر هەیە، بۆیە ئێمە کوردستانمان بە گۆنجاوتر زانی بۆ ئەم کۆنگرەیە و هەروەها بۆ ئەوەی بزانین کە رێژەی بەشداربووان و ئاکادێمیسیەنی کوردمان لە تاراوگە چەندە و چۆنە و گەڕانەوە یان بۆ کوردستان چۆن پێشوازیی لیدەکرێ و دیتنی وەزعی مەوجوود و هەلسەنگادنی وەزعەکە، چ کاریگەرییەکی لە سەر ئەوان دەبێت. لەبەر ئەم ئامانجانە بۆ ئێمە زۆر گرینگ بوو کە کە ئەم کۆنگرەیە لە کوردستان بگرین.

**کوردستان**: جیاوازییەکانی ئەم کۆنگرەیەتان کە لە کوردستان پێکتان هێنا، لە گەڵ کۆنگرەی یەکەم کە لە روتردام(هولەند) بەڕێوە چوو، چی بوون؟ هەم لە رووی بەشداریی زانستخوازانەوە، هەم لە روانگەی ئەو ئاکامانەی کۆنگرەکان لێیان کەوتەوە، هەر وەها لە ڕووی تیکنیکەکانی بەرێوەچوونەوە؟

**کوێستان گادانی**: جیاوازیی کۆنگرەی یەکەم و دووهەم لە روانگەی منەوە هەم لە باری چەندایەتی و هەم لە رووی چۆنیەتی بوو. مەبەست لە چەندایەتی ئەوەیە کە رێژەی بەشداربووان زۆر لە کۆنگرەی یەکەم زیاتر بوو، هەم لە نێوخۆی کوردستان زیاتر بوو لە کۆنگرەی یەکەم و هەم لە نێو کوردەکانی دانیشتووی ولات، کە ئەمە خۆی دەسکەوتێکی باش بوو. ئەمە بەربلاوی و پەرە سەندنی پەیوەندیی نیوان خویندکاران و ئاکادێمیسیەنەکان لە گەل رێکخراوەکە نیشان دەدات. رەنگ بێ هیندێک کەس لە گەل من هاوڕا نەبن و زۆریی رێژەی بەشداربووان بە شتێکی موسبەت نەزانن و زیاتر بیر لە چۆنیەتی بەشداربووان بێنە بەر باس ، لەو بارەوەش بە دلنیایەوە دەلێم کە ئەگەرچی هەموو پانێلێک و کات و ساتێک بەشداربووان هەموویان لە هۆلەکەدا نەبوون بەلام ئەوەی کە بەشدار بووە بە دلنیاییەوە لە بەر بێکاری و بێ جی و رێیی لەوێ ئامادە نەبووە بەلکۆ بە پێی عەلاقەیەک کە بەو بەشە هەیبووە لە هۆلەکەدا ئامادە بووە. لە کۆتایی هەر پانێلێکدا بەشدار بووان بەو پەری دلسۆزی و عەلاقەوە بەحس و پرسیار و کۆمێنتیان هەبووە. هاوکات لە باری چۆنیەتیی پێشکەش کردنی باسەکان بە بڕوای من ئەم سال هەنگاوێک بەرەوپێشتر چووین.هەرچەند دەتوانم بلێم کە کەم و کووڕیشمان هەبووە و هیندێک لەو بابەتانەی کە وەرمان گرتبوون لە پێشکەش کردنیدا رەنگ بێت ئەوە نەبوبێت کە ئیمە لە هەلسەنگاندنی خۆماندا بیرمان لێ کردبوونە وە، بەلام ئەوە شتێکە کە تا ئێستا رێگا چارەسەرێکی باشی بۆ نەدۆزراوەتەوە و هەر کۆنگرە و کۆنفرانسی ئێمەش ناگریتەوە، بەلکو لەئاستی نێونەتەوەییش دا شتی وا روودەدات. بەلام باسە جۆراوجۆرەکان و سەتحی باسەکان بەشی هەرە زۆریان لە سەتحێکی زانستی لە سەرەوەی ماستەر دابوون و بە کوالیتێتێکی باش و لە سەتحی زانستیی زانکۆ ناسراو و باشەکانی جیهان دا بوون. بە هۆی ئەوەی کە رێژەی بەشداربووان و ئەو کەسانەی کە لە بوارە جواروجۆرەکاندا بابەتیان پێشکەش دەکرد لە کۆنگرەی یەکەمدا بە بەراورد لە گەل کۆنگرەی دووهەم کەمتر بووە، دەبێ بلێم کە کۆنگرەی دووهەم لە گەل هەموو کەم و کورییەکانی خۆی سەرکەوتووتر بوو. لە بواری تێکنیکی یەوە ئێمە بێکەم و کووری نەبووین و من ئەوە بە کارەسات نازانم و بەرێوبردنی کۆنگرەیەکی ئاوا بەربەرین حەتمەن کەم و کووری لە باری تێکنیکیشەوە دەبێت. تازە دەکرێ بلێم کە بە داخەوە لە شێوەی بەرێوبردنی کاریشدا ئێمە بە هۆی تاراوگە و دەربەدریی کوردان بە گشتی تووشی فەرهەنگی کار کردنی جیاواز بووین کە هەموو گروپێکمان پێمان وایە کە خۆمان لە ئەوانی دیکە باشتر کار دەکەین و لە گەل ئەوەشدا من پێم وایە بە بوونی ئەم باکگراوەندە جیاوازە لە شێوەی بە سیستم کردن و کار کردنی ئیداری و راپەراندنی کار، ئێمە توانیومانە بە هاوکاریی هاورێیانی ماندوو نەناسمان لە کوردستان بە پیی ئیمکان کەم و کووریەکان کەم بکەینەوە وخالە بە هێزەکان بە هێزتر بکەین و لاوازەکانیش کەمتر و کەمتر بکەینەوە، بەڵام

راستە کە بێ کێشەی تێکنیکییش نەبووین.

**کوردستان**: لە کۆنگرەی دووهەم دا جگە لە زانستکارانی کورد، ژمارەیەکی بەرچاو ئاکادیمیسیەنی بیانییش، بەشدار بوون و لێکۆڵینەوە و بابەتیان پێشکەش کرد. لێکۆڵینەوە و بابەتی ئەم دوو دەستە لە زانستکارانی بەشداری کۆنگرە(کورد و بیانی)، هەر وەها زانستکارانی کوردستان و دەرەوەی ولات، لە رووی ناوەرۆکەوە، چۆن بەراوەرد دەکەی؟ کامیان زانستی تر و هەڵگری زانیاریی زیاتر و نوێ بوون؟ بۆ ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان بە سوودتر بوون؟

**کوێستان گادانی**: پێش ولامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئامانجی ئەم رێکخراوەیە کۆ کردنەوە و ناساندنی ئاکادێمیسیەنی کورد بە یەکتر و پتەوتر کردنی پەیوەندیی نیوان ئەوانە لە گەل یەکتر و لە گەل ناوخۆی ولات کە واتە فۆکۆسی کاری ئێمە رووی لە کوردەکانە و نەک لە بیانییەکان. هاوکات هیندێک لە بیانیەکانمان هەن کە لە بوارەجیاوازەکاندا لێکۆلینەوەی تایبەتیان لە سەر کوردەکانی تاراوگە یان لە سەر بوارێکی تایبەت لە ناوخۆی کوردستان کردوە کە ئێمە پێمان وا بووە دەبێ ئەوانیش ئەو مەجالەیان هەبێت کە لە رێگای رێکخراوەکەوە بتوانین زیاتر لە کوردەکان نیزیک ببنەوە و کار و دەسکەوتەکانی تویژینەوەی خۆیان بەو شیوەیە کە لە دوارۆژدا قازنج بە کوردان و کوردستان بگەیەنێت هاوکارییان بکەین و وەختیان بدەینێ. من تویژینەوەی زانستکارانەی دەرەوە چ کوردەکان و چ بیانیەکان وەک یەک بە ئەژمار دێنم و لێکۆلینەوە و بابەتاکانی کوردانی دانیشتووی ناوخۆی ولاتیش هەر وەها. بەلام لە بیرمان بێت کە بلێم بە داخەوە ئەم جارە کەمتر بابەتەکان لە لایەن دانیشتووانی کوردستان بوون و زیاتر لە دەرەوەی ولات بۆمان هاتبوون کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ رێکخراوەکە کە لە سەرەتای راگەیاندنیدا زیاتر فۆکوسی کارمان لە سەر ئەم کەسانە بوو کە لە دەرەوەی ولات دەژین و بابەتی ئەوانمان وەرگرت تا زەمانێک کە ئێمە بە بریارەکەماندا چووینەوە و کە دانیشتووانی کوردستانیش دەتوانن بابەت بنێرن درنگ بوو و بە داخەوەوە کەمتر لە کوردستان مەجالی بابەت پێشکەش کردنیان هەبوو، ئەوانەی کە هەشبوون بە جۆرێک لە پەیوەندی لە گەل کار کردن یان پرۆژەیەکی هاوبەش لە گەل دەرەوەدا بووە. بۆیە دەبێبلێم کە لە باری زانستییەوە لە بوارەکاندا جیاوازییەکە دەبیندرا نەک ئەوەی کە ئەمە هی کوردستانە یان ئەوی دیکەیان هی دەرەوەی ولاتە. پاشان زانست لە هەموو شوێنێک ئەگەر وەک یەک بە پێی ئوسوولی زانستی تەدریس بکرێت و کەلکی لێ وەربگیرێت دەبێ وەک یەک بێت بەلام ئەوەی کە ئیمە بە چ سیستمێک و چۆن لە کوردستان ئەوە بە کردەوە جێ بە جێ دەکەین و چ نەتیجەیەکی دەبێت ئەمە باسێکی دیکەیە. کەواتە دەکرێ بلێم کە بابەتەکان بە پێی ناوەرۆکی زانستیانەیان هەلسەنگیندراون و رەنگدانەوە یان هەبووە نەک ئەمە هی کوردێک بووە یان هی بیانییەک و لە راستیدا کار و نەتیجە و دەسکەوتی باسەکان گرینگی بە باسەکان دەدەن نەک بیانی بوون یان کورد بوونی خاوەنەکەی.

**کوردستان**: ئەو بوارانەی لێکۆڵینەوە و بابەتیان لە بارەیەوە پێشکەش کرا، زۆر و بەربڵاو بوون. ئێوە بۆ خۆتان لە دەستەی بەڕێوەبەریی کۆنگرە دا، خویندنەوە و هەڵسەنگاندنتان بۆ ئەم لایەنەی کاری دووهەم کۆنگرە چییە؟ ئایا باشتر نییە، لە هەر کۆنگرەیەک دا لێکۆڵینەوە و باسەکان لە سەرچەند بوارێکی تایبەت چڕ بکرێتەوە؟

**کوێستان گادانی**: ئەمە راستە کە کۆنگرەکە درێژخایەن بوو، باسەکان بەربلاو بوون و تەنانەت هێندێک پێیان وابوو کە خەلکێکی زۆریش بەشدار بووە و رێژەکەی دبووا کەمتر کراباوە. پێش ئەوەی ولامی پرسیارەکە بدەمەوە حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم کە ئێمە لە کۆتایی باسەکاندا لە رۆژی ئاخری لانی کەم نیزیک بە ٢ کاتژمێرمان دانا بۆ ئەوەی کۆمیتە گوێ لە رەخنە و پێشنیاری بەشداربووان بگرێت و ئەوەندەی بۆمان کراوە ولامان داوەتەوە و ئەوەی کە دەبێ باشتر بکرێت هەولی بۆ دەدەین. هەر بۆیە ئەم پرسیارانەی بەرێزتان پێشتر بە دەست ئێمە گەیشتوون و بە دلنیایەوە هەولی باشتر بوونی بۆ دەدەین. ئەگەر بگەرێمەوە سەر ولامی پرسیارەکەتان. دەکرێ بلێم کە بە خۆشیەوە کورد لە هەندارن وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە لە هەموو بوارەکاندا کەسی شارەزاو و پسپۆری هەیە واتە هەر لەبواری پزشکی یان پەروەردەوە نییە کە بلێی سالێ دووجار دوو کۆنفرانسی گەورە لەم دووبوارەدا دەگرم. هەر وەک خۆتان باستان کرد ئێمە لە چەندین بواردا بابەتمان هەبووە کە ئەوە نەزەری شەخسی خۆمە کە کەس نابێ ئەم چاوەروانییە لە تاکێکی دیکە بکات کە عەلاقەی بۆ هەموو بوارەکان و باسەکان هەبێت کە لە هەمووی باسەکاندا بەشدار بێت و لە هۆلەکەدا بمێنێت. هەم لە باری عەلاقە و هەم لە بواری توانا و تاقەت ئەم چاوەڕوانییە بە راست لە جێگای خۆی دانییە.خالێکی پۆزێتیڤ کە من پێموایە لە کۆنگرەیەدا تا رادەیەکی زیاتر لە چاوەروانی خۆمان هەبوو ئەوەیش بەربلاویی باسەکان بوون . مەبەستم ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار ئێمە زانیمان کە لە بەشەکانی دیکە واتە ئابووری، پەروەردە و زانستی پزیشکی و کشتوکال و راپەراندنی کارو باری ئیداری کە ئیمە هەموو بە یەکەوە بەستراوینەوە بە بێ ئەوەی بۆخۆمان بزانین ،بەربلاویی ئەم باسانە، ئێمەی لە پیداویستیی ئەم بوارە جۆراوجۆرانە زیاتر لە گەل یەکتر شارەزا کرد. ئەگەر کاری من لە بواری لێکۆلینەوەی پزیشکیدا کە رەنگ بێت ئێستا لە و نەخۆشخانەیە کە من دەمهەویست کارێکی بۆ جیبەجێ بکەم ئەم مەجالەم نییە با لە بوار ئابوورییەو لە رووی پزیشکیەوە بێم بۆ نموونە ئامارگیری دەرمان و مەسرەفی دەرمان و شیوەی پێکهاتەی و کەلکوەرگرتن لەو بوارەدا هاوکاری بکەم و زۆر نموونەوەی دیکە ...کەواتە بەربلاویی باسەکان لە گەل ئەوەیدا کە رەنگ بێت بۆ هیندێک لە بەشداربووان ماندوویەتی هێنابێت بەلام قازانجی خۆشی هەبووە. هەر وەک باسم کرد ئێمە پێشنیار و رەخنەی زۆرمان بە دەست گەیشتوە کە رەنگ بێت ئێمە لە سەر پێشنیاری بەشداربووان ئالوگۆر لە شیوەی بەرنامەرێژیی کۆنگرەی داهاتوومان دا بکەین و بەشەکان و بوارەکان جیا بکەینەوە بەلام هاوکات و هاوزەمان لە هۆلی بچووکتردا، هەربەش و بوارێک بە بەشداریی پسپۆران و هۆگرانی ئەو بوارە باس و لیکۆلینەوەی خۆیان پێشکەش بکەن. بۆیە پێشنیار و تێبینیی هاوڕێیانمان زۆر بەلاوە گرینگە و هیوادارین زیاتر لە شیوەی بەڕێوەبەری و رەنگدانەوەی ئەم کۆنگرانە ئاگادارمان بکەنەوە.

**کوردستان**: ئەگەرچی پێشوازیی حکوومەتی هەرێم هەم لەو کۆنگرەیە و هەم لە کۆنگرە و کۆنفرانسە زانستییەکانی دیکە کە لە کوردستان پێک هاتوون، زۆر باش بووە، بەڵام لە سەر یەک ، بە تێگەیشتنی خۆت و ڕێکخراوەکەتان،هەرێمی کوردستان،بۆ ئەوەی لە هەموو بوارەکان دا لە سەر ئەساسێکی زانستی بنیات بنرێتەوە و بەرێوە بچێت، تاچەند ئامادەیی تێدایە؟ کۆسپەکانی بەردەمی چن؟

**کوێستان گادانی**: هەروەک خۆتان باستان کرد کە هەرێمی کوردستان ئەمە یەکەم جار نییە بە هانای ئەم جۆرە کۆنگرە و کۆنفرانسانەوە دەچێت و بە باشیش نیشانی داوە کە لایەنگری لە هەموو کوردێک دەکات کە دەیهەوی وزە و توانایی خۆی بۆ خزمەت گەشەسەندنی ولات تەرخان بکات جا ئەوە چ وەک تاک بێت و چ وەک ڕێکخراوە. بۆیە ئیزن لە ئێوەی بەرێز دەخوازم کە دووبارە لە ڕێگای ڕاگەیاندنی ئێوەشەوە سپاسی هەموو میوانداری و هاوکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە لە هیچ چەشنە هاوکارییەک درێغی نەکردوە و بەو پەڕی تواناوە و سەبوورییەوە یارمەتیی گرتنی کۆنگرەی دووهەمی ئێمەیان دا. من لە ماوەی لانی کەم یەکسالی رابردوودا وەک ئەندامێکی بەرێوبەریی ئەم کۆنگرەیە لە هەردووک کۆمیتەی زانستی و ڕێکخستن دا هاوکاری و بەحس و گفتۆگۆمان لە گەل هیندێک لە هاورێیانمان لە حکوومەتی هەرێم هەبووە کە دەکرێ بە دلنیایەوە بلێم کە حکوومەتی هەرێم بە دەست و دلێکی کراوە بە بێ هەدەفێکی تایبەتی یارمەتیی ئێمەی داوە و بە تێگەیشتنی خۆم و هەر وەک سەلماندووشیانە و لە وتەکانی سەرۆکی هەرێم بەرێز کاک مەسعوود بارزانییش لە کردنەوەی کۆنگرەکەدا گوێمان لێ بوو کە ئەمە کۆنگرەی زانستیی کوردانە و هەدەفی ئەسلیی حکوومەتی هەرێمیش کۆ کردنەوەی وزەی بەربلاوی ئاکادێمیسیەن و خوێندکارانی کوردە بە ئامانجی گەشەسەندن و پێشکەوتنی کوردستان کە ئێستا ئەم مەجالە لە باشووری کوردستان دەبیندرێ. بۆیە دووپاتی دەکەمەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی هەیە کە یارمەتی بدات و هاوکار و پشتیوانمان بێ ، هاوکات ئەم ئامادەییەی حکوومەت و ئەم پشتوانییە دیسانەوە بەستراوەتەوە بە شیوەی کاری ئێمە، بە گەشەسەندنی کاری ئیمە هەم لە بواری زانستی و هەم لە بواری بەرێوبەری و وردبینیی ئێمە و دەرک کردنی وەزعی ئێستای حکوومەتی هەرێمی کوردستان. بۆیە ئێمەین کە دەبێ زیاتر فوکوسی ئەسلیمان ئەوە بێت کە ئامانجی گشتیی ڕێکخراوەکەیە، نەک شتێکی دیکە زیاتر لەوە کە کۆسپی زیاتر بخەینە سەر ڕێگای حکوومەتی هەرێم کە نەتوانێ یارمەتیدەری ئەم جۆرەکارانە بێت. هەر وەک پێشتر باسم کرد ئەم ڕێکخراوەیە سەر بە هیچ نهادێکی سیاسی نییە و ئەرکی بەرێوەبردنی هیچ سیاسەتێک نییە و تەنیا لە رووی زانستییەوە کار دەکات. کە واتە ئەرکی ئیمە تەنیا ڕێکخستن و لێک نیزیک کردنەوەی زانستکارانی کورد لە جیهاندایە نەک بەرێوەبردنی سیاسەت. ئەم بەشە بۆ ئەحزابی سیاسی و حکوومەتی هەرێم بە جێ بێلێن باشترە، بەم جۆرە ئیمە کۆسپمان کەمتر کردۆتەوە لە سەر ڕێگای حکوومەت و لە بوار زانستیی دا کە ئامانجی ئێمەیە سەرکەوتووتر دەبین.

**کوردستان**: لە کاتی بەڕێوەچوونی پانێلەکان و پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەکان دا، ژمارەیەکی کەم لە هۆگران و تینووانی باس و بابەتی زانستی لە هۆڵەکە ئامادە دەبوون. راگەیەنەکانیش، تەنیا راپۆرتیان لە بارەی کاری رۆژانەی کۆنگرەکە بڵاو دەکردەوە و نەدەپرژانە سەر ناوەرۆک و پەیامی لێکۆڵینەوەکان. بۆ ئەوەی خوێندکارانی زانکۆکان و هۆگرانی لێکۆڵینەوە و باسی زانستی لە نیوەرۆکی ئەو وتار و باسانەی لەم کۆنگرەیە دا پێشکەش کران بێبەش نەبن، ئایا پرۆژەیەکتان هەیە کە بڵاویان بکەنەوە؟

**کوێستان گادانی**: هەر وەک لە پێشتردا باسم کرد چاوەروان ناکرێت کە هەموو کات و ساتێک هۆلەکە پڕ بێت لە بەشدار بووان بە تایبەت کە ئیمە پرۆگرامێکی ئاوا چڕو پڕمان دارشتبوو کە هەر لە بەیانییەوە تاکۆ ئێوارە درێژەی هەبوو، بۆیە ئەمە یەکێک لە خالەکانە کە دەبێ پێداچوونەوەی پیدا بکەین، بەتایبەت لە کوردستان بە هۆی شێوەی ژیانی هاوولاتیان و روتینی کار دەبوو ئێمە بە شێوەیەکی دیکە بەرنامەکانمان دارشتبا کە بەشداربووان توانیبایان بە بێ ئەوەی ماندوو بن بەشداری زیاتری باسەکان بن. ئێمە دەتوانین چ بکەین بۆ ئەوەی ئەم باسانە زیاتر لە خزمەت خویندکار و کەسانی شارەزا و پسپۆر دابێت کە ئەم هەلەیان لە دەست داوە، لە یەکەم مەرحەلەدا دەمانهەوێت ئەم کەسانەی کە ئامادەن ئێمە باسەکانیان بەو شیوەیە کە بابەتەکەیان پێشکەش کردووە یان وەک مقالەیەکی زانستی لە دوای ئامادە بوون و ئیزن وەرگرتن لە خۆیان لە سەر سایتی رێکخراوەکە بلاو بکەینەوە و هاوکات هەر وەک کۆنگرەی یەکەم دەمانهەوێت کە ئەگەر ئیمکانی مالی هەبێت ئەم باسانەی کە پێمان وایە زیاتر پێویستن، لە کتێبێک دا کۆ بکرێنەوە و بخرێتە بەر دەست خوێنەران. سەبارەت بە راگەیاندن راستی ئەوەیە کە ئێمە یەکەم جارمان بوو کە کۆنگرەمان لە کوردستان دەگرت و لامان وابوو کە راگەیاندنەکان خۆیان داوا دەکەن بە پێ ئەوەی کە ئەو کانالانە چەندە خۆ بەم جۆرە کارانەوە ماندوو دەکەن، بۆیە ئەوەندەی من ئاگاداربم لە لایەن کۆمیتەی بەڕیوبەری دەرەوە هیچ راگەیانێکمان بە فەرمی بانگهێشت نەکردبوو و هیندێک لە راگەیەنەکانیش بە هۆی ئەوەی باسەکان بە زمانی ئینگلیزی بوون ئەو جۆرەی کە دەبوو بۆیان نەگۆنجابوو کە کەلکی باشتری لێ وەربگرن و رەنگدانەوەی زیاتری میدیایی هەبێت بۆیە بۆ جاری داهاتوو کۆمیتەی بەڕیوبەری دەتوانی رۆژانە راپۆرتی خۆی ئامادە بکات و بگەیەنێتە راگەیانەکان ئەگەر خۆشیان بە هەر هۆیەک مەجالی بەشدار بوونیان نەبێت.

**کوردستان**: دوا پرسیار! کۆنگرەی داهاتووتان لە چ وڵاتێک بەڕیوە دەبن؟ ئیوە خۆتان بوارەکان بۆ باس و لێکۆڵینەوە دیاری دەکەن؟ بە چ میکانیزمیک رای زانستکارانی کورد لەم بارەیەوە وەردەگرن؟ ئەو کەسانەی بیانهەوێ بە لێکۆڵینەوەی زانستی بەشدار بن، چۆن دەستنیشان دەکرێن و بابەتەکان، بە چ میکانیزمێک پەسەند دەکرین؟

**کوێستان گادانی**: کۆنگرەی داهاتوو لە ولاتی سۆئد لە ستۆکهۆلم پێکدێت. بەو ئەزموونەی ئێمە لە گرتنی ئەم دوو

کۆنگرەیە هەمانە هییندێک ئـالو گۆر لە وەرگرتنی بـابەت و هەلسەنگاندنی بـابەت دا پێک دێنین و دەکرێ بلێم لە سەر پێشنیاری بەشداربووان و پسپۆران ئێمە هەول دەدەین بە ڕێنوێنی لە لایەن پسپۆران و وەزارەتەکانی کوردستان کە لە چ بوارێکەوە چمان پێویستە، دەبێ چ باس بکەین و چ پێشکەش بکەین ، دەبێ لە ئێستا را کاری بۆ بکەین و کەسانی پسپۆریان بۆ بدۆزینەوە. هەر وەک باسم کرد پێشنیارێکی زۆر بۆ ئێمە هاتوە کە ئێمە لە یەکەمین کۆبوونەی خۆمان بۆ هەلسەنگاندی کاری بەڕێوبەریی و زانستیی دا هێناومانە بەر باس و دەبێ زیاتر لە سەریان بدوێن و بگەینە بریارێک کە چۆن دەتوانن ئەم ئال و گۆرانە پێک بێنین کە باشتر بێت لە کۆنگرەی ئەم سالمان هەم لە سەر شیوەی بابەت وەرگرتن ، بەڕیوەبردن و موشارەکەت کردنی خەلکی زیاتر لە بوارە جیاوازەکاندا. بۆیە کۆنکرێت ناتوانم ئێستا لەو وتۆوێژەدا بلێم چۆن دەبێت بەلام بە دلنیایەوە ئەم کەم و کۆرییانەی ئەم جارە بەر چاو و زەق بوون کەمتر دەبن . ئەم جارە ئێمە زووتر لە سالی رابردوو دەست بە کار دەبین و لە بانگەوازەکانماندا هەول دەدەین کە هەر بە سایتی ڕێکخراوەکەمان قەناعەت نەکەین بەلکۆ کەلک لە زۆر راگەیاندنی دیکەش وەرگرین، بە وەخت و زۆر لە سالی رابردوو زیاتر هاوولاتییان لە شیوەی ناردنی بابەت و هەلسەنگاندن و پیشکەش کردنی ئاگادار بکەینەوە بۆ ئەوەی کاری خۆمان و بەشداربووانمان ئاسانتر کردبێتەوە لە رۆژانی گرتنی کۆنگرەی داهاتوومانـدا. ئێمە ئیستاش و لە داهاتووشدا چاواوەروانی ڕێنوێنی و پێشنیار و رەخنەی هاوولاتییانی کوردی ئاکادێمیسیەن و خوێندکارین کە بتوانن یارمەتیی زیاتری ئێمە بدەن بۆ ئەوەی بە هەموومان نەتیجەیەکی باش بۆ دوارۆژی کوردستان مسۆگەر بکەین و ئەوەش بە کوردانی هەر چوار پارچە دەکرێت و بە یەکێتی و دلسۆزیی هەموو لایەکمان سەرکەوتنی زیاتر بە دەست دێنین لە گەشەساندن و پێشکەوتنی ولاتماندا.

لە ژمارە ٥٩٤ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بلاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢

## بەشێک لە وتەکان لە ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان لە وڵاتی نۆرویژ

مێـژووی خەبـاتی ژنـان بـۆ ١٠٠ سـاڵ لەمەوبەر دەگەڕەێـتەوە کە ئەم خەبـاتە لە شـوێنە جوراوجۆرەکـانی جیهـان شـێوەو ڕەنگدانەوەی جیاوازی بە خۆیەوە بینیوەو بەپێی دەرفەتی خەبات و شێوەی خەبـات دەستکەوتەکانیشی لە شوێنێکەوە بـۆ شوێنێکی دیکە جیـاوازی هەبـووە، بەلام خـاڵێکی هـاوبەش کە لەو ڕۆژە دا هەموو لایەک دەگرێتەوە ئەوەیە کە بەگشتی لە هەموو ژنێکی کۆمەلگـا ڕێـز بگیـرێ‌و بەتـایبەتی ڕێز لەو ژنە خەباتکـارانە کە بـۆ وەدەسـتهێنانی مافەکانیـان لە مـاوەی ئەم سەد ساڵەی دوایی دا تێکۆشاون، بـۆ ئەو دەسکەوتانەی کە ئێمە ئەمرۆ پێیـان گەیشتووین، وەدەستهێنانی ئەو دەسکەوتانە ئەگەر کەمیش بـێ ، لە هەمـوو ئەو ژن و پیـاوانەی کە بـۆ مـافی یەکسـانیی ژن و پیـاو هەولیـان داوە کە نەسـلی ئـێمە دەیبینێ و تـا ڕادەیەک کەڵکیان لێوەردەگرێ، جێگای سپاس و پێزانینە.

*** خەباتی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان بە سێ تەوەری عەدالەت، ئازادی و ڕوانین بۆ داهاتوو دابەشکرابوو:**

**بوونی عەدالەت و داوای مافی یەکسانیی لە کۆمەلگـا**، لە ئاستی نێـونەوەیی دا یەکێک لە داواکـانی بزووتنەوەکـانەو بزووتنەوەی ژنانیش لەم داوایە بێبەش نیە، ژن نـاتوانێ عەدالەتخواز نەبێ، لە بنەڕەت را ژن داوای مـافو عەدالەتـی لە کۆمەلگـا کـردووە، داوای یەکسـانی کـردووە، هیچکـات لە دەسەڵات دا نەبـووە کە تـامی دەسـەڵات تـا ئەو ڕادەیە چێشـتبێ کە نەتـوانێ دەست لە خۆشییەکانی هەلگرێ، قـازانجی خۆی و بەرژەوەنـدیی خۆی لەنـاعەدالاتی دا نـابینێتەوە، چونکە خـۆی دەردی بێعەدالەتـی چێشـتوە. ژن خوازیـاری عەدالەتە بـۆ هەمـوو تـاکی کۆمەلگـا، عەدالەت و مـافی یەکسـانی یەکـێکە لە داواکـانی خەبـاتی ژنـان، بـۆیە لە شـێوەی خەبـاتی خـۆی دا عەدالەت و یەکسـانی کـردۆتە یەکێـک لە ئامانجەکـانی کە چەندایەتیی باش بە بزووتنەوەکەی ببەخشێ تا لەم ڕێگایەوە بە یەکسانی بگا.

### ئازادی

ئازادیی بۆ ژن هەمیشە کێشە بووە، خەباتی بۆ وەدەستهێنانی کردوە، ژن ناتوانێ دژی ئازادی بێ، چونکە هیچ قـازنجێکی لە کۆنەپەرەستی و دواکەوتوویی نەدیوە، ژن نـاتوانێ ئازادیخواز نەبێ، چونکە ئێستاش لە گۆشەو کەناری جیهـان ژن دەبینین و دەبیسین کە لە ئازادی و مافی خۆی بێبەشە، ئـازاد نەبـوونی ژن، پـێش لە گەشە کردنـی و پێگەیشنـی ژن دەگـرێ‌و کۆمەلگـا

بەبێ بەشداریی چالاکانەی ژنان هەمیشە کۆمەڵگایەکی لاوازو دواکەوتوو دەبێ، ژنانی چالاک و خەباتکار هەستیان بەمە کردوە ئەگەر دژی ئازادی بن، دواکەوتووی خۆیان سەلماندووە، بۆیە ئازادیخواز بوون و ئازادیی بۆ بەرامبەرەکەی‌و بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بەرەوا دەزانێ کە ئەم ئازادیخوازییە هەم دیسان ژنان هان دەدا بە چەندایەتیی باشتر خەبات درێژە بدەن تا بە مافی یەکسانی بگەن.

## روانین بۆ داهاتوو

هەروەک هەموومان دەزانین، جیهان روو لە گەشەو پێشکەوتنەو هەر رۆژە گوێ بیسی هەواڵ و رووداوی تازەو نوێ دەبین، بۆ ئێمە دەبێ روون و ئاشکرا بێ کە خەبات و چالاکیی ژنان ناتوانێ لە شوێنێک بوەستێ. لە روانگەی منەوە شتێک بەنێوی کۆتایی مێژوو، ئاخرین قۆناخی ئیدەال بوون لە کۆمەڵگادا، هەرەسی هێناوەو شکستی خواردوە (کە باسی ئاخرین قۆناخی پێشکەوتن و پێگەیشتنی دەکرێ و باسی کۆتایی تاریخ دەکرێ، بوونی نیە) بۆیە دەبێ هەمیشە بروانینە داهاتووو بەپێی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگا داواکانی ئێمە و خەباتی ئێمە شێوەی خۆی بگۆرێ و بەرۆژ بێتەوە. خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە مافی یەکسانی لە نوقتەیەکدا کۆتایی نایە، بەڵکوو دەبێ درێژەی هەبێ، هەرچەند ئەم بەرۆژ بوونە هەروەک ئیشارەی پێکرا دەبیندرێ، ئەگەر پێشوو داوای مافی دەنگدان دەکرا، ئێستا داوای بەشداریی لە بەرێوەبەریی حکوومەتو سیاسەتی ولات دەکرێ.

## خەباتی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان لە کۆمەڵگای ئێران بەگشتی و کوردستان

لە ئاستی ئێراندا بەپێی ئیمکان و توانا ئەوەندەی گۆنجا بێ ژنان شانبە شانی پیاوان بەشداریی بزووتنەوەکانیان کردووەو لەم ریگایەشدا قوربانیی زۆریان داوە. لە شۆرشی گەلانی ئێران لە سالی ١٩٧٩ کەم نەبوون ئەو ژنانەی کە بەشداریی خۆپێشاندانەکانیان کردو داوای گۆرینی رێژیمی پاشایەتیان دەکرد. پاش هاتنە سەرکاری رێژیمی کۆماری ئیسلامیی لە ئێران، ژنانیش لە ئێعدام و زیندانی کردنو سزادان بێبەش نەبوون و ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوە کە ژنانی چالاک لە مافی خۆیان و داواکانیان هیچکات پاشەکشەیان نەکردوە. لەم دوو ساڵەی دوایدا، بەشداریی بەرچاوی ژنان لە خۆپێشاندانەکانی ئێران (نارەزایەتیی بەدژی هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماریی ئێران)، لە خەباتی ئازادیخوازانەی ئێران رۆلێکی تازەی بەخۆوە بینی، کە بە بزووتنەوەی سەوز ناسراوە، ژنان رۆلی رێکخەریان هەیەو هەبووە. ئێمە ئێستاش شاهیدین کە ئەم بزووتنەوەیە نامۆنسەجەمو ئۆرگانیزە نەبووەو عونسور، یان ئێلێمێنتێکی هاوبەشی نیە، بەڵام دەبینین ژنان دەتوانین ببنە ئەو عونسورە هاوبەشە لەبەر ئەوە ژنان لە بزووتنەوەی رووناکبیریدا بەشدارن - رۆژنامەنووسی-، بزووتنەوەی

کرێکاریی - کارمەند، کارگەریی کارەگەکان- و خوێندکاران و ئەو بزووتنەوانەش بەشێکن لە پێکهاتەی بزووتنەوەی سەوز، کەواتە دەبینین لەو بزووتنەوەیەدا ژنان رۆلیان هەیەو وەک کۆردیناتۆرێک، بۆ هەماهەنگی کار دەکا.

لە رۆژهەلاتی کوردستانیش ئێمە چالاکیی بەرچاوی ژنانمان هەبووە، ئەگەر بگەرێمەوە بۆ سەرەتای باسەکەم کە شێوەی خەبات بەپێی شوێنەکان و هەلومەرجەکان جیاوازە، دەکرێ کوردستان بۆ نموونە بێنمەوە. بەهۆی زۆر فاکتەری کۆمەلایەتی و سوننەتی و ئەو هەلومەرجانەی کە رۆژهەلاتی کوردستان پەیدا تێپەریوە، دەکرێ بلێن کە ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان ئێستاش لە بوارو شێوەی خەباتی چەندایەتی و کەمییەت دان تا باس لە کوالیتێتی خەباتیان بکرێ. ئێستاش بۆ ئێمە زۆر ئاسان نیە بتوانین نێوی دەیان ژن بێنین لە رۆژهەلاتی کوردستان کە لە بزووتنەوەکانی خوێندکاری، رووناکبیریو کرێکاری دا بەشێوەیەکی پرۆفێشنالو تایبەتی کار بکەن، کە ئەمە بە زەعفێکی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان دادەنرێو هۆکارەکەشی بۆ ئەو فەزا سیاسیی حیزبیە زالەی کە نیسبەت بە ژنان دروست بووە دەگەرێتەوە. ئێمە دەبێ بە هەموو لایەک هەول بدەین کە هاوکات لەگەل حیزبی بوون و باوەر بە ئامانجە سیاسییە حیزبیەکانمان، ژنان و چالاکی ژنان لە بوارەکانی دیکە بە شێوەیەکی پرۆفێشنال، لە بزووتنەوە جوراوجۆرەکانی وەک رووناکبیری، خوێندکاری و... کانالیزە بکەین

سەرچاوە: مالپەری حدک میدیا - رێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١١

---

ڕێبەندانی ٢٧١٧ی کوردی - فێبریوێری ٢٠١٨ی زایینی

---

## کورتەیەک لە ژیاننامە



**ناو و ناوبانگ: کوێستان گادانی**
**ناوی دایک: فەوزییە ئەحمەدی گادانی**
**ناوی باوک: محەممەد گادانی**
**هاوسەری ژیان: قادر قادری (قادر خەندانی)**
**بەرهەمی ژیانی هاوبەش: کچێک، هانا گادانی قادری**

کوێستان گادانی ساڵی ١٩٧٢ لە شاری مەهاباد لە دایک بووە. لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، لە ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ داگیرکرانەوەی شارەکانی کوردستان، وێڕای زۆر بنەماڵەی پێشمەرگەی دیکە بە ناچار شاری مەهاباد بەجێ دەهێڵن و بەرەو شاخ و گوندەکانی کوردستان وەرێ دەکەون. لەو قۆناخەدا هاوکات لەگەڵ ئاوارەیی و کۆڵ بەکۆڵی، تا تەمەنی ١٧ ساڵی لە قوتابخانەی شۆڕش دەرسی خوێندووە و هاوکات وێڕای زۆر قوتابی ئەو قوتابخانەیە لە چالاکیە هونەریەکاندا بەشداری دەکرد و بەتایبەت ئۆگری بە بەشی شانۆ هەبوو. دوای پەڕینەوەی حیزب بۆ دیوی گەرمێن، ٣ ساڵی خوێندنی لە باشووری

کوردستان بووە و لە سەر یەک تا پۆلی سێی ناوەندی لە کوردستان خوێندووە. لە سالی ١٩٨٩بووە بە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

لە ناو حیزبدا، تا هاتنی بۆ دەرەوەی ولات لە ئۆرگانەکانی وەک ئینتشارات، رادیۆ و پاشان لە دەبیرخانە (سکرتاریا) وەک کادر کاری کردووە و لە سالی ١٩٩٢وە لە ولاتی نۆرویژ دەژی. لە دەرەوەی وڵات هاوکات لە گەڵ فێربوونی زمان و درێژە دان بە خوێندنی دواناوەندی، بەردەوام بووە لە چالاکیی حیزبیشیدا. لە سەرەتادا لە بەشی پەیوەندییەکانی حیزب، بەرێوبەرایەتی کۆمەڵە کولتورییەکان و فدراسیۆنی کۆمەڵە کولتورییەکان لە نورویژ کاری کردووە. دواتر بە هۆی وەرگیرانی لە زانکو بۆ چەند ساڵێک خۆی بۆ بەرپرسایەتی حیزبی بەربژێر نەکردووە بەلام لەو ماوەیەشدا وێرای پاراستنی ئەندامەتی حیزبی، بەو جۆرەی کە پێویست بووە چالاکی سیاسی و حیزبی درێژە پێداوە، بە شێوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە راپەراندنی ئەرکەکانی حیزبیدا هاوکاری تەواوی هەبووە، ئەندامی ریکخراوی ئاکادمیسیێنی کوردان و هەروەها زۆر لە رێکخراوە سینفیەکانی دیکەی بیانی، دەستەی بەرێوبەری کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەلات و کۆنگرەی ئاکادێمیسیێنی زانستی نەتەوەی کورد بووە. لە سالی ٢٠٠٦ وە بەردەوام ئەرکی بەرپرسایەتی و بەرێوبەریی لە ئاستی بریاردان لە ئۆرگانە جیاوازەکانی حیزبدا، ئەندامی کۆمیسۆنی پارێزگاری لە پیرەوەی نێوخۆی حیزب بووە و هاوکات لە گەل ئەوەی بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب لە گەل پارلمانی ئورووپا بووە. بۆ چەند دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییە و ئیستاش بەرپرسی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە لە دەرەوەی وڵات.

جێگای ئاماژەیە کە خاتوو کوێستان گادانی وێرای بەرێوبردنی ئەرکی حیزبی لە ئاستی رێبەری و بەرێوبەریدا، لە بواری خوێندنەوە توانیوێتی پلەی لیسانی شیمی، فوق لیسانسی بیۆ شیمی و دوکترای لە بیۆلۆژی بەشی ڤایروس شناسی و سیستمی دیفاعی واتە ئیمۆنۆلۆژی بەدەست بێنێت. ئیستاش وێرای ئەوەی کە ماموستای زانکۆیە، سەرقالی کاری توێژەری (لێکۆلەر) لە سەر زانستە پزیشکیەکانە لە زانکۆ لە وڵاتی نۆرویژ.

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ٢٧٢٣ی کوردی - دێسەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی

---



سڵاو و ڕێز لە بنەماڵەی تێکۆشەر هاوڕێ د.کوێستان گادانی

هەر شاد و سەرکەوتوو و تەمەن درێژ بن




هەرچەند بڕوا ناکەم کە بۆ هیچ کەس خۆشبێ ئەو کات و ساتانەی لێکدابڕانی ئەبەدی دەگەڵ عەزیزێک وەبیر خۆی بێنێتەوە، بەڵام ماڵئاوایی تۆ ئەوەندە جیاواز بوو کە زۆر جاری وایە حەسودیم پێبردوی کە بە چ دڵێکی گەورە و ئاواتێکی پیرۆزەوە بە جێتهێشتین. لە کۆری ماڵئاوایی تۆ دا نزیک بە ٣٠ کەس لە ئەندامانی بنەماڵە لە ژورسەرت بوون و لەسەر داوای خۆت بەخوێندنەوەی سرودی نیشتیمانی (( خوایە وەتەن ئاواکەی)) و بە ڕوانینت بەسەر تاک تاکی ئازیزانت دا و بە دوایین دیدارت دەگەڵمان داکۆتایی هات. زۆرکەس وەسیەتی دابەشینی ماڵی هەیە، هەن کەسانێک کە داوای گەردن ئازایی و دوعای بەخێریان هەیە. زۆرکەس بە دڵی پڕ لە کوڵ و چاوی پرفرمێسکەوە ماڵئاوایی دەکات بەڵام تۆ بە بزەی سەرلێوو دڵی پرهومێد و نیگای پڕلە دڵسۆزی و رێ نیشاندەرەوە لە ١٦ای مانگی ٢ی ٢٠٠٨ ماڵئاواییت لێکردین.

د. کوێستان گادانی



# سپاس و پێزانین

**هاوڕێ د. کوێستان گادانی بۆ نووسینی و ئامادەکردنی هەموو بابەتەکان**

**و کارو چالاکییەکانتان، دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

